# کورتەی ژیان و بەرهەمەکانی شەهید عەبدولخالق مەعروف



مێژووی هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک ناوی گەشاوەو دیاری تێدا دەردەکەوێت کە هەریەکە لە بوارێکی تایبەتدا جێگادەستی خۆیان لە مێژووی ئەو کۆمەڵەدا دیاریدەکەن، بە گوێرەی مێژووی کوردیش ئەو ناوە دیارو درەوشاوانە گەلێکن کە سەرباری بارودۆخی ناهەمواری کوردستان لە مێژووی دوورودرێژی ڕابردوودا ئەمان جێگای دیاریان گرتووەو ناشێت لە یادوەری نەوەکانی ئێستاو داهاتووشدا ناویان لەیاد بچێتەوە. یەکێک لەو ناوە گەشاوانەی مێژووی کورد، کە بە شەهیدی قەڵەم حساب دەکرێت، شەهید عەبدولخالق مەعروفە. ڕاستە کورد لە مێژووی خەباتی خۆیدا بۆ ئازادی گەلێک شەهیدی داوە بەڵام شەهید عەبدولخالق سەرباری ئەوەی کە کەسێتێکی نیشتمانپەروەرو داکۆکیکەرێکی جەسووری مافە ڕەواکانی کورد بوو، هەروەها قەڵەمێکی زانستیو داواکارێکی مافە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە وایدەبینێ دەبێ مرۆڤ پێش هەموو شتێ وەکو مرۆڤ سەیربکرێت و ئەو ئازادیانەی، کە بەرهەمی عەقڵی خۆین و بە دەستی هێناون، نابێت بە هیچ جۆرێک لێی داگیرکبرێت.

شەهید عەبدولخالق مەعروف لە ڕۆژی 1935/1/1 لە ناحیەی کەندیناوەی سەر بە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی ئایینی هاتۆتە دنیاوە. باوکی مەلایەکی دیاری ناوچەکە بوو، پیاوێکی ئازاو قسەخۆش بوو، خاوەنی بیروباوەڕی نیشتمان بوو. شەهید قۆناغی منداڵی هەر لەوێ بەسەربردووەو ساڵی 1944 لە هەمان شوێن خراوتە بەر خوێندن و تا پۆلی پێنجەمی

سەرەتایی خوێندوە، قسەیەکیش هەیە کە ماوەیەك لە عەوینە خوێندویەتی، لە ماڵی مەلا عەبدوڵاو ئەو کاتەی ماڵیان لە سەید ئەمینی نزیك عەوێنە بووە. هەروەکو مامۆستا مەلا محەمەد ئیسماعیل لە وتاری یادی شەهیدبوونی عەبدولخالقدا وتی، پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەیخاتە بەر خوێندنی ئایینیو ئەمجارە ڕێگای حوجرەو لای مەلاکان دەگرێتەبەر بەشە سەرەتاییەکانی خوێندنی ئایینی لە کەندیناواو ناوچەکانی دەوروبەری تەواودەکات. پاش ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك لە فەقێکانی کەندیناواو شاری هەولێر، شەهید عەبدولخالق نزیکەی دووسەد ئیمزایان کۆکردەوەو وەکو داواکارییەك خستیانە بەردەم خوێندنگەی ئایینی، هەتا بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەو خوێندنگایەیان بۆ بکرێتەوەو لە بری گەڕان بە دوای حوجرەو مەلاکاندا، خوێندکاری بواری ئایینی ڕووبکاتە خوێندنگایەکی ڕەسمی، هەر لەوکاتەوە دەردەکەوێت کە شەهید عەبدولخالق عەقڵی بەلای کاری دامەزراوەیدا چووەو ویستوویەتی شتەکان لە سنووری بڕیارو یاساو پرینسیپی ئیداری دیاریکراودا ڕێکبخرێن.

ئەم داواکارییەی شەهید عەبدولخالق و فەقێکانی تر بووە هۆی ناڕەزایی زۆرێك لە مەلاکانی ئەو کاتەو، ئەو داواکارییەیان وەکو هەوڵێك بۆ بێکارکردنی خۆیان لێکدەدایەوە، بۆیە دەستەیەکی هەڵبژاردەیان بۆ ڕێگاگرتن لە جێبەجێکردنی ئەو داوایەی فەقێکان سەردانی پارێزگاری ئەو دەمەی هەولێریان کردو هەوڵیاندا پارێزگار ڕازیبکەن بۆ ئەوەی داوای فەقێکان ڕەتبکاتەوە، کاتێ شەهید عەبدولخالق مەعروف ئەم هەوڵەی مەلاکانی بۆ دەرکەوت، خۆی کە هێشتا لە تەمەنی مێردمنداڵیدا بوو سەردانی پارێزگار ئیسماعیل حەقی کردو لە بارەی داواکارییەکەیانەوە بۆی دواو گیروگرفتی فەقێکانی بۆ ڕوونکردەوە، کە چۆن لە ڕێگای حوجرەکان و گەڕان بەدوای مەلاکاندا دووچاری ناڕەحەتی دەبن، پارێزگار کاتێ گوێی لە شەهید عەبدولخالق گرت، داواکەیانی بە ڕەوا زانیو پشتگیری لێکردن. بێگومان ئەوەش لە ئەنجامی زیرەکیو لێهاتوویی شەهید عەبدولخالقەوە بوو بۆ چۆنێتی خستنەڕووی مەسەلەکەو شێوازی قسەکردنی بۆ قەناعەتهێنان بە پارێزگار.

دوای ئەوەی کە شەهید عەبدولخالق زانستە ئایینییەکانی خوێندو گەیشتە ئاستێکی دیاری شارەزایی لەو بوارەدا، بڕیاری دا بچێت بۆ میسر بۆ ئەوەی لە زانکۆی ئەزهەر درێژە بە خوێندن بدات، لە ڕۆژی 1954/4/2دا، کە تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو، چوو بۆ میسرو داواکاری پێشکەش بەو زانکۆیە کرد، بەڵام بە بیانووی نەبوونی بڕوانامەی ڕەسمی دان پێدانراو



داواکەی پشتگوێ خراو هەلی خوێندنی لەو زانکۆیە بۆ نەڕەخسا، لەبەرئەوە بە ناچاری گەڕایەوە بۆ هەولێرو پاشان چووە بەغداو لەوێ لەلای مامۆستایان محەمەد قزڵجیو عەلادین سەجادی.. دەستیکردەوە بە خوێندن.

لە پاش ماوەی دووساڵ درێژەدان بە خوێندن لە مانگی نیسانی 1956دا، شەهید عەبدولخالق بەشداری تاقیکردنەوەیەکی کرد کە بۆ ئیمام تابوری بوو، لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو بوو بە ئیمام تابور لە سوپای عێراقدا. هەر لە هەمان کاتدا هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی ئەم پیاوە نەمرە بەرەو پەرەسەندن دەچوو، هەر لەو ساڵەدا بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و درێژەی بە خەباتی کوردایەتی خۆی دا لە ڕیزی ئەو پارتەداو گەلێك کاری گرنگ و پڕ بایەخیشی بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی ئەنجامداوە، ماوەیەکی زۆر شەهید ساڵح یوسفی لە ماڵی ئەواندا ژیاوە، ئەوکاتەی لێپرسراوی لقی (5) بوو لە سەردەمی خەباتی نهێنی.

شەهید عەبدولخالق هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە ئارەزووی زانست و زانیاری هەبوو. لە ساڵی 1957دا دەستیدایە دروستکردنی جۆرێك لە ئیزگەی ڕادیۆو لەم کارەشیدا بەردەوامبوو هەتا لە ساڵی 1960دا، کە ئەوکاتە لە بەغدا نیشتەجێ بوو، ئیزگەیەکی دروستکرد، لە کاتی ئیشپێکردنی ئیزگەکەیدا لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕادیۆیەکی بچووکەوە ئەو مەودایەی تاقیدەکردەوە کە ڕادیۆکە دەیگەیشتێ.

لە ساڵی 1963دا، شەهید عەبدولخالق بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ هەولێر، پاشان لە کۆیە پەیوەندی کرد بە شۆڕشی کوردەوەو لەوێش کەڵکیان لە تواناو شارەزاییەکەی وەرگرت بۆ دامەزراندنی ئیزگەی شۆڕش، کە یەکەمجار لە ئەشکەوتی (ڕەش) لە ناوچەی (ژاژڵە) ئەو ئیزگەیە دانراو شەهید عەبدولخالق خۆی بەرپرس و سەرپەرشتیاری کاروباری تەکنیکیو هونەری ئەو ئیزگەیە بوو.

لە ساڵی 1967دا، لە کاتی گفتوگۆی نێوان حکومەت و شۆڕشی ئەیلولدا، شەهید عەبدولخالق کرا بە بەڕێوەبەری گومرگی قەزای دوکان، لە کاتی بەرەو بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆدا،

شەهید عەبدولخالق لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیرکراو ڕەوانەی بەندیخانەی بەغدا کراو لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ موسڵ، پاشان بارزانی بروسکەیەکی توندی بۆ حکومەت ناردو داوای ئازادکردنی کرد. هەر کە ئازادکرا، بەزوویی پەیوەندی کردەوە بە شۆڕشەوە.

دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ئازاری1970 لە نێوان حکومەت و شۆڕشدا، شەهید عەبدولخالق گەڕایەوە بۆ هەولێر لە 1971/5/1دا شۆڕش ناردیە دەرەوە بۆ چیکوسلوفاکیا بە مەبەستی خوێندن لە بواری ئامێرو ئامرازە ئەلکترۆنیەکاندا لە کۆمپانیای (تیسلا). نزیکەی ساڵێك لەوێ مایەوەو بڕوانامەی دیبلۆمی لەو بوارەدا وەرگرت.

کە شەڕی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەت دەستیپێکردەوە شەهید عەبدولخالق چووە چیاو لە ڕاگەیاندنی شۆڕش و بە تایبەتی لە کاروباری ئیزگەی شۆڕش کاریکرد. دوای هەرەس گەڕایەوە هەولێرو پاش ماوەیەك سەفەری ئەوروپای کرد.

لە ساڵی 1976دا لە هەولێر دوکانێکی بۆ کاروباری تەکنیکی کردەوەو وەکالەتی ئەجهیزەی دەقیقەی وەرگرت. لە لایەك خەریکی کاروباری تەکنیکیو زانستی دەبوو لە دوکانەکەیدا، لە لایەکی تریشەوە ئەم دوکانەی کردبووە جێگای کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و نووسەران و بەردەوام دوکانەکەی جێگای گفتوگۆی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو سیاسی بوو.

شەهید عەبدولخالق، جگە لە بواری زانستی، ڕۆشنبیرێکی خاوەن قەڵەم بوو، جگە لە زمانی عەرەبی، بە باشی خۆی فێر زمانی ئینگلیزی کردبوو، ئەوەش یارمەتیەکی باشی دابوو لە بواری نووسینی زانستیدا. شەهید عەبدولخالق خاوەنی سامانێکی زانستی دەوڵەمەند بوو، لەو کەسە دەگمەنانەی کوردیش بوو کە دەیتوانی بە زمانی کوردی ئەو زانیارییانەی خۆی دابڕێژێت و بیانخاتە بەرچاوی خوێنەرانی کورد.

شەهید عەبدولخالق لە بواری ئەدەبیشدا شارەزاییەکی باشی هەبوو بە تایبەتی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەر لەو بوارەدا کتێبێکی لەسەر ئەو ڕاوبۆچوونانە نووسیووە کە پێشتر لەسەر دیوانی نالی نووسراون.

لە بواری کۆمەڵایەتیشدا ڕوانینێکی وردی هەبوو، بە ئاشکرا جیاوازیو نایەکسانی نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان و نێوان ژن و پیاوی دەبینی، ئەم ڕوانینەی خۆی سەبارەت بە شوێنی ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لە دووتوێی کتێبێکدا کۆکردەوە، کە شارەزاییبونی لە بواری شەریعەتی ئیسلامدا یارمەتی زۆری دابوو بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتانەی قورئان کە پەیوەندییان بە ژنەوە هەیە. پێش شەهیدکردنی ئەم کتێبەی بە ناونیشانی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردی"دا بە چاپگەیاند. ئەم کتێبە بووە مایەی نیگەرانبوونی زۆرێك لە دواکەوتوان و کۆنەپەرستان و هەندێکیان بە دەرچوون لە سنووری ئیسلام لێکیان دەدایەوەو نووسەرەکەیشیان بە دژی ئایین ناودەبرد. هەر ئەم کتێبە بووە هۆی سەرەکی شەهیدکردنی ئەم قەڵەمە دیارەی کورد.

عەبدولخالق مەعروف لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 1985/4/10دا لە کارێکی دژ بە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤانەو ئایینیانەدا لە نزیك ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی لە شاری هەولێر شەهیدکرا. شەهیدکردنی عەبدولخالق مەعروف کارێکی هێندە دزێوو ناشیرین بوو سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك بە گشتیو قەڵەم بەدەستانی کوردی بە تایبەتی نیگەران و خەمبارکردو هەواڵی ئەم کارە تیرۆریستیە بە هەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە وەکو کارێکی زۆر ناهەموار دژ بە قەڵەمێکی نیشتمانپەروەری کورد لێکدەدرایەوە. لە چلەی ماتەمینی شەهید عەبدولخالق مەعروفدا هەڤاڵ مام جەلال وتارێکی پڕبایەخی خوێندەوە کە تیایدا باسی هەڵوێستی زانستیو نیشتمانی و نەتەوەیی شەهید عەبدولخالقی کردو وەکو قەڵەمێکی بوێرو تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەرو ئازادیخوایەکی جەسووری دایە قەڵەم و دەڵێت: "عەبدولخالق مەعروف پیاوێکی دڵسۆز بوو، خاوەنی ڕاو هەڵوێست بوو، زیاتر لە سی ساڵ خەباتی کرد، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول چوو بۆ ئەوروپاو بەشداری پێکهێنانی لیژنەی ئەوروپای یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد. پاش گەڕانەوەشی بۆ هەولێر هەر بە دڵسۆزی مایەوە بۆ شۆڕش. ژیانی عەبدولخالق مەعروف ژیانێکی شۆڕشگێڕانە بوو، هەمیشە دڵسۆز بوو بۆ کوردو کوردستان.." بەمجۆرە هەڤاڵ مام جەلال شەهیدکردنی عەبدولخالق مەعروفی وەکو زیانێکی گەورە بۆ میللەتەکەمان لێکدایەوەو بکوژانیشی ڕسواکرد.

شەهید عەبدولخالق مەعروف لە ڕیزی پێشەوەی شەهیدانی قەڵەمی مێژووی ئێمەدا ناوێکی درەوشاوەو هەڵوێست و کارو بەرهەمەکانی ناسنامەی نەمرییان پێ بەخشیووەو لە مێژووی داهاتووی ئێمەدا ناوی شەهید عەبدولخالق و شەهیدەکانی تری قەڵەم هاوشان لەگەڵ ناوی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا بە گەشاوەیی دەمێننەوە.

شەهید عەبدولخالق مەعروف لە دوای خۆی کۆمەڵێ بەرهەمی بە نرخی بۆ کتێبخانەی کوردی بەجێهێشتووە کە بریتین لە:

1-**ئەنتینا کە کتێبێکی زانستی تەکنیکییە لە ساڵی 1977دا بە چاپی گەیاندووە.**

2-**تەکنیکار کتێبێکی زانستی تەکنیکییە لە ساڵی 1981دا بە چاپی گەیاندووە.**

3-**دیوانی نالیو کێ ڕاستە، کتێبێکی لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی 1984دا بە چاپی گەیاندووە.**

4-**ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا. لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی 1984 بە چاپی گەیاندووە.**

5-**اجهزە الارسال زانستی تەکنیکییە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی 1979دا بە چاپی گەیاندووە.**

# ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا

## دەربارەی ژن و پیاو

نووسینی

عەبدولخالق مەعروف

هەندێ لە نوسەرو چیرۆکنوسەکان دەڵێن (ژن‌و پیاو یا- نێرومێ- وەك یەکن بێ هیچ جیاوازیەك، تەنها ئەوەندە نەبێت کە هەریەکەیان کەسێکی ترەو بە لەش لێك جیاوازن، دەنا لە مافی مرۆڤایەتی‌و ئینسانیدا وەك یەك‌و یەکسانن).

یەکێك لە نووسەرەکان دەڵێت (ئەمن باوەڕم وایە جوداوازیەك لە نێوان ژن‌و پیاودا لە ڕووی ئینسانییەوە نییە. بێگومان ئەمە وا ناگەیەنێ کە هەریەکەیان وێنەی کۆپی ئەوی دیکەیانە، بەڵکو هەریەکەیان تەواوکەرو پاڵپشتی ئەوی دیکەیانە).

منیش بۆ خۆم دژی مافی ئافرەت نیم، بەڵکو لەو کەسانەم کە حەز لە مافی ئافرەت دەکەن، بە جۆرێك "کە هەر کردارێك‌و ڕفتارێك هەیە ئەگەر بۆ لایێکیان دروست‌و ڕەوابێ، دەبێ بۆ لاکەی تریش دروست‌و ڕەوابێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی- مێیایەتی‌و نێرایەتی- وەك دووتای هاوسەنگ" نەوەك ئەوانەی کە تەنها بە زارو بە نووسینی ناو چیرۆکەکەیان دان بە مافی ژندا دەنێن‌و بۆی دەپاڕێنەوەو لە دەرەوەی بیرو نووسین بە کردەوەو ڕەفتاری ڕۆژانەیان دژی مافی ئافرەتن‌و، بە هیچ جۆرێك بیرو کردەوەیان وێك ناکەون.

بەلای منەوە مافی ژن‌و یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەر ئەوە نییە کاری ناو ماڵ‌و منداڵ بەخێوکردنی لێ بسەنرێتەوەو چەکوش‌و داس‌و دەستەندوی جووتی بدرێتە دەست‌و بکرێ بە کرێکارو سەپان و جووتیارو لە کارگەو مەزراکاندا بڕەتێنرێ، یا تیروکەوان‌و تفەنگی لە مل بکرێ‌و ڕەوانەی کۆڕی شەڕێ بکرێ، یان کاغەزو قەڵەمی لەبەردەم دابنرێ‌و لەسەر سەکۆی فەرمانڕەوایی‌و فەرمانبەری جێگیر بکرێ. بەڵکو مافی یەکسانی ئەوەیە "کە ئەوەی خواست‌و ویست‌و ئارەزووی هەرلایە لە نێرو مێ- ئەگەر بۆ لایێکیان دروست‌و ڕەوا بێ بۆ لاکەی تریش دروست‌و ڕەوابێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێیایەتی یان نێرایەتی" ئەمەیە مافی مرۆڤایەتی‌و ئینسانی ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین‌و ڕێڕەوێکی تایبەتی گرتووەو تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە.



ماف ئاوایە، دەنا ئەویتر وەك لە کارگە ئیش پێکردن‌و کردنی ژن بە وەرزێرو سەپان‌و شتی تر لەم بابەتەو کردنی بە هاواتی پیاو لە ڕووی کارەوە ئەمە پێی ناگوترێ ماف. بەڵکو ئەمە چەوساندنەوەی ژنە، چونکە بارەکەی گرانتر دەبێ وێڕای کاری ماڵ‌و بەخێوکردنی منداڵ‌و




• ژنی بەدبەخت هەتا بۆ ئازادیو مافەکەشی چەوساوەی بیری پیاوەو لێی ناگەڕێن بۆ خۆی بیری لێبکاتەوە

• ئەوانەی دەیانەوێ مافی ئافرەت بدەنو ئازادی پێببەخشن، بۆچی لە چیرۆکەکانیاندا کارێکی وا ناکەن کە جیاوازی لە نێوان نێرو مێ نەمێنێ؟

چێشتکەری مێرد، کاری دەرەوەیشی دەخرێتە سەرشان وەك ئەمڕۆ وا بەدیدەکرێ.

هەندێ نووسەری تر دەڵێن (ژن ئازاد نابێو مافی وەگیر ناکەوێ تا خۆی نەبێتە خاوەن پارەو پوول) هەندێکی دیکە دەڵێن (تەنها پارە بەدەست بوونو بە ئارەزووی خۆ شووکردنو بوون بە کارگەی منداڵ دروستکردنی ئازادی ژنو مافی چنگ ناخا، تەنها ڕێگە بۆ ئازادی ژن کارو کارگەیە). سەیر لێرەدا ئەوەیە: ژنان بۆ خۆیان مافی خۆیان دیارینەکردووە کە چییەو چۆنەو دەبێ چ بکەن؟ دیسان هەر پیاوە خۆی لێ کردوون بە کوێخاو مافیان بۆ دیاریدەکاو سنووری مافیان بۆ دادەنێو نەخشەی دەکێشێ.

با ئەو مامۆستا بەرەوانیکەرانەی مافی ژن واز لە ژنان بێننو ژنان خۆیان مافی خۆیان دیاربکەنو خواستو ئارەزوویان لە ماف چییە بیڵێن.

ژنی بەدبەخت هەتا بۆ ئازادیو مافەکەشی چەوساوەی بیری پیاوەو لێی ناگەڕێن بۆ خۆی بیری لێبکاتەوە، پیاو قوت دەبنەوەو لە جیاتی ئەوان بیریان بۆ دەکەنەوەو دەیانەوێ بە ناوی ئازادیو مافی ژن ڕەوانەی کارگەو مەزرایان بکەنو بارەکەیان چەندە هێندەی تریش قورس بکەن. ئایا ئەمە مافدانە بە ژن؟ ئەمە خۆشەویستی ژنو ڕێزگرتنیەتی؟ یا ئەمە بارسوك کردنی پیاوەو دەیەوی لە جیاتی خۆی ژن بڕەتێنێ. لەم سەردەمەشدا ئەو مامۆستایانەی کە لە ماڵەوە لە جیاتی ژنەکانیان بەکاروبار هەڵدەستن، گاڵتەوگەمە بە یەکتری دەکەنو دەڵێن ئایا لە جیاتی ژنەکەی جلی شۆردووە یا قاپو ئامانی خاوێن کردوەتەوەو ناوماڵی ڕێکخستووەو چێشتی لێناوە؟

ئەوجار ئەگەر وەك ئەوانە کە گوایا لایەنگری ژن دەکەنو دەڵێن "دەبێ ژن وەك پیاو تەماشا بکرێ" ئایا ئەوانە خۆیان بە یەك چاو تەماشای، پیاوی چاو لەدەرو ژنی چاو لەدەر دەکەن؟! یان ئەوانە ڕێگەدەدەن ئەگەر پیاوێك دووژن پێکەوە بێنێ ژنێکیش دوو مێردی هەبێ لە یەك کاتدا؟.. با ئەوانە خۆیان وەڵام بدەنەوە.

ڕەنگە زۆر خوێندەوار بیستبیان کە بە تەوسۆ توانج دەڵێن "فلانە ژن نۆ مێردی کردووە" ئەمەش لە کاتێکدا کە تەڵاق درابێ یا مێردی تری کردبێتەوە، بەڵام ئەگەر پیاوێك سەد ژنیشی هێنابێ یەکەیەکە یان چوار چوار، کەس ورتەی لە دەم نایەتەدەرو نەهاتووەتە دەرو بە کارێکی ڕەوا دەژمێردرێ.

ئەنجا ئەگەر ئەوانەی دەیانەوێ مافی ئافرەت بدەنو ئازادی پێببەخشن، بۆچی لە چیرۆکەکانیاندا کارێکی وا ناکەن کە جیاوازی لە نێوان نێرو مێ نەمێنێ؟ بەڵکو بە پێچەوانە ئەوانە لەناو چیرۆکەکانیشدا ئەم جیاوازییەیان پتەوتر کردوە، وەك لە چیرۆکی دەرەبەگ "دەرەبەگ بە زۆری ئارەزووی خۆی لە کچەلادێدا دادەمرکێنێو کچەش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شەرەفو ناموسی خۆیو خێزانی بکا خۆی دەکوژێ" ئەگەر نێرو مێیان وەك یەك تەماشا کردووە، بۆچی دەبێت شەرەفو ناموسی مێ ناولەشی بێ؟. ئەدی بۆچی شەرەفو ناموسی نێر ناولەشی نەبێ؟
دیسان بۆچی هەر ژنەو کراوە بە پێناوی پیاوو کاری خراپەی پێ سپێردراوە؟ ئەوجار هەر خۆیانو ئەوانەی لایەنگری مافی ئافرەتن لە کاتی تووڕەبووندا ئەندامی نێرینەی لەشی خۆیان دەکەنە شمشێرو بە قسە دەینێرن بۆ ناوگەڵی ژن، ژنیش دەبێ بەمە چاوشۆڕبێو ورتەی پێ نەکرێ نێریش وەك کەڵی بەهار بەمە زۆر دڵخۆش بێو شانازی بکا.

دیسان پرسیار لەو چیرۆکنووسو مافخوازانەی ژن دەکەم کە دەیانەوێ ژنی خەڵکی مافو ئازادی وەرگرێو دووربێ لە هەموو چەوساندنەوەیەكو ڕێگرتنێكو بەرهەڵستیەك. ئایا بۆ ژنانی خۆیان ئەو مافو ئازادیە پەسەند دەکەن؟ یا بڵێم ئەم مافو ئازادییەیان بۆ ژنانی سەربەخۆیان دابین کردووە؟ ئەگەر لە وەڵامدا دەڵێن بەڵی، ئەدی بۆچی لە پاشملەی ژنەکانیانەوە هەوەسبازی دەکەنو دەیانەوێ ئەو ژنانەی کە تا ئەمڕۆ بۆیان دەپاڕانەوەو بەزەیی خەڵکیان بۆ ڕادەکێشان بیانخەنە ناو داوی داوێن پیسی خۆیان؟

بۆچی ئەو پیاوە مافخوازانە جێگەی خۆیانو ماڵو داراییانو شاعیریو زاناییانو چیرۆکنووسیو شانۆگەریان، خۆلاسە هەرچی لە دەستۆ مستییان دێ دەیکەنە پردی ئازادیو بەهەشت، بۆ ئەوەی پەرپی ژنی تێبخەن؟ دیسان ئەو ئەوینو عیشقە خوداییە بێگەردەی ئەوان باسی لێوەدەکەن، لە کوێیە؟.. لە دڵی کام مردوو

نووسـتووە؟ ئەگەر وایە ئەو ئەوینە خاوێنە بێگەردە دوور لە نێرو مێ خوازییە بۆ لەگەڵ دایکی شیردەرو بەخێوکەرو باوکی پەنادەرو بەڕێوەبەر، نییە؟ ئەدی بۆچی کە ئەوینداری بێگەردی مرۆڤانی پیر دەبێ، یا هەر پاش ماوەیەك لە یەکتری تێردەبن، ئەوین وەك پەپولەی بەهەشت دەفڕێو ماڵی پڕ لە ئەوینی خودایی دەبێتە دۆزەخ و نارێکیو گلەو گازاندە؟

لێرەدا باس باسی مافی مرۆڤایەتیە، نازانم بەلای چیرۆکنووس و مافخوازانی ژن پیاوی پیر مافی نییە؟ ئەگەر بە مرۆڤی دەزانن بۆ دەبێ ئاوا باسی کچێك بکرێ کە چەند ستەمی لێکراوە. ئەوەتا ئاسمان و زەوی شین دەگێڕن قوڕ دەپێون چونکە کچێکی ناسك و تەڕو جحێڵ دراوە بە پیاوێکی پیری کەنەفتە، وەها دەریدەبڕن کە پیاوی پیری کەنەفتە دڕندەیەکی ئینسان خۆرە. لەبەرچی؟. هەر لەبەر ئەوەی پیاوی پیری کەنەفتە، هێزی مێخوازی کەمترە لە گەنجێك و ڕەنگە ئارەزووی نێرخوازی کچە بە تەواوی دانەمرکێنێ. ئەگەر لەبەر ئەمە نییە ئەدی لەبەرچییە؟

دیارە مەسەلەکە لە بنەڕەتداو سەرەتاوە هەموو هەر بە نێرومێخوازییەوە گرێدراوەو هیچی ترو ئەوەی دی کە دەگوترێت هەر بۆ قسەیەو ڕازاندنەوەی مەسەلەیە دەنا پیاوی پیرو هەژارو داراو نەدارو ئاغاش هەر مرۆڤن.

ئەگەر مێ و نێر وەك یەکن لەبەرچاوی ئەوانەو لەیەك تای تەرازووی بۆچی شاعیرەکان و چیرۆکنووسەکان بە بەژن و باڵاو خەت و خاڵ و چاو برۆو مەمکی ژندا هەڵدەڵێن بە ئەندازەیەك تۆزی ژێر سوڵی ژن بە چاوو برژانگ بسڕێ و پاکی بکاتەوە، بۆچی کاکە شاعیر حەجمانی نامێنێ وەك پەپولەی شەوچرا خۆی دەسووتێنێ؟ بۆچی دروستە بۆ پیاو ئاوا بە ژنێکی جواندا هەڵبڵێ و بۆ ژن دروست نییەو ئەگەر ژنێك وەك پیاو ئەو ڕەفتارەی کرد لێی لە هەڵلا دەدرێ و وەك ژنێکی سوك تەماشا دەکرێ، خۆ ئەگەر مێرددار بێ ئەوە مێردەکەی هەرچەندە لە مافخوازانی ژنیش بێ ئەم ڕەفتارەی ژنەی پێ قبوڵ ناکرێ و دەسەڵاتی مێرد بە پێی "دەستووری کۆنەپەرستی" بەلای مافخورانی ژن- بەکاردێنێ و ژنە تەڵاق دەداو ئەگەر نەیکوژێ.

زۆر لە چیرۆکنووسەکانی کە بە ناوو زار لایەنی ژن دەگرن، زۆر باسی بە شوودانی کچ بە زۆرو مارەبڕینی لەسەر لانکەو درانی بە پیاوی کەنەفتەو نەدرانی بە دڵخوازی خۆیو خراپەی ژن بە ژن دەکەن، ئەگەر کەمێك لێی وردبینەوە دەبینین نە تەنها کچ یان ژن ئەو ڕەفتارانەی دەگەڵدا کراوەو دەکرێت بەڵکو کوڕو پیاویش هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا کراوەو بە زۆر کچیان لێ مارە کردووەو دڵخوازی خۆشی نەبووە، بگرە چەند ساڵ بەر لە ئێستا هەر باوك داخوازی کچی دەکرد بۆ کوڕی نە کوڕە کچەی دیبوو نە کچەکە کوڕەی دیتبوو، تەنها شەوی گواستنەوەو بوك و زاوایەتی یەکتریان دەدیت و تازەش کار لە کار ترازابوو و هیچ یەکێکیان نەیدەتوانی پەشیمان بێت ژن بە ژنەکەش وەك کوڕ بە کوڕەو هەر چوارلا بێدەسەڵاتن و مارەبڕینی سەرلانکەش بۆ کوڕو کچ هەر وەك یەکن، کەوابوو ئەم حاڵەتانەی باسکران کوڕو کچ و ژن و پیاو تێیدا یەکسانن و هەموو لایەك ستەم دیدەی کۆمەڵەو یەکسانن لەو چەوساندنەوەو بێ ئارەزوو کردنە، ئیدی ئەم هەموو کڕوزانەوە بۆ کچ و ژن لە پای چی؟.. نازانم کە کوڕیش لەو کۆمەڵەدا هەمان ڕەفتاری کچی لەگەڵدا کراوە بۆ باسی مافی ئەو ناکەن؟.. یان ڕەنگ لایان وابێ ئەو کەسەی داوای مافی ئافرەت بکا پێشکەوتوو و خوێندەوارە!. یا "لغرض في نفس يعقوب"ەیە. لەم کۆمەڵەی کوردەواریەدا زۆرجار کچی لە خۆگەڕاوە مارەی لە کوڕێکی منداڵ براوە، واتە وەك ئەوەی کە کچێکی منداڵ مارە بڕی لە پیاوێکی لەخۆگەڕاوە، دەی بۆ باسی ئەم حاڵەتە ناکەن و داوای مافی ئەو کوڕە منداڵە ناکەن؟ ئەوجار کابرایەك لە جیاتی خوێنی خزمێکی کوژراوی- بەهەر ڕووداوێك بێ- ژنی وەرگرتبێ، خۆ کابرایەك لە جیاتی خوێنی خزمێکی کوژراوی- بەهەر ڕووداوێك بێ- ژنی وەرگرتبێ، خۆ کابراش نە ژنەی دیوەو نە حەزی لێکردووەو نە دڵخوازی خۆیشی بووە ئەو ژنەی دەدرێتێ و لێی مارە بکرێ و لە پاشدانیش ناتوانێ تەڵاقی بدا، ژنی خوێن دراویش هەمان چارەنووسی هەیە.

ژن بە ژن، یان بڵێم پیاو بە پیاو. ئەگەر کوڕی خوشکدار یا پیاوی کچدار، ژن بە ژن نەکەن، لەناو ئەو کۆمەڵگایە چۆن ژنیان وەگیر دەکەوێ بە

ئەم حاڵەتانەی باسکران کوڕو کچ و ژن و پیاو تێیدا یەکسانن و هەموو لایەك ستەم دیدەی کۆمەڵەو یەکسانن لەو چەوساندنەوەو بێ ئارەزوو کردنە

بۆچی دروستە بۆ پیاو ئاوا بە ژنێکی جواندا هەڵبڵێو بۆ ژن دروست نییەو ئەگەر ژنێك وەك پیاو ئەو ڕەفتارەی کرد لێی لە هەڵلا دەدرێو سوك تەماشا دەکرێ؟






ئەگەر ژن دەبێ وەك پیاو ڕەفتاری دەگەڵدا بکرێ و هەمان مافی هەبێ کە بۆ پیاو هەیە، بۆچی کە ژن شوودەکا دەبێ مێرد ئەرکی هەموو ماڵ دانان و دامەزراندنی لە سەرشان بێ و سەرباریش پارەو دراوێکی زۆریش بدا بۆ جلوبەرگ و زێڕو پشتێنەو خەناوکەو ملوانکەو لاسەرەو گوارەو خشڵی تر، بن باریش چەند سەد مستقاڵ زێڕیش مارەیی پاشەکی بێ؟

چ جۆرێك و شێوەیەك خێزان دامەزرێنن؟ ئایا ئەو ژنانەی ئاوا پیاوە مافخوازانی ژن بونەتە قەڵغانیان بۆ دابین کردنی مافیان هیچیان بێزیان دێ یا بە خەیاڵیاندا دێ مێرد بە کوڕێکی نەخوێندەواری لادێ بکەن؟ هەرچەند کوڕەش ڕێك و پێك و لەبارو قۆزبێ.

ڕەنگە لایەنگرانی مافی ژن بڵێن "ئاخر حەزی لێناکا چۆن شووی پێ بکا، دەنا ئەگەر خواست و ئارەزووی دڵەو هیچ مەسەلەیێکی تر لە کایەدا نییە؟ بەڵام کچە خوێندەواری شارستانی قەت و هەرگیز خەیاڵ و دڵی بەلای شوان و گاوان و جوتیارێك بگرە بەلای کرێکارێکی شاریشدا ناچێ. ئەگەر لێم توورە نەبن دەڵێم کچە لادێش ئەگەر خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبێ دڵ و خەیاڵی بەلای کوڕێکی شارستنیدا دەڕوا؟ چونکو کچە دەیەوێ شوو بە یەکێ بکا کە دواڕۆژی بۆ دابین بکاو خاوەن کۆشك و تەلارو ئۆتۆمبیلی باش و دەزگای جۆراوجۆری ناوماڵ بێ و هەبووە بێ، کەوایە چۆن خەیاڵی حەزی بەلای کوڕە لادێیی و گوند دەچێ؟! کەچی کوڕی خوێندەواری گوندی یا کوڕی شار گەلێ زۆرن لەوانە کە خوێندنی باڵاشیان تەواوکردوە کچی نەخوێندەواری لادێیان هێناوەو لە گەڵیشی گونجاون و بە دەگمەن بیستراوە یا ڕوویداوە، کە ژنی خوێندەوارو پارەدار شووی کردووە بە کوڕێکی هەژاری نیمچە خوێندەوار ئەگەر هۆیەکی تر نەبێ، جا با بپرسین ئایا هیچ یەك لەوانەی مافخوازی ژن و دژ بە ژن بە ژنن ئامادەن خوشکی یا کچی دەرچووی دانیشگاو زانکۆ بدەن بە کوڕێکی نەخوێندەواری کرێکار یان نیمچە خوێندەوار با کچەش حەزی لێبکا؟ من وا تێدەگەم کە نایدەن و هەزارو یەك بەڵگەو بەهانە بۆ کچە پەیدا دەکەن و کە هێشتا منداڵەو بەرژەوەندی خۆی نازانێ، دەنا ئەم لە کوێ و ئەو هەتیوە بەرەڵڵایە لە کوێ؟

دەیسا مامۆستاکان چار چییە؟ کوڕی لادێییەکان و نەخوێندەوارەکان ژنیان چۆن دەستکەوێ؟ یان ئەوانیش خۆ تەرخان بکەن بۆ ڕۆژی دوایی و بەهەشت و حۆرییەکان و ببنە ڕەبەنی دێرێ؟

لە کاتێکدا خراپی ژن بە ژن باس دەکەن، پێویستە چارەیەکیش بۆ ئەوانە بدۆزنەوە کە لەم ڕێگایەوە نەبێ ژنیان دەستناکەوێ.

دیسان ئەگەر ژن دەبێ وەك پیاو ڕەفتاری دەگەڵدا بکرێ و هەمان مافی هەبێ کە بۆ پیاو هەیە، بۆچی کە ژن شوودەکا دەبێ مێرد ئەرکی هەموو ماڵ دانان و دامەزراندنی لە سەرشان بێ و سەرباریش پارەو دراوێکی زۆریش بدا بۆ جلوبەرگ و زێڕو پشتێنەو خەناوکەو ملوانکەو لاسەرەو گوارەو خشڵی تر، بن باریش چەند سەد مستقاڵ زێڕیش مارەیی پاشەکی بێ، کە زاوا هەرچی دارایی هەیە هەمووی لە ڕێگای ژن هێنانێك دادەنێ و دەستەوئەژنۆ دادەنیشێ و تا لێوانیش بە ژێر قەرزدا دەکەوێ، ئایا چیرۆکنووس و نووسەرە مافخوازەکانی ژن بۆ خۆیان بیریان لەمە کردووەتەوە؟ کە لە لایەك ئازادی و ماف بۆ ژنان دەخوازن، ژنانیش تا نرخیان پترو گرانتر بێ خۆیانیان پێ هەڵدەکێشن و لافی پێ لێدەدەن، جا کچە خوێندەوارەکان و زانکۆییەکان پتر لە کچە نەخوێندەوارەکان بەمەوە نووساوون کە نرخیان لە پێشەکی و پاشەکی پتر بێ و زۆریش هەیە کچە نەخوێندەوارەکە بیری بۆ ناچێ و نایزانێ بەڵام خوێندەوارەکە دەیزانێ و داواشی دەکا و هەرچی مۆدی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی سەرمایەدار هەیە دەیەوێ لە کۆمەڵگای کوردیدا جێبەجێ بکا. بەم چەند شیرینەو چەند خۆش و جوانەو چەند مرۆڤایەتییە کە هەردوولا کچ و کوڕ- یا بڵێین دەزگیران یا ژن و مێرد پێکەوە بە دەستەوایی ماڵێك کە لە توانای هەردووکیاندایە پێکەوە بنێن و هیچیان داوای مارەیی لەوی دی نەکا، نە پێشەکی و نە پاشەکی. بە تایبەت خوێندەوارەکان و فەرمانبەرو مووچەخۆرەکان لە کوڕو کچ، کە وەك برادەران داخوازییانە خۆ ئەوان بە دڵی خۆیان و بەبێ هیچ زۆرێك یەکدی دەخوازن با ئەوان وا بکەن و بەهانە بە یەکتری نەگرن و ئەو بارە قورسە نەخەنە سەرشانی زاواو باوکی دواڕۆژ.

بەڵام مافخوازانی ژن دەیانەوێ لە هەموو لایەکەوە ژن مافی هەبێ وەك پیاو، واتا هاوتای پیاوبێ لە بارداو سەرباریش مافی ژنی ڕۆژانی زوویشی هەبێ، لە خشڵ و مارەیی و بەرگ و ماڵ دانان و نانداندا. بە قسەی ژن مافخوراوو بەشخوراوەو پەککەوتوو و دەست و پا بەندە، بەڵام لە ڕاستیداو لە کۆمەڵگای ئێمەی کوردەواریدا ژن پاش مێردکردنی سەردارو بەندکاری پیاوەو لە ماڵدا

سەرکارو کاربەدەستە. با کەمێك لێی وردبینەوە بزانین لە کاروباری ماڵو منداڵو تا چوونەدەرو سەرلێدانو بانگهێشتنو ئەم جۆرە شتانە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کێ بڕیاری لەسەر دەدا مێرد یان ژن؟ دیارە ژن سەرپشکی هەیە لە هەموو ئەوکارانە، بگرە تا کڕینو فرۆشتنی خانوو و ئۆتۆمبیلو شتی تری ناوماڵ، بەڵکو پیاو هەروەکو کرێکارێکەو دەبێ فەرمانی ماڵەوە جێبەجێ بکات. چونکە ئەگەر وا نەکا ماڵوێران دەبێ ژنە لێی زیز دەبێو ڕەنگە وایلێبێ کار بگاتە تەڵاقدان، ئەمەش دیسان ماڵوێرانیەکی ترە لە ڕووی تێکچوونی ماڵو خێزانو خەرجی ئەو هەموو مارەیی پاشەکییە.

ئەوجار هەندێ ژن کە بە کچێنی هەر ڕەوشتو ڕەفتارێکی تایبەتی خۆی هەبووبێو کردبێتی لە خۆتاسو لوسدانو ئارایشت کردنو خۆ ڕازاندنەوەو جلی جوان لەبەرکردنو هاتوچۆکردندا دەستە خوشکانیو دۆستانی، قبوڵو شتی تر، کە مێردیشی کرد ئەوانە بە پترەوە هەمووی دەکاو بەبێ لێکدانەوەی باری ژیانی مێردیو دەرامەتیو پێداویستی تر، ژنە ئەوەی دەیەوێ دەیکا، چونکە ژنی فیسارە کەس هەیەتیو وا دەکا، یا هەروا حەزی لێیەتی، مێردیش دەبێ دەست لەسەر سنگو ملکەچ بوەستێو بڵێ بەسەرسەر، بەڵام کوڕ ئەگەر هەندێ ڕەفتاری تایبەتی خۆی هەبووبێ وەك دانیشتن لەگەڵ هەندێ دۆستو برادەری خۆی یا چوونە یانەیەك، ئەوا پاش ژن هێنان دەبێ لە کاتی دیاریکراودا بگەڕێتەوە ماڵو نابێ دەستووری ژن هیچ کارێك لەوانە بکا.

تا ئێرە درێژدادڕی بوو وەك هەندێ وەرزێر لە گوندان کە وتووێژیان دەکرد لە باسەکەیان دەردەچوون، یەکێك لەوان دەیگوت کاکە ئێمە باسی چ دەکەینو تۆش دەڵێی چ، لە وەڵامدا کە دەیزانی قسەکانی لە جێی خۆی نەبوو دەیگوت "خزمە مەبەستم لە قسەیە قسە) لێرەدا منیش مەبەستم لە قسەیەو تکای لێبوردن دەکەمو قسەکەش ئەمەیە کە هەندێ نووسەرو چیرۆکنووس دەیانەوێ مافی ژن وەك نەوعی ئینسانێ تەماشا بکرێو ئەم "ڕا" یە "نەوعی"یە بە مل ئاینی ئیسلامدا دابڕن، بە گوتەی ئەوان ئاینی ئیسلام چاکتر لە هەموو یاساو قانونێکی شارستانی ئەم جیهانە، ئەو هەموو مافە یەکسانییەی نێرو مێی دابینکردووەو ڕوونو ئاشکرای کردووەتەوە، بەڵام کۆلکە مەلاکانی کوردستان بە ئارەزوو و دڵخوازی خۆیانو بۆ پارەو پولو مافی دونیای دوون مافیان لە ژن ئەستاندۆتەوەو مارەو تەڵاقیان لەبەردەست دەرهێناونو بە زۆرەملێ داویانە بە پیاوو بەناوی دینی ئیسلام.

نازانم هەندێ کەس کە خوێندنی باڵا تەواو دەکەن یا هەندێ لەوانەی قۆناغی دووەمی قوتابخانە دەبڕنو کەمێك هاتوچۆی مزگەوت دەکات بۆ وازوو بە پەلە پەلیان لەبەرخۆ دەچێو وا تێدەگەن کە ئاینیش چاکتر لە مەلا تێدەگەنو هەرچی بە زمانی عەرەبی نووسرابێ لایان وابێ ڕوونو ئاشکرایە؟ بە تایبەت ئەگەر دوو ڕەکات نوێژ بکەن، یا چەند ڕۆژێك زکی خۆیان لە مانگی ڕەمەزاندا برسیو تینوو بکەن کە بە ناو بە ڕۆژوون، ئەوانە وەها لە خۆ دەگەن کە جێگری پێغەمبەرن (د.خ) وەك مەلا موجتەهیدەکانی پێشوو بەگژ مەلادا دەچن، ئەو مەلا بەدبەختەی کە ساڵەکانی ژیانی خۆی لە خوێندنو لێکدانەوەی ئاینی بەسەر بردووە، بە کەساسیو گەڕانی شارەو شارو دێبەدێ تا توانیویە پەی بەم شەریعەتی ئیسلام بەرێ، کەچی ئەوانە لێی دەبنە پێغەمبەری زەمانەو پێیان دەڵێن "کۆلکە مەلاو دژ بە ئاینو شەریعەتو نەفامو نەخوێندەوار". چونکە ئەو تازە خوێندەوارانە دەیانەوێ ئایین لەگەڵ هۆشو ئەو زانستانە بگونجێنن کە هەندێکیان لێ هەڵگێڕاندووە بە بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی قوڵیان لە ئایین هەبێو بە پێی هەوەسو ئارەزووی خۆیان چۆنیان دەوێ بۆی دادەدڕن، و بە پێی دڵخوازی خۆیان ئایین ڕێکدەخەن جۆری دەکەن لەگەڵ ڕژێمەکانی پاش ئیسلام کە بە "پێشکەوتوو" ناسراوون، جا سەرمایەداری بێ یا سۆشیالیستی یا ناسیونالی بێ، بە پێی ویستو کاتو چەرخ لە کاتێکدا ئایینی ئیسلام کە هاتووەو پەیدابووە ئەم زاراوانەو موستەلەحاتانەی ئەمڕۆ هەن نەبوون.

خۆی ئاینی ئیسلام وەك یاساو دەستوورێکی سەربەخۆیەو جیاوازی زۆرە لەگەڵ ڕژێمەکانی ئەمڕۆدا، بیروبڕوایەکی ڕەوشتو ئەخلاقییە پتر لە هەر شتێکی تر یاسایێکی کۆمەڵایەتییەو

ئەو تازە خوێندەوارانە دەیانەوێ ئایین لەگەڵ هۆش و ئەو زانستانە بگونجێنن کە هەندێکیان لێ هەڵگێڕاندووە بە بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی قوڵیان لە ئایین هەبێ و بە پێی هەوەس و ئارەزووی خۆیان چۆنیان دەوێ بۆی دادەدڕن و بە پێی دڵخوازی خۆیان ئایین ڕێکدەخەن و جۆری دەکەن لەگەڵ ڕژێمەکانی پاش ئیسلام کە بە "پێشکەوتوو" ناسراوون.





> چونکە تەفسیراتی قورئان بەر تیشکی هەندێ زەواهیری تەبیعی دەگۆڕێ، ئەو گۆڕانەش دەبێتە هۆی وێك نەکەوتنی تەفسیراتی قورئان و تەفسیراتی زانستی، بۆیە دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی نیمچە خوێندەوار

پەیوەندی نێوان خەڵك و خودایە پتر لە هەر مەوزوعێکی دیکە، ئەوجا ئەگەر مەوزوعێکی تری گێڕابێتەوە وەك باسکردنی ڕووداوێك و پێیەوە بنووسێنن و تەفسیرات و تەئویلاتی بۆ بکەن بە دڵ و ئارەزوی خۆیان، ئەوە دوورە لە ئیسلام و لە ئەنجامدا ئەو جۆرە تەفسیرات و تەئویلاتانە وا لە خەڵکی موسڵمان دەکەن کە هەڵبگەڕێنەوە لە ئیسلام، چونکە تەفسیراتی قورئان بەر تیشکی هەندێ زەواهیری تەبیعی دەگۆڕێ، ئەو گۆڕانەش دەبێتە هۆی وێك نەکەوتنی نەفسیراتی قورئان و تەفسیراتی زانستی، بۆیە دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی نیمچە خوێندەوار. وەك لەمەوبەر هەندێ لە مەلا میسرییەکانی خۆ بە عەسری زان ئایەتی "و بنینا فوقکم سبعا طباقا" یان لێکدابووەوە بە کۆمەڵەی ڕۆژ کە ئەوکاتە زاناکان تا حەوت کۆمەڵەیان لێ وەدیار کەوتبوو، بەڵام لە پاشدا کۆمەڵەی ڕۆژ لە حەوت تێپەڕی بۆیەیە ناچاری گوتیان نەخێر مەبەست لەم "سبعا طباقا"ە حەوت "گازە" کە لە ئاسماندا هەیە، ئەمەش سەرینەگرت، جا لێرەدا خەڵك دەبێ چ بڵێ ئایا قورئان لەگە زانست ناجۆرە؟ یان تەفسیراتی خەڵکەکە هەڵەیە، دیارە تەفسیراتەکان ڕاست نین و هەقە لەم مەوزوعانە مەلاکان و زانا ئاینییەکان خۆیان لێ لادەن و هەوڵی ئەوە نەدەن هەرچی زانست دایدەنێ بڵێین لە قورئاندا هەیەو پاش ڕوونبوونەوەو داهێنانی ئایەتی قورئانی لەسەر جێبەجێ بکەن، وە دەڵێن قورئان باسی کارەبا دەکا لە ئایەتی (25) لە سورەتی ئەلنوور "الله نور السموات و الارض مثل نوره کمشکات فيها مصباح المصباح في زجاجة الزجاجة کأنها کوکب درّي يوقد من شجرة زيتونة لا شرقية و لا غربية يکاد زيتها يضيء" لە کاتێکدا ئەم قورئانە سەدان ساڵ پیش ئەدیسۆن هاتووەتە خوار، ئەوە بوو تا ئەدیسۆن کارەبای نەدۆزیەوە کەسێك لەم هەموو مەلاو شارەزا ئایینیانە ئەم کارەبایان لەم ئایەتە وەرنەگرت؟ و ە ئەدیسۆن دۆزیەوە دەڵێن لە قورئاندا هەیە.

یان پاش دۆزینەوەی ئەتۆم و دروستکردنی دیسان هەندێ نەخوێندەوار گوتیان قورئان باسی ئەتۆم دەکات کە لە سورەتی زیلزالدا دەڵێ "و من يعمل مثقالة ذرة خيرا يره و من يعمل مثقالة ذرة شرا يره" لە کاتێکدا مەبەستی ئایەت شتێکی ترەو هەندەی ئاسمان و ڕیسمان لەم مەعناو تەفسیرە دوورە، چونکە ئەگەر وەك ئەو نیمچە موسوڵمانانە کە بڕوایان کزەو بۆ پتەوکردنی بڕوای خۆیان دەیانەوێ ئاوا تەفسیر بکەن، ئەوها بوایە قورئان باسی پیشەسازی بکردایە دەبوو پێغەمبەر (د.خ) چاکتر لە هەموو کەس و پێش هەموو کەس لەو مەبەستانە بگەشتایە بیزانیایەو چەکی قورسی دروستبکردایە بۆ لەناوبردنی دوژمنانی ئیسلام، وەك خودا لە قورئاندا فەرمان بە پێغەمبەر (د.خ) و موسوڵمانان دەدا، کە هەچی لە دەستیان دێ لە هێزو توانا دروستی بکەن بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی دوژمنانی خواو موسوڵمانان کە ئایەتی (61) لە سورەتی ئەنفالدا دەڵێ "و اعدوا لهم ما استطعتم من قوة و من رباط الخيل ترهبون به عدوّالله و عدوکم و آخرين من دونهم لا تعلمونهم الله يعلم.. الخ" دیارە موسوڵمانان لە سەرەتای ئیسلامەتی تا ئێستاش نەیانتوانیوە چەکێك دروست بکەن وەك چەکی دوژمنانی ئیسلام، ئەگەر هیچ کورتە باسێك و نیشانەیەك بۆ ئەم چەکانەو پیشەسازییانە لە قورئاندا هەبوایە دەبوو خەڵکی جیهان لە عەرەب و ئیسلام فێری دروستکردنیان بووبان لە کاتێکدا موسوڵمانەکان پاش مەشق پێکردنیشیان ئینجا ناتوانن دروستکراوی ناموسڵمانەکان بەکاربەرن. ئیدی ئەم بانگەوازە بێ جێیە کە هەر وشەیەك لە قورئاندا هاتبێ بیگێڕنەوە بۆ ئەو دەزگا تازە دەرچووە، ڕاست نییەو دوورە لە ئیسلام، ئیسلامیەت فەلسەفەیەکەو دوورە لە پیشەسازی وەك هەموو فەلسەفەکانی تری جیهان. مەبەست لە ئیسلام و هاتنی پیغەمبەر (د.خ) ڕەوشتی چاکەیە وەك پێغەمبەر (د.خ) دەڵێ "انما بعثت لأتمم مکارم الأخلاق" واتە من ناردراوم بۆ ئەوەی ڕەوشتە چاکەکان تەواو بکەم بیان چەسپێنم و جێگیریان بکەم لەناو کۆمەڵدا.

دیسان لە پێغەمبەر دەگێڕنەوە کە کاتی خۆی عەرەبەکان دارخورمایان تەلقیح دەکرد پێغەمبەر (د.خ) بەلایاندا تێپەڕی لێی پرسین ئەمە چییە؟ پێیان گوت ئەمە دەبێ وا بکرێ فە رمووی وازی لێبهێنن ئەوەی خواکردبێ بێ ئەمەش دەبێ و وازیان هێنا ساڵی داهاتوو بەرەکەی نەگرت و چوونەی لای پێغەمبەر (د.خ) و ڕایانگەیاند کە دارخورماکان بێ تەلقیح کردن بەریان نەگرتن

پێغەمبەر (د.خ) لە وەڵامدا گوتی "خۆتان کاروباری دونیاتان باشتر دەزانن".

جا ئەگەر موسوڵمانی ئەوکاتی وەك ئەو موسوڵمانە بڕوا کزانەی ئەمڕۆی خۆمان بان، دەبوو لە پێغەمبەر (د.خ) هەڵگەڕێنەوە چونکە پێغەمبەرێك نەزانێ دارخورما بێ تەلقیح بەر ناگرێ ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە، بەڵام موسڵمانانی ئەوکات لە قورئان دەگەیشتن، کە پێغەمبەر (د.خ) ڕێبەری فکریو ئاینییەو پێغەمبەری کشتوکاڵو پیشەسازی نییەو ئەوانە پەیوەندیان بە کۆمەڵەو کۆمەڵ بۆ خۆی هەوڵی پێشکەوتنی دەدا. مەبەست لە ئیسلام پەیوەندی نێوان خەڵك لە لایەك لە لایەکی تر پەیوەندی نێوان خوداو کۆمەڵی ئینسانە کە ڕێك بخرێو چاك بکرێ.

با بێمەوە سەر باسی خۆمان، بۆ ئەوەی لە هەموو کوردێك ڕوون و ئاشکرابێت کە ئیسلام لە بارەی ژن و پیاو چی گوتووەو حوکمی چییەو چۆن دەڕوانێتە پلەو مافی ژن و پیاوو پەیوەندی خێزان لەسەر چ بناغەیەك دامەزراوە، من لەمەودوا باسی دەکەم و سەرچاوەی بنەڕەتیشم بۆ ئەم مەبەستە قورئانی پیرۆزو گوتەو کردارو ڕەفتارەکانی پێغەمبەرە (د.خ) کە لە کتێبەکانی حەدیسی (موسلیم و بوخاری)م وەرگرتووەو ڕای ئیمامی شافیعی (خ.ل) بە ئیجماع و قیاسیشەوە.

دیارە ئەوەی قورئان باسی کردبێ و حوکمی لەسەر دابێ نە بە حەدیس و نە بە ئیجماع و نە بە قیاس هەڵناوەشێ، واتە دەق "نص"ی قورئان هەموو قسەیەك و حوکمێك بەتاڵ دەکاتەوە ئەگەر درابێ دەبی ڕەفتار بە فەرمانی قورئان بکرێ و نابێ دەستکاری حوکمەکانی قورئان بکرێ لەو ڕۆژەوە هاتووە تا دونیا دەبڕێتەوەو هەتاهەتایە وەك خۆی دەمێنێ و ئەسبابی موجیبەیشی کە کاتی خۆی لەبەر چی هاتووە، لەبەر هەمان هۆ دەمێنێ و ناگۆڕێ و بۆ هاتنی ئەو حوکمە چ مەبەستێك لەبەرچاو گیراوە هەمان مەبەست هەر دەمێنێ و هەرکەس بیەوێ بیگۆڕێ یا دەستکاری بکا بە پێی حوکمی قورئان بە کافرو دژ بە ئیسلام دەژمێردرێ و بە موسوڵمان ناناسرێ، وەك قورئان لە سورەتی ئەلمائیدە ئایەتی (44)دا دەڵێ "و من لم یحکم بما انزل الله فأولئك هم الفاسقون" ئایەتی (45)و لە ئایەتی (48،49،50،51) لە هەمان سورەتدا فەرمان بە پێغەمبەرو موسڵمانان دەدا کە بە پێی قورئان ڕەفتار بکەن و حوکم بکەن وەك دەڵێ "و انزلنا الیك الکتاب بالحق مصدقا لما بین یدیه من الکتاب ومهیمنا علیه فاحکم بینهم بما انزل الله و لا تتبع اهوائهم عما جاءك من الحق.. الخ" جا کەسێك بڕوای بە خواو ئیسلام هەبێ دەبێ لە قورئان دەرنەچێ، ئەگەر دەرچوو ئەوا بە موسوڵمان ناژمێردرێ و دژ بە ئیسلام دەنووسرێ مافی ئەوەی نییە بەناوی ئایین قسە بکا.

ئەگەر قورئان و قسەی پێغمبەر(د.خ) واتە (حەدیس) کەوتنە بەرامبەریەك، واتە وێك نەکەوتن و هەریەکە حوکمێکی دابوو بە پێچەوانەی یەکتری، ئەوە حوکمی قورئان سەرپشکەو هەموو حوکمێك بەرامبەر قورئان بەتاڵە، جا با ئەو حوکمانە بە حەدیس یا ئیجماع یا بە قیاس و ئیجتیهاد دران.

لەم لێکۆڵینەوەمدا یەکەم قورئانم کردووە بە بەڵگەو دیکۆمینت و گەڕاوەمەتەوە سەر تەفسیری (بەیزاوی)، دووەم قسەو ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە لە ڕێگەی موسلیم و بوخاری) پێمان گەیشتووەو سێهەم فیقهی ئیمامی شافیعی (خ.ل) کە زۆربەی نەتەوەی کورد لەسەر ڕێڕەوی ئەوون، واتە شافیعی مەزهەبن و هیچ قسەیەك لە خۆمەوە دەربارەی ژن و پیاوم نەگوتووەو نەنووسیوەتەوە بەناوی ئاین و هەموویم لەم سێ سەرچاوە هەڵێنجاوەو ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێ پتر لە ئایین بگا لە هەموو ڕوویەکەوە، نە تەنها دەربارەی ژن و پیاو با بگەڕێتەوە سەر حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری و قورئان و کتێبە فیقهییەکانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی خۆی، وەك کتێبی (ئەلئوم) یا کتێبەکانی تری ئەو مەزهەبە وەك (شەرحە مینهاج) و (ئیعانە).

جا یەکێك لە نووسەرەکان دەڵێ (چیرۆکنووس کە تاوانکاری تێنەگەیشتنی مەلای گوندەکە باسدەکا، بەوەی ئەو منداڵە ساوایانە لە لانکەدا مارە دەکا تەنها وەك شتێکی تاکی و هەڵوێستی مەلاکە بۆی ناچێ، بەڵکو کرداری ناپاکی ئەو مەلایە تەعمیم دەکاو دەیخاتە ئەستۆی شەریعەت، ئێمە پێمان وایە لەوەدا پەلەی کردوە یا مەبەستی بووە مەسەلەکە بکاتە دەستکەلا بۆ لێدانی شەریعەت، لە کاتێکدا پێش ئەوەی چیرۆکنووس دەنگی ناڕەزایی بەرزبکاتەوەو داوای سەربەستی خێزان دروستکردن بکا، شەریعەت خۆی وەك ڕێگایەکی

ئەگەر قورئان و قسەی پێغمبەر( د.خ ) واتە ( حەدیس ) کەوتنە بەرامبەریەك، واتە وێك نەکەوتن و هەریەکە حوکمێکی دابوو بە پێچەوانەی یەکتری ئەوە حوکمی قورئان سەرپشکەو هەموو حوکمێك بەرامبەر قورئان بەتاڵە






نازانم ئەم جۆرە نووسەرانە ئەو شەریعەتەی باسی لێوە دەکەن دەبێ کام شەریعەت بێ؟! مەگەر شەریعەتێکی خەیاڵی خۆیان بێ کە هێشتا خەڵك پێی نەزانیبێ، دەنا نەدەبوو ئەم جۆرە کەسانە ئاوا بە ئارەزوو و دڵخوازی خۆیان بە ناوی ئایینو شەریعەت ئەو یاساو ڕەفتارانە لە قەڵەم بدەن

ڕاستەقینەی ژیانو وەك تەواوترین ڕێبازو کامڵترین یاسا بانگی بەتاڵکردنەوەی مارەبڕینو تەڵاقو نکاحی بێپرسو دووژن هێنانو هەرچی پەیوەندی لە دوورەوە یا لە نزیکەوە بە چەوساندنەوەی ئینسانەوە هەیە پوچەڵ دەکاتەوە هەر ئەمیش بە جوانترین شێوە دەیەوی بەرگری لە ژیانی بە خۆشی پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی بکا، جا ئەگەر لە هەر شوێنو کاتێکدا بە هۆی هەندێ کۆلکە مەلاو دوژمنی شەریعەتەوە کاری وا کرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانیەت بێ، ئەوا لای هەموو خاوەن ویژدانێك ئاشکرایە کە تەنها ئەو کەسانە تاوانبار دەکرێنو بەر لەعنەتی ڕۆژگار دەکەوون، نەك ڕێبازو فەلسەفە)..

ئەمە قسەی نووسەرە لێرەدا بڵێم نووسەر هەر فری بەسەر زانینی ئایینەوە نییەو ئاگای لە هیچ نییەو نە قورئانی خوێندووەتەوەو نە تێگەیشتووە، ئەگەر خوێندبێتیەوە، نە ئاگای لە ڕەفتارو کرداری پێغەمبەر (د.خ) هەیەو نە لە بیروڕای موجتەهیدەکانی مەزهەبی ئاگادارە، بە تایبەتی مەزهەبی شافیعی کە مەزهەبی زۆربەی کوردانە. نووسەر لای وایە بە ڕەوانی لە شەریعەتی ئیسلامی کردووە، بەڵام نازانێ ئەوەی ئەو بە کۆلکە مەلای دادەنێو دژ بە ئایین تاوانبارو بێویژدانی دەژمێرێ ئیمامی شافیعی (خ.ل) دەگرێتەوە.

با یەکە یەکە قسەکانی نووسەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئایینو ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ) لە هیچ کاتێکدا لە چوار تا دوانزە ژنی کەمتر نەبووە سەرەڕای ئەو ژنانەی، گورجیو کەنیزەکی هەبووە، ئەوجار موسوڵمانانی تریش تا چوار ژن پێکەوە بە پێی دەقی ئایەتی قورئان ڕێدراوە هەر پیاوێك دەتوانێ هەرچەند دڵی بخوازێ ژن بێنێ بە مەرجێك لە چوار پتر کۆنەکاتەوە لە یەك کاتدا، وەك ئەمرۆ چوار ژن بێنێو چەند ڕۆژێکی تر یا هەر بۆ ڕۆژی دوایی هەر چواریان تەڵاق بداو چواری تر بهێنێ، یان لەو چوارانە یەك دوانێك تەلاق بداو یەك دوانی تر بێنێتە جێگایانو بەم جۆرە، لە پاشا بە درێژی باسی دەکەین، ئیدی ئەم قسەیە لە کوێ دەمێنێ کە دەڵێ (ئایین دوو ژن هێنان پوچەل دەکاتەوە) قسەکانی نووسەر بە تەواوەتی پێچەوانەی ئایەتی قورئانو حەدیسە ڕاستەکانی پێغەمبەرو ڕەفتارو کردارەکانیەتی، نازانم ئەم جۆرە نووسەرانە ئەو شەریعەتەی باسی لێوە دەکەن دەبێ کام شەریعەت بێ؟! مەگەر شەریعەتێکی خەیاڵی خۆیان بێ کە هێشتا خەڵك پێی نەزانیبێ، دەنا نەدەبوو ئەم جۆرە کەسانە ئاوا بە ئارەزوو و دڵخوازی خۆیان بە ناوی ئایینو شەریعەت ئەو یاساو ڕەفتارانە لە قەڵەم بدەنو نە ئەوانەش بێپەرواو بێباك هێرش ببەنە سەر مەلای چارە ڕەشی کوردەواری، کە هەموو ئازارو کوێرەوەریو بێنانیو تاڵو سوێری چێشتووە تا ئەوەندە لە ئایین گەیشتوەو وەك هەیەو چۆنە ئاواشی لە خەڵك گەیاندوەو بۆی گێڕاونەتەوەو ڕەفتاری پێکردووەو کاروباری خەڵكو پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری لەسەر بناغەی ئایین بێ چەندو چوونو بێ ئەملاو ئەولا جێبەجێیان کردووەو هەر مەلایەك گەڕابێتەوە سەر (قیل و قال) لەناو مەلایانو خەڵکیش بەدناو و دین سووك ژمێردراوە، بۆیە هەموو مەلاکانی موسوڵمانو زانا چۆن ئیمامە موجتەهیدەکان فەرموویانە جێبەجێیان کردووەو بە موو لێیان لانەداوە، ئەگەر ئەم مەلایانە نەبوونایە بێگومان ئێستا ئایینی ئیسلام لەناو کوردا وەك ئاردی ناو درکو بەردی بنگۆمی لێدەهات، مەگەر تەنها ناوی بمابایە، لە کاتێکدا لەبەر بوونی مەلا ئێستاش دین بە هەرمێنەو خەڵك پێوەی نووساون، بگرە هەیە سەروماڵو منداڵی لە پێناویدا دادەنێ. کاکی نووسەریش هەروا بە سووكو ئاسانی لەقەبی کۆلکەمەلاو نەزانیان تەکریم دەکا، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ ئایین چییە؟ ئەوەندە نەبێ کە بە منداڵی لە دایكو باوکی گوێبیست بووبێ یا لە کۆمەڵی دەوروپشتی کە زۆربەشیان بڕوای پیرەژنانەو دوورن لە ئایین و ئەوەی لە قوتابخانەکانیش خوێندویانە ئەوە نییە پشتیان پێ ببەسرێ.

ئەوجار ئەو نووسەرو چیرۆکنووسانە کە بەردەبنە گیانی مەلاو هەزارو یەك ناوناتۆرەیان لێدەنێن پێیان دەڵێن کۆلکە مەلا، بە قسەی خۆیان لەبەر ئەوەیە کە لە ڕێگەی شەریعەت لایان داوە، باشە ئەگەر وایە دژ بە دینو مەلا نینن خۆ دەرچووی (حقوق)یشو (پارێزەر) ئەگەر لە ڕاستیدا هیچ نەزانێو کۆلکە بێ، یان هەزار نارەوایی کردبێ بە ڕەواو توشی هەزار ئۆباڵیش بووبێ، بۆچی پێی نالێن "کۆلکە پارێزەر"؟!.

دیارە هەر لەبەرئەوەیە، ئەوەی خەریکی دین بووبێ لە لایەن ئەو کەسانە ناخۆشەویست بوون، هەر لەبەرئەوەی خەریکی دینن، چونکە وەك پێشتر باسمانکرد، ئەگەر مەلا لە کوردستاندا نەبوونایە دەمێك بوو خوا موسوڵمانیەتی بۆ خۆی بردبووەوەو لە کولەکەی تەرپیشدا ناوی نەدەهات. ئەوەتا نووسەر بە مەلای شارەزاو زاناکانی ئایین دەڵێ کۆلکە مەلاو نەخوێندەوار. زۆری تریش هەن لەم بابەتە چی سووك و ناڕەوایە لە ملی مەلاکانی دەخەن. مەلاش هیچ تاوانێکی نییە تەنها جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی قورئان و پێغەمبەر (د.خ) و بیروڕای موجتەهیدەکان نەبێ، کە بۆ خەڵکیشیان ڕوونکردووەتەوە، جا سەرەڕای گوتنی کۆلکە مەلایی پێشیان دەڵێن بێویژدان و دژ بە ئایین و لە ئینسانیەت بێبەری!!

ئەمە لە بارەی مارەبڕینی کچی سەر لانکەو دوو ژن هێنان ئەوجار با بزانین نووسەر کە دەڵێ "هەر ئەمیش بە جوانترین شێوە دەیەوێ بەرگری لە ژیانی بە خۆشی پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی بکا، جا ئەگەر لە هەر شوێن و کاتێکدا بە هۆی هەندێ کۆلکە مەلاو دوژمنی شەریعەتەوە کاری وا کرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانیەت بێ ئەوا لای هەموو خاوەن ویژدانێك ئاشکرایە کە تەنها ئەو کەسانە تاوانباردەکرێن و بەر لەعنەتی ڕۆژگار دەکەون، نەك ڕێبازو بیرو فەلسەفە" نازانم ئەوانەی بە ناوی ئایین باسی ئینسانیەت و مرۆڤایەتی دەکەن، دەبێ مەبەستیان چی بێ؟ ئەگەر مەبەستیان هاوجۆری و هاونەوعیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕاو ئایین و ڕەنگ، وەك خەڵك وای تێدەگاو بەم واتایەش بەکاردێ، ئەوا ئەوانە زۆر دوورن لە ئیسلام و دیارە هەر لە خەیاڵی خۆیاندا واتایەکی تایبەتی و یاسایەکی خەیاڵاویان بۆ ئیسلام داناوە، چونکە ئیسلام ئەو کەسەی بڕوای پێنەهێنێ و ملکەچ نەبێ بۆی بە چاوێکی تر سەیری دەکاو ڕەفتاری لەگەڵ دەکا، ئەگەر وەك نووسەر لە خەیاڵی خۆی دایناوە وابووایە کچ و ژنی ناموسوڵمان بە دیل و تاڵان نەدەبران و نەدەکران بە کەنیزەك و منالە نێرینەکانیش نەدەکران بە کۆیلە، کە ئەمانە بە پێی دەقی قورئان جێبەجێ کراون، چونکە ئیسلام کە خوا ناردوویە پێویستە بە خۆشی بێ یا بە ترشی بڵاوبکرێتەوەو ئەوەی بڕوای پێ نەکردبێ و نەبووبێتە ئیسلام شەڕی لەگەڵدا کراوەو کوژراوەو سەروماڵ و ساکان و منداڵ و ژنی بە دەسکەوت و تاڵان گیراوەو بەسەر موسڵماناندا دابەشکراوەو منداڵەکانیشی کراوون بە کۆیلەو عەبد، ژن و کچەکانیشیان کراوون بە کەنیزەك و جاریە، خۆ ئەگەر ناموسوڵمانان شەڕیان نەکردبێ خۆیان هاویشتبێتە ماڵی موسوڵمانان و تەسلیم بووبن بەبێ شەڕ، ئەوا دەبوو بە سەرشۆڕی سەرانە بدەن وەك لە قورئاندا هاتووە لە سورەتی ئەلئەحزاب ئایەتی (26 و 27) کە دەڵێ (و انزل الذین ظاهروهم من اهل الکتاب من صیاصیهم و قذف في قلوبهم الرعب فرقا تقتلون و تأسرون فریقا و اورثکم ارضهم و دیارهم و اموالهم و ارضا لم تطؤها و کان الله علی کل شيء قدیرا) واتە خودا ئەو دەستەیەی خاوەن کیتابی کە پشتیوانیان لە موشریکان دەکرد لە سەنگەرو پەناگاکانیان و لە پایگاکانیان هێنایە دەرێ و ترس و لەرزی ئێوەی موسوڵمانی هاویشتە دڵیان تا وایلێهات ئێوەی موسوڵمان هەندێکیان بکوژن و هەندێکیان بە دیل بگرن و خودا سەروماڵ و زەوی و خانووبەرەی ئەوانی دا بە ئێوەو ئێوەی کردە میراتگری ئەوان هەروەها زەویەکی دا بە ئێوە کە جێپێتانی لێنەبووە.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەڵێ (و قاتلوا في سبیل الله الذین یقاتلونکم) وە لە شوێنێکی تردا دەڵێ (و اقتلوهم حیث ثقفتموهم) و (و قاتلوهم حتی لاتکون فتنة و یکون الدین لله) ئایەتی (190، 191، 193) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا، واتە لە ڕێگەی خوادا بجەنگن لە دژی ئەوانەی شەڕتان لەگەڵدا دەکەن. لەگەڵ کافران بجەنگن و بیانکوژن لە هەر جێگەیەك دەستتان کەوتن. دژ بە کافران بجەنگێ تا فیتنەو فەساد لەسەر زەوی بەلا بدرێ و هەموو بێنە سەر دینی ئیسلام، لە ئایەتەکانی (216،224) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (کتب علیکم القتال و هو کره لکم و عسی ان تکرهوا شیئا و هو خیر لکم.. و قاتلوا في سبیل الله) واتە جەنگتان لەسەر پێویست کرا کە بە دڵتان نییە، چەند زۆرە کە شت هەیە پێتان ناخۆشە بەڵام بۆ ئێوە چاکەی تیایەو خێرو خۆشی لە دوایە. لە ڕێگەی خوادا لەگەڵ کافران بجەنگن و بزانن کە خوا لە گوفتارو کرداری خەڵك ئاگاو بیسەرە.

"نازانم ئەوانەی بە ناوی ئایین باسی ئینسانیەت و مرۆڤایەتی دەکەن، دەبێ مەبەستیان چی بێ؟ ئەگەر مەبەستیان هاوجۆری و هاونەوعیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕاو ئایین و ڕەنگ، وەك خەڵك وای تێدەگاو بەم واتایەش بەکاردێ، ئەوا ئەوانە زۆر دوورن لە ئیسلام و دیارە هەر لە خەیاڵی خۆیاندا واتایەکی تایبەتی و یاسایەکی خەیاڵاویان بۆ ئیسلام داناوە






ئایەتی (74–76) لە سورەتی ئەلنیساءدا دەڵێ (فلیقاتل في سبیل الله الذین یشرون الحیاة بالآخرة و من یقاتل في سبیل الله فیقتل او یغلب فسوف یؤتیه اجرا عظیما. و ما لکم لا تقاتلون في سبیل الله و المستضعفین من الرجال و النساء و الولدان الذین یقولون ربنا اخرجنا من هذه القریة الظالم و اجعل لنا من لدنك ولیا و اجعل لنا من لدنك نصیرا. الذین امنوا یقاتلون في سبیل الله و الذین کفروا یقاتلون في سبیل الطاغوت فقاتلوا اولیاء الشیطان ان کید الشیطان کان ضعیفا) واتە با لە ڕێگەی خوادا بجەنگن ئەو کەسانەی ژیانی دونیا بە ڕۆژی دوایی دەفرۆشن، هەر کەسێك لە پێناوی خوادا بکوژرێ یا سەرکەوێ لە دوارۆژدا پاداشتێکی گەورەی دەدەینەوە. بۆ لە ڕێگای خوادا شەڕناکەن؟ لە کاتێکدا بێ دەسەلاتەکان لە ژن و لە پیاوو منداڵ هاواردەکەن و دەڵێن خوایە لە دەستی ستەمکاری ئەم دینەمان ڕزگار بکەو لە لایەن خۆتەوە سەرکارێك و پەنادەرێکمان بۆ بنێرە. ئەوانەی خاوەن بڕوان لە ڕێگەی خوادا دەجەنگن و ئەوانەی بڕوایان نییە لە ڕێگەی تاغوت دەجەنگن، بجەنگن دژی لایەنگرانی شەیتان و پیلانی شەیتان کزو لاوازە.

هەروەها لە سورەتی ئەلنیساء ئایەتی (84)دا دەڵێ (فقاتل في سبیل الله لا تکلف الا نفسك و حرض المؤمنین عسی الله ان یکف بأس الذین کفروا و الله اشد بأسا و اشد فتنة و یکون الدین لله کله) وە لە ئایەتی (60) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (و اعدوا لهم ما أستطعتم من قوة.. الخ) وە ئایەتی (65) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (یا ایها النبي حرض المؤمنین علی القتال) واتە لە پێناوی خوادا شەڕ بکە، ئەرکەکە بخەرە سەرشانی خۆت و موسوڵمانانیش هاندە شەڕبکەن دژی کافران و ناموسوڵمانان، بێگومان خوا دەسەلاتی کافرانت لێ دوور دەخاتەوەو خوایش لەوان بە دەسەلاتترو تواناترو لەناوبەرترە. شەڕیان لەگەڵدا بکەن تا نەبنە فیتنەو دینیش هەمووی بۆ خوا بێ. چیتان لەدەست دێ هێزو تواناو ڕاهێنانی وڵاخی بەرزە بیکەن ئامادەی بکەن. ئەی پەیامبەر موسوڵمانان هاندە با شەڕ لەگەڵ ناموسوڵمانان بکەن.

ئایەتی (67) لە سورەتی ئەلئەنفالدا دەڵێ (ما کان للنبي ان یکون لە اسری حتی شخن في الارض، تریدون عرض الدنیا و الله یرید الآخرة) واتە بۆ هیچ پێغەمبەرێك ڕەوا نیە کە دیلی هەبێ و بەرەڵایان بکا بە بەدەڵی ماڵی دونیایی تا زەوی ڕەباس نەکا بە خوێنی ناپاك و ناموسوڵمان، ئێوە ماڵی دونیاتان دەوێ و خواش مانی هەتاهەتایی و خۆشییەکی لە بن نەهاتوو. وە لە ئایەتی (69)ی هەمان سورەتدا دەڵێ (فکلوا مما عنمتم حلالا طیباً) واتە هەرچی بە تالانی چنگتان کەوت بیخۆن وەك گوێزو مازوو لێتان حەڵاڵە نۆشی گیان. هەروا لە ئایەتی (41)ی هەمان سورەتدا دەڵێ (و اعلموا انما غنمتم من شيء فان الله خمسه و للرسول و لذی القربی و الیتامی و المساکین و ابن السبیل.. الخ) واتە ئەی موسوڵمانان پێنج یەکی هەر تالانییەك کە دەستتان دەکەوێت بۆ خواو پێغەمبەرو خزم و کەس و کارتان و بێباوك و بێدەرەتان و ڕێبوارانە بە هەمان شێوە لە سورەتی ئەلتەوبە ئایەتی (5)دا دەڵێ (فاذا انسلخ الأشهر الحرم فأقتلوا المشرکین حیث وجدتموهم و خذوهم و احصروهم و اقعدوا لهم کل مرصد فان تابوا و اقاموا الصلاة و آتوا الزکاة فخلوا سبیلهم..) واتە پاش ئەوەی مانگەکانی حەرام کە (ذي القعیدة، ذي الحجة، محرم، رجب)ە تێپەڕبوون و بەسەرچوون، بت پەرستان بکوژن لەهەر شوێنێ چنگتان کەوتن، بیانگرن گەمارۆیان بدەن و لە هەموو لایەك بۆسەیان بۆ دانێن، ئەگەر پاشگەزبوونەوەو تۆبەیان کردو نوێژیان کردو زەکاتیاندا ڕێگەیان بەردەن و ڕێگایان پێمەگرن.

لە ئایەتی (14) لە سورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (و قاتلوهم یعذبهم الله بأیدیکم و یخزهم و ینصرکم علیهم و یشف صدرو قوم المؤمنین) واتە شەڕیان لەگەڵدا بکەن خوا بە دەستی ئێوە ئازاریان دەداو سەرشۆڕیان دەکاو ئێوەیان بەسەردا زاڵ دەکاو دڵی ئیماندارانیان پێ خۆش و گەش دەکات. ئایەتی (28–29) لە هەمان سورەتدا (یا ایها الذین آمنوا انما المشرکون نجس فلا یقربوا المسجد الحرام بعد عامهم هذا و ان خفتم علیه فسوف یغنیکم الله من فضله.. قاتلوا الذین لا یؤمنون بالله و الیوم الآخر و لا یحرمون ما حرم الله و رسوله و لا یدینون دین الحق من الذین اتوا الکتاب حتی یعطوا الجزیة عن ید و هم صاغرون) واتە ئەی موسوڵمانان بت پەرستان پیسن با نزیك مزگەوتی گەورە –حەرام– نەبن پاش ئەمساڵیان، ئەگەر لە هەژاری و کەم دستی دەترسن خوا بە لوتفی خۆی دەوڵەمەندو تێرتان دەکات، شەڕبکەن لەگەڵ ناموسوڵمانان کە خاوەن کتێبن و نابنە موسوڵمان و بڕوا بە خواو ڕۆژی دوایی ناهێنن ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا قەدەغەیان کردووە ئەوان قەدەغەی ناکەن پێی لێدەخشێنن، بیانکوژن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن تا بەسەرشۆڕی و دەستبەدەست سەرانە دەدەن.

ئایەتی (110) لە سورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (ان الله اشتری من المؤمنین اموالهم انفسهم بان لهم

- واتە ئەی موسوڵمانان پێنج یەکی هەر تالانییەك کە دەستتان دەکەوێت بۆ خواو پێغەمبەرو خزم و کەس و کارتان و بێ باوك و بێ دەرەتان و ڕێبوارانە
- واتە شەڕیان لەگەڵدا بکەن خوا بە دەستی ئێوە ئازاریان دەداو سەرشۆڕیان دەکاو ئێوەیان بەسەردا زاڵدەکاو دڵی ئیماندارانیان پێ خۆش و گەش دەکات

الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون و يقتلون وعدا عليه حقا في التوراة و الانجيل و القرآن و من اوفى بعهده من الله فاستبشروا ببيعكم الذي بايعتم به و ذلك هو الفوز العظيم) واتە خوا سەروماڵی لە موسوڵمانان کڕیوە بەوەی بەهەشتیان دەداتێ کە لە ڕێگەی خوادا خەبات بکەن و بجەنگن چ بکوژن چ بکوژرێن ئەمە گفتێکی ڕاستی خودایەو لەسەریەتی لە تەورات و ئینجیل و قورئان کێ لە خوا باشتر گفتی خۆی جێبەجی دەکات کەوایە خۆشی لە خۆتان بەم کڕین و فرۆشتنەو ئەم مامەڵە کە ئەمە برەوێکی گەورەیە.

ئایەتی (34) لە سورەتی موحەمەدا دەڵێ (فلا تهنوا و لا تدعوا الى السلم و انتم الأعلون و الله معكم و لن يتركم اعمالكم) واتە سست مەبن نزمی مەکێشن و داوای ئاشتی و شەڕ ڕاگرتن مەکەن کە ئێوە سەرکەوتوون خواتان لەگەڵدایە.

ئەوەی ڕابوورد کەمێك بوو لە زۆر لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە پێغەمبەرو موسوڵمانان هاندەدا بجەنگن و شەڕ لەگەڵ ناموسوڵمانان و بتپەرستاندا بکەن و بە زۆرو تۆپزی بیانکەنە موسوڵمان یان ئەوەتا بە ملکەچی و سەرشۆڕی دەستبەدەست سەرانە بدەن، ئەمانە ڕەفتاری ئیسلامەتی بوو لەگەڵ بیانی و ناخزم و کەس وکار جا با بزانین ڕای ئیسلام بەرامبەر بە خزم و کەسوکاری ناموسوڵمان چییە؟

ئایەتی (23–24) لە سورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (يا ايها الذين آمنوا لا تتخذوا آبائكم و اخوانكم اولياء ان استحبوا الكفر على الايمان و من يتولهم منكم فأولئك هم الظالمون. قل ان كان آبائكم او أبنائكم او اخوانكم او ازواجكم او عشيرتهم او اموال اقترفتموها او تجارة تخشون كسادها او مسكن ترضونها احب اليكم من الله و رسوله و جهاد في سبيل فتربصوا حتى يأتي الله بأمره و الله لايهدي القوم الفاسقين) واتە ئەی ئیمانداران دۆستایەتی لەگەڵ باوك و براتان مەکەن ئەگەر کافریان هەڵبژاردو نەبوونە موسوڵمان و هەرکەسێ لە ئێوە خۆشیانی بوێ ئەوانە ستەمکارن، ئەی پێغەمبەری ئێمە بە موسوڵمانان بڵێ ئەگەر ئێوە باوك و کوڕو براو ژن و عەشرەت و ماڵێك کە بەسەریەکتەوە ناوەو ترسی کەمبوونی بازرگانی و خانوێك کە پێی دڵخۆشن خۆشترتان دەوێ لە خواو پێغەمبەرو خەباتکردن لە ڕێگەی خوا ئەوا چاوەڕوانبن تا خوا فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکاو خوا هەرگیز ڕێپیشاندەری کافرو فاسق ناکات.

ئایەتی (123) لە سورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (يا ايها الذين آمنوا قاتلوا الذين يلونكم من الكفار و ليجدوا فيكم غلظة) واتە ئەی موسوڵمانان شەڕ لەگەڵ نزیکترین کەسی خۆتانی کافر بکەن و خەبات بکەن تا هێزو تواناو دەسەڵاتداری و توندیتان لێ بەدی بکەن. ئایەتی (22) لە سورەتی ئەلموجادەلە (لا تجد قوما يؤمنون بالله و اليوم الآخر يوادون من حاد الله و رسوله و لو كانوا آبائهم او ابنائهم او اخوانهم او عشيرتهم اولئك كتب في قلوبهم الايمان و ايدهم بروح منه و يدخلهم جنات تجرى من تحتها الانهار خالدين فيها رضي الله عنهم و رضوا عنه اولئك حزب الله الا ان حزب الله هم المفلحون) ئەی پێغەمبەر هەرگیز خەڵکێك نادۆزیەوە کە بڕوایان بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێ و دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەری بکەن، هەرچەند ئەو دوژمنانە باوك و کوڕو براو خزم و کەسوکاری خۆیان بن، ئا ئەمانە کە خوا ئیمانی لە دڵ چەسپاندون و یارمەتیان دەداو بەهەشتی پان و بەرینیان خەڵات دەکات کە هەتاهەتایە تێیدا دەژین و خوا لێیان دڵخۆشەو ئەوانیش بەخوا دڵخۆشن و ئەوانە حیزبی خوان و هەر حیزبی خواش سەرکەوتوو و بەهرە بەرە.

ئایەتی (73) لە سورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (يا ايها النبي جاهد الكفار و المنافقين واغلظ عليهم ومأواهم جهنم و بئس المصير) واتە ئەی پێغەمبەر جیهادی کافرو مونافیقان بکەو لەگەڵیان توند بە ئەوان جێگەیان دۆزخەو خراپترین چارەنووسە. ئەمە قورئان و کردارو ڕەفتارو گوفتاری پێغەمبەریش (د.خ) دەربارەی ناموسوڵمان و بتپەرستان بەم جۆرە بووە.

حەدیسی سەحیحی موسلیم لاپەڕە (53) ژمارەی حەدیس (36) دەڵێ (حدثنا ابو غسان المسمعي مالك بن عبدالواحد حدثنا عبدالملك بن الصباح عن صعبة عن واحد بن محمد بن زيد بن عبدالله بن عمر عن ابيه عن عبدالله بن عمر قال، قال رسول الله (ص) امرت اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لا اله الا الله و ان محمدا رسوال الله و يقيموا الصلاة و يؤتوا الزكاة فاذا فعلوا عصموا مني دمائهم و اموالهم الا بحقها و حسابهم على الله.

واتە پێغەمبەر (د.خ) گوتویەتی فەرمانم پێکراوە کە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تاوەکو بڕوادێنن بە خواو پێغەمبەرو نوێژکردن و زەکات دەدەن، ئەگەر ئاوایان کرد خوێن و سامانیان دەپارێزرێ جگە لەوەی کە بە حەق لێیان دەسەنرێ.

ئەوەی ڕابوورد کەمێك بوو لە زۆر لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە پێغەمبەرو موسوڵمانان هاندەدا بجەنگن و شەڕ لەگەڵ ناموسوڵمانان و بتپەرستاندا بکەن و بە زۆرو تۆپزی بیانکەنە موسوڵمان






**ئەو کەسەی بڕوای بە ئیسلام نەهێنابێ‌و نەبووبێتە موسوڵمان وەك نەیارو دوژمن تەماشا کراوە یا خزم‌و جا کەسوکارو باوك‌و براو کوڕی موسوڵمانان بن**

دیسان لە جزمی سێیەمی سەحیحی موسلیم لاپەڕە (1517) ژمارەی حەدیس (1910) دەڵێ (حدثنا ابن عبدالرحمن ابن سهم الأنطاكي اخبرنا عبدالله بن المبارك عن و هيب الملكي عن عمر بن محمد المنكدر عن سمى محمد ابن صالح عن ابي هريرة قال، قال رسول الله (ص) من مات و لم يغز و لم يحدث به نفسه مات على شعبة من نفاق).

واتە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی هەرکەسێ بمرێ‌و خەزای نەکردبێ یا بە دڵیدا نەهاتبێ خەزا بکا، دەمرێ لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی دووڕوویی. ئا ئەمەیە پوختەی پەیوەندی نێوان موسوڵمان‌و ناموسڵمان‌و ئایەت‌و حەدیسی تر گەلێ زۆرن لەم بابەتانە بەڵام بۆ بەڵگە ئەمەندەمان بەسە.

جا ئەوانەی ئایەتەکان باسیان لێوەدەکا فەرمان بە کوشتن‌و برینیان دەدا هەر لە هۆزی عەرەب بوون‌و خزم‌و کەسوکاری موسوڵمانەکانی عەرەب بوون‌و لەبەرئەوەی نەبوون بە ئیسلام قورئان ئاوا سەروماڵیانی بۆ موسوڵمانەکان حەڵاڵ کردووەو کچ‌و ژنیشیان بکەن بە کەنیزەك‌و جاریە هەتا ئەو ژنانەی کەوا میردیشیان هەبووە لە شەڕدا هەڵاتوون چنگ نەکەوتوون ژنە بە مێردەکانی بە تاڵان گیراو بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ بووە کە وەك ژنی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن‌و بیانکەنە کەنیزەك‌و خۆشیان لێ بچێژن‌و نێرینەکانیش بکەن بە کۆیلەو عەبد.

ئیدی نازانم ئەم جۆرە نووسەرانە بە چ ڕوویێکەوە دەڵێن (هەرچی پەیوەندی لە دوورەوە یا لە نزیکەوە بە چەوساندنەوەی ئینسانەوە هەیە پوچەڵ دەکاتەوە، هەر ئەمیش بە جوانترین شێوە دەیەوێ بەرگری لە ژیانی بە خۆشی پێکەوەژیانی مرۆڤایەتی بکا جا ئەگەر لە هەر شوێن‌و کاتێکدا بە هۆی هەندێ کۆلکە مەلاو دوژمن شەریعەتەوە کاری وا کرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانیەت بێ ئەوا لای هەموو خاوەن ویژدانێك ئاشکرایە کە تەنها ئەو کەسانە تاوانبار دەکرێن‌و بەر لەعنەتی ڕۆژگار دەکەون نەك ڕێبازو بیرو فەلسەفە).

ئەوانە شەرم لە خۆیان ناکەن کە درۆ بە زمانی ئیسلام دەکەن‌و وا دەکەن کە خەڵك دووربکەونەوە لە مەبەستی ئیسلام‌و ئیسلامەتی، ئیسلام وەك بەرنامەو بیروباوەڕێك بۆیە هاتووەو خوا ناردوویە کە بڵاوبێتەوە بە خۆشی یا بە زۆر وەك لەو هەموو ئایەتە قورئانیانەی پێشەوە دەرکەوت‌و هەروەهاش لە ڕەفتارو کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ) و جێگیرەکانی کە چوار یارەکەن.

جا بە کورتی: ئەو کەسەی بڕوای بە ئیسلام نەهێنابێ‌و نەبووبێتە موسوڵمان وەك نەیارو دوژمن تەماشا کراوە، جا با خزم‌و کەسوکارو باوك‌و براو کوڕی موسوڵمانان بن، ئیسلام دان بەو مەفهومە ئینسانییەی ئەو جۆرە نووسەرانە بۆی دەچن نانێن، بەڵکو ئیسلام مرۆڤ دەکاتە دوو بەش موسوڵمان‌و کافرو نەیار، جا ئەوانەی موسڵمانیشن دەیانکاتە دوو چین، چینی ئازادو چینی کۆیلەو عەبد، هەریەکە لەم دوو چینە حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نمونە چینی موسوڵمانی نائازاد وەك کەنیزەك‌و جاریە ئەگەر لەبەر پێویستی‌و ترسی تووشی گوناح بوون نەبێ هێنانی وەك ژن بۆ پیاوی ئازاد ڕاست و دروست نییە، چونکە ئەو منداڵەی دەیبێ کۆیلەیە ئەم قسەیەش بە پێی ئایەتی (25) سورەتی ئەلنیساء کە دەڵێ (و من لم يستطع منكم ان ينكح المحصنات المؤمنات فمما ملكت ايمانكم من فتياتكم المؤمنات.. و ان تصبروا خير لكم). بە واتای ئەگەر کەسێك لە ئێوەی موسوڵمان توانای مارەدان‌و هێنانی ژنێکی موسوڵمانی ئازادی نەبوو، با لەو کەنیزەکە موسوڵمانانە بێنێ کە بە دیلی‌و تاڵانی چنگتان کەوتوون، خوا دەزانێ‌و باشتر دەتانناسێت. کەنیزەکەکان بە پرسی گەورەو خاوەنەکانیان مارە بکەن‌و مارەیشیان بە چاکی‌و بە تەواوی بێ کەمی بدەنێ، ئەوانیش پێویستە داوێن پاك بن‌و خۆ دوور بگرن لە داوێن پیسی‌و لە ژێرەوە بە نهێنی دۆست نەگرن، کاتێك کە بوونە مێرددار ئەگەر کارێکی ناپاکیان لێ ڕوویدات‌و داوێن پیسیان کرد، ئەوا سزایان نیوەی سزای ژنێکی ئازادە لە کارێکی وەهادا. هێنانی کەنیزەکیش بۆ کەسێکە کە بترسێ لەوەی تووشی گوناح بێ دەنا ئەگەر ئارام بگرن‌و کەنیزەك نەهێنن باشترە.

لە بیروڕای ئیمامی شافیع (خ.ل) ئەم ئایەتە بەڵگەیەکە هێنانی جارییەی موسوڵمان وەکو ژن بۆ پیاوی ئازاد حەرامە ئەگەر پیاو توانای مارەدانی ژنێکی ئازادی هەبێت. کەوایە ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دوو حوکمی هەیە یەکێکیان بۆ ژنێك کە بە تاڵان دەست کەوتووە، حوکمەکەشی ئەوەویە کە دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن بێ مارە برین، کڕیار دەتوانێت سوودو کەڵکیان لێوەربگرێت لە هەموو ڕوویەکەوە تەنانەت لە ڕووی ئارەزووی لەشییەوە.

کەنیزەك (جاریە) ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلام بە دیل و تاڵانی دەستکەوتوون و گیراوون، ئەو ژنانەش بە مێردبن و مێردەکانیان لە ژیاندا مابێ یا کوژرابێ فەرق ناکا بۆ کڕین و فرۆشتنیان و لەگەڵ ڕابواردنیان، چونکە بە ڕای ئیسلام ئەو ژنە بە مێردانەی بەدیل و تاڵانی دەگیرێن کرێی مارەییان لادەچێ بە بوونیان بە دیل، هەروەهاش کەنیزەك هیچ هەقی پرس و ڕا وەرگرتنیان نییە، نە بۆ کڕین نە بۆ فرۆشتن وەوکو هەر ماڵ و کوتاڵێك کە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ، ئەمە دەربارەی ژنی بە تاڵان دەستکەوتوو، کەنیزەك واتە ژنی نائازاد. ژنی نازادیش ئەو ئافرەتانانەن کە کەنیزەك نەبوون و بە تاڵان نەگیراون بە خۆشی خۆیان بوون بە موسوڵمان، ئەوانیش نە تەلاقیان بە دەستەو نە پرسیان پێدەکرێ بۆ تەلاق دانیان لە مارەبڕین و بەشوودانیش وەك واجیب پرسیان پێناکرێ (وەلی موجبیر) واتە سەرداری سەپێنەر ئەم سەرداره دەتوانێ کچی خۆی لەسەر لانکە مارە بکا لە هەر کەسەی بیەوێ بگرە کچی عازەبیش کە خۆی ناسیوەو گەیشتوەتە تەمەنێك کە چاکەو خراپە لێك جیابکاتەوە، باوك دەتوانێ بە بێ پرس مارەی بکا لە هەر کەسێ بیەوێ بە مەرجی لە نێوان باوك و کچەدا هیچ ناخۆشییەك و ناحەزیەك نەبێ، بە دەربڕینێکی تر، باوك بەرژەوەندی کچەکەی ڕەچاو کردبێ و مەبەست لە بەشوودانی تۆڵەسەندن و ئازاردانی کچە نەبێ، مارەبڕینی کچی منداڵی سەر لانکە کە چاکەو خراپە لێك جیاناکاتەوە هەر بەدەست باوکە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (خ.ل) زۆر ڕوون و ئاشکرایەو دروستە بە بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك، ئەوەی کێشەی لەسەرە کە ئایا دروستە یان نادروستە یا بڵێین باوك ناتوانێ مارەی بکا یا لێی مارە بکا بار "حەمل"ی ژنەکەیەتی وەك بڵێی (کچ بوو) فلانەکەش بڵێ (باشە قبوڵمە) مارەییەکە نابێ و ئیجاب و قبوڵەکە بەتاڵە، چونکە نازانرێ ئەو سکە چییە؟ کوڕە یان کچە، لێرەدا ئەم جۆرە مارەکردنە دەبێتە مارەی بێ مەرج و ئەمەش نادروستە خۆ ئەگەر بە هۆی ئامرازێکی ئەلەکترۆنی بزانرێ سکەکە چییە هەر لە یەکەم چرکەی تەلقیحەوە باوك حەقیەتی بە مێردی بداو مارەی بکا، بەڵگەی ئیمامی شافیعی بۆ ئەم ڕایە کە باوك دەتوانێت کچی خۆی بێ پرس لە هەرکەسێ بیەوێ مارە بکاو مارەی دەکا ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرە (د.خ) کە دەفەرموێ (الثیب احق بنفسها من ولیها و البکر یزوجها ابوها) واتە بێوەژن بە خۆی لە پێشترە لە سەردارەکەی و کچ باوکی مارەی دەبڕێ، هەروەها قسەی عائیشە (خ.ل) کە دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) لە شەش ساڵیدا مارەی کردم و لە نۆ ساڵیدا گوازتمیەوەو لە هەژدە ساڵیمدا بەجێی هێشتم و کۆچی دوایی کرد. تەلاقدانیش هەر بەدەست پیاوەو ژن بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەی نییە پرسی پێبکرێ کە ئایا تەلاق بدرێ یان نا. هەرچی ئایەتی قورئان هەیەو هاتووە دەربارەی تەلاقدان خوا ڕووی لە پیاو کردووەو تەنها مافێك بۆ ژن هەبێت مارەیی و نانداننە. لە مەسەلەی تەلاقدان ئایەتی (1-3) لە سورەتی ئەلموجادەلە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە دەڵێ (قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها و تشتكي الى الله و الله يسمع تحاوركما ان الله سميع بصير. الذين يظاهرون منكم من نسائهم ماهن امهاتهم ان امهاتهم الا اللائي ولدنهم انهم ليقولون منكرا من القول و زورا ان الله عفو غفور).

واتە خوا گوێی لە قسەی ئەو ژنە بوو کە وتوێژی لەگەڵ دەکردی و سکاڵای لەلای خوا دەکرد وە خوا گوێی لە وتوویێژەکەتانەو خوا بیسەرو بینایە. ئەوانەی (زیهار) دەکەن لە ئێوە لە ژنەکانیان ئەوان دایکیان نین بەڵکو دایکیان ئەوانەن کە هێناونیانەتە دنیاوە ئەوەی دەیڵێن قسەی خراپەو ناڕەزایەو خوا لێبوردەو بەخشندەیە. وشەی (زیهار) لە شەرعدا ئەوەیە کە پیاو ئەندامی لەشی ژنی خۆی بە ئەندامی لەشی دایکی خۆی وێك بچێنێ وەك بە ژنەکەی بڵێ "پشتت وەکو پشتی دایکمە" مەبەستیش لێحەرام بوون و تەلاقە. وەك لە تەفسیری بەیزاوی دەڵێ ئەم ئایەتە دەربارەی (خەولە) کچی (سوعلەبە) هاتووەتە خوارێ، کە مێردەکەی (ئەوسی) کوڕی (ئەلسامیت) وازی لێهێنابوو بەو زیهارە ژنەکەیشی (خەولە) چووبووە لای پێغەمبەر (د.خ) داوای ڕێگایەکی لێکردبوو و پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووبووی لێی حەرام بووی، ژنەکە گوتبووی خۆ تەلاقی نەداوم،

کەنیزەك ( جاریە ) ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلام بە دیل و تاڵانی دەستکەوتوون و گیراوون، ئەو ژنانەش بە مێردبن و مێردەکانیان لە ژیاندا مابێ یا کوژرابێ فەرق ناکا بۆ کڕین و فرۆشتنیان و لەگەڵ ڕابواردنیان






پێغەمبەر (د.خ) فەرمووبووی لێی حەرام بووی ئەوجا ژنەکە زۆر خەمبار بوو لەبەرئەوەی منداڵی وردو بچوکی هەبوون‌و نەیدەزانی چ بکاو هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی ڕوو لە خوا بکاو کاری خۆی پێ بسپێرێ، ئەنجا ئەم ئایەتە هاتە نووسین دەربارەی تەڵاقدان‌و چۆنیەتی مافی ژن، ئایەتی قورئان زۆرن لە بارەی تەڵاقدان، لە پاشان لە شوێنی خۆی بە درێژی باسی لێوە دەکەین دەیانخەینە بەرچاو. ئەوجا ژن وانییە هەر لە مارەبڕین‌و تەڵاقدان وا تەماشا بکرێ، بەڵکو لە هەڵسووڕاندنی کاروبارو خوێن‌و بەشە میراتیش نزمتر لە پیاو تەماشا دەکرێن وەك لە قورئاندا هاتووە ئایەتی (11) سورەتی ئەلنیساء (یوصیکم الله في اولادکم للذکر مثل حظ الانثیین) واتە دەربارەی دابەشکردنی میرات لە نێوان منداڵتاندا خوا فەرمانی ئەوەیە کە نێر دوو ئەوەندەی مێ دەبا، یانی دوو بەش بۆ کوڕو بەشێك بۆ کچ. ئایەتی (176) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (و ان کانوا اخوة رجالا و نساء فللذکر مثل حظ الانثیین یبین الله لکم ان تضلوا و الله بکل شيء علیم) واتە لە دابەشکردنی میراتدا میراتگر ئەگەر خوشك‌و برا بوون ئەوا بۆ نێر بە ئەندازەی بەشی دوو مێیە. ئاوا خوا بۆتان دیاریدەکات بە هەڵە نەچن. ئایەتی (24) لە هەمان سورەت دەڵێ (الرجال قوامون علی النساء بمال فضل الله بعضهم علی بعض و بما انفقوا من اموالهم.. الخ) واتە پیاو سەرکارو سەرداری ژنانن لەبەرئەوەی خوا هەندێکی گەورەتر کردوە لە هەندێکی ترو لەبەرئەوەش کە پیاو مارەیی دەدەن. ئەم ئایەتە ڕوون‌و ئاشکرایە لەوەی کە پیاوی کردووەتە سەردارو کاربەدەست. ئایەتی (228) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا (و لهم مثل الذي علیهن بالمعروف و للرجال علیهن درجة) واتە مافی ژنان بەو ئەندازەیە کە لە سەریانەو پیاویش پلەیەك لەسەروی ئەوانەوەن. پێغەمبەریش (د.خ) دەڵێ (الدنیا متاع و خیر المتاع الدنیا المرأة الصالحة) واتە جیهان کوتاڵەو چاکترین کوتاڵیش ژنی چاکە.

جا ئەمەیە مافی ژن، نازانم ئەو جۆرە نووسەرانە پشتیان لە کام بنەڕەت لە بنەڕەتەکانی ئیسلام بەستووە کە بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە ئەوەی ڕژێمەکانی هاوچەرخ‌و ئەم سەردەمە دەربارەی ژنیان نووسیوەو داناوە بڵاوی دەکەنەوەو بە مل دینی ئیسلامیدا دەبڕن، کە ئایینی ئیسلام زۆر لێیانەوە دوورەو بە هیچ جۆر یەکێك خۆی بە موسوڵمان بزانێ‌و ئەو جۆرە حوکمانە بەسەر ئیسلامدا دانابڕێ، چونکە ئیسلام ناگۆڕێ‌و هەرکەس بیگۆڕی ئەگەر لە نەزانی بێ دەبێ پاش زانین پاشگەز ببێتوە داوای لێبوردن لە خواو ئیسلام بکات، ئەگەر بزانێ، بە ئەنقەست ئەو حوکمانە بگۆڕێ ئەوا دەکەوێتە بەر ئەم ئایەتە کە دەڵێ (و من لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الظالمون) واتە ئەوەی حوکم بە دەستووری ناردراوی خوا نەکا ئەوا زۆردارو ستەمکارە. چونکە ئایین گۆڕانی بۆ نییە، تەنها بە هاتنی ئاینێکی تری تازە نەبێ، وەگ گۆڕینی دینی جولەکە بە دینی مەسیحی‌و گۆڕانی دینی مەسیحی بە دینی ئیسلام، وە ئاینی ئیسلامیش نەگۆڕەو تا دنیا دنیایە هەر ئەم ئاینە دەبێ‌و هیچ پێغەمبەری تر نایەن، چونکە ئایەتی قورئان دەڵی پێغەمبەری ئیسلام دوا پێغەمبەرە کە لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (ماکان محمد ابا احد من رجالکم و لکن رسول الله و خاتم النبیین و کان الله بکل شيء علیما) جا هەرکەسێك لە بارەی کۆمەلایەتی‌و ژن‌و پیاوو مافیان‌و پەیوەندی خەڵك لەگەڵ یەکتری ڕای خۆی دەربڕی یا هەر ڕژێمێك پەسەند دەکا، لام وایە تا ئێستا کەس ڕێگەی لێنەگرتووەو ڕێگەی لێناگیرێ، بەڵام نابێ بە ناوی پاکی ئیسلام بە خەڵکی بسەلمێنێ کە ئەو بیروڕایانە هی ئیسلامەو بە مل ئیسلامیدا ببڕێ. خولاسە تەلاق بە دەست پیاوەو ژن ئاگای لە تەڵاق دانەکە هەبێت یا نەبێ، تەڵاق دەدرێ‌و ناتوانێ تەڵاقەکەی ڕاگرێ، تەنها مافێکی ژن هەیبێ لێرەدا مارەییەو مافی ئەوەشی هەیە ستەمی لێنەکرێ، وەك تەڵاقی ڕەجعی بدرێ‌و پێش ئەوەی ماوەکەی تەواوبێ، پیاوە بگەڕێتەوەو جارێکی تر تەڵاقی بداتەوە بۆ ئەوەی مارەی چاوەڕوانی ژنە درێژ بکاتەوەو ئازاری ژنەکە بدا، واتا لە نێوان چاڵان‌و ماڵانی بهێڵێتەوە، کە نەتوانێ مێردێکی تر بکاتەوەو نە لە لای مێردیشی بێ، ژن مافێکی تریشی هەیە، ئەویش ناندانی پێی دەڵێن ئەگەر ژنە منداڵی

نازانم ئەو جۆرە نووسەرانە پشتیان لە کام بنەڕەت لە بنەڕەتەکانی ئیسلام بەستووە کە بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە ئەوەی ڕژێمەکانی هاوچەرخ‌و ئەم سەردەمە دەربارەی ژنیان نووسیوەو داناوە بڵاوی دەکەنەوەو بە مل دینی ئیسلامیدا دەبڕن

هەبوو منداڵەکەش لای ژنە مایەوە، هەرچەندە ئەو مافە هی منداڵەکەیە بەڵام ژنەش کەڵکی لێوەردەگرێ.

ژن کە لە تەڵاقدان وەك پیاو نییەو کارەکە بەدەست پیاوە، لە میرات گرتنیشدا نیو ئەوەندەی پیاو وەردەگرێ، باوك کە سەرداری ماڵەو دەسەڵاتدارە، دەتوانێ کچی خۆی چ گچکە و سەرلانکەو چ گەورە بێ پرس بە هەرکەسێ حەزبکا بداو مارەی ببڕێ، ژن ئەگەر لە کارێکدا لە فەرمانی مێردی بچێتەدەر واتە بە گوێی مێردی نەکا مێرد بۆی هەیە بۆ یەکەم جار ئامۆژگاری بکا لەگەڵی نەنوێ لە پاشان لێشی بدا، نا فەرمانییەکانی ژن بەرامبەر بە مێردی وەکو چوونە دەر لە ماڵ بە بێ پرسو بە قسەنەکردنی مێرد، یان مێرد داوای کارێك لە ژنەکەی بکاو ژنە ئەنجامی نەدا بەبێ بەهانەیەکی بەجێ، مێرد لەو کاتەدا هەقی هەیە بۆ یەکەمجار ئامۆژگاری بکا، پاشان لەگەڵی نەنوێ، ئەنجا لێی بدا، پیاو ئەگەر سوێند بە تەڵاق بخواو هیچ ناخۆشییەکیش لە نێوان خۆیو ژنەکەیدا نەبێ با منداڵیشیان هەبێو منداڵەکانیش وردبن تەڵاقەکەی دەکەوێ، ئەگەر مێرد سوێندەکە لە خۆی نەخا. هەروەها دەبێ ژنی موسوڵمانی ئازاد لە دەرەوەی ماڵ بە چارۆکە خۆی داپۆشێو جوانی لەشو لارو خشڵو ملوانکەو گوارەو لاسەرەو پاوانەی پێوەیە، وەك بە توندی بڕواو پێ لە زەوی بدا تا پاوانەکانی دەنگیان لێوە بێت یا لەگەڵ ڕۆشتندا سەری بەرزو نزم بکا، تا قویتاسەکانی زەنگ لێبدا، لە لایەکی ترەوە ژن لە ناو ماڵی خۆیشیدا ئەگەر کەسێکی وای لێبێ کە مەحرەم نییە، بە واتا ئەگەر ژنە مێردی نەبێ بەو کەسە بشێ بیخوازێو مێردی پێبکا، دەبێ هەمان ڕەفتار کە لە دەرەوە دەکا، لە ماڵەوەش بیکا، یانی خۆی داپۆشێو شوێنی نیشەبزوێنی دەرنەخا. ئەم حوکمانەش بە پێی ئایەتی قورئان گوفتارو کرداری پێغەمبەر (د.خ) بیروڕای ئیمامی شافیعی (خ.ل) کە مەزهەبی زۆربەی میللەتی کوردەو لە پاشان باسیان دەکەین.

جا ئەو کەسەی بڕواو ئیمانی بە ئایینی ئیسلام هەیە وەك ئایینێك کە لە خواوە لەسەر زمانی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا (د.خ) هاتووەتە خوارێ بۆ چاکەی مرۆڤ، ئەوا پێویستە بەبێ هیچ پەناو پێچو تەفسیرو تەئویل بەبێ گۆڕین بە پێی چەرخو کاتو سات، ئەم بڕوایانەو بەرنامەی ئیسلامە جێبەجێ بکاو ڕەفتاری پێبکاو لێی لانەداو هەوڵی گونجاندنی لەگەڵ بیرێکی تری جیاوازدا نەدا، یا لەگەڵ سەردەمو زەمانەدا، چونکە ئەو خوایەی ئەم ئایینەی ناردووە بە پێی بیری ئیسلام زەمانی بۆ نییە، واتە شتێك لە زانستی خوا بەدەر نییە پێش ئەوەی ڕووبداو تا دەبڕێتەوە، ئەمەش وا دەگەیەنێ گۆڕانی کۆمەڵو پیشەسازیو پێشکەوتنو دواکەوتنو هەر گۆڕانێکی لەباری پیشەسازیو ئابووریو ڕامیاریو فیکری لە خوا بزرو ون نییە پێیان دەزانێ ئەو دروستی دەکاو کات و ساتی بەدەرکەوتنیان بۆ دیاریدەکا، ناردنی ئەو پێغەمبەرانەش لەبەرئەو گۆڕانانە نەبووە وەك هەندێ کەسی خوانەناس وا تێگەیشتووە، بەڵکو لەبەر نەتەوەکان بووەو خوا هەر پێغەمبەرێکی بۆ کۆمەڵێك خەڵك ناردووە لە سەردەمێکدا لەبەر هۆیەك کە تەنها خوا خۆی دەزانێ ئێمە تێی ناگەین هەر تەفسیرێکیش بکرێ دوورە لە ڕاستی بە تایبەت ئەگەر یەکێك بڵێ لەبەر گۆڕانی کۆمەڵ بووە ئەمەیان وەك ئیسلام دەڵێ کوفرەو لە ئایین بەدەرە.

چونکە ئایەتی قورئان لە سورەتی ئەلمائیدە دەڵێ (و انزلنا اليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه من الكتاب و مهيمنا عليه فأحكم بينهم بما انزل الله و لا تتبع اهوائهم عما جائك من الحق. لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا ولو شاء الله لجعلكم امة واحدة و لكن ليبلوكم في ما آتاكم فاستبقوا الخيرات الى الله مرجعكم فينبئكم فيما فيه تختلفون) ئایەتەکانی پێش ئەم ئایەتە باسی ناردنی تەوراتو هەندێ حوکمی خوا لە تەوراتدا دەکاو ئەنجا باسی ئەوە دەکا کە مەسیحی ناردوە ئینجیلی بۆ ناردوونەتە خوارێ ئەنجا باسی ناردنی قورئان دەکاو دەڵێ ئێمە بە ڕاستی قورئانمان بۆ ناردی کە ئەو پەیمانانەی لە بەردەستدایە بە ڕاست دەزانێو لەسەری زاڵە، جا نێوانیان بکە بەوەی خوا بۆتی ناردووەو دوای هەوەسو ئارەزووی ئەوان مەکەوە، بۆ هەریەك لە ئێوە ڕێگەیەكو بەرنامەیەکمان داناوە، ئەگەر خوا حەزی بکردایە ئێوەی هەموو بەیەك نەتەوەو کۆمەڵو یەك ئایین دادەناو یەکی دەخستن، بەڵام

جا ئەو کەسەی بڕواو ئیمانی بە ئایینی ئیسلام هەیە وەك ئایینێك کە لە خواوە لەسەر زمانی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا (د.خ) هاتووەتە خوارێ بۆ چاکەی مرۆڤ، ئەوا پێویستە بەبێ هیچ پەناو پێچو تەفسیرو تەئویل بەبێ گۆڕین بە پێی چەرخو کاتو سات، ئەم بڕوایانەو بەرنامەی ئیسلامە جێبەجێ بکاو ڕەفتاری پێبکاو لێی لانەداو هەوڵی گونجاندنی لەگەڵ بیرێکی تری جیاوازدا نەدا






**بە گۆڕەی ئایینی ئیسلام پەیام و پێغەمبەر دوایی هاتووەو تەواو بووە، ئیدی گۆڕانی نیەو چۆن هاتووە هەروا دەمێنێ، هەرچەندە سەردەم و چەرخ و گۆڕانی کۆمەڵ بۆیان بلوێ یان نەلوێ و لەگەڵ بارودۆخی ئەم زەمانەدا بگونجێ یا نەگونجێ**

بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە تاقیتان بکاتەوە، ئاوا بۆ هەریەکە بەرنامەیەکی تایبەتی دانا، دەست پێشکەری لە چاکەکردن بکەن، هەمووتان هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوەو ئەوکاتە پێتان دەڵێ کە ناکۆکیەکەی نێوانتان چی بوو. بە پێی ئەم ئایەتە وەك ڕوونمان کردەوە ناردنی زۆر پێغەمبەر لەبەر گۆڕانی زەمان و کۆمەڵ نەبووەو لەلای خوا هەموو شتێك ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بۆ ئەوەی کام کۆمەڵ و نەتەوە چاکتر بەرنامەکانی خوا جێبەجێ دەکەن، تا بەو پێیە پاداشت و چاکەیان بداتەوە، خۆ بێ ئەزمونیش دەزانێ کام کۆمەڵ و میللەت باشترە، بەڵام ئەمە کارێکە هەر خوا بۆ خۆی سەری لێدەردەچێ و مرۆڤ تا ئێستا نازانێ بۆ وایە. ئەگەر هەندێ کەس دەڵێن لەبەر گۆڕانی زەمان و کۆمەڵ بوایە چاوەڕوان دەکرا کە خوا دەرگای ناردنی پەیام و پێغەمبەری پێوە نەدەدا، چونکە لە نێوان هاتنی موسا و عیسا (500–600) ساڵەو نێوان عیسا و محەمەد (د.خ) (500–600) ساڵ بووە کەچی پاش موحەمەد (د.خ) خوا دەرگای ناردنی پەیام و پێغەمبەری تری داخست بۆیە لە قورئاندا دەڵێ دوا پێغەمبەرە لە (س) ئەلئەحزاب (ئا) 40.

جا وەکو وتمان هەموو گۆڕانێکی بیرو عادەت لە پێشەوە لای ئاشکرایە بۆیە هەر یاساو فەرمانێك بە زمانی پێغەمبەرێکەوە نێردرابێ تازە ئەو فەرمانە ناگۆڕدرێ و گۆڕانی تێدا ناکرێ تا خوای مەزن بۆ خۆی نەیگۆڕێ بە ناردنی پەیامێکی تازەو پێغەمبەرێکی تازە. جا بە گوێرەی ئایینی ئیسلام پەیام و پێغەمبەر دوایی هاتووەو تەواو بووە، ئیدی گۆڕانی نیەو چۆن هاتووە هەروا دەمێنێ، هەرچەندە سەردەم و چەرخ و گۆڕانی کۆمەڵ بۆیان بلوێ یان نەلوێ و لەگەڵ بارودۆخی ئەم زەمانەدا بگونجێ یا نەگونجێ. ئەگەر بگەڕێینەوە ڕۆژانی یەکەمی ئیسلام، دەبینین کات و سەردەم و کۆمەڵ ئەوکاتەش نەگونجاو بووە لەگەڵ ڕێڕەوی ئیسلام، ئیسلامیش بۆیە هاتووە ئەوە بگۆڕێ بە پێی ئەو حوکم و دەستوورو فەرمانانەی کە خوا لەسەر زاری موحەمەد (د.خ) هاتوون، لەبەر ئەمە پێشکەوتن و پاشکەوتن لە ئیسلامدا نییەو نابێ هەوڵی گۆڕان و گونجاندنی بدرێ، هەرکەس لە ڕووی نەزانییەوە بیەوێ ئەمە گوناحبارەو دەبێ تەوبە بکا پاش پێزانینی، خۆ ئەگەر بشزانێ و بە ئەنقەست وا بکا ئەمە دژ بە ئاینی ئیسلامەو وەك کافر تەماشا دەکرێ، جا ئەگەر هەندێ بەناو مەلا بە پێچەوانەی فەرمانی خوا دەجوڵێنەوەو لە بۆ ماڵی دونیاو پایەو جێگەو ژیان دۆستایەتی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە ڕێڕەوی شەیتانیان لا پەسەندەو ناوی خۆشیان ناوە مەلاو جێگری پێغەمبەر (د.خ) و نوێ کەرەوەی دین و مەلای عەسری و زەمانەو بە زمان دەڵێن "باوکم دین وا وشك نییەو وەکو ئەو خەڵکە دەڵێن" ئەوانە لە دین بە دوورن و مافیان بەسەر دینەوە نییەو دەیانەوێ بە ناوی عەسری و موتەحەڕیرەوە ڕێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی حوکمی ئایین نەمێنێ و ڕژێمی عیلمانی بێتە کایەوە، دەنا نە عەسری و نە موتەحەڕیر هەیە لە دینی ئیسلامدا ئەگەر موتەحەڕیر لێك بدەینەوە کە خۆی لە ئایینی ئیسلام ئازاد کردووەو خۆی پێ نەبەستووەتەوە ئەمەش وەك قورئان دەڵێ (یا ایها الرسول لا یحزنك الذین یسارعون في الکفر من الذین قالوا آمنا بأفواههم و لم تؤمن قلوبهم و من الذین هادوا سماعون لقوم آخرین لم یاتوك یحرفون الکلم عن مواضعه یقولون ان اوتیتم هذا فخذوه و ان لم یاتوه فأحذروا من یرد الله فتنة فلن تملك له من الله شیئا اولئك لم یرد الله ان یطهر قلوبهم لهم في الدنیا خزي و لهم في الآخرة عذاب الیم) ئایەتی (41) سورەتی ئەلمائیدە. هەروەها ئایەتی (44) لە هەمان سورەت کە لە پێشەوە نووسیومانە، ئایەتەکان وا دەگەیەنن کە خوا بۆ هەر نەتەوەو گەلێك بە زمانی خۆیان پێغەمبەرانی لە تەورات و ئینجیل چ حوکمێکی بۆ ناردوون پێویستە جێبەجێی بکەن و لە سەری بڕۆن و ڕەفتاری پێبکەن. هەرکەس پەیڕەوی ئەو فەرمانانە نەکا ئەوا فاسیقەو بێدین و ئیمانەو کافرە. هەروەها خوا ڕووی لە پێغەمبەری ئیسلاممان موحەمەد (د.خ) دەکا دەڵێ قورئانیشمان بۆ تۆ ناردووەتە خوارێ و پەیڕەوی حوکمەکانی بکەو دوای دڵخوازو ئارەزووی ئەوان مەکەوە، هەریەکە لە ئێوە ڕێگەو بەرنامەیەکم بۆ داناوە، ئەگەر خوا بیویستایە هەمووتانی دەکردە یەك میللەت و کۆمەڵ و یەك دین و یەك بەرنامە، بەڵام بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە بەو شێوەیەی

کردووه. بەو فەرمانانەی خوا بۆی ناردووی لە نێوانیاندا حوکم بکەو دوای ئارەزوو و قسەی ئەوان مەکەوە ئاگاداربەو خۆت بپارێزە هەڵەت پێنەکەن و لە ڕێت لانەدەن و لادەی لە هەندێ فەرمانی خوا. ئەگەر پشتیان تێکردی، لات گران نەبێ و بزانە ئەوە خوا دەیەوێ بە هەندێ لە گوناحەکانیان ئازاریان بدات، زۆر کەس هەیە فاسیقە. ئایا ئەوانە حوکم و ڕژێمی تاریکی و نەزانی و کۆنەپەرستیان دەوێ! کێ لە خوا باشتر حوکم دەگێڕێ. ئەمە ڕاست و ڕەوان حوکمی ئیسلامەو بۆ هەر کەسێك بڕوای بە ئاینی ئیسلام هەبێ و ئەو کەسەش کە بڕوای پێ نییەو لای وایە یاسایەکی کۆنەو ڕۆژانی بەسەرچووە با بەناوی ئیسلام و تەحەڕوڕو سەردەمەوە ڕژێمەکانی دیکەی جیهان بەسەر خەڵکی موسوڵماندا نەسەپێنێ و نەیکا بە مل ئیسلاما. جا بۆ خۆی چ دەستوورێکی پێخۆشەو لەگەڵ بیروباوەڕی دەگونجێ با هەڵیبژێرێ و تا ئێستا کەس ڕێگەی لێنەگرتووەو ناگرێ. جا کە ئاییني ئیسلام ئاوا بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا مافی ژن و پیاوی دیاریکردووە بۆچی دەبێ خەڵکی وا هەبێ خۆی بە موسوسڵمان بزانێ و بڵێ ئاییني ئیسلام دوو ژن هێنان و مارەو تەڵاقی بێپرس و نایەکسانی ژن و پیاو پوچەڵ دەکاتەوە. پوچەڵی دەکاتەوە یا دەیچەسپێنێ؟!.

ئاییني ئیسلام دوو ژنەی چەسپاندووە، بەڵکو هەر موسوڵمانێك بتوانێ مارەیی بداو نانیان بدا بۆی هەیە لە یەك ژنی ئازاد تا چوار ژنی ئازاد پێکەوە ڕابگرێ جگە لە کەنیزەك و جارییەو لەوانیش دەتوانێ بە سەدانیشی هەبێ بگرە بە هەزاران، ڕێگەی هەیەو هیچ کۆسپێك لەسەر ڕێگەی نییە بە مەرجێك بتوانێت نانیان بدا ژنی ئازادیش تا چوار ژن پێکەوە لە یەك کاتداو دەشتوانێ بیانگۆڕێ و واتا یەك دوو سێ یا هەر چواریان تەڵاق دراو هەر نەچێتە لایان و تەڵاقیش نەدرابێ، وەك ئایەت ڕوونی کردۆتەوە. جا بەم جۆرە گۆڕینی ژنی ئازاد تا پیاو دەتوانێ و توانای هەیە لە پارەوپووڵ و ناندان مافی هەیە بگۆڕی بە بێ سنوور دانان بۆی. ئەم (ڕا)یانەی ئیسلام کە باسمان کردووە هەمووی بە پێی ئایەت و حەدیس و ڕای ئیمامی شافیعی ئاشکرا دەکەین و ئەو خەڵکانەی شەرمیان لەم حوکمانە دێ و دەیانەوێ تەئویلی بۆ بکەن و شتی تر بە مل ئیسلامدا دابڕن بە ناوی مرۆڤایەتی و ئینسانییەت یا هەر ناوێکی تر، ئەوانە لە ئیسلام دوورن و بەدەریشن، ئەوانە خۆیان بڕوایان بەتەو نییە، بۆیە وا تەئویلی بێ جێ دەدۆزنەوە کە قەت پێویست نییە. چونکە ئەمە حوکمی خودایەو ئاییني ئیسلامەو هەر کەسێ موسوڵمانەو بیروباوەڕی بە ئیسلام هەیە ئەمە حوکمەکەیە. بێگومان ئەوانەی بڕوایان بە ئاییني ئیسلام هەیە، بەم حوکمانە زۆر ڕازی و دڵخۆش و شانازیشی پێوە دەکەن و سەروماڵیشیان لە ڕێگەیدا بەخت دەکەن. ئەوەی بڕواشی پێی نییە، کەس زۆری لێنەکردووە دەتوانێ هەر بیروڕایەکی تری هەبێ، ببێ بەڵام با سەر لە موسوڵمانان نەشێوێنن.

خوێنەری بەڕێز وەك لە پێشەوە باسم کردووە سەرچاوەکانی من بۆ ئەم لێکۆڵینەوە لە ماف و مافخوازییەکەم، قورئانی پیرۆزە بە تەفسیری (ئەنوارولتەنزیل و ئەسرارولتەئویل) کە ناسراوە بە تەفسیری بەیزاوی نووسینی ناسرولدین ئەبی سەعید عەبدوڵای کوڕی عومەر کوڕی موحەمەدی شیرازی و بەیزاوی. دووەم، گوفتارو ئاکارو ڕەفتارو کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ)و هەروەها کردەوەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر کە لە ڕیوایەتی سەحیحی موسلیم وەرگیراوە، سەحیحی موسلیمیش یەکێکە لە شەش کتێبە باوەڕپێکراوەکانی حەدیس. سێیەم، بیروڕای ئیمامی شافیعی (خ.ل) کە لە کتێبی (ئەلئوم) وەرگیراوەو نووسینی ئیمام عەبدوڵا موحەمەد کوڕی ئیدریسی شافیعییە لە ساڵانی (150–204) ك ژیاوەو ئەم بیوڕایەی نووسیوە. جا لە مەودوا دەقەکانیان لەگەڵ وەرگێڕانیان بۆ کوردی دەخەمە بەردەستان و ئومێد دەکەم لێی تێبگەن و هەر کەمو کوڕیەکیش هەبێ لێم ببورن و جێگەی سوپاسمە ئەگەر بیخەنەڕوو یا بۆم ڕاست بکەنەوە.

جا کە ئاییني ئیسلام ئاوا بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا مافی ژن و پیاوی دیاریکردووە بۆچی دەبێ خەڵکی وا هەبێ خۆی بە موسوڵمان بزانێ و بڵێ ئاییني ئیسلام دوو ژن هێنان و مارەو تەڵاقی بێ پرس و نایەکسانی ژن و پیاو پوچەڵ دەکاتەوە



# قورئانی پیرۆزو تەفسیر لە بارەی تەڵاق




سورەتی ئەلبەقەرە ئایەتی (223)دا دەڵێ (نسائکم حرث لکم فاتوا حرثکم انی شئتم) واتە ژنەکانتان کێڵگەن بۆتان، بچنە سەر کێڵگەی خۆتان چۆن حەزدەکەن، دەڵێن ئەم ئایەتە لەبەر قسەی جولەکەکان هاتۆتە خوارەوە کە دەیانگوت هەرکەسێ لە پشتەوە بچێتە لای ژنی خۆی منداڵەکەی خێل دەبێ، ئەم قسەیەش گەیشتەوە پێغەمبەر (د.خ) و ئەم ئایەتە هاتەخوارێ، هەرچەندە لە تەفسیرکردنی چۆن حەزدەکەن زۆر ڕاو قسە گوتراوە، بەڵام دیارە مەبەست چۆنیەتی چوونە دەنا چوونی عادەتیو تەبیعی مەبەستە چونکە ڕوانینی ژن وەك کێڵگە لە بەرهەمە، بەرهەمیش لە شوێنو زەمینەی خۆی دەبێ.

ئێمە مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم ئایەتە، ئەمەیە کە قورئان هەر باسی ئارەزووی پیاوی کردووە، باسی ئارەزووی ژنی نەکردووە کە چۆنە یا چییەن ئەوجار ژنیشی بە کێڵگەو موڵکی پیاوی داناوەو چۆنی دەستکاری دەکا بە ئارەزووی خۆیەتیو هیچ مافێك لەم ئارەزووە بۆ ژن نییە.

ئایەتی (126،227،228) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (للذین یؤلون من نسائهم تربص اربعة اشهر فان فائوا فان الله غفور رحیم. و ان عزموا الطلاق فان الله سمیع علیم و المطلقات یتربصن بانفسهن ثلاثة قروء و لایحل لهن ان یکتمن مات خلق الله في ارحامهن ان کن یؤمن بالله و الیوم الآخر و بعولتهن احق بردهن في ذلك ان ارادا اصلاحا و لهن مثل الذي علیهن بالمعروف و للرجال علیهن درجة و الله عزیز حکیم) واتە ئەو کەسانەی سوێند لە ژنەکانیان دەخۆن کە لەگەڵیاندا نانون، پێویستە چوار مانگ چاوەڕوانی بکەنو نەچنە لایان، ئەگەر پەشیمان بوونەوەو سوێندەکەیان نەگەیاندە جێو لە خۆیان خست، ئەوا خوا بە بەزەییو بەخشندەیە. ئەگەر هەر سووربوون لەسەر سوێندەکەیانو نیازی تەلاق دانیان هەبوو، ئەوا خوا بیستەرو ئاگادارە بەوەی پێویستە بکرێ. ئەو ژنانەی مێردەکانیان پاش لەگەڵ نوستنیان تەڵاقیان دەدەن، پێویستە سێ پاکی (عوزر شۆرین-حەیز) چاوەڕوانی بکەن نابێ ئەوەی خوا لە منداڵدانیاندا دروستکردووە بیشارنەوە بۆ ئەوەی زوو بەرەڵابنو بتوانن مێرد بکەنەوە ئەگەر بڕوایان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، مێردەکانیان لە پێشترن لە خەڵکی تر ئەگەر ویستیان بیانگەڕێننەوە بۆ لای خۆیان، لە کاتی چاوەڕوانییەکەیان (عیددە) مافیان بەو ئەندازەیە کە لەسەریانە بەچاکە، پیاوان پلەیەکیان پترە لەوان، چونکە مافی ژنان بریتییە لە مارەیی و ڕێدان بە مێردکردنەوەو درێژکردنەوەی ماوەی چاوەڕوانی (عیددە)، بەڵام مافی پیاوان لە خودی ژنانو لەشیانە، ئەم ئایەتە ئاشکرایە لەوەی کە تەلاقدانو هێنانەوەی ژن بەدەست پیاوە، مێرد هەرکاتێ بیەوێ ژنی خۆی تەڵاق بداو هەر مێردیشە ئەگەر سوێندەکەی لە خۆی بخاتو پەشیمان بێتەوە، ژنەکەی دەگێڕێتەوە ژێر باڵی خۆی، ژنە لێرەدا هیچ ڕایەکی نییە نە بۆ تەلاقدانو نە بۆ گەڕانەوەکەی، چونکە پێش تەواوبوونی چوار مانگی چاوەڕوانی پیاوی سوێندخۆر ئەگەر سوێندەکەی لە خۆی خستو پەشیمان بووەوە، ئەوا ژنەکەی دەگەڕێتەوە ژێر سێبەری مێرد، ژنە پێی خۆشبێ یان پێی ناخۆشبێ، هەروەها ئەگەر چوار مانگەکە تەواو بوو لەسەر تەڵاقدان ئەوا تەڵاقەکەی دەکەوێو پەیوەندییەکەی نێوان ژنو مێرد دەبچڕێ، ژنە بیەوێ یان نەیەوێ، منداڵی وردی هەبێ یان نەبێ، بەڵام ئەگەر منداڵی وردی هەبوو لای ژنە مانەوە ئەوکاتە ژنە مافی نان پێدانی هەیە. دیسان ئایەت بە ئاشکرا دەڵێ پیاو پلەیەك پترە لە ژنو لە سەروی ژنەوەیە.

ئایەتی (229-230) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا (الطلاق مرتان فامساك بالمعروف او تسریح باحسان و لا یحل ان تأخذوا مما اتیتموهن شیئا فان طلقها فلا تحل له من بعد حتی تنکح زوجا غیره فان طلقها فلا جناح علیهما ان یتراجعا ان ظنا ان یقیما حدود الله تلك حدود الله یبینها لقوم یعلمون) واتا تەڵاق دووجارە مەبەست تەڵاقی ڕەجعییە یا ئەوەتە ژنە بگەڕێنێتەوە بە خۆشیو ڕێکوپێکی یا ئەوەتە بە یەکجارەکی دەستی لێهەڵگرێو وازی لێبهێنێ بە چاکیو جوانی. نابێ لەوەی پێتان داون هیچیان لێوەرگرنەوە، ئەگەر مێرد بە یەکجارەکی دەستی لە ژنەکەی بەردا،

قورئان هەر باسی ئارەزووی پیاوی کردووە، باسی ئارەزووی ژنی نەکردووە کە چۆنە یا چییە، ئەوجار ژنیشی بە کێڵگەو موڵکی پیاوی داناوەو چۆنی دەستکاری دەکا بە ئارەزووی خۆیەتیو هیچ مافێك لەم ئارەزووە بۆ ژن نییە

ئەوا بۆی نییە جارێکی تر ئەو ژنە مارەبکاتەوە تا ژنە مێردێکی تر نەکاتەوە، جا ئەگەر مێردی دووەم ژنەکەی تەڵاقدا بە یەکجارەکی ئەوکاتە گوناح نییە ئەگەر مێردی یەکەم و ژنە بچنەوە لای یەکتری بە مارەیەکی تازە ئەگەر پێیان وابوو ئەمجارە دەستوورەکانی خوا دایناوە بۆ ژن‌و مێردایەتی دەتوانن پارێزگاری لێبکەن، ئەمەیە فەرمان‌و ڕێبازی خوا بۆ گەلێکی وشیارو زانا.

بە پێی ئەم ئایەتەیە کە هەندێ لە پیاوە ئایینییەکان، ئەو ماوەیە کورت دەکەنەوە بەوەی ژنی سێ‌بەسێ تەڵاقدراو مارەدەکەن لە یەکێك کە دەسەڵاتیان بەسەریدا دەڕوا، پاش چوونی بۆ لای ژنەو لەگەڵ نووستنی، پێی تەڵاق دەدەن‌و سەرلەنوێ لە مێردی یەکەمی مارە دەکەنەوە، بەم کەین‌و بەینە لە کوردەواریدا دەڵێن (مارەبەجاش).

لێرەشدا هەر پیاوە کە کاربەدەستە، لەوەی ژن بگەڕێنێتەوە لای خۆی یان یەکجار تەڵاقی بداو دەستی لێبکاتەوەو بەرەڵای بکا مێردی دووەمیش هەروایە، مافی ژن لێرەدا هەر مارەیی‌و درێژنەکردنەوەی سێ مانگە چاوەڕوانییەکە لە کاتی تەڵاقدانی‌و نان دانییەتی ئەگەر منداڵی هەبوو و لای ژنە مانەوە، جا ئەم کارە ژنە پێی خۆشبێ یان ناخۆشبێ ئارەزووی بکا یان نەیکا دەسەڵاتی نییەو دەسەڵاتی هەر هی مێردە.

ئایەتی (231–232) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (و اذا طلقتم النساء فبلغن اجلهن فامسكوهن بمعروف و لا تمسكوهن ضرارا. و اذا طلقتم النساء فبلغن اجلهن فلا تعضلوهن ان ينكحن ازواجهن) واتە ئەگەر ژنانتان تەلاقدان بە تەڵاقی ڕەجعی‌و ماوەی چاوەڕوانیان تەواو کرد بە خۆشی‌و چاکی بیانگێڕنەوە یان بە خۆشی‌و چاکی بەرەڵایان بکەن. مەیانگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئازاریان بدەن‌و ماوەی چاوەڕوانییەکەیان درێژبکەنەوە، بە شێوەیەك کە تەڵاقی ڕەجعییان دەدەن‌و ماوە چاوەڕوانییەکە تەواو دەبێ دەیانگێڕنەوە دووبارە تەڵاقیان دەدەنەوەو بەم جۆرە ژنە نەدەتوانێ مێردی تر بکاو نە مێردەکەشی وەکو مێرد ڕەفتاری لەگەڵ دەکا بەم شێوەیە ئازارو زیان بە ژن دەگا، خۆ ئەگەر مێرد ئەمەش بکا هەر ئەوەیە حیسابی لەگەڵدا دەکرێ دەنا ژنە هیچ ڕێگەیەکی بە دەستەوە نییە بۆ خۆتەڵاق دان لابردنی ئەم ستەمە ی ڕێگەگرتن لە مێرد تا بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکا. ئایەتی دووەم دەڵێ ئەگەر ژنانتان نەگێڕایەوە ژێر سێبەری خۆتان‌و تەڵاقتان دان‌و چاوەڕوانیان تەواوبوو ڕێگەیان لێ مەگرن لەوەی بگەڕێنەوە لای مێردیان جارێکی تر، یان ڕێگەیان لێمەگرن بۆ خۆیان مێرد بکەنەوە. ئەم ئایەتە لای ئیمامی شافیعی (خ.ل) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ژن بەبێ سەردار (وەلی ئەمر) مارە ناکرێ، هەروەکو ئایەتی (الرجال قوامون على النساء) و ئایەتی (فانكحوهن بأذن اهلهن) بەڵگەن بۆ ئەم مەبەستە.

ئایەتی (236) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (لاجناح عليكم ان طلقتم النساء ما لم تمسوهن او تفرضوا لهن فريضة او متعوهن على الموسع قدره و على المقتدر قدره متاعا بالمعروف حقا على المحسنين) واتە مارەییتان ناکەوێتە سەر ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان‌و لەگەڵیاندا بنون، یا مارەییەکتان بۆ دیاری نەکردبێ لە کاتێکی وەهادا بە پێی دەستڕۆیشتن دەوڵەمەند بە ئەندازەی خۆی‌و هەژاریش بە ئەندازەی خۆی، جل‌و بەرگیان بۆ بکەن‌و بە دڵخۆشی‌و چاکە یان شتێکیان بدەنێ ئەمەش پێویستە لەسەر پیاوچاك‌و خێرخوازان‌و خواپەرستان.

ئایەتی (237) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (و ان طلقتموهن من قبل ان تمسوهن و قد فرضتم لهن فريضة فنصف ما فرضتم الا ان يعفون او يعفو الذي بيده عقدة النكاح) واتە ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی چووبنە لایان‌و مارەییەکتان بۆ دیاری کردبن ئەوا نیوەی مارەیی دیاریکراویان دەکەوێ، مەگەر ژنان نەیانەوێ‌و لێتان خۆشبن یا ئەوەی مارەییەکەی بە دەستە نەیەوێ بیبەخشێ، لەم ئایەتەدا دوو قسە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە مەبەست لەو کەسەی گرێی مارەیی بە دەستە کە باوکە، چونکە باوك دەتوانێ کچ بە بچوکی مارەبکاو ئەگەر ئەو کچە تەلاقدراوە مارەییەکی دیاری بۆ دیاری کرابوو مافی نیوەی هەیە، بەڵام چونکە کچە منداڵەو خاوەن (ڕا) نییە باوك دەتوانێ لە نیوەی مارەیی کچی خۆی خۆش بێ‌و وەرینەگرێ، ئەمە قسەی کۆنی ئیمامی شافیعییە (خ.ل) قسەی دووەم ئەوەیە کە گرێ

هەر پیاوە کە کاربەدەستە لەوەی ژن بگەڕێنێتەوە لای خۆی یان یەکجار تەڵاقی بداو دەستی لێ بکاتەوەو بەرەڵای بکا






**ئەمە هەندێ لەو ئایەتانەن کە باسی تەڵاقدان دەکەن‌و هەر ڕوو لە پیاو دەکاو ژن هیچ هەقێکی نییە قسەبکا یا ڕەخنە بگرێ تەنها هەقی مارەیی‌و جلوبەرگ‌و نانپێدانی هەیە**

بەدەست مێردەکە لە نیوەی خۆی خۆشبێ‌و هەموو مارەیی دیاریکراو بدرێ بە ژنە، پاڵپشتی ئەم قسەیە فەرمووەدەی ئیمامی عەلییە (س.خ) کە دەڵێ (ئەوەی گرێی نیکاحی بە دەستە مێردە). زۆر کەسی تر هەن وتویانە گرێ بەدەست مێردە، لەوانە ئیبنو سیرین‌و سەعیدی ئیبنو جوبەیرو ئیبنولسەییب، من خۆشم وا تێدەگەم کە مەبەست ئەو کەسەیە کە ژنەکەی لێ مارەکراوە، چونکە مارەییەکە دوو پشکی تێدایە نیو پشکی هی ژنەکەیەو نیوەکەی تری مێردی ژنەکەیە کە ئەو مێردە ئەم مارەییەی دیاریکردووە جا ژن هەر هەقی نیوەی هەیە، هەریەك لەو دووانە یان پیاو مافی ئەوەیان هەیە لە بەشەکەی خۆیان خۆشبن‌و وازی لێبێنن بۆ ئەویتر، بۆ ئەوەش ژنە منداڵبێ مافی لێخۆشبوونی نییە ئەوە دیارە باوك سەردارو کاربەدەستە لە شوێنێکی ترەوە ئەم مافە دراوەتە دەست باوك‌و وەلی ئەمر بۆیە لێرەدا ئاشکرایە مەبەست لە گرێ بەدەست مێردەو باسی ئەوەش نەکراوە کە ئایا مێرد دەتوانێ لە بەشەکەی خۆی خۆشبێ یا نە. لەم ئایەتەدا دەردەکەوێ کە هەر مێرد خاوەن دەسەڵاتە لە تەڵاقدان‌و ژنیش هەر مافی نیوەی مارەیی هەیە ئەگەر مێرد لەگەڵی ڕاینەبواردبێ ئەوکاتە ژن هەر مافی جلوبەرگی هەیەو هیچی تر.

ئایەتی (241) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (و للمطلقات متاع بالمعروف حقا على المتقين) واتە بۆ تەڵاقدراوان جلوبەرگ پێویستە لەسەر خواپەرستان ئەو ژنانەی تەڵاقدراون هێشتا ماوەی چاوەڕوانیان تەواو نەبووە پێویستە جلوبەرگیان بۆ بکرێ.

ئایەتی (49) لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (یا ایها الذین آمنوا اذا نکحتم المؤمنات ثم طلقتموهن من قبل ان تموسوهن فمالکم علیهن من عدة فمتعوهن و سرحوهن سرحا جمیلا) واتە ئەی ئەوانەی بڕواتان هەیە ئەگەر ژنانی بڕوادارتان مارە کردو لە پاشان تەلاقتان دان پێش ئەوەی دەستیان لێبدەن ئێوە مافی ئەوەتان نییە کە ماوەی چاوەڕوانیان بۆ دابنێن، جلوبەرگیان بۆ بکەن‌و بەڕێیان بکەن بە جوانی. لەم ئایەتەدا بۆ مارەکردن‌و تەڵاقدان خوا ڕوو لە پیاو دەکاو هیچ قسەیەك بۆ ژن ناهێڵێتەوە، تەنها مافی ژن لێرەدا ئەوەیە کە جلوبەرگی بۆ بکرێ‌و ڕێی لێنەگیرێ مێردێکی دیکە بکا، دەنا ئەو مێردەی خۆشویستووەو ئارەزووی لێبەتی لێی نییە هیچ هەقی نییە ناتوانێ تەڵاقەکەی ڕاگرێ.

ئایەتی (1–2) لە سورەتی ئەلموجادەلە دەڵێ (قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها و تشتكي الى الله و الله يسمع تحاوركما ان الله سميع بصير. الذين يظاهرون منكم من نسائهم ماهن امهاتهم الا الاتي ولدنهم انهم ليقولون منكرا من القول و زورا و ان الله لعفو غفور. و الذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا فتحرير رقبة من قبل ان يتماسا ذلك توعظون به و الله بما تعملون خبير) لە پێشەوە ئەم ئایەتەمان تەفسیرو لێکداوەتەوە پێویست ناکا وەری بگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەمەش دیسان بەڵگەیەکی ترە کە تەنها مێرد سەرداری تەڵاقدان‌و مارەکردن‌و گەڕاندنەوەی ژن‌و ژن هیچ دەسەڵاتێکی نییە.

ئایەتی (1–2) لە سورەتی ئەلتەلاق (یا ایها النبي اذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن و احصوا العدة و اتقوا الله ربکم. لا تخرجوهن من بیوتهن و لا یخرجن الا ان یأتین بفاحشة مبینة و تلك حدود الله و من یتعد حدود الله فقد ظلم نفسه. لا تدري لعل الله یحدث بعد ذلك امرا فأذا بلغن اجلهن فأمسکوهن بمعروف و اشهدوا ذوي عدل منکم و اقیموا الشهادة لله ذلکم یوعظ به من کان یؤمن بالله و الیوم الآخر و من یتق الله یجعل له مخرجا) واتە ئەی پێغەمبەر ئەگەر ژنانتان بەرەڵا کردن لە ماوەی چاوەڕوانیدا تەڵاقیان بدەن‌و با ماوەی چاوەڕوانیەکە تەواو بکەن و لە خوا بترسن لە ماڵی خۆیان وەدەریان مەنێن ئەوانیش با دەرنەچن لە ماوەی چاوەڕوانی، مەگەر کارێکی ناشیرینیان لێ ڕوویدا ئەمەش سنووری خوایە، هەر کەسێك سنووری خوا ببەزێنێ دیارە خۆی تاوانبارە. تۆ چوزانی؟ بەڵکو خوا پاش ئەمە شتێکی تر دێنێتە کایەوە. ئەگەر ماوەی چاوەڕوانیان تەواوکرد بیانگێڕینەوە بە خۆشی یان لێین جیا ببنەوە بە خۆشی، بۆ ئەم مەبەستەش پیاوی ڕاست بکەن بە شایەت‌و با ئەوانیش شایەتی بۆ خوا بدەن.

ئایەتی (19) لە سورەتی ئەلنیساودا دەڵێ (و ان ارتم استبدال زوج مکان زوج و اتیتم احداهن قنگارا فلا تأخژوا منه شیئا اتأخژونه بهتانا و ایما مبینا) واتە ئەگەر ویستتان ژنێك بگۆڕن بە ژنێکی تر ئەگەر بە باریش زێڕتان دابێتە ژنە تەڵاقدراوەکە، نابێ هیچی لێوەربگرنەوە، ئایا بە درۆو گوناحێکی ئاشکرا لێیان وەردەگرنەوە. ئەمە هەندێ لەو ئایەتانەی کە باسی تەڵاقدان دەکەن‌و هەر ڕوو لە پیاو دەکاو ژن هیچ هەقێکی نییە قسە بکا یا ڕەخنە بگرێ تەنها مارەیی‌و جلوبەرگ‌و نانپێدانی هەیە وەك لە پێشەوە ڕوونکراوەتەوە. ئێستاش ئەو گوفتارو ڕەفتارانەی پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕینەوە.

# حەدیسەکانی دەربارەی تەڵاق

جزمی دەیەم لاپەڕە (60) لە سەحیحی موسلیم دەڵێ (حدثنا یحیی بن یحیی التمیمی قال قرات علی مالك ابن انس عن نافع عن ابن عمر انه طلق امراته و هي حائض في عهد رسول الله (ص) فسأل عمر بن الخطاب رسول الله (ص) عن ذلك فقال رسول الله (ص) مره فلیرجعها ثم لیترکها حتی تطهر ثم تحیض ثم تطهر ثم ان شاء امسك و ان شاء طلق قبل ان یمس فتلك العدة التي امر الله عزوجل ان یطلق لها النساء) دەڵێ کوڕەکەی عومەر ژنەکەی خۆی تەڵاقدا لە کاتێکدا ژنەکەی لە عادەی شەهریدا بوو (حەیز)، ئەم ڕووداوە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) ڕوویداوە. عومەری کوڕی خەتتاب لەم بارەیەوە لە پێغەمبەری پرسی پێغەمبەر (د.خ) وتی فەرمانی پێبکە با بیگێڕێتەوە لە پاشا لێی بگەرێ تا پاك دەبێتەوەو جارێکی تر دەکەوێتەوە عادەی شەهری (حەیز) و جا پاك دەبێتەوە ئەنجا ئەگەر حەزبکا دەیگێڕێتەوە ژێر سێبەری خۆیو گەر حەزیش بکا تەڵاقی دەدا پێش ئەوەی دەستی بگەیەنێتێ، ئا ئەمەیە ئەو چاوەڕوانییەی کە خوا فەرمانی پێکردووە کە ژنی تێدا تەڵاق بدرێ. ئایەتەکەش ئەمەیە کە دەڵێ (ان طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن) لەم حەدیسەش دیارە کە بەبێ ئاگاداریو پرسی ژن، ژن تەڵاق دەدرێ پیاو بە ئارەزووی دڵی خۆی هەرکاتێ بیەوێ تەڵاقی دەداو حەزیش بکا دەیگێڕێتەوە ژێر سێبەری خۆی.

حەدیسێکی تر دەڵێ (حدثنا ابوبکر بن ابي سیبه و عمرو والناقد و اللفظ لعمرو قالا حدثنا سفیان عن الزهري عن عروة عن عائشة قالت جاءت امرأة رفاعة النبي (ص) فقالت کنت عند الرفاعة فطلقني فبت طلاقي فتزوجت عبدالرحمن بن الزبیر و ان ما معه مثل هدیة الثوب فتبسم رسول الله (ص) فقال اتریدین ان ترجعي الی رفاعة؟ لا حتی تذوقي عسیلته و یذوق عسیلتك قالت و ابوبکر عنده و خالد بالباب ینتظران یؤذن له فنادی یا ابابکر الاتسمع هذه ماتجهر به عند رسول الله) واتە دەڵی کۆنە ژنی ڕیفاعە هاتە لای پغەمبەر (د.خ) گوتی لای ڕیفاعە بووم و تەڵاقی سێبەسێی داوم و مێردم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەلزوبەیر کرد ئەویش ئەوەی هەیەتی وەك ڕیشۆڵەی ئەم کراسەمە (نەرم و شلە) پێغەمبەریش گرژییەوەو بزەی هاتیو گوتی دەتەوێ بگەڕێیتەوە لای ڕیفاعە، نا نابێ تا شیرینی ئەو نەچێژیو ئەویش شیرینی تۆ نەچێژێ لەمەشدا دەردەکەوێ کە ژن لە تەلاقدان و گەڕانەوە هیچی بەدەست نییەو هەموو کار هەر بەدەست پیاوە. ڕیوایەتی تر لەم بابەتە زۆرە بەڵام چونکە هەمووی لە مەعنادا نزیکی یەکن بۆیە نایانووسینەوە، هەرکەس حەزدەکا بە بفەرموێ تەماشای کتێبی سەحیحی موسلیم بەرگی دەیەم یا چوارەم لە چاپی مەکتەبەو مەتبەعەی موحەمەد عەلی سەبیح و ئەلادوهو قاهیرە) بکا.

ئەوجار مەزهەبی شافیعی وەك لە کتێبی (ئەلئوم) نووسینی ئیمام ئەبی عەبدیلا موحەمەد و بنو ئیدریسی ئەلشافیعی (150–204) بەرگی پێنجەم چاپی (شرکة الطباعة الفنیة المتحدة، القاهرة) لاپەڕە (179) لە باسی تەلاقدا دەڵێ:

## أباحة الطلاق

(اخبرنا الربیع بن سلیمان قال (قال الشافیعي) قال الله عزوجل (اذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن) الآیة و قال (لا جناح علیکم ان طلقتم النساء مالم تمسوهن) و قال (اذا نکحتم المؤمنات ثم طلقتموهن) الآیة و قال (ان اردتم استبدال زوج مکان زوجا) و قال (الطلاق مرتان فامساك بمعروف او تسریح باحسان) مع ما ذکرته من الطلاق في غیر ماذکرت و دلت علیه سنة رسول الله (ص) من اباحة الطلاق، فالطلاق مباح لکل زوج لزمه الفرض) ئیمام دەڵی بە پێی ئەو ئایەتانەو قسەی پێغەمبەر لە بارەی تەڵاقدانی ژن تەڵاق حەڵاڵە بۆ هەر مێردێك کە ئەرکەکانی ئیسلامی لەسەر واجیب بێ، واتە پیاوە ئاقڵ بێو خۆی ناسبێ.






**لە مێرد قەدەغە نییە ئەگەر دوو تەلاق یان سێ بە سێ ژنی خۆی تەلاق بدا، چونکە خوا تەلاقدانی بۆ مێرد حەڵاڵکردووە ئەوەی ڕێدراوە نابێتە قەدەغە لە خاوەنی خۆی**

(قال الشافعي رحمه الله: أختار للزوج ان لا يطلق الا واحدة ليكون له الرجعة في المدخول بها و يكون خاطبا في غير المدخول بها و متى نكحها بقيت له عليها اثنان من الطلاق و لا يحرم عليه ان يطلق اثنين و لا ثلاثا لأن الله تبارك و تعالى أباح الطلاق و ما اباح ليس بمحضور على اهله و ان النبي (ص) علم عبدالله بن عمر موضع الطلاق ولو كان في عدد الطلاق مباح و محضور علمه ان شاء الله تعالى اياه لأن من خفي عليه ان يطلق امرأته طاهرا كان مايكره عن عدد الطلاق و حيب لوكان مكروه اشبه ان يخفي عليه. و طلق عويمر العجلاني امراته بين يدي النبي (ص) ليعلمه و جماعة من حضر، وحكت فاطمة بنت قيس ان زوجها طلقها البتة يعني و الله اعلم ثلاثا فلم يبلغنا ان النبي (ص) نهى عن ذلك، و طلق ركانة امرأته البتة و هي تحتمل واحدة و تحتمل ثلاثا فساله النبي (ص) عن نيته و احلفه عليها و لم نعلمه نهى ان يطلق البتة يريد بها ثلاثا و طلق عبدالرحمن بن عوف امرأته ثلاثا) ئیمام دەلی سەرپشکی دراوەتە مێرد بە یەك تەلاق بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لەو ژنەی چووەتە لای، ئەو ژنەی هێشتا نەیگوازتووەتەوە دەگەڕێتەوە بە خواستی ژنە جارێکی ترو کە گواستییەوە هێشتا دوو تەلاقی دەمێنێ، لە مێرد قەدەغە نییە ئەگەر دوو تەلاق یان سێ بە سێ ژنی خۆی تەلاق بدا، چونکە خوا تەلاقدانی بۆ مێرد حەڵاڵ کردووەو ئەوەی ڕێدراوە نابێتە قەدەغە لە خاوەنی خۆیو پێغەمبەر (د.خ) کە عەبدوڵای کوڕی عومەری فێری شوێنی تەلاقدان کرد ئەگەر خراپییەك لە ژمارەی تەلاقدان هەبوایە ئەویشی فێردەکرد چونکە کەسێك نەزانێ ژنی لە کاتی پاکی تەلاق بدا ئەگەر ژمارەش خراپبایە دەبوو ئەویشی نەزانیو پێغەمبەر (د.خ) پێی بگوتبایە جگە لەمەش عوەیمیری کوڕی عەجلانی ژنەکەی لە پێش پێغەمبەر (د.خ) سێ بە سێ تەلاق دا پێش ئەوەی پێغەمبەر فەرمانی پێبکاو ئاگاداری بکا کە ژنەکەی بە (لیعان) تەلاق دەدرێ جا ئەگەر خراپییەك لە ژمارەدا هەبوایە پێغەمبەر (د.خ) پێی دەگوت وا مەکە بۆ ئەوەی خۆیو ئەو خەڵکەی ئەویش بزانن. فاتیمەی کچی قەیس دەگێڕێتەوە کە مێردەکەی تەلاقی یەکجاری داوە واتە سێ بەسێ (خوادەزانێ) پێمان نەگەیشتووە کە پێغەمبەر (د.خ) گوتبێتی وا مەکەن، هەروە ها ڕەکانە ناوێك ژنەکەی خۆی بە یەکجاری تەلاقدا کە دوولای هەڵدەگرت یەکەم یەك تەلاقەو سێ تەلاقە پێغەمبەر (د.خ) لە نیازی پرسی کە نیازی چەند تەلاق بووە وە لە سەریشی سوێندیدا، ئەویش دیارە نیازی سێ تەلاقە بووەو نەمانزانیوە پێغەمبەر (د.خ) گوتبێتی وا مەکەن عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ژنەکەی خۆی سێ بەسێ تەلاق داوە. جا نەك هەر ئەوەندە پیاو دەتوانێ ڕووبەڕووی ژنەکەی تەلاقی بدا بەڵکو لە دوورەوەش بە نامە دەتوانێ ژنەکەی خۆی تەلاق بدا کە ژنی بەدبەخت ئاگای لە هیچ نییە، وەك لە لاپەڕەی (181)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێ (قال الشافيعي رحمه الله اذا كان رجل غائب عن امرأته فاراد ان يطلقها للسنة كتب اليها "اذا اتاك كتابي هذا وقد حضت بعد خروجي من عندك فأن كنت طاهرا فانت طالق" و ان كان يعلم انها حاضت و طهرت و هو غائب كتب اليها "اذا اتاك كتابي فأن كنت طاهرا فأنت طالق و ان كنت حائضا فاذا طهرت فأنت طالق"..).

واتە ئەگەر مێرد لە ژنەکەی بزر بوو ویستی ژنەکەی تەلاق بدا بە پێی فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) کە تەلاقی سوننەی پێدەڵێن ئەویش ئەوەیە ژن لە کاتی پاکی تەلاق بدرێ. بۆیە بۆ ژنەکەی دەنووسێ (ئەگەر ئەم نامەیەی منت پێگەیشت و کە من لە لای تۆ دەرچووم ئەتۆ بێنوێژ بووی، ئەگەر پاکی تەلاقت کەوتبێ) تەلاقەکە دەکەوێ. ئەگەر مێرد زانی ژنەکەی پێش دەرچوونی کەوتووەتە بێنوێژیو نەچووبووە لای یان زانی کە بێنوێژ بووەو پاك بووەتەوەو خۆی دوورە لێی بۆی دەنووسێ (ئەگەر نامەی منت پێگەیشت ئەگەر پاکی تەلاقت کەوتبێ ئەگەر بێنوێژیشی هەرکاتێ پاك بوویتەوە تەلاقت کەوتبێ) تەلاقەکە دەکەوێ.

(و اذا قال الرجل لأمرأته التي تحيض انت طالق ثلاثا سنة وقعن جميعا معا في وقت طلاق السنة) واتە ئەگەر مێرد بە ژنەکەی خۆی کە لەوانەیە بێنوێژی دەبینێ (منداڵ نا) گوت هەرسێ تەلاقەت کەوتبێ بە تەلاقی سوننەت هەرسێك پێکەوە دەکەون لە کاتی پاکی ژنە. لاپەڕە (254) لە هەمان کتێب (قال الشافعي رحمه

الله (ملك الله تعالى الأزواج الطلاق فمن طلق من الأزواج و هو بالغ غير مغلوب على عقله جاز الطلاق لأنه تحريم لأمرأته بعد ان كانت حلالا له فسواء كان صحيحا حين يطلق او مريضا فالطلاق واقع) ئیمام دەڵی خوا تەلاقی داوەتە مێردان هەر مێردێك كە خۆی ناسیبێو هۆشی لەدەست نەدابێ، تەلاقی دروستە، چونكە تەلاق قەدەغەكردنی ژنیەتی لە خۆی پاش ئەوەی لێی حەڵاڵ بووە، جا مێرد لەشی ساغ بێ لە كاتی تەلاقداندا تەلاقەكەی دەكەوێ.

(قال الشافعي رحمه الله: و من شرب خمرا او نبيذا فاسكره لزمه الطلاق و الحدود كلها و الفرائض و لا تسقط المعصية بشرب الخمر و المعصية بالسكر من النبيذ عنه فرضا و لا طلاقا) دەڵی ئەگەر كەسێك عارەقی خواردەوە یان ئاوجۆ (بیرە) و سەرخۆش بوو ژنەكەی خۆی تەڵاقدا تەلاقەكەی دەكەوێو سزای شەرعیشی لەسەر دەبێو هەروەهاش فەرزەكان گوناح كردن بە خواردنەوەی عارەق و سەرخۆشبوون بە خواردنەوەو ئاوجۆ فەرزو تەلاق لەسەر لانابا و لە دەست نادا. ئەمە قسەی ئیمامی شافیعییە (خ.ل) جا ئەوە لە كوی هات ئەو كەسەی دەڵی ژن مافی تەلاقی لەگەڵ مێرد یەكسانە یان دەڵێ ئەوان كۆلكە مەلان كە تەلاقیان لەبەردەست پیاو داناوەو ژنیان بێبەش كردووە، دەبێ ئەو كەسەی ئەم قسانەی لە كوی هێنابێ، ژنەی دانیشتووی ماڵ دڵخۆش بە ماڵو منداڵی یا ژنێكی خوێندەواری خەریكی دەرس گوتنەوەو خزمەتی وڵات و میللەتەكەی بێ لە قوتابخانەو یان لە نەخۆشخانەو شوێنی تر، مێردێكی سەرخۆش لە خۆیەوە هەر بە هەوەس و ئارەزوو یا دەمەقاڵێ یەكی ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەسەرچوو بە سەرخۆشی بكەوێتە بیریو ژنەكەی سێبەسێ تەڵاق بداو تەلاقەكەش دەكەوێو تا ژنە مێردێكی دیكە نەكاتەوە تازە نابێ لەگەڵ ئەو مێردە بمێنێ یا منداڵیش هەبن. ئەمەیە حوكمی فیقهی ئیسلامیو لەسەر زاری پێغەمبەر (د.خ)و ڕای ئیمامی شافیعی. ئیدی ئەو كەسانەی بەمەی ڕازی نین دیارە موسوڵمان نین و بڕواشیان بە ئیسلامەتی نییە، بۆیە نابێ بە ناوی ئیسلام قسەیان بڕواو دەبێ پشت گوێ بخرێن.

ئەمەیە حوكمی فیقهی ئیسلامیو لەسەر زاری پێغەمبەر (د.خ)و ڕای ئیمامی شافیعی. ئیدی ئەو كەسانەی بەمەی ڕازی نین دیارە موسوڵمان نین و بڕواشیان بە ئیسلامەتی نییە، بۆیە نابێ بە ناوی ئیسلام قسەیان بڕواو دەبێ پشتگوێ بخرێن

# مارەكردن و چەندژنی

هەرچەندە ئەو نووسەرو چیرۆكنووسانەی باسمان كردن لە خەیاڵی خۆیاندا مارەو تەلاق و تەنها یەك ژنییان دەستنیشان كردبوو بە ناوی ئیسلامەوەو ژن و پیاویان وەك یەك هاوتا لە قەڵەم دابوو، بەڵام بە داخەوە خەیاڵەكەیان درێژەی نەكێشاو لەسەر ڕێبازی ئیسلام وەك كەفی سەرئاو بڵاو و ون بوون فەرموون ئەوەی لە دواوە دێ حوكمی ئیسلامە لە مارەكردن و تا چەند ژنیش دروستە بۆ پیاو لە یەك كاتدا.

ئایەتی (3-4) لە سورەتی ئەلنیسا دا دەڵێ (و ان خفتم الا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ماطاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع. فأن خفتم الا تعدلوا فواحدة او ما ملكت ايمانكم ذلك ادنى الا تعدلوا و آتوا النساء صدقاتهن نحلة فان طبن لكم عن شيء منه فكلوه هنيئا مريئا) واتە ئەگەر ترسان لەوەی كە نەتوانن جێبەجێی پێویست بكەن بەرامبەر بەو كچە بێ باوكانەی لاتانن، یاخود ترسان لەوەی كاری خراپیان لەگەڵدا بكەن، ئەوا لەو ژنانەی دڵخوازتانن دوو دوو و سێ سێ و چوار چوار بێنن، ئەگەر ترسان لەوەی، یەكسانی لە نێوانیاندا نەكەن ئەوا تەنها ژنێك بەسە. یا بە كەنیزەك خۆتان دابین كەن و ئیكتیفا بكەن ئەمەیان باشترە بۆ ئەوەی خێزانتان زۆر نەبێ، مارەیی ژنان بە تەواوی بدەن ئەگەر بە خۆیان شتێكیان لێخۆش بوون ئەوا بیخۆنو لە گیانتان خۆشبێ. مەبەست لە دوو دوو سێ سێو چوار چوار ئەوە نییە كە پێكەوە دووان یان سیان، یان چوار پێكەوە بهێنن بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە دەتوانن لە دوو ژن تا چوار ژن پێكەوە لە یەك كاتدا لەژێر سێبەرتان بن، بە مەرجێك كە جۆرە عەدالەتێك و یەكسانییەك لە بەشی





مێردایەتی بەلای کەم بە کردەوە لە نێوانیاندا بکەن، ئەگەر مێرد زانی ئەوەی پێناکرێ ئەوا تەنها یەك ژنی ئازاد بەسە لەگەڵ چەند دەتوانی کەنیزەکی هەبێ. بەڵام ئایا یەکسانیو عەدالەت لە نێوان ژنەکاندا چۆنەو چۆن ڕاگیر دەکرێ ئەو لە ئایەتی (129) لە سورەتی ئەلنیسادا دیاری کردوەو دەڵێ (و لن تستطیعوا ان تعدلوا بین النساء و لو حرصتم فلا تمیلوا كل المیل فتذورها كالمعلقة) واتە ناشتوانن یەکسانی لە نێوان ژنان بپارێزن هەرچەند هەوڵیش بدەن و سووربن لە سەری، بەڵام وا مەکەن وازی لێ بهێنن بە جۆرێك وەك هەڵپەسارداروابێ، کە نە ئەوەیە ژن و مێردایەتی لەگەڵدا دەکرێو نە ئەوەیە کە بتوانێ مێردێکی تر بکا لەو ناوەدا دەسوڕێتەوە. وەك کوردەواری دەڵێن لەنێو چاڵان و ماڵانیان هێشتۆتەوە. ئەمە تەفسیری ئایەتی (فأن خفتم الا تعدلوا) ئەگەر مێردێك ویستی ژنی تر بهێنێ، ئەگەر لە خۆی ڕانەدەبینی کە دەتوانێ ئەم یەکسانییە لە نێوانیاندا بپارێزی با بە یەك ژن بەس بکاو هی تر نەهێنێ، بەڵام ئەگەر لە خۆی ڕابینی کە دەتوانێ ژنەکەی پێشوی وەك (نە ئازادو نە مێردار) لێنەکا ئەوا دەتوانێ ژنی تر بهێنێو بۆی حەڵاڵە جا کێ هەیە نەتوانێ ئەمە بکا؟! هەروەکو کردارو ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ) مەعنای ئەم ئایەتە ڕووندەکاتەوە هەروەها هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) چونکە ئەگەر ئەوانە بیانزانیایە ئەوەندەی تۆزقاڵێك لە ڕووی ئایینەوە گوناحی تێدایە، لە ژنێك زیاتریان نەدەهێنا هەروەکو ئەگەر پێناخۆش بوونی وای تیابوایە پێغەمبەر نۆ ژنی نەدەهێنا کە هەموو ڕوایەتەکان یەکیان گرتووە کە پێغەمبەر (د.خ) لە یەك کاتدا نۆ ژنی هەبووەو هەندێکیش دەڵێن دوانزە ژنی هەبووە لە یەك کاتدا، بێ لە کەنیزەك و جگە لەو ژنانەی کە هەر بۆ پیرۆزیو تەبەرك خۆیان پێشکەش پێغەمبەر (د.خ) کردووە، ئەمەش ئەو حەدیسەیە کە دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) نۆ ژنی هەبووە پێکەوە لە یەك کاتدا.

سەحیحی موسلیم جزمی چوارەم دەڵێ (حدثنا ابوبكر بن ابي شيبة حدثنا شبابة بن سوار حدثنا سليمان بن المغيرة عن ثابت عن انس قال كان للنبي (ص) تسع نسوة فكان اذا اقسم بينهن لا ينتهي الى المرأة الأولى الا في تسع فكن يجتمعن كل ليلة في بيت التي يأتيها فكان في بيت عائيشة فجاءت زينب فمد يده اليها فقالت هذه زينب فكف النبي (ص) يده فتقاولتا حتى استخبا و اقيمت الصلاة فمر ابوبكر على ذلك فسمع اصواتهما فقال اخرج يا رسول الله الى الصلاة واحث في افواهن التراب فخرج النبي (ص) فقالت عائشة الآن يقضي النبي (ص) صلاته فيجيء ابوبكر فيفعل بي و يفعل فلما قضى النبي (ص) صلاته اتاها ابوبكر فقال لها قولا شديدا و قال اتصنعين هذا) واتە پێغەمبەر نۆ ژنی هەبووە لە یەك کاتدا جا کە بەشی دەکرد نەدەگەشتەوە لای ژنی یەکەم لە نۆیان نەبوایە، واتە بەسەر هەموویاندا دەسووڕاو نۆیەم جار دەگەیشتەوە ژنی یەکەمی، ژنانی پێغەمبەر (د.خ) هەموو شەو لە ماڵی ئەو ژنەی کە نۆبەی بووە کۆبوونەتەوە ئێوارەیەك لە ماڵی عائیشە بوو کەزەینەبەی ژنی پێغەمبەر هات و پێغەمبەریش دەستی بۆ درێژکردو عائیشە گوتی ئەمە زەینەبەیەو پێغەمبەریش (د.خ) دەستی خۆی کێشایەوەو ئیدی عائیشەو زەینەبە لێك وەدەنگ هاتن هەتا دەنگیان بەرز بۆوەو هاواریان لێهەستا، لەو کاتەدا بانگی نوێژدراو ئەبوبەکر (خ.ل) باوکی عائیشە بەوێدا تێپەڕیو گوێی لە دەنگیان بوو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دەرچۆ بۆ نوێژو خۆڵیان لە دەم بکە، پێغەمبەریش (د.خ) دەرچوو عائیشە گوتی ئێستا پێغمبەر لە نوێژ دەبێتەوەو ئەبوبەکر دێ ئەو هاوئەوهام پێدەکات، کە نوێژ تەواو بوو ئەبوبەکر هەر قسەی توندی بە عائیشەی کچی گوت، گوتی ئاوا دەکەی؟ وەك (نەوەوی) باسی دەکا ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەوکاتەدا ئەمانە بوون (عائیشە، حەفسە، سەودە، زەینەبە، ئوممی سەلمە، ئوممی حەبیبە مەیمونە، جووەیریە، سەفییە) خوا لێیان خۆشبێو دوو کەنیزەکیشی هەبووە کە ناویان (مارییەو ڕەیحانە) بووە. لەم حەدیسە وەك من بۆی دەچم چوار شت بەدی دەکرێ.

ئەگەر مێردێك ویستی ژنی تر بهێنێو لە خۆی ڕانەدەبینی کە دەتوانێ ئەم یەکسانییە لە نێوانیاندا بپارێزێ با بە یەك ژن بەس بکاو هی تر نەهێنێ، بەڵام ئەگەر لە خۆی ڕابینی کە دەتوانێ ژنەکەی پێشوی وەك (نە ئازادو نە مێردار) لێ نەکا ئەوا دەتوانێ ژنی تر بهێنێو بۆی حەڵاڵە

یەکەم: کە پێغەمبەر (د.خ) نۆ نژی هەبووە پێکەوە لە یەك کاتدا.

دووەم: ڕاگرتنی یەکسانی لە نێوانیاندا ئەوەبووە هەر شەوەی لای یەکێکیان نووستووەو حەزیشی کردووە لەگەڵ یەکێکی تر بنوێ وەك کە نۆبەتی عائیشە بووە دەستی بۆ زەینەبە درێژکردووە.

سێیەم: ئەوەیە کە ئەبوبەکر بە سوکی تەماشای ژنانی کردووەو بە پێغەمبەری گوتووە خۆڵیان لە دەم بکە. پێغەمبەریش هیچ پێ ناخۆشییەکی پیشان نەداوە هەرچەندە عائشە کچی خۆی بووە ئەگەر قسەیشی پێی بڵێ لایەنی باوکایەتی‌و کچایەتی ڕێی تێدەچێ بەلام ئێستا کە ژنی پێغەمبەرەو زەینەبە کە پورزای پیغەمبەر بووەو ژنیشی بووە، کە پێیان بگوترێ خۆڵیان لە دەم بکە قسەیەکی سوکەو بۆ مرۆڤ بەکارنایە، لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە بۆ گسوك بەکاردەبرێ لێرەدا دەردەکەوێ کە بایەخ بە ژن نەدراوەو بە هەندیان هەڵنەگرتووە.

چوارەم: ئەوەیە کە ژنانی پێغەمبەر حەزیان نەکردووە پێغەمبەر (د.خ) ئەو هەموو ژنەی هەبێ یان ژنی تر بێنێ، چونکە ئەگەر وانییە نەدەبوو عائیشە لەگەڵ زەینەبەدا بە دەنگ بێ لەسەر ئەوەی نۆبەتی خۆی بووەو پێغەمبەر (د.خ) دەستی بۆ زەینەبە درێژکردووە، ئەگەر ژن ڕایەکیان هەبوایە قبوڵیان نەدەکرد پیاو ئەوەندە ژن بێنێ یان لە یەك زیاتر وەك لە حەدیسی سەحیحی موسلیمدا هاتووەو دەڵێ (حدثنا ابو کریب محمد بن العلاء حدثنا ابو اسامة عن هيشام عن ابيه عن عائشة قالت كنت أغار على اللاتي وهبن انفسهن لرسول الله (ص) و اقول و تهب المرأة نفسها؟ فلما انزل الله عز و جل ترجي من تشاء منهن و توؤي اليه من تشاء و من ابتغيت ممن عزلت. قالت قلت و الله ما أرى ربك الا و يسارع في هواك) واتە عائیشە گوتی من دڵگران دەبووم لەو ژنانەی کە خۆیان پێشکەشی پێغەمبەر دەکردو دەمگوت ژن چۆن خۆی پێشکەش دەکا؟ کاتی خوا ئایەتی نارد بۆ ئەوەی حەزبکەی دوای دەخەی‌و ئەوەی ئارەزووشی بکەی دەیهێنیتە لای خۆت و ئەوەی ئارەزووت کرد لەوانەی دوورت خستونەتەوە دەیانهێنیتەوە. دەڵێ گوتم بە خودا وا بزانم خوایەکەت پەلەیەتی لە جێبەجێکردنی ئارەزووەکانت.

حەدیسێکی تر کە تەنها (تورموزی) بەشداری گێڕانەوەی نەکردوە پێنجەکەی تر گێڕاویانەتەوە کە لە کتێبی (التاج الجمع اصول في احادث الرسول) تألیف الشيخ منصور علي ناصف من علماء الأزهر الشريف، و عليه غاية المأمول شرح التاج الجامع للاصول. چاپی سێیەم (1961ز) لاپەڕە (380) دەڵێ (عن انس (رض) قال: کان النبي (ص) يطوف على نسائه في الليلة الواحدة و له (ص) يومئذ تسع نسوة رواه الخمسة الا الترمذي) لە شەرحەکەیدا دەڵێ (فکان يطوف عليهن احيانا في ليلة واحدة و يواقعهن و کان الله اعطاه قوة على ذلك معجزة له (ص) کما کان سليمان عليه السلام) واتە لە ئەنەسی دەگێڕنەوە دەڵی پێغەمبەر (د.خ) لە شەوێکدا بەسەر هەموو ژنەکانیدا دەگەڕا ئەوکاتەش نۆ ژنی هەبووە. وە شەرحەکە دەڵێ وا بووە لە شەوێکدا بەسەر هەموویاندا گەڕاوەو لەگەڵ هەمووشیان نووستوەو خوا ئەو هێزەی داوەتێ وەك موعجیزەی هەروەکو سولەیمان پێغەمبەر (د.خ) ئەو هێزەی هەبووە، چونکە سەد ژنی هەبووە.

لە حەدیسێکی تردا دەڵێ (عن ابن عباس (ر.ض) قال توفى النبي )ص) و عنده تسع نسوة و قالت عائشة (ر.ض) ما توفى النبي )ص) حتى احل الله له ام يتزوج من النساء ماشاء رواهما النسائي) واتە لە کوڕی عەباس دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ( کاتێك مردووە نۆ ژنی هەبووە، لە عائیشە (خ.ل) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) نەمردووە تاوەکو خوا بۆی حەڵاڵ کردووە هەرچەندە حەزدەکا ژن بێنێ. ئەم دوو گوفتارە نەسائی ڕوایەتی کردوون.

لە غایەتولمەئمول شەرحی تاج دەڵێ: یەکەم جار ژن هێنان بۆ پێغەمبەر (د.خ) بێ سنوور بووەو چەندی حەزبکردایە بۆی حەلاڵ بووە بێنێ، بەلام لە پاشدا بۆی دیاریکراو سنوری بۆ دانرا تەنها کەنیزەك بێ سنوور دانان مایەوە. واتە لە کەنیزەك چەندی هەبێ‌و ئارەزووی بکا بۆی ئازادو حەڵاڵە. لە هەمان کتێب لاپەڕە (281)دا دەڵێ: ڕاز لە زۆر ژن هێنانی پیغەمبەر (د.خ) زۆر شتن. لەوانە پەیداکردنی خزم‌و یارە، تا بە توانابێ بەرامبەر دوژمنانی ئیسلام و بتوانێ پەیامی خوا

یەکەم جار ژن هێنان بۆ پێغەمبەر (د.خ) بێ سنوور بووەو چەندی حەزبکردایە بۆی حەلاڵ بووە بێنێ، بەلام لە پاشدا بۆی دیاریکراو سنوری بۆ دانراو تەنها کەنیزەك بێ سنوور دانان مایەوە






**هیچ کەس لە پیاو و ژنی موسوڵمان ڕێگەی سەرپشکیان نییە لە کارێك کە خواو پێغەمبەر بڕیاریان لەسەر دابێو هەرکەسێ بە گوێی خواو پێغەمبەر نەکا ئەوا ڕێگەی بزرو ون کردووە**

بەجێ بگەیەنێ، لەو شتانە موشەڕەف بوونی هەندێ عێلی عەرەب بە خزمایەتیو زاوایەتی پێغەمبەر (د.خ) دیسان لەو شتانە بەرپەرچ دانەوەی قسەی کافرەکان کە دەیانگوت پێغەمبەر (د.خ) جادووگەرەو خەڵکێکی ناعەرەب ئەم قسانەی فێردەکا.

لەوانەیە لە عادەت بەدەر لەگەڵ ژن نووستن لە کاتێکدا خواردنی کەم بووەو خواردنەوەشی کەم بووە، عەرەبیش خۆهەڵدەدەن و خۆهەڵدەکێشن بەوەی کە (کەم خۆر و زۆر پەڕن) ئەمەش لای عەرەب نیشانەی پیاوەتی تەواو و کەڵە مێردییە، وەك لە حەدیسی ئوممی زەرعدا هاتووەتە وتن.

جا ئەم حەدیسانە هەمووی بەڵگەی باوەڕ پێکراون لە پێغمبەر (د.خ) نۆ ژنی لەژێر سێبەر بووە لە یەك کاتداو پێکەوە، بێ لە کەنیزەك ئایەتی (25) لە سورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ (و من لم یستطع ان ینکح المحصنات المؤمنات فمن ماملکت ایمانکم من فتیاتکم المؤمنات و الله اعلم بأیمانکم بعضکم من بعض فانکحوهن بأن اهلهن و آتوهن اجورهن) واتە کەسێك دەستی ئەوەندە درێژ نەبوو کە ژنی موسوڵمانی ئازادو پاك بێنێ با لەو ژنە دەسکەوتووانەی موسوڵمان بوون بێنێو مارەشیان بکەن بە دەستووررو ڕێدانی خاوەنەکانیان و کرێی خۆشیان بدەنێ، واتە مارەییان بدەنێ. لێرەشدا ئایەت هەر ڕووی لە پیاو کردوە کە چۆن ژن بێنێو چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا بکا ئیتر هیچ ڕایەك بۆ ژن دیاری نەکراوە.

ئایەتی (27) لە سورەتی ئەلقەسەس دا دەڵێ (قال انی ارید ان انکحك احدی ابنتي هاتین علی ان تأجرني ثماني حجج) واتە شوعەیب پێغەمبەر بە موسای گوت: دەمەوێ یەکێك لەم دوو کچانەمت لێ مارە بکەم بە مەرجی هەشت شەرتان کارم بۆ بکەی. ئەم ئایەتە دەربارەی موسا پێغەمبەرو شوعەیب پێغەمبەر (س.ل) دەدوێ کە موسا لە میسر زەلامێکی کوشت و هەڵات و چوە ئەو شوێنە کە کچانی شوعەیب مەڕیان ئاودەداو موسایش یارمەتیدان لە ئاودانی مەڕەکان و شوعەیب کە زانی پیاوێکی چاکەو دەتوانێ یارمەتی بدا داوای لێکرد کە هەشت شەرتان لای بمێنێو کاری بۆ بکا ئەویش لە بری ئەمە یەکێك لەو دوو کچەی بداتێ لێرەدا هیچ یەك لە کچەکان مافی هەڵبژاردن و ڕایان نەبووەو موسا سەرپشك بوە کە یەکێکیان هەڵبژێرێ، ئایەتی تریش لە قورئاندا نییە ئەم کارەی پێ خراپ بێ، لە پاشا ئەوانە هەردوکیان وەك لە قورئاندا دەڵێ نێردراوی پێغەمبەری خوابوون، بۆیە ئەم حوکمە خۆی دەمێنێ.

ئایەتی (36–37) لە سورەتی ئەلئەحزاب دەڵێ (و ما کان لمؤمن و لا مؤمنة اذا قضی الله و رسوله امرا ان یکون لهم الخیرة من امرهم و من یعص الله و رسوله فقد ضل ضلالا مبینا. اذ تقول للذي انعم الله علیه امسك علیك زوجك و اتق الله و تخفي ما في نفسك ما الله مبدیه و تخشی الناس و الله احق ان تخشاه. فلما قضی زید منها وطرا زوجناکها لکي لایکون علی المؤمنین حرج في ازواج ادعیائهم اذا قضوا منهن وطرا و کان امر الله مفعولا) واتە هیچ کەس لە پیاو و ژنی موسوڵمان ڕێگەی سەرپشکیان نییە لە کارێك کە خواو پێغەمبەر بڕیاریان لەسەر دابێو هەرکەسێ بە گوێی خواو پێغەمبەر نەکا ئەوا ڕێگەی بزرو ون کردووە. ئەتۆ ئەی پێغەمبەر کە بەو کەسەی خواو خۆت چاکەتان لەگەڵدا کردووە دەڵێی نا نا ژنەکەی خۆت بگرەو بەرەڵای مەکە ئەوەی لە دڵی خۆتتا دەیشاریتەوە وا ئاشکرای ناکا لە خەڵکی دەترسی! لە خوا بترسی ڕاست ترە. کە زەید ماوەیەك لەگەڵ ژنەکەی ڕایی بواردو کاری پێنەما لە تۆمان مارەکرد بۆ ئەوەی ببێتە یاساو ڕێباز بۆ موسوڵمانان و ناشیرینیو شوێنی تانەو توانجی تێدا نەمێنێ ئەگەر موسوڵمانان ژنی ئەو کەسانە مارە بکەنەوە کە بە کوڕی خۆیانیان لە قەڵەم داون پاش ڕبواردنی ماوەیەك لە گەڵیاندا ئاوا دەبێ فەرمانی خوا جێبەجێ بکرێ.

وەك تەفسیری بەیزاوی دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی زەینەبەی کچی جەحش کە کچە پووری پێغەمبەرە (خوشکی باوکی) و ناوی ئومەییەی کچی عەبدولموتەلیب بووە. پێغەمبەر (د.خ) چووەتە خوازبێنی زەینەبە بۆ زەیدی کوڕی حاریسە کە پێشتر عەبد بووەو پێغەمبەر (د.خ) ئازادی کردووەو بە کوڕی خۆی ناو بردووە، جا زەینەبەو براکەی عەبدوڵلا قبوڵیان نەکردووە، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر فەرمانی خواو پێغەمبەر بۆیە قبوڵیان کرد وە زەینەبە

مـێردی بـە زەیـد کـرد و پـاش گواسـتنەوەی زەینەبە بۆ زەید بە ماوەیەك جارێك پێغەمبـەر (د.خ) بە سەردان دەچێتە ماڵیان و کە چاوی بە زەینەبە دەکەوێت دەکەوێتە بەردڵیو دەفەرموێ (سبحان الله مقلب القلوب) واتە پاکیو گەورەیی بـۆ ئـەو خوایەیـە کـە دڵان دەگـۆڕێ، زەینەبـە ئەمـەی گـوێ لێدەبـێ بـۆ زەیـدی دەگێڕێتـەوەو زەیدیش لەمە دەگاو زەینەبەی لەبەرچاو و دڵ دەکەوێ دەچێتە لای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئەوەی زەینەبە تـەڵاق بداو بـە پێغەمبـەر (د.خ) دەڵـێ: دەمەوێ لە زەینەبە جیاببمـەوە. پێغەمبـەریش (د.خ) دەڵێ: بۆ هیچـت لێ دیـوە کـە دڵـت لێـی پیـس بـێ. زەیـد دەڵـێ: نـە بـە خـوا لـە چاکـە بەولاوە هیچم لێ نەدیوەو هیچی لێ نابینم، بەڵام خۆی بە گەورەتر دەزانێو لافم لەسەر لێدەدا، پێغەمبـەریش (د.خ) بە زەید دەڵـێ: هـەر لەبـەر ئەمە. نانا دەست لە ژنەکەت بەرمەدەو تەلاقی مەدەو لە خوا بترسە، بەڵام پێغەمبـەر لـە دڵـدا پێی خۆش دەبێ کە زەید تـەلاقی بدا زەیدیش لەگەڵ ئەوەش کـە پێغەمبـەر پێـی دەڵـێ: نانـا تەلاقی مەدە. هەر سوور دەبێ لەسەر تـەڵاقدانی و تەلاقی دەدا جا پاش تەواوبوونی چاوەڕوانی (عیددە)ی زەینەبە، پێغەمبەر بە زەیدی مێردی پێشـوی زەینەبـە دەڵـێ: بچـۆ بـۆ لای زەینەبـەو خوازبێنـی بکـەو پێـی بڵـێ بۆ من. زەیـدیش دەچێتـە لای زەینەبـەو فـەرمودەی پێغەمبـەری پـێ ڕادەگەیـەنێو ئـەویش دەڵـێ: جـا لـە فـەرمانی خواو پێغەمبەر کێوە؟ و بەرفەرمانم و لە قسەی خواو پێغەمبـەر دەرنـاچم. مـارەیی زەینەبـە لـە ئاسمانەوە لـە پێغەمبـەر (د.خ) دەبڕدرێو بەمـە زەینەبـە خـۆی لەسـەر ژنـانی تـری پێغەمبـەر هەڵدەکێشاو دەیگوت ئێوە کەسوکارتان مارەی کردوون منیش خوا مارەی بڕیوم. واتە فەرمانی داوە بە بوونی زەینەبە بە ژنی پێغەمبـەر (د.خ) بـەبێ مـارەکردنی ئاسـاییو شـایەت و شـایەت کـاری هـەر لـەم مەوزوعـە سـەحیحی موسـلیم دەگێڕێتەوە دەڵێ (لما انقضت عدة زينب قال رسول الله (ص) لزيد فاذكرها علي قال فانطلق زيد حتى اتاها و هي تخمر عجينها قـال فلمـا رايتـها عظمـت في صدرى حتـى مـا اسـتطع ان انظـر اليـها لأن الرسـول (ص) ذكرهـا فوليتـها طـهري و نكصت علـى عقبي فقلـت يـا زينـب ارسل رسول الله (ص) يذكرك قالت ما انا بصانعه شيئا حتى اوامرا ربي فقامت الى مسجدها و نزل القرآن و جاء رسـول الله (ص) فدخـل عليـها بغـير اذن) واتـە کـە چـاوەڕوانی زەینەبـە تـەواو بـوو پێغەمبەر بە زەیدی گوت بچۆ بۆلای زەینەبو بۆمی بخوازەو زەیدیش چووە لای زەینەبە لە کـاتێکدا زەینەبە هـەویری دەشێلا زەیـد دەڵـێ: کـە چـاوم پێکەوت گەورە بوو لەبەرچاوم تاوەکو نـەمتوانی تەماشـای بکـەم و پشـتم تێکـرد بـەرەو پـاش گەڕامـەوەو گـوتم زەینەبـە پێغەمبـەر نـاوت دەبـا ئـەویش گوتـی: مـن چ دەتـوانم بکـەم و بڵێـم تـا ئەمری خوا هـەبێو هەستاو چوە ژوورێ قورئـان هاتە خوارێو پێغەمبەر هات و چووە لای زەینەبە بەبێ پرس و بووە زەماوەندی پێغەمبەر (د.خ).

لـەم ئایـەت و حەدیسـە دەرکـەوت کـە قـازی شەرع (سەرداری وڵات) دەتوانێ ژنـی بێسـەردارو کەسوکار مارە بکاو هەروەها دەرکەوت کە بێوەژن ڕای وەردەگیرێو پرسی پێدەکرێ. وەك پێغەمبـەر (د.خ) ناردیـە داخوازی زەینەبـە بـە هـۆی زەیـدی کوڕی حاریسەو مێردی پێشوی زەینەبە، ئەمە لە لایـەك لـە لایـەکی تـر دەرکـەوت کـە ژن تـەڵاقدان پرسـی پێناکرێ، چونکە ئەگـەر پرسـی پێویسـت بوایە پێغەمبـەر (د.خ) بۆ کچە پوری دەیگوت بـا پرسی پێبکرێ لەسەر چیو بۆچی تـەلاق دەدرێو ئایا ڕازییە؟

هـەر لەبەرئـەوەی زەیـد دڵـی لێـی گوشـرابوو چووە خزمـەت پێغەمبـەرو زەینەبـەی تـەلاقدا، لـە کاتێکدا زەینەبە پێش بوونـی بـە ژنـی زەیـد کـە پێغەمبـەر داخوازی کـرد، خۆیو براکەی قبوڵیـان نـەکرد تـا ئایـەت هاتـە خـوارێ کـە بـە ناچـاری مێردی پێکرد، واتە زەینەبە نـە لـە بەشودانی ڕای وەرگیراو نە لە تەلاقدان.

ئایـەتی (24) لـە سورەتی ئەلنیسائدا دەڵـێ (و المحصنات من النسـاء الا مـاملكت ايمـانكم كتـاب الله عليكم و احل ماوارء ذلك ان تبتـاغوا بـاموالكم محصنين غير مسافحين فمـا اسـتمتععم بـه منـهن فـاتوهن اجورهـن) واتـە ژنـی بـە مـێردیش مارەکردنیان حەرامە جگە لەو ژنە مێرد دارانەی کـە لـە شـەڕدا بـەدیل گـیراون ئـەوان ئەگـەر مێردەکانیشـیان لـە ژیـاندا بـن و نـەکوژرابن ئـەو ژنانە بۆتان حەڵاڵن، جگە لەوانەی باسمان کردن کە حەرام و قەدەغەن و بە پیاو ناشێن ئەوانـی تر

لەم ئایەت و حەدیسە دەرکەوت کە قازی شەرع (سەرداری وڵات) دەتوانێ ژنی بێسەردارو کەسوکار مارە بکا






**پیاو مافی ئەوەی هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ هۆیەك تەنها بۆ دابین کردنی ئارەزووی خۆی جنسی و هیچی تر نا ژنی خۆی تەڵاق بداو ژنێکی تر مارەبکا، ئەگەر چوار ژنی هەبێ یا هەر چواریان یان هەندێکیان تەڵاق بداو بە ئەندازەی تەڵاقدراوان ژنی تازە مارە بکات**

حەڵاڵە بۆتان کە بیانخوازن بە ماڵ و دراوی خۆتان.

ئایەتی (49) سورەتی ئەلئەحزاب دەڵێ (یا ایها الذین آمنوا اذا نكحتم المؤمنات) واتە ئەی ئەوانەی موسوڵمان بوون ئەگەر ژنانی موسوڵمانتان هێنا. ئەمەش هەر ڕوو لە پیاو دەکات باسێك بۆ ژن نییە.

ئایەتی (50–52) لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (یا ایها النبي انا احللنا لك ازواجك اللاتي اتيت اجورهن و ما ملكت يمينك مما افاء الله عليك و بنات عمل و بنات عماتك و بنات خالك و بنات خالاتك التي هاجرن معك و امراة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان اراد النبي ان يستنكحها خالصة لك من دون المؤمنين قد علمنا مافرضنا عليهم في ازواجهم و ما ملكت ايمانهم لكيلا يكون عليك حرج و كان الله غفورا رحيما. نرجيء من تشاء منهن و تؤوي اليك من تشاء و من ابتغيت ممن عزلت فلا جناح عليك ذلك ادنى ان تقر اعينهن ولا يحزن و يرضين بما اتيتموهن كلهن و الله يعلم ما في قلوبكم و كان الله عليما حكيما. لاحيل لك النساء من بعد و لا ان تبدل بهن من ازواج و لو اعجبك حسنهن الا ما ملكت يمينك و كان الله على كل شيء رقيبا) واتە ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە بۆ تۆمان حەڵاڵ کرد ئەو ژنانەی کرێی مارەییت داونەتێ و ئەو ژنە کەنیزەکانەی کڕیوتن و دەستت کەوتوون لەوانە خودا بە تالان داویە پێت و هەروەها کچانی مامت و کچانی پورت و خوشکی باوك) و کچانی خاڵۆت و کچانی پورت (خوشکی دایك) لەوانەی لە گەڵتا کۆچیان کردووە، هەروەها ژنێکی موسوڵمان کە خۆی بە پێغەمبەر ببەخشی بەبێ مەرجی مارەیی و پێغەمبەریش ئارەزووی هێنانی بکا، ئەمەیان تەنها بۆ تۆیە و بۆ موسوڵمانانی تر نا، ئێمە دەزانین چیمان لەسەر پێویست کردوون بەرامبەر بە ژنانی موسوڵمانی ئازاد (کە کرێی مارەییەو بە نسبەت کەنیزەکیش کڕینە) ئەمەش بۆ ئەوەی لە سەرت نەبێتە قسەو ڕەخنەو ئازار بۆت. ئەوانەی باسکرا ئەوەی حەزبکەی دوای دەخەی نەهێنێ یان لەگەڵی نانویت و ئەوەی ئارەزوویشی بکەی دەهێنیو بەخۆتی دەگری و لەگەڵی دەنوی، یان کامەیان حەزبکەی تەلاقی دەدەیت و کامیان حەزبکەی دەیهێڵیتەوەو ئەوەی تەڵاقی ڕەجعیت داون بخوازی بیان گێڕیتەوە هیچ گوناحێکی تێدا نییە،

ئەم سەرپشکییە لەبەرچاو و دڵی ئەوانەو ئەوانیش دەبێ دڵخۆشبن بەوەی داونەتێ لە کرێی مارەیی و نابی خەمناك بن، ئیدی لە مەودوا ژنی تر بێنیت یا بیانگۆڕی بە ژنی تر (وەك یەکێ تەلاق بدەی و یەکێکی کە مارە بکەیت) با زۆریشت پێ جوان و لەبارین تەنها کەنیزەك نەبێ ئەوەت بۆ دروستە. لەم ئایەتەش دەرکەت کە (ڕا) هەر ڕای مێردەو ژن هیچ دەسەڵاتێکی نییە، لەم ئایەتە کە ڕوو لە پێغەمبەر (د.خ) و پێغەمبەریش پێشڕەوی موسوڵمانانە، هەر ژنێك خۆی پێشکەش پێغەمبەر (د.خ) بکا ئەگەر پێغەمبەر حەزی لێبکاو نەکاو نەڵی باشە سەرناگرێ. دیسان پیاو مافی ئەوەی هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ هۆیەك تەنها بۆ دابین کردنی ئارەزووی خۆی جنسیو هیچی تر نا ژنی خۆی تەڵاق بداو ژنێکی تر مارەبکا، ئەگەر چوار ژنی هەبێ یا هەر چواریان یان هەندێکیان تەڵاق بداو بە ئەندازەی تەلاقدراوان ژنی تازە مارە بکات. ژیانی پیاودا سنوور بۆ ئاڵوگۆڕی دانەنراوە چەند جار دەیکا یان نایکا، بە ئارەزووی پیاو خۆیەتیو ژن هیچ مافێکی نییە تەنها مارەییو نان دانیان نەبێ لە کاتی تەڵاقدان دەبێ بیاندرێتێو لێیان نەسەنرێتەوە ئەگەر پێشتر وەریان گرتبوو. جگە لەمانە کە ژنی ئازاد، پیاو دەتوانێ کەنیزەك (جارییە) بکڕێ هەرچەندە بیەوێ لە گەڵیشیان ڕابوێرێ سەرباری ژنە ئازادەکانی خۆی. لێرەدا وەك تا ئێستا دیمان. قورئان بۆ ژن هێنان هەر ڕوو لە پیاو و مێرد دەکات و هیچ ڕوویەکی نەداوەتە ژن، جا با بزانین کردارو گوفتارو ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ) و یاوەرەکانی چۆنن و چی دەڵێن.

سەحیحی موسلیم ڕوایەت دەکاو دەڵێ (حدثنا سعید من منصور و قتیبة بن سعید قال حدثنا مالك و حدثنا یحی بن یحی (و اللفظ) قال قالت لمالك حدثك عبدالله بن الفضل عن نافع بن جبیر عن ابن عباس عن نبي (ص) قال الأيم احق بنفسها من وليها و البكر تستأذن في نفسها اذنها صماتها. قال نعم) واتە پێغەمبەر (د.خ) گوتویەتی بێوەژن بۆ خۆی لە پێشترە لە سەردارەکەی بەڵام کچ پرسی پێدەکرێو ڕاڵێبوونەکەشی بێدەنگ بوونیەتی. لەم ڕووەوە زۆر ڕوایەت هەیەو هەموو لە داڕشتندا جیاوازن بەڵام لە مەبەست و مەعنا

هەموویان یەكن. لێرەشدا كاتێكی كەسێك بێت بۆ داخوازی ئەگەر بێوەژن بێ بە قسە (ڕا)ی خۆی بەدەردەخا، بەڵام كچ ئەگەر لێیان پرسی (مێردی پێ دەكەی) هەر بێدەنگ دەبێ واتە ڕازی بوونیەتی. (حدثنا ابو كريب محمد بن العلاء حدثنا ابو اسامة و حدثنا ابوبكر ابي شيبة قال وجدت في كتابي عن اسامة عن هشام عن ابيه عن عائشة قالت: تزوجني رسول الله (ص) لست سنين بني بي و انا بنت تسع سنين قالت فقدمنا المدينة فوعك شهرا فوفى شعري فأتتني ام رمان و انا على ارجوحة و معي صواحبي فصرخت بي فأتيتها و ما ادريت ما تريد بي فأخذت بيدي فأوقفت على الباب فقلت هه هه حتى ذهب نفسي فأدخلتني بيتا فاذا نسوة من الأنصار فقلن على الخير و البركة و على الخير و طائر فاسلمتني اليهن فغسلن رأسي و اصلحني فلم يرعني الا و رسول الله (ص) ضحى فاسلمنني اليه) واتە عائیشە دەڵی من كە لە پێغەمبەر مارە كرام تەمەنم شەش ساڵان بوو كە منیان گواستەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) تەمەنم نۆ ساڵان بوو، عائیشە دەڵێ: كە هاتینە مەدینە گرانەتام گرت و هەموو مووی سەرم هەڵوەری‌و سەرلەنوێ هاتەوە تا گەیشتە ناوشانم من و هاوەڵەكانم لەسەر جۆلانە یاریمان دەكرد كە دایكی ڕومان (دایكی عائیشە) هاواری لێكردم و بانگی كردم نەمزانی چی لێم دەوێ‌و دەستی گرتم لەسەر دەرگایەك منی ڕاگرت و منیش گوتم هاها هاتمەوە سەرخۆو بردمیە ماڵێك هەندێ ژنی ئەنساری لەوێ بوون وتیان بەخێرو خشییەوە بەختێكی چاك، منی دایە دەست ئەوان و ئەوانیش سەریان شوشتم و ڕێكوپێكیان كردم و چێشتانگا دامیانە دەست پێغەمبەر (د.خ).

لە حەدیسێكی تردا عائشە دەڵی پێغمبەر (د.خ) لە حەوت ساڵیدا مارەی كردم و لە نۆ ساڵیمدا گواستمیەوەو یارییەكانی (بوكۆكەو یاری منداڵانی تر) لە گەڵیدا گوازراوەتەوە لە هەژدە ساڵیمدا پێغەمبەر (د.خ) بە جێی هێشتووم و كۆچی دوایی كردووە.

جا پێغەمبەر (د.خ) كە كۆچی دوایی كردووە تەمەنی (63) ساڵ بووە عائیشە تەمەنی هەژدە ساڵ بووەو كە بۆشی گوازراوەتەوە تەمەنی (54) ساڵ بووە، دەی ئەو نوسەرو چیرۆكنوسانەی كچی گەنج مارەكردن لە پیاوی پیر پوچەڵ دەكەنەوە لە كوێن؟ ئەوجا كوا (ڕا)ی عائیشەو پرس پێكردنی لە مێرد كردنی؟

حەدیسێكی تر دەڵێت (حدثنا قتيبة بن سعيد الثقفي حدثنا يعقوب يعني ابن عبدالرحمن القاريء عن ابي حازم عن سهل بن سعد و حدثنا قتيبة حدثنا عبدالعزيز بن ابي حازم عن ابيه عن سهل بن سعد الساعدي قال جاءت امرأة الى رسول الله (ص) فقالت يا رسول الله جئت اهب نفسي فنظر اليها رسول الله 0ص) فصعد النظر فيها و صوبه ثم طأطأ رسول الله (ص) راسه فلما رات المرأة انه لم يقض فيها شيئا جلست فقام رجل من اصحابه فقال يا رسول الله ان لم يكن لك بها حاجة فزوجننيها فقال فهل عندك من شيء فقال لا و الله يا رسول الله ما وجدت شيئا فقال (ص) انظر و لو خاتما من حديد فذهب ثم رجع فقال لا و الله يا رسول الله و لا خاتما من حديد و لكن هذا ازاري (قال سهل ماله رداء) فلها نصفه فقال رسول الله (ص) ما تصنع بأزرارك ان لبسته لم يكن عليها منه شيئا و ان لبسته لم يكن عليك منه شيء فجلس الرجل حتى اذ طالت مجلسه قام فرآه رسول الله (ص) موليا فأمر به فدعى فلما جاء قال ماذا معك من القرآن قال معي سورة كذا و سورة كذا (عددها) فقال تقرؤهن عن ظهر قلبك قال نعم قال اذهب فقد ملكتها به معك من القرآن. هذا حديث ابن ابي حازم و حديث يعقوب يقاربه اللفظ). واتە ژنێك هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) گوتی ئەی پێغەمبەری خودا خۆم بە تۆ دەبەخشم پێغەمبەریش (د.خ) تەماشای قەدوباڵای كرد واتا چاوی بڵند كردو دوایی نەویكرد لە پاشان سەری داخست ژنەكە دیتی هیچی بۆ جێبەجێ نەكرا دانیشت، یەكێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر هەستاوەو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ناتەوێ لە منی مارە بكە، پێغەمبەریش گوتی چیت هەیە گوتی بچۆ ماڵەوە بگەڕێ، پیاوەكە چووە ماڵ‌و هاتەوە گوتی نە بەخوا هیچم دەست نەكەوت، گوتی بچۆ بگەڕێ ئەنگوستیلەیەكی ئاسنیش بێ، دیسان چوو هاتەوە گوتی، نە بەخوا ئەویشم چنگ نەكەوت، بەڵام ئەم كراسەم هەیە (سەهل گوتی چۆن كراسێك؟!) نیوەی دەدەمێ پێغەمبەر (د.خ) گوتی چی لە نیوە كراس دەكەی ئەگەر تۆ لە بەری كەی هیچ بەر ئەو ناكەوێ‌و ئەگەر ئەو

لە حەدیسێكی تردا عائشە دەڵی پێغمبەر (د.خ) لە حەوت ساڵیدا مارەی كردم و لە نۆ ساڵیمدا گواستیمیەوەو لە هەژدە ساڵیمدا پێغەمبەر (د.خ) بە جێی هێشتووم و كۆچی دوایی كردووە






لەبەری بکا هیچت بەرناکەوێ تا دانیشتنەکە درێژەی کێشا لە پاشان هەستاو ڕۆیی لەو کاتەدا پێغەمبەر دیتی وا دەڕوا فەرمووی بانگی بکەن و بگەڕێتەوە، کە هاتەوە پێغەمبەر گوتی چیت لە قورئان پێیە؟ گوتی بەڵێ ئەو سورەتەو ئەم سورەتە (ژماردنی) پێغەمبەر (د.خ) گوتی هەموویت لەبەرن؟ گوتی بەڵێ. پێغەمبەر گوتی: برۆ ئەوا دامەتۆ بەوەی لەبەرتە لە قورئان.

لێرەشدا ژنە پرسی پێنەکرا ئایا پیاوەی دەوێ یان نایەوێ تەنها ئەوەبوو کە خۆی بە پێغەمبەر (د.خ) بەخشیبوو ئیتر پێغەمبەر (د.خ) بوو بە سەرداری ژنەو دایە ئەو پیاوە بە خوێندنی قورئان کە مارەیی ژنە فێربوونی قورئان بووە.

حەدیسێکی تری سەحیحی موسلیم لاپەڕە (145) جزمی چوارەم دەڵی (حدثني زهير بن حرب حدثنا اسماعيل يعني ابن عليه عن عبدالعزيز عن انس ان رسول الله (ص) غزا خيبر قال فصلينا عندها صلاة الغداة فركب النبي (ص) و ركب ابو طلحة و انا رديف ابي طلحة فأجرى نبي الله (ص) في زقاق خيبر و ان ركبتي لمس فخذ النبي الله (ص) و انحسر الازرار عن فخذ نبي الله (ص) فاني لأرى بياض فخذ نبي (ص) فلما دخل القرية قال الله اكبر خربت خيبر انا اذا نزلنا بساحة قوم فساء صباح المنذرين قالها ثلاث مرات قال و قد خرج القوم الى اعمالهم فقالوا محمد و الله قال عبدالعزيز و قال اصحابنا (محمد و الخميس) قال و اصبناهم عنوة و جمع السبى فجاءه دحية فقال يا رسول الله اعطيني جارية من السبي فقال اذهب فخذ جارية. فأخذ صفية بنت حيى فجاء رجل الى النبي (ص) فقال يا نبي الله اعطيت دحية (صفية9 بنت (حيى) سيد قريظة و النضير؟ ما تصلح الا لك قال ادعوه بها قال فجاء بها فلما نظر اليها النبي (ص) قال خذ جارية من السبي غيرها، قال و اعتقها و تزوجها فقال له ثابت يا ابا حمزة ما اصدقها قال نفسها اعتقها و تزوجها حتى اذا كان بالطريق جزتها ام سليم فأهدتها له من الليل فأصبح النبي (ص) عروسا فقال من كان عنده شيء فليجيء به قال و بسط نطحا قال فجعل الرجل يجيء بالاقط و جعل الرجل يجيء بالتمر و جعل الرجل يجيء بالسمن محاسوا حيسا فكان وليمة رسول الله (ص)..) واتە لە بەسەردا دانی خەیبەردا پێغەمبەر سواربوو منیش لە پشت ئەبی تەلحە سواربووم و بە کۆڵانەکانی خەیبەدا دەڕۆشتین ئەژنۆم لە ڕانی پێغەمبەر (د.خ) دەخشاو کراسەکەی هەڵماڵی تا سپایەتی ڕانی پێغەمبەر (د.خ) بەدیارکەوت، کە چوینە ناو گوند، پێغەمبەر گوتی: با خەیبەر کاول بێ، ئێمە لە مەیدانی هەر نەتەوەیەك و کۆمەڵێك دابەزین ڕۆژی ڕەشیان بێ. ئەمەی سێ جار گوتەوە گوتیان بە خوا ئەمە موحەمەدو سوپاکەیەتی، ئێمە لێماندان سەرکەوتین و گرتمانن و تالآن و ژنە بە دیل گیراوەکانمان کۆکردەوە (دەحیە) هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) گوتی کەنیزەکێکم بدەرێ لەو ژنە تالآنیانە، گوتی برۆ یەکێك بەرە بۆ خۆت، ئەویش چوو (سەفیە)ی کچی (حویەی) هەڵبژارد، پیاوێك هاتەلای پێغەمبەر گوتی ئەی پێغمبەری خوا (سەفیە) کچی (حەیەی) گەورەی قورەیزەو نەزیرت دا بە (دەحیە)؟ ئەو کچە بۆ تۆ نەبێ بۆ کەس دەست نادات پێغەمبەر فەرمووی بانگیان کەن، کە سەفیەیان هێناو چاوی پێکەوت گوتی برۆ جاریەیەکی تر بۆ خۆت بەرە، جا پێغەمبەر (د.خ) سەفیەی ئازاد کردو لە خۆی مارە کرد، (سابیت) بە (ئەبا حەمزە)ی گوت مارەیی سەفیە چی بوو؟ گوتی ئازادکردنی و مارەکردنی، ڕیوایەتی تر هەیە دەڵی سەفیە لە دابەشکردنی تالآنی بەسەر شەڕکەراندا بەر دەحیە کەوت پێغەمبەر (د.خ) بە حەوت سەر لێی کڕیەوە. لە ڕێوایەتێکی تردا دەڵی سەفیە بەر دەحیە کەوت و حەڵکی زۆریان بە جوانی هەڵدەدا کە شتی وا جوان و لەبار لەناو ژنانی تالآنی نەبینراوە، پێغەمبەریش ناردیە دوای دەحیەو بە وەندەی ویستی لێی کڕیەوە، ئەنجا سەفیەی نارده لای (ئوممی سەلەیم) بۆ ئامادەکردنی ئەویش ڕازاندییەوەو ئامادەی کردو بە شەو بۆ پێغەمبەری بردو پێغەمبەر بوو بە زاواو گوتی هەرکەس چی هەیە با بیهێنێ، جا هەبوو ڕۆنی هێناو هی وا هەبوو کەشکی هێنا هەندێکی تر خورمایان هێنا سفرە داخراو تێکەڵ کران و بوو بە زەماوەندی پێغەمبەر (د.خ) خەڵکەکە تێریان خواردو دەیانگوت نەماندەزانی پێغەمبەر سەفیەی کردووە بە ژنی خۆی یا هەروەکو کەنیزەکە، دوایی گوتمان ئەگەر پێغەمبەر

سەفیەی داپۆشت ئەوا دیارە کردوویە بە ژنی خۆی و ئەگەر هەروەکو خۆی هێشتیەوەو دانەپۆشت ئەوە دیارە وەکو کەنیزەکی وەرگرتوە. لە پاشان کە ویستی سواربێ (سەفیەی) داپۆشت و لە پشت پێغەمبەر سواری حوشتر بوو، ئەو کاتە خەڵکەکە زانیان کە مارەی کردووە بووەتە ژنی و کەنیزەك نییە، جا کە نزیك کەتینەوە لە مەدینە پێغەمبەر پەلەی کردو دایە غار ئێمەش دامانە غارو حوشترەکەی پێغەمبەر سەرسمی داو پێغەمبەر کەوتە خوارو ئەویش کەوتە خوارو پێغەمبەر (د.خ) هەستاوە سەفیەی داپۆشت، ژنانی مەدینە کە ئەوەیان دی گوتیان: خوایە ژنە جولەکەمان لێ وەدوورخا. دەڵی گوتم ئەبو حەمزە ئایا پێغەمبەر (د.خ) کەوت؟ گوتی ئەرێ وەڵا کەوت. لەم کردارە دەردەکەو کە ژن بە تایبەت ژنێك لە شەڕدا بە تاڵانی گیرابێ هیچ مافێکی نییەو دابەشدەکرێ بە بێ ویستی خۆی وەك کوتاڵ و کەلوپەلی تالانی گیرابی، دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ و دەبەخشرێ و ژنە هیچ مافێکی نییە وەك هەر کوتاڵێکی بێزمان بەرفەرمان بو بێ چەندو چوون و ژنە بەمێردبێ یان بێ مێرد.

حەدیسێکی تر دەڵێ (حدثنا یحی بن ایوب و قتیبة بن سعید و علي بن حجر قالوا حدثنا اسماعیل بن جعفر اخبرني ربیعة عن محمد بن یحیی بن حیان عن عمر ابن محیریز انه قال دخلت انا و ابو صرمة علی سعید الخدري فساله ابو صرمة فقال یا ابا سعید هل سمعت رسول الله (ص) یذکر العزل فقال نعم: غزونا مع رسول الله (ص) غزوة بلمصطلق فسبینا کرائم العرب فطالت علینا العزبة و رغبنا في الفداء فأردنا ان نستمتع و نعزل فقولنا نفعل و رسول الله اظهرنا لانسأله فسألنا رسول الله 0ص) فقال لا علیکم ان لا تفعلوا ما کتب الله خلق نسمة هي کائنة الی یوم القیامة الا ستکون) واتە لە بەسەردادانی بەنی موستەلەق گەورە ژنانی عەرەبمان بە تاڵان گرتن و دەمێکیش بوو ڕەبەن بووین لە ژنانمان دوور بووین ویستمان ڕابوێرین لەگەڵ ئەو ژنە بە دیل گیراوانە بەڵام لە منداڵ بوونیان دەترساین بۆیە گوتمان ڕادەبوێرین و ئاویان تێناکەین لە پاشان گوتمان پێغەمبەرمان لەگەڵدایە و لێی ناپرسین؟ لێمان پرسی گوتی بۆ وا دەکەن، بە دڵی خۆتان بکەن و لە دەرەوەی مەکەن، ئەوەی خوا بییەوێ دروستی بکا دەیکا ئەگەر لە دەرەوەش بێ. لێرەدا دەردەکەوێ کە ژنی بە دیل گیراو و تاڵانی با عەرەبیش بێ کە ڕەگەزی خۆیان بووە جیا نەدەکرایەوەو هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا کە لەگەڵ بێگانە کراوەو دەکرا ژنە هیچ ڕایەکی نییەو بەر کەس کەوتبێ بە ئارەزووی خۆی لە گەڵی ڕابیواردووە ژنە ویستبێتی یان نا مێردی هەبووبێ یان نا، هەرکاتێك پیاو ویستبێتی فرۆشتوویەتی.

(حدثنا عبیدالله بن عمر بن مسیرة القواریري حدثنا یزید بن زریع حدثنا سعید بن ابي عروبة عن قتادة عن صالح ابي الخلیل عن ابی علقمة الهاشمي عن ابي سعید الخدري ان رسول الله (ص) یوم حنین بعث جیشا الی اوطاس فلقوا عدوا فقابلوهم فظهروا علیهم و اصابوا لهم سبایا فکان ناسا من اصحاب الرسول (ص) تحرجوا من غشیانهن من اجل ازاجهن من المشرکین فأنزل الله عزوجل في ذلك (و المحصنات من النساء الا ماملکت) ای فهن حلال لکم اذا انقضت عدتهن). واتە دەڵی پێغەمبەر (د.خ) لەشکری کردە سەر (ئەوتاس) کە جێگەیەکە لە لای تائف و گەیشتنە دوژمن و بەشەڕ هاتن و موسوڵمانان سەرکەوتن و ژنیان لێ بە تاڵان گرتن، هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر دەیانویست لەگەڵ ژنەکان ڕابوێرن، بەڵام دەترسان کە گوناح بێت چونکە ژنەکان مێردیان هەبوو واشیان دەزانی ژنی بە مێرد دروست نییە لەگەڵیدا ڕابوێری بە تاڵانیش بێ، جا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ کە دەڵێ (ژنی بەمێردیش دروست نییە مەگەر تاڵان بێ) واتە ژنی بە دیل گیراو حەڵاڵە بۆتان چونکە پەیوەندیان لەگەڵ مێردیان دەبڕێت بە بوونیان بە دیل و تاڵانی بۆیە بۆ موسوڵمانان دروستە لە گەڵیاندا ڕابوێرن پاش تەواوبوونی چاوەڕوانی (سێ مانگە) یان.

حەدیسێکی تر (حدثنا زهیر بن حرب و محمد بن مثنی و عبیدالله بن سعید عن عبیدالله بن سعید اخبرني سعید بن ابي سعید عن ابي هریرة عن النبي (ص) قال تنکح المرأة لأربع لمالها و لحسبها و لجمالها و لدینها فأظفر بذات الدین تربت یداك) واتە ژن لەبەر چوار شت خوازبێنی دەکرێ لەبەر دارایی و بنەماڵەی و جوانی و لەبەر دینی، ئەتۆ بە دینەکە هەڵبژێرە دەستت دەردنەکا.

لێرەدا پێغەمبەر ڕووی لە پیاو کردووە کە داخوازی ژن بکەن لەبەر ئەو شتانەی باسکران ئەگەر ژنیش مافی هەڵبژاردنی هەبوایە دەبوو بۆ ئەویش شتێك بوترایە کە دەتوانێ مێردی هەڵبژێرێ لەبەر لاوچاکی و ئازایەتی و هەبووەیی و جێگەو ڕێگەی بەڵام کە هیچ باسێك بۆ ئەم نییە دیارە مافی ژن هەر مارەیی وەرگرتن و ناندانییەتی.

ئەگەر ژنیش مافی هەڵبژاردنی هەبوایە، دەبوو بۆ ئەویش شتێك بوترایە کە دەتوانێ مێردی هەڵبژێرێ لەبەر لاوچاکی و ئازایەتی و هەبووەیی و جێگەو ڕێگەی



# فیقهی ئیمامی شافیعی دەربارەی مارەکردن




هەر ژنێك بە بێ پرسی سەرداری خۆی مێرد بكاو خۆی مارەكا مارەییەكە پووچ و بەتاڵە

الأم الجز الخامس ص (13) (اخبرنا مسلم و سعيد و عبدالمجيد عن ابن جريح عن سليمان بن موسى عن ابن شهاب عن عروة بن الزبير عن عائشة ان رسول الله 0ص) قال ايما امرأة نكحت بغير اذن وليها فنكاحها باطل فنكاحها باطل فنكاحها باطل فأن اصابها فلها الصداق بما استحل من فرجها) واتە هەر ژنێك بە بێ پرسی سەرداری خۆی مێرد بكاو خۆی مارەكا مارەییەكە پووچ و بەتاڵە ئەگەر مێردەكە چوو بووە لای ژنەو لەگەڵیدا نوستبوو ئەوە مارەیی دەكەوێتە سەر لە جیاتی ئەو لەگەڵ نوستنە.

(لا نكاح الا بولي و سلطان ولي من لاولي لە) ئیمامی شافیعی دەڵێ بە بێ كەس و سەردار مارەیی نایێ و ئەو كەسەی بێ سەردارە، سەرداری وڵات سەرداریەتی بەڵگەی ئیمامی شافیعی بۆ ئەمە ئایەتی (و اذا طلقتم النساء فبلغن اجلهن فلا تعضلوهن ان ينكحن ازواجهن) و ئایەتی (الرجال قوامون على النساء) و ئایەتی (فانكحوهون بأذن اهلهن) و حەدیسی موسلیم و سەعید (ايما امرأة نكحت بغير اذن وليها فنكاحها باطل.. الخ) هەر ژنێك بە بێ پرس و ئاگاداری سەرداری خۆی خۆی مارەبكا مارەییەكە بەتاڵە.

(قال الشافعي فأي ولي امرأة ثيب او بكر زوجها بغير اذنها فالنكاح باطل الا الآباء في الأبكار و السادة في الممالك) واتە سەرداری هەر ژنێك چ كچ چ بێوەژن مارەیان بەبێ بێ پرسیاریان مارەییەكە پوچ و بەتاڵە تەنها باوك نەبێ لە مارەكردنی كچی خۆیو خاوەن كەنیزەك نەبێ لە كەنیزەك، ئەوان دەتوانن بەبێ پرس پێكردنیان مارەیان بكەن لە هەركەسێ حەزبكا.

(قال الشافعي: فأی امرأه نكحت بغير اذن وليها فلا نكاح لها) واتە هەر ژنێك بەبێ سەرداری خۆی، خۆی مارەكرد مارەییەكە بەتاڵەو مارەی نایێ. وەلی سەردار ئەمانەن: باوك، لەگەڵ باوكدا كەس مافی نییە، ئەگەر باوك نەبوو باپیر (باوكی باوك) ئەگەر نەبوو باپیرە گەورە (باوكی باپیر) پاش ئەمانە ئینجا برای دایكو باوكی، ئەوجا ئەگەر برای دایك و باوكیو برای بابی كۆبوونەوە برای دایك و باوكی لە پێشترە ئەگەر برای داك و باوكی نەبوو برای لە باوك لە پێشترە لە هی تر ئەگەر كەس لە كوڕە مام لە پێشتر نەبوو كوڕە مام دەبێتە سەردار.

قال الشافعي: لأبي البكر ان يزوجها صغرة و كبيرة بغير امرها واجب الى ان كانت بالغا ان يستأمرها) لە كتێبی ئەلئومدا كە مەزەبی ئیمامی شافیعییە وا نوسراوە. لە كتێب (مغني المحتاج الى معرفة معاني الألفاظ المنهاج شرح الشيخ محمد الشربينى الخطيب، عين من اعيان علماء الشافعية في قرن العاشر الهجري على متن المنهاج لأبي زكريا يحى بن شرف النووي من اعلام علماء الشافعية في قرن السابع الميلادي) دا لە باسی مارەكردن و ژن هێناندا لە لاپەڕە (149)دا دەڵێ (و للأب ولاية اجبارية و هي تزويج ابنته البكر الصغيرة او كبيرة عاقلة او مجنونة ان لم يكن بينه و بينها عداوة ظاهرة، بغير اذنها لخبر الدار قطني (الثيب احق بنفسها من وليها و البكر يزوجها ابوها) رواية مسلم و يستحب استئذانها أي البكر اذا كانت مكلفة لحديث مسلم لسابق و تطبيقا لخاطرها اما غير المكفلة فلا اذن لها و الجد كالأب عند عدمه في الأصح و من على حاضية كاخ و عم لايزوج صغيرة بحال و تزويج الثيب البالغة بصريح الأذن و يكفي في البكر سكوتها في الأصح، و احق الأولياء اب ثم جد ثم ابوه ثم اخ الأبوين او الأب ثم ابنه و ان سفل ثم عم ثم سائر العصبة كالأرث) واتە باوك سەرداری سەپێنەرە لە مارەكردنی كچی خۆی بچوك یان گەورە هۆشدار یان شێت بێ بێپرس، ئەگەر لە نێوان باوك و كچەدا ناخۆشیەكی دیارو ئاشكرا نەبوو، لەبەر حەدیسی كە دارقوتنی گێراویەتەوەو دەڵێ: بێوەژن خۆی لە پێشترە لە سەرداری و كچیش باوكی

مارە دەکا ڕیوایەی سەحیحی موسلیمە.

بەڵام ئەگەر کچە خۆی خۆی ناسبێ و عازەب بوو پرسی پێبکرێ باشە لەبەر هەمان حەدیسی پێشەوەو لەبەر دڵی کچەکە خۆی بەڵام ئەگەر منداڵ بوو پرسی پێناکرێ و مارە دەکرێ.

(وەلی) سەردار: باپیر (باوکی باوک) وەك باوك وایە ئەگەر بوك نەبوو ئەوەی لە بنەماڵەشن وەك براو مام بە هیچ جۆرێك ناتوانن بچوك مارەبکەن، بێوەژنی خۆناسیو بە پرسی ئاشکرا مارەدەکرێ، ڕا وەرگرتنی کچ لە مارەکردن بێدەنگ بوونیەتی.

پلەی (وەلی) سەردار لە هەمووان لە پێشتر باوکە باپیر ئەنجا باپیرە گەورە ئەوجا برای دایکوباوکی ئینجا برای لە باوك ئەوجا کوڕی برا هەتا بچێتە خوار لە پاشا مام ئینجا ئەوانی تر وەك لە میراتدا.

موغنی ئەلموحتاج جزمی شەشەم لاپەڕە (141) دەڵێ (و لو قال زوجني ابنتك فقال الولي زوجتك او قال الولي للخاطب تزوجها أي بنتي فقال الخاطب تزوجت، صح النكاح في المسألتين و لا يصح تعليقه، و لو بشر بولد فقال ان كان انثى فقد زوجتكها فألمذهب بطلانه) واتە ئەگەر داخوازیکەری کچە بە باوکی کچەی گوت کچەکەتم بدەرێ و لێم مارە بکەو باوکی کچە گوتی باشە وا لێم مارە کردی، یا سەرداری کچە بە داخوازیکەری گوت کچەکەم مارەبکە ئەویش گوتی باشە مارەم کرد مارەییەکە لە هەردوو حاڵەتدا دێ و دروستە بەڵام دروست نییە مارەی بە شتێکەوە ببەسرێتەوە وەك ئەگەر مژدە درا بە باوك کە منداڵێکیان بووە، بڵێ ئەگەر منداڵەکە مێ بوو. ئەوا دامەتۆو لە تۆم مارەکرد ڕاست لە مەزهەب ئەوەیە ئەم جۆرە مارەییە پووچە هەروەها مارەکردنی کاتی (بۆ ماوەیەك) و ژن بە ژن ئەگەر ژنەکان خۆیان لە جیاتی مارەیی (کرێدان) درابن بە یەکتری بەڵام ئەگەر مارەیی بۆ هەریەکەیان دیاریکرابێ دروستە.

(و للمجبر المولیته التوكيل في التزويج بغير اذنها كما يزوجها بغير اذنها لاكن يسن له استئذانها و يكفي سكوتها و لا يشترط في جواز توكيل المجبر تعيين الزوج للوكيل في الأظهر، لأنه لايملك التعيين في التوكيل فيملك الأطلاق كما في البيع و سائر التصرفات و يحتاط الوكيل فلا يزوج في غير الكفء) واتە سەرداری کە زۆری لە دەستە وەك باوك و باپیرو باپیرە گەورە) دەتوانێ وەکیل بگرێ بۆ مارەکردنی کچەکەی و هەموو مافێکی باوك هەیەتی لە ڕووی مارەکردنی بێپرس و وەکیلیش ئەو مافەی دەبێ دەتوانێ کچە مارەبکا بەبێ پرس، بەڵام باشە ئەگەر پرسی پێبکاو ڕازیبوونی کچەش لەم حاڵەتەدا بێدەنگ بوونیەتی، مێرد دیاریکردن لە لایەن باوکەوە مەرج نییە لەم وەکالەتەدا وەك بڵێ کچەکەم بدە بە فلانە کەس. کە وەکالەتی وەرگرت هەموو شتێك دەتوانێ بکا وەکو وەکالەتی کڕین و فرۆشتن و شتی تر، بەڵام چاك وایە وەکیل کچەکە لە هاوتای خۆی نەبێ مارە نەکا.

ئەمەیە بڕیاری فیقهی ئیسلامی لە بارەی مارەکردنی ژن و چۆنیەتی بەشوودان، ئیدی ئەو کەسانەی دەڵێن (ئایینی ئیسلام مارەکردنی بێپرس و مارەبڕینی سەر لانکە پووچەڵ دەکا) نازانم لە کام ئایین و دینیان وەرگرتووە؟ ئەوەتا بە ئاشکرا دین دەڵێ (کچی بچوك و منداڵ مارەدەکرێ هەڵبەت پرسیشی پێناکرێ ئەوەتا حەزرەتی عائیشە (خ.ل) باوکی لە پێغەمبەر (د.خ) مارەکردووە لە حەوت ساڵانداو دیارە پرسیشی پێنەکراوە چونکە گواستیانەوە لەناو منداڵان لەسەر جۆلانە یاری دەکردو نەیدەزانی مەسەلە چییە تا دایانە دەست پێغەمبەر (د.خ) وەك لە حەدیسی پێشەوە دەگێڕێتەوەو لەوکاتەشدا کە تەمەنی عائیشە نۆ ساڵان بووەو تەمەنی پێغەمبەریش (د.خ) پەنجاو چوار ساڵ بووە. ئەو کەسانەی بەناوی دین خەڵك دەخەڵەتێنن دەبێ خوا چ سزایەکیان بدا؟ لە دونیا ڕوو زەردی و لە قیامەتیش دۆزەخ.

ئەمەیە بڕیاری فیقهی ئیسلامی لە بارەی مارەکردنی ژن و چۆنیەتی بەشوودان، ئیدی ئەو کەسانەی دەڵێن (ئایینی ئیسلام مارەکردنی بێپرس و مارەبڕینی سەر لانکە پووچەڵدەکا) نازانم لە کام ئایین و دینیان وەرگرتووە؟

# پلەی کۆمەڵایەتی ژنان

لە بارەی شایەتی و میرات و خوێن، ژن بە کەمتر لە پیاو تەماشا دەکرێ، بۆ شایەتی دووژن لە جیاتی پیاوێك دادەنرێن و لە میراتیشدا نیو بەش وەردەگرێ لە خوێنیشدا نیو ئەوەندەی خوێنی پیاو وەردەگرێ وەك لە قورئاندا هاتووە لە ئایەتی (282) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (واستشهدوا شهيدين من رجالكم فأن لم يكونا رجلين فرجل و امرأتان ممن ترضون من الشهداء ان تضل احديهما فتذكر احديهما اخرى) واتە دوو پیاو بکەن بە شایەت، ئەگەر دەست نەکەوت ئەوا پیاوێك و دوو ژن لەوانەی پێتان باشن، ئەگەر یەکێکیان لە بیری






**پیاو سەردارو گەورەی ژنە، لەبەر ئەوەی خوا پیاوی بە گەورەتر داناوە لەبەرئەوەیش کە پیاو لە ماڵی خۆیان خەرجیان داوە بە ژنان (وەك مارەیی و ناندان و جلوبەرگ کردن بۆ ژنی تەڵاق دراو) و مارەیی**

چووەوە ئەویتر بیری بخاتەوە. لێرەدا بۆ شایەتی، ژن بە نیوەی پیاو ژمێردراوە، وەك لە میراتدا وایە سورەتی ئەلنیساء ئایەتی (12) دەڵێ (و لكم نصف ما ترك ازواجكم ان لم يكن لهن ولد فأن كان لهن ولد فلكم الربع مما تركن من بعد وصية يوصين او دين. و لهن الربع مما تركتم من بعد وصية توصون بها او دين) واتە میرات لە ژنانتان نیوەی بە جێماوەکە ئەگەر منداڵیان نەبوو، ئەگەر منالیان هەبوو ئەوا چواریەکی بە جێماوەکە پاش بەخشین و دانەوەی قەرز، میراتی ژنان لە مێردیان چواریەکی جێماوەکە ئەگەر منالتان نەبوو، ئەگەر منداڵتان هەبوون ئەوا هەشتیەك وەردەگرن پاش بەخشین و قەرزدانەوە.

ئایەتی (11) لە سورەتی ئەلنیساء دا (يوصيكم الله في اولادكم للذكر مثل حظ الأنثيين) واتە خوا لە بارەی میراتی منداڵەکانتان پێتان دەڵێ بۆ نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێ، لە ئایەتی (176) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (و ان كانوا اخوة رجالا و نساء فللذكر مثل حظ الانثيين يبين الله لكم ان تضلوا و الله بكل شيء عليم) واتە ئەگەر میراتگران خوشك و برا بوون ئەوا نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێ دەبا، خوا ئاوا بۆتان دیاریدەکا نەوەکو بە هەڵە بچن، خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە ئیمامی شافیعی دەڵێ: نەمزانیوە نە لە پێش و نە تازە کەسێك لە زاناکان هەبووبێت و هەبێ ڕای لەگەڵ ئەوە نەبێ کە خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە ئەم خوێنەش بۆ ژن پەنجا حوشترە، ئەگەر بڕیاری خوێندان درا بۆ ژن ئەوە پەنجا حوشتر دەدرێ، ئەگەر ژنێك بە ئەنقەست کوژراو کەس و کاری خوێنیان داواکرد ئەوا خوێنی پەنجا حوشترە. ئەمەش دەقی قسەی ئیمام (قال الشافعي رحمه الله تعالى: لم اعلم مخالفا من اهل العلم قديما و لا حديثا في ان دية المرأة نصف دية الرجل و ذلك خمسون من الأبل فأذا قضي في المرأة بدية فهي خمسون من الأبل، و اذا قتلت عمدا فأختار اهلها ديتها فديتها خمسون من الأبل).

## لێدانی ژن

ئایەتی (34) لە سورەتی ئەلنیساء دا دەڵێ (الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض و بما انفقوا من اموالهم فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله و اللاتي تخافون نشوزهن غعظوهن و اهجروهن في المضاجع و اضربوهن فأن اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا) واتە پیاو سەردارو گەورەی ژنە لەبەرئەوەی خوا پیاوی بە گەورەتر داناوە لەبەرئەوەیش کە پیاو لە ماڵی خۆیان خەرجیان داوە بە ژنان (وەك مارەیی و ناندان و جلوبەرگ کردن بۆ ژنی تەڵاق دراو) و مارەیی. بە زاوی دەڵی بە گەورە دانانی پیاو لەبەر تەواوی هۆش و بیرو ڕێك پێکی بەڕێوەبردنی کاروبار پتر هێز لە کارکردن و خواپەرستی هەر لەبەر گەورەیی پیاوە کە خوا پێغەمبەرایەتی و پێشەوایی سەرداری کارو جێبەجێکردنی کارو فەرمانی خەڵك و شایەتی و خەباتکردن (جیهاد) نوێژی هەینی و بەشی زۆری میرات تەنهایی بە جیابوونەوە لە ژن (تەڵاقدان) بە پیاوی سپاردووەو لەسەر شانی داناوە (ژنی خۆش ڕەفتاریش ئەوەیە کە خواپەرست بێ و لە خواترس بێ و بە گوێی مێردی بکاو بە پێویستی ژن و مێردایەتی هەستێ و پاشملەی مێردی پارێزگاری لە لەشی خۆی و ماڵی مێردی بکا) پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (چاکترین ژن ئەو ژنەیە کە تەماشای بکەی دڵخۆش بێ ئەگەر کارێکی پێ بڵێی جێبەجێی بکاو ئەگەر پشتت تێ کرد بتپارێزێ لە خۆی و ماڵت) ئەوجار پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە (ئەو ژنانەی بە گوێتان ناکەن ئامۆژگاریان بکەن و لە گەڵیان مەنون و لێیان بدەن ئەگەر بە گوێیان کردن بە هانایان پێمەگرن و ستەمیان لێمەکەن).

بەیزاوی دەڵی هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەڵێن سەعدی کوڕی ئەلڕەبیع کە یەکێك بووە لە گەورەپیاوانی ئەنصاری ژنەکەی (حەبیبە) کچی (زەید)ی کوڕی (ئەبو زوهەیر) بووەو نافەرمانی کردووە ئەویش زللەیەکی لێداوە، باوکی ژنە ژنەکەی هەڵگرتووەو چووەتە لای پێغەمبەر (د.خ) پێغەمبەریش گوتوویەتی: با تۆڵەی لێ بەسنرێتەوە. پاشان ئەم ئایەتە هاتە نوسین و پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: ئێمە شتێکمان ویست و خوا شتێکی تر ئەوەی خوا ویستوویەتی چاکترە. کەوابوو ژن وەك کرێ گرتەی پیاو دەبێ بە فەرمان بێ و هەرکاتێك نافەرمانی کرد ئامۆژگاری دەکرێ ئینجا لەگەڵی نانوێ ئەگەر هەر نافەرمانی کرد لێی دەدرێ، ئەمەش وەك دیمان، نەسی ئایەتی قورئانە. دەی ئەو یەکسانی ژن و پیاوە لە کوێیە؟! و ئەو ڕوانگە

هاونەوعییە لە کوێیە؟! ئا ئەمەیە حوکمی ئیسلام و لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویستە پێی ڕازی بێ‌و بە فەرمان بێ‌و بە دڵخۆشییەوە پەیڕەو جێبەجێ بکات.

## جلوبەرگی ژن و ژن خۆی شەرمە (عەورەتە)

بە پێی دینی ئیسلام پێویستە ژن خۆی داپۆشێ‌و جوانی خۆی‌و لەشی لەبەرچاوی پیاوی بیانی (نامەحرەم) وەدەرنەخا، واتە لەشی ژن لە خودی خۆیدا شەرمە (عەورەتە) ئەم قسەی (هەستە وەرە عەبات فریدە چ وەعدەی شەرمە) بانگەوازێکە دژ بە ئایینی ئیسلامە فەرموون با لێی بکۆڵینەوە، ئایەتی (31) لە سورەتی ئەلنووردا دەڵێ (وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن و يخفضن فروجهن و لايبدين زينتهن الا ما ظهر منها و ليضربن بخمرهن على جيوبهن و لايبدين زينتهن الا لبعولتهن او آباء بعولتهن او ابناء بعولتهن او اخوانهن او بني اخوانهن او بني اخواتهن او نسائهن او آباء بعولتهن او ابناء بعولتهن او اخوانهن او بني اخوانهن او بني اخواتهن او نسائهن او ماملكت ايمانهن او التابعين غير اولي الأربعة من الرجال او الطفل الذين لم يظهروا على عورات النساء و لايضربن بأرجلهن ليعلم ما يخفين من زينتهن و توبوا الى الله جميعا ايه المؤمنون لعلكم تفلحون) واتە ئەی پێغەمبەر بە ژنانی موسوڵمان بڵی با چاوی خۆیان دانەوێنن لە تەماشاکردنی ئەو پیاوانەی نامەحرەمن هەروەها با لەش و دامەنی خۆیان بپارێزن لە خراپەکاری و داوێن پیسی، جوانی لەشولاری و جوانی خشڵ و بەرگیان بۆ بێگانە بەدەرنەخەن تەنها ئەو شوێنانە نەبێ کە ناچارن وەدەری بخەن (وەك دەموچاو هەردوو دەست بە ئەندازەی ناولەپ واتە تا مەچەك، چونکە داپۆشینی ئەم شوێنانە ئاسان نییە) هەروەها با مل و گەردنیان بە لەچك داپۆشن و جوانی خۆیان بۆ بیانی وەدەرنەخەن تەنها بۆ مێردیان وەدەری بخەن (چونکە مێرد پێویستی بە جوانی ژنی هەیە) دیسان ئەگەر جوانیان لەبەرچاوی باوکی مێردیان و کوڕی مێردیان یان برایان یان کوڕی برایان یان کوڕی خوشکیان یان ژنانی موسوڵمان یان کارەکەریان یان دەست و پێوەندی پیر کە توانای پیاوەتیان نەمابێ‌و یان منداڵانی وەها کە هێشتا بە سەروکاری ژن و مێردایەتی نازانیت بەدەرخەن گوناح نییە هیچی جوانیان نابێ لەبەرچاوی ناموسوڵمان و کافر، چونکە لەوانەیە ژنە کافرەکان بۆ مێردەکانیان بگێڕنەوە) ژنانێك کە خۆیان بە چارۆکە دادەپۆشن و جوانیان دەشارنەوە نابێ پێی خۆیان توند لە زەوی بدەن تاوەکو خرنگەی پاوانەیان بێ‌و بەمە ئەوەی شاراوەتەوە لە جوانی بەدەری بخەن و بە خەڵکی ڕاگەیەنن کە پاوانەیان لەپێیە (چونکە لایەکتان بگەرینەوە پاشگەزببنەوە لەوەی پێشتر کردوتانەو چیتر ئەو کارو ڕەفتارە خراپانە مەکەن فەرمانی خوا جێبەجێ بکەن.

لێرەدا ژنی موسوڵمان نە تەنها لەبەرچاوی بێگانە دەبێ خۆی بە چارۆکە داپۆشێ، بەڵکو دەبێ لەبەرچاوی ژنانی کافریش خۆ داپۆشێ. ئیدی ئەم عەبا فریدانی ئازادی ژن لە کام ئایین هاتووە؟!

ئایەتی (60) لە سورەتی ئەلنوردا دەڵێ (و القواعد من النساء التي لايرجون نكاحا فليس عليهن جناح ان يضعن ثيابهن غير متبرجات بزينة و ان يستعففن خير لهن و الله سميع عليم) واتە ئەو ژنانەی لە سك چوونەتەوەو عوزرشۆر نین و ئومێدی مێرد کردنیان نەماوە لە خۆ گەڕاونەتەوە گوناحیان ناگاتێ ئەگەر چارۆکەیان لابەن و فڕێی بدەن، بەبێ بە دەرخستنی جوانی لەشی خۆیان، بەڵام ئەگەر چارۆکەش فڕێنەدەن و هەر لە بەریاندا بێ بۆیان باشترە (ئەم دوو ئایەتە بەڵگەی زۆر بە هێزو ئاشکران، کە نابێ ژن هیچ جێگایەکی لەشی خۆی یا جلی جوانی‌و خشڵی لە ملوانکەو گوارەو لاشەرەو پشتێنەو قۆی‌تاس پڵپڵەو کەمەرەو خەناوکەو پاوانەو گۆبەرەو بەرمورو شتی لەم بابەتانە دەربخەن و دەبێ بە چارۆکە داپپۆشن بە تایبەت ئەو شوێنانەی نیشە بزوێنن وەك پوزو مەمك و سمت و ڕان و کە بە جلی تەسك لەبەرکردن دەردەکەون، پێش هاتنی ئەم ئایەتانە ژنانی پێش ئیسلام بێ چارۆکە بوون‌و هەرچی لە بەریان بووە لە خشڵ و کەلوپەلی بە نرخ هەروەها سنگ و مەمکیان، قورئان ئەم ڕەفتارەی قەدەغەکرد لە ژنی بڕواداری موسوڵمان وناوی ئەم ڕەفتارانەی ناوە (ڕەفتاری تاریکی‌و نەزانی) یا وەك زاراوەی ئەمڕۆی خۆمان

**بە پێی دینی ئیسلام پێویستە ژن خۆی داپۆشێ‌و جوانی خۆی‌و لەشی لەبەرچاوی پیاوی بیانی (نامەحرەم) وەدەرنەخا، واتە لەشی ژن لە خودی خۆیدا شەرمە (عەورەتە)**





(کۆنەپەرستی و ڕەجعی) کەواتە ئەوانە بە ناوی ئایین بانگی ژنان دەکەن کە چارۆکەیان فڕێدەن چ وەعدەی شەرمەو دەست لە دەستی پیاو بنێن بۆ بنیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و پڕ لە خۆشی‌و شادی، ئەمانە دژ بە ئایەت دەوەستن هەرچەند خۆیان بە پیاوی ئایین ناس و دۆست و نوێکەرەوەی دین بزانن ئەوەش بزانن هیچ دینێك نوێ و کۆنی تێدا نیەو ئەوەی ئەوانە بە پێشکەوتنی دەزانن وەك ئەوەی ژنانی خوێندەوار دەیکەن وەك لەبەرکردنی تەنورەی تەسك (مینی ژوپ) و پنتۆڵی تەسك و نیوەی مەمك بەدەرخستن‌و یان کراسی وا تەنك لەبەرکردن کە مەمکیان بی مەمکەوانە لەبن کراسیان بەدیدەکرێ، ئەمانەو پتریش لەمانە پێشکەوتن نییە، چونکە ژنەکانی پێش ئیسلام لەمانە پتر خۆیان خەریك کردووە وەك کوتاڵێکی جوان خۆیان پیشانی خەڵك داوە هەروەك خواردنەوەی کحول و قومارکردن و چاوچڵێسی پێشکەوتن نییە ئەمانە زۆر لەمێژەو پێش ئیسلامیش هەبوون وەك ئارەزوویەك لە مرۆڤدا هەبووە، بەڵکو پێشکەوتن لە ڕەفتارو ڕەوشت و زانست و پیشەسازی‌و قسەو گوفتارو کردارو لەبیرکردنەوەدایە، کە بە داخەوە ئێمەی ڕۆژهەلاتی هەر ڕەفتاری گەوجییەکەمان بێ پێشکەوتنەو لە دوای دەڕۆین کە وەك عەرەبەکانی پێش ئیسلام پێیان وابوو کە لە مێردی‌و پیاوەتی مرۆڤ ئەوەیە کە (کەم خۆری زۆر پەڕ بێ) کە بە عەرەبییەکەی دەڵێن (الرجولة في قلة الطعام و كثرة الوقاع) بەم پێوانە بێ چۆلەکە هاوتا نییە لە هەموو جیهاندا لە کەڵە مێردی‌و پیاوەتی چونکە کەس وەك ئەو کەمخۆر نییەو کەسیش هەندەی ئەو زۆر پەڕ نییە. بەڵام جێی داخە ئێستاش مێشکەکە هەر ئەو ڕستەی تێدایەو ڕەفتاریشی پێدەکرێ!! ڕاستە ئەویش پێویستە وەك خواردن و خواردنەوە بەڵام نابێ سەرمەشقی بیرو فەلسەفەمان بێ.

ئایەتی (28) لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (يا ايها النبي قل لأزواجك ان كنتن تردن الحيوة الدنيا و زينتها فتعالين امتعكن و اسرحكن سراحا جميلا) واتە ئەی پێغەمبەر بە ژنانت بڵێ ئەگەر جوانی‌و خۆشی دنیاتان گەرەکە وەرن با جلوبەرگتان بۆ بکەم و بەرەڵاتان بکەم بە خۆشی‌و ریکی. هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەڵێن ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) جلی باش و نانی پترو باشتریان لە پێغەمبەر (د.خ) خواست و ئەم ئایەتە هاتە خواریێ‌و پێغەمبەر لە عائیشەوە دەستیپێکرد، ئەویش مانەوەی لای پێغەمبەرو ڕەزامەندی خوای هەلبژارد پاشان ژنەکانی پێغەمبەر پاشگەز بوونەوە لە خواستەکانیان، ئەمە وا دەردەخا ئەگەر ژن شتێکی خواست و مێرد لە دەستی نەدەهات و نەیبوو ژنەش سووربوو لەسەر خواستەکەی مێرد سەرپشکی دەداتێ بۆ ئەوەی ئەگەر بمێنێتەوە بێ جێبەجێی خواستەکانی با تەلاق وەرگرێ.

مێرد حالی چۆن بوو جۆری ژیانی پێویستە لەسەر ژن کە بە ئەندازە حاڵی مێردی بەو پێیە ڕەفتار بکا، پێغەمبەر (د.خ) کەوای کردبێ پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانان ڕەفتار بکەن چونکە پێغەمبەر (د.خ) پێشەواو پێشڕەوی موسوڵمانانەو دەبێ موسوڵمان هەموو ڕێبازی پێغەمبەر بگرێ وەك لە ئایەتی (21) لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (لقد كان لكم في رسول الله اسوة حسنة لمن كان يرجوا الله و اليوم الآخر) واتە بە ڕاستی پێغەمبەری خودا (د.خ پێشڕەوێکی چاکە بۆ کەسێکی خواپەرست و بڕوادار بە ڕۆژی دوایی.

یانی هەر کەسێك بیەو وای لێ ڕازی بێ‌و ڕۆژی دوایی بۆ خۆی دابین بکا، کە لەسەر ڕێ و شوێنی پێغەمبەر بڕواو چاو لەو بکاو ڕەفتارو کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ) جێبەجێ بکا، ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ موسوڵمانان و ڕێگەیەو پێویستە لەسەری بڕۆن، دیارە مەبەست ئەو کردارو ڕەفتارانەیە کە پلەی ڕاستی وەرگرتووە لە لایەن موسوڵمانان چونکە هەر ڕەفتارێك و کردارێك و گوفتارێك گێردرابێتەوە لە پێغەمبەر (د.خ) و نەگونجێ لەگەڵ ئەحکامەکانی قورئان ڕەت دەکرێتەوەو ڕەفتاری پێ ناکرێ بە کردەوەو قسەی پێغەمبەر (د.خ) ناژمێردرێ، چونکە هەر ئایەتێکی تری قورئان لە سورەتی ئەلقەلەمدا دەڵێ (و ان لعی خلق عظیم) واتە بە ڕاستی ئەتۆ ئەی پێغەمبەر خاوەن ڕەوشتێکی بەرزو گەورەی.

ئەوانە بە ناوی ئایین بانگی ژنان دەکەن کە چارۆکەیان فڕێدەن و دەست لە دەستی پیاو بنێن بۆ بنیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و پڕ لە خۆشی‌و شادی، ئەمانە دژ بە ئایەت دەوەستن هەرچەند خۆیان بە پیاوی ئایین ناس و دۆست و نوێکەرەوەی دین بزانن

ئایەتی (33) لە سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (و قرن في بیوتكن و لا تبرجن تبرج الجاهلیة الأولى) واتە ئەی ژنانی پێغەمبەر لە ماڵی خۆتان ئۆقرە بگرن و مەچنە دەرەوەو كە چوونە دەرەوەش فیز لێمەدەن و بەناز مەڕۆن وەك نازو خۆپیشاندانی ژنانی سەردەمی نەزانیو گەوجی پێشوو. لێرەشدا ئایەت ڕێ پیشاندەری ژنانی موسوڵمانە كە وەك ژنانی پێغەمبەر ڕەفتاربكەن و نەچنە دەرەوەی ماڵ بشچن دەبێ خۆداپۆشن و جوانی خۆیان دەرنەخەن.

ئایەتی (53) لە هەمان سورەتدا دەڵێ (و اذا سألتموهن فسألوهن من وراء حجاب ذلك اطهر لقلوبكم وقلوبهن. وما كان لكم ان تؤذوا رسول الله ولا ان تنكحوا ازواجه من بعده ابدا ذلكم كان عند الله عظیما) واتە ئەگەر شتێكتان لە ژنانی پێغەمبەر خواست لە پشت پەردەوە لێیان بخوازن ئەمە پاكترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش تا گەردی لێنەنیشێ و دووریشە لە دڵپیسی، هەرگیز نابێ ئێوە ئازاری پێغەمبەر بدەن و نابێ لە پاش خۆی ژنەكانی مارەبكەنەوە، كردنی ئەم كارانە لای خوا زۆر گران و گەورەیە. ئەم ئایەتە فەرمانە بە ژن ك لەبەرچاوی پیاوی نامەحرەم خۆی داپۆشێ. دەگێڕنەوە ئیمامی عومەر (خ.ل) بە پێغەمبەری گوت: خۆشەویست چاك و خراپ هاتووچۆی ماڵتان دەكەن، ئەگەر فەرمانت بدابایە دایكی موسوڵمان خۆیان داپۆشن كە بێگانەكان دەچنە ماڵ. پاش ئەم داخوازییەی ئیمامی عومەر ئەم ئایەتە هاتەخوارێ.

دیسان دەگێڕنەوەو دەڵێن جارێكیان پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵەكانی لە ماڵی خۆیان نانیان دەخوارد دەستی پیاوێكیان بە دەستی عائیشە كەوت و پێغەمبەریش ئەمەی دیو زۆری پێناخۆش بو، ئەم ئایەتەی خۆداپۆشتنە هاتە خوارێ، ئەم قسەیە تەفسیری بەیزاوی دەیگێڕێتەوە. هەرچۆنێك هەیە وە هەر هۆیەك بێ بۆ هتانی ئەم ئایەتە، ئایەت ئاشكرایە كە هەر نەك هەردەبێ ژن خۆی داپۆشێ لە بەرەو ڕووی پیاوی بیانی بەڵكو دەست لەناو دەست نان وە لە تەنیشت یەكتری دانیشتن و كاركردن پێكەوە هەر نابێ.

هەرچەندە ئەم ئایەتە تایبەتە بۆ ژننای پێغەمبەر (د.خ) بەڵام چونكە پێغەمبەر پێشەواو ڕابەری موسوڵمانانە وەك نمونە تەماشا دەكرێ بە پێی ئایەت دەبێ چاوی لێبكرێ وە لە ڕێو شوێنی ئەودا ڕەفتار بكرێو پەیڕەوی ڕەفتارو كردارو گوفتاری پێغەمبەر بكرێ چونكە ئایەت دەڵێ (لقد كان لكم في رسول الله اسوة حسنة) هەروەها لە سورەتی ئەلجموعەدا ئایەتی (2) (هو الذي بعث في الأمیین رسولا منهم یتلو علیهم آیاته و یزكیهم و یعلمهم الكتاب و الحكمة و ان كانوا من قبل لفي ضلال مبین) واتە خوات ئەو كەسەیە كە لە نەخوێندەواراندا نێردراو و پێغمبەرێكی خۆی نارد، كە ئەم نێردراوە پێغەمبەرە ئایەتی خوایان بۆ دەخوێنێتەوە وە پاكیان دەكاتەوە لە پیسیو بێ ئیمانیو نەزانی و فێری خوێندن و حیكمەتیان دەكات هەرچەندە ئەوانە لە پێشدا لە نەزانیو گومڕاییدا بوون. هەروەها ئایەتی (4) لە سورەتی ئەلقەلەمدا دەڵێ (و انك لعلى خلق عظیم).

بۆیە هەركەس خۆی بە موسوڵمان بزانێ وە خواو پێغەمبەر بناسێو بڕوای بە قورئان هەبێو ئایەتەكان و كردارو ڕەفتارو گرفتارەكانی پێغەمبەر (د.خ) بكا، وە هەر كەسێ ئەمانە بەلاوە بنێو خۆی بە پێشڕەوی چەرخ و سەردەم بزانێ وەك خۆی ئارەزوو دەكا یان وەك زروف و سەردەم دەخوازێ ڕەفتار بكا و بە مل ئیسلامیدا بڕێ تەئویلی ئایەت و حەدیس بە ئارەزووی خۆی بكا ئەوا دوورە لە ئیسلام و شتێكی ترە. ئایەتی (59) سورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (یا ایها النبي قل لأزواجك و نساء المؤمنین یدنین علیهن من جیلابیبهن ذلك ادنى ان یعرفن فلا یؤذین و كان الله غفورا رحیما) واتە ئەی پێغەمبەر بە ژننای خۆت و موسوڵمانان بڵێ با چارۆكەیان و سەرپۆشیان بە خۆدادەن، ئەمە وا دەكا كە بناسرێن و بە ژنی پاك و مەردیان بزانن تا ئازار نەدرێن لە لاین هەوەس بازان و ڕێیان پێنەگرن و گێچەڵیان پێنەكەن. تەفسیری بەزاوی دەڵێ: دەموچاو و لەشیان داپۆشن ئەگەر بۆ كارێك لە ماڵ چوونەدەرێو وەدەركەوتن، بۆ ئەوەی جیاوازیان هەبی لەگەڵ كەنیزەك تا ئەو كەسانەی شكیان هەیە ڕێگەیان پێنەگرن و خوا لە ڕابوردووتان خۆش دەبێ.

ئایەت ئاشكرایە كە هەر نەك هەردەبێ ژن خۆی دا بپۆشێ لە بەرەو ڕووی پیاوی بیانی، بەڵكو دەست لەناو دەست نان وە لە تەنیشت یەكتری دانیشتن و كاركردن پێكەوە هەر نابێ






# تێڕوانینی ژن

ژن وەك شتێكی جوان و خۆش بۆ پیاو دروستكراوە چ لە دونیا و چ لە ڕۆژی دواییدا مێینە بە شتێكی كەم تەماشا كراوە لە سەردەمی پێش ئیسلام بوونی عەرەب، وەك لەمەودوا بە ئایەت بە دیاری دەخەین، بەڵام ئایەتەكان هیچیان ئەم تێڕوانینە ڕەتناكاتەوە.

لە سورەتی ئالی عیمراندا دەڵێ (زین للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطر القنطرة من الذهب و الفضة و الخيل المسومة و الأنعام و الحرث ذلك متاع الدنيا و الله عنده حسن المآب قل أأنبئكم بخير من ذلك للذين اتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها و ازواج مطهرة و رضوان من الله) واتە لەبەر دڵی پیاوان جوان لەبارو شیرین كراوە ئارەزووی ژن و منداڵ و ماڵی زۆر لە زێڕو زیو و ئەسپی ڕاهێنراو گیانداران (وەك مانگاو مەڕو بزن و حوشتر) و كێڵگەو چاندەنی، ئەمانە هەمووی خۆشی ژیانی دونیان و خوا گەڵ لەمانە چاكتری لەلایە، ئەتۆ پێغەمبەر پێیان بڵێ: لەمانە هەمووی باشترتان پێبڵێم بۆ ئەو كەسانەی خواپەرست و پەیڕەوی فەرمانەكانی خوادەكا لای خوا بەهەشتی پان و بەرین كە بە ژێر دارو درەختەكانیدا جۆگاو رووبار دەڕوا، ژنی پاك و خاوێنی تێدایەو هەمیشە تێیدا دەژین و خواش لێیان ڕازییە. لەم ئایەتەدا ژن وەك مەڕوماڵات و زێڕو زیو تەماشاكراوە كە بۆ دڵخۆشی ڕازاوەتەوە. لە پێشتریش باسی ژن كراوە كە وە ك مەزاری پیاوە كە دەڵێ (نسائكم المتاع المرأة الصالحة) واتە دونیا خۆی كوتاڵو خۆشییە چاكترین كوتاڵ و خۆشی دونی ژنی چاكە.

ئایەتی (26) لە سورەتی ئال عیمران دەڵێ (فلما وضعتها قالت اني وضعتها انثى و الله اعلم بما وضعت و ليس الذكر كالأنثى) واتە ژنی عیمران كە سكی پڕبوو وە سكەكەی دانا گوتی: خوایە ئەوەی بوومە مێیە خواش بۆ خۆی چاكتر دەزانی چیم بووە نێرینەش وەكو مێینە نیە. ئەم ئایەتە دەربارەی ژنی عیمران كە دایكی مریەمەی دایكی عیسایە، دامەزرانی ئایەتەكە وا دەخوازێ

**لەم ئایەتەدا ژن وەك مەڕوماڵات و زێڕو زیو تەماشاكراوە كە بۆ دڵخۆشی ڕازاوەتەوە**

كە نێر لە بەرچاوترو باشتر بووە، بۆیە ژنی عیمران بە نائومێدی وە دڵساردی ڕوو لە خوا دەكاو دەڵی خوایە خۆ ئەوە من كچم بووە خۆشت دەزانی كە كچ وەكو كوڕ نییە.

ئایەتی (72) لە سورەتی ئەلنەحل دەڵێ (و الله جعل لكم من انفسكم ازواجا و جعل لكم من ازواجكم بنين و حفدة و رزقكم من الطيبات) واتە خوا لە ڕەنگی خۆتان ژنی بۆ دروستكردن و لە ژنەكانیش كوڕو نەوە (كوڕەزا) و نانێكی باشیشی داونەتێ. لێرەدا ڕوو لە پیاو دەكاو چاكەكانی خۆی كە لەگەڵ پیاوی كردووە دەژمێرێو بیریان دەخاتەوە لەوانە دەڵێ: خوا لەبەر دڵی ئێوەی پیاو وڵسات دروستكرد كە سوودبەخشەو گەرما بەخشەو لێشیان دەخۆن هەروەها وڵاخی بەرزو كەری بۆ دروستكردوون بۆ سواریو بارو جوانیو چاندەنیتان بۆ سەوزو شین دەكاو زەیتون و خورماو ترێو میوەی هەمەچەشنەی لەبەردەست داناون ئیدی بەم جۆرە لەهەر شتە كە خوا باسی دەكا. ڕوو لە پیاو دەكا كە ئاوا بۆی دروست و ئامادەكردوون تا دەگاتە باسی ژن كە وەك لە ئایەتی ڕابردودا باسی دەكا.

ئایەتی (21) سورەتی ئەلرووم (و من خلق لكم من انفسكم ازواجا لتسكنوا اليها و جعل بينكم مودة و رحمة) واتە لە گەورەییو نیشانەكانی خوا ئەوەیە كە لە خۆاتان ژنی بۆ دروست كردوون بۆ ئەوەی لە لایان ئۆقرە بگرن و لە نێوانتاندا خۆشەویستیو بەزەیی پەیدا كردووە. لێرەش ئایەت هەر ڕوو لە پیاو دەكا كە چاكەی خودا لەگەڵیدا ئەوەیە كە ژنی بۆ پیاو دروستكردووە تا لەگەڵیدا ڕابوێرێ.

ئایەتی (23) لە سورەتی (ص) دەڵێ (و عندهم قاصرات الطرف اتراب) واتە بۆ ئەو پیاوە بڕوادارانە خواپەرست و بەهەشتیانە ڕۆژی دوایی لەو بەهەشتەی كە گفتیان پێدراوە ژنی وەهایان دەدرێتێ كە چاولەدەر نین و تایبەتن بە خۆیان. ئایەتی (55) لە سورەتی ئەلدوخاندا دەڵێ (كذلك

و زوجناهم بحور عين) واتە ئەوانەی بەهەشتین ژنی جوانیان دەدرێتێ (ژنی سپیو چاوگەش) ئایەت گەلێك زۆرن لەم بابەتانەو لە هەموو شوێنێك باس باسی پیاوە، لە بەهەشت و لە دونیا هەموو چاکەیەك کە خوا کردویە لەگەڵ پیاو ئەوەیە کە ژنی بۆ ڕازاندووەتەوە لە دونیاو ڕۆژی دواییو پێشکەش بە پیاوی دەکا، بەڵام بۆ ژن خۆی هیچ باسێك نییە، ئیدی ئەو یەکسانییەی نێر و مێیە لە کوێیدایە کە ئەو نووسەرانە باسی دەکەن؟

ئایەتی (39) لە سورەتی ئەلنوردا دەڵێ (ام له البنات و لكم البنون) واتە خوا کچی هەیەو ئێوەش کوڕ. لێرەدا هەرچەندە بە پێی بیرو تێڕوانینی کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سەردەمە دەدوێ کە کەسێ کچی هەبووایە دەبوایە خۆی بە کەم و چاوشۆڕ بزانیایە بەرامبەر بەو کەسانەی کوڕیان هەبوایە، بەڵام ئایەت لە شوێنێکی تر باسی خراپی ئەم تێڕوانینە ناکاتو ڕەتی ناکاتەوە بۆیە هەروەکو خۆی دەمێنێ. پێغەمبەر (د.خ) لە کرداروو ڕەفتارو گوفتاری کارێکی وای نەکردووە کە ئەم عادەتە شتێکیخراپە.

ئایەتی (16) لە سورەتی ئەلزوخروفدا دەڵێ (ام اتخذ مما يخلق اناثا و اصفيكم بالبنين) واتە ئایا خوا لە دەستکردی خۆی کچی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو کوڕیشی بۆ ئێوە ڕەوا بینیوە. ئایەتی (17) لە هەمان سورەت (و اذا بشر احدهم بما ضرب للرحمن ظل وجهه مسودا وهو كظيم) ئەگەر یەکێك لەوان مژدەی پێبدرایە ئەوەی بۆ خۆیان داناوە (مێ) سەروچاوی ڕەش هەڵدەگەڕاو پیشی دەخواردەوە. ئایەتی (19) لە هەمان سورەت دەڵێ (و جعلوا الملائكة الذين هم عباد الرحمن اناثا اشهدوا خلقهم ستكتب شهادتهم و يسئلون) واتە ئەو فریشتانەی خوا کە بەندەی خوان بە (مێ) یان دادەنێن ئایا ئەوان ئاگاداری دروست بوونیانن؟ ئەمەیان لەسەر دەنوسرێت و لێشیان دەپرسرێتەوە. قورئان بەوە زۆر تەنگاوە کافرەکان فریشتەی خوایان بە (مێ) ناوبردووە بەڵام خوا بە زەمیری ئیشارەیان بۆ دەکا ئەگەر (مێ) شتێکی نایابەو یەکسانە لەگەڵ نێر بۆچی وا بەم جۆرە باسی دەکا؟ دیارە (ڕا)ی دین نایەکسانی ژن و پیاوەو بە یەك چاو تەماشایان ناکات. سورەتی ئەلئیسرا ئایەتی (40) دەڵێ (أفأصفيكم ربكم بالبنين و اتخذ من الملائكة اناثا انكم لتقولون قولا عظيما) واتە ئایا خوای ئێوە ئێوەی بۆ خۆشبەخت کردوە بە کوڕو بۆ خۆیشی فریشتەی (مێ)ی هەڵبژاردووە؟ ئێوە قسەیەکی گەلێك مەزن دەبێژن، لێرەدا قسە مەزنەکە لەبەر ئەوە نییە کە خوا کەسی هەڵبژاردووە لەگەڵ خۆی کاریان پێدەسپێرێ، بەڵکو قسە گەورەکە لەبەرئەوەیە کەسی (مێ)یان بۆ خوا داناوە، خۆ ئەگەر نێریان باس بکردایە هیچ ڕەخنەیەك نەدەبوو، چونکە ئەو تا بەرامبەر بەو (مێ)یە نێریان بۆ خۆ هەڵبژاردووە. ئایەتی (57،58،59) لە سورەت ئەلنەحلدا دەڵێ (و يجعلون لله البنات سبحانه و لهم ما يشتهون و اذا بشر احدهم بالأنثى ظل وجهه مسودا وهو كظيم. يتوارى من القوم من سوء ما بشر به ايمسكه على هون ام يدسه في التراب الا ساء ما يحكمون) واتە کچ بۆ خوا دادەنێن کە سەروی ئەم قسانەیە بۆ خۆشیان چی ئارەزوو بکەن (خوزاعەو کینانە لە نەتەوەی عارەب دەیانگوت فریشتە کچی خودان) ئەگەر یەکێك لەوان ئاگادار بکرایە بەوەی (مێینەی) بووە دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕاو پیشی دەخواردەوەو خۆی لە خەڵك دەشاردەوە لەبەرئەو مژدە ناخۆشەو پیسەو نەیدەزانی چی بکا! بەسەرشۆڕیەوە بیهێڵێتەوە یان زیندەبەچاڵی بکاو لێی ڕزگاربێ، ئەو گوتەیان کە کچ بۆ خودا دادەنێن و کوڕیش بۆ خۆیان، یا ئەو قسە کە منداڵ بۆ خوا دادەنێن، خراپترین و ناشرین ترین گوفتارە.

لەم چەند ئایەتانە دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نێرو مێداو لە قورئاندا لە هیچ شوێنێك ئەم قسانەی ڕەدنەکردووەتەوە بەوە کە بڵێ (نێرو مێ وەك یەکن) بە پێچەوانەوە لە تەلاقو مارەیی و بەشە میرات و شایەتی بە نیوەی پیاوی داناون و سەرداریش پیاو، بۆیە بە پێی ئایینی ئیسلام یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، هەرچەندە هەندێك چیرۆکنووس و نووسەر دەڵێن یەکسانن و بە ناوی ئاینی ئیسلامیشەوە، بەڵام دیارە ئەوان هەڵەن و ڕاست ناکەن و بەو هەموو ئایەت و حەدیسە بۆمان ڕوونبووەوە. جا با هەندێ کردارو گوفتاری پێغەمبەر بگێڕینەوە دەربارەی ژن (حدثنا هشام بن ابي عبدالله عن ابن الزبير عن جابر ان رسول الله (ص) رأى امرأة فأتى

لەم چەند ئایەتانە دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نێرو مێداو لە قورئاندا لە هیچ شوێنێك ئەم قسانە ڕەدنەکراوەتەوە، بەوە کە بلێ (نێرو مێ وەك یەکن)، بە پێچەوانەوە لە تەلاق و مارەیی و بەشە میرات و شایەتی بە نیوەی پیاوی داناون و سەرداریش پیاوە






امرأته زينب و هى تمعس منيئة فقضى حاجته ثم خرج الى اصحابه فقال (ان المرأة تقبل في صورة شيطان و تدبر في صورة شيطان فأذا أبصر احدكم فليأت أهله فأن ذلك يرد ما في نفسه)..) واته پێغەمبەر (د.خ) چاوی بە ژنێك كەوت و هەستا چووە لای زەینەبەی ژنی كە پێستەی چاك دەكردو ئارەزووی خۆی لێدامركاندو هاتەوە لای هاوەڵەكانی گوتی (ژن بەوێنەی شەیتان ڕووت تێدەكاو بە وێنەی شەیتان پشتت تێدەكا، ئەگەر یەكێك ژنی دیت و بەردڵی كەوت و حەزی چووە سەری با بچێتەوە لای ژنی خۆیو بەمە دڵی دادەكەوێو ئارەزووی دادەمركێ. لە ڕیوایەتێكی تردا دەڵی (عن ابن زبير قال جابر سمعت النبي (ص) يقول اذا احدكم اعجبته امرأة فوقعت في قلبه فليعمد الى امرأته فليواقعها فأن ذلك يرد ما في نفسه)..) واته ئەگەر یەكێك لە ئێوە ژنێكی جوانی دیو چووە دڵیەوە با بچێتەوە لای ژنی خۆیو لەگەڵیدا بنوێو ئەوەی لە دڵیایەتی لای دەبا. لێرەدا دەردەكەوێ كە ژن هەر بۆ ڕابواردنەو قسەیەك لە ئارەزووی ژندا نییە ئەنجا پێغەمبەر (د.خ) ژنی بە شەیتان ناوبردووە لەبەر ئەوە چونكە نەشەی پیاو دەجوڵێنێ هەتا لە ڕووی نێرو مێیایەتیش هیچ قسەیەك بۆ ژنان نییە ئەگەر ژنە حەزیشی لێنەبێ پیاو هەرپێی ڕادەبوێرێو كەڵكی لێوەردەگرێ لە ڕووی مێخوازییەوە وەك لە حەدیسی موسلیمدا جزمی یەكەم لاپەڕە (166)دا دەڵێ (عن عائشة قالت كن احدانا اذا كان حائضا امرها رسول الله (ص) فتأتزر بأزار ثم يباشرها) وە حەدیسێكی تر لە مەیمونە ژنی پێغەمبەر ڕیوایەت دەكرێ دەڵێ (عن ميمونة قالت كان رسول الله (ص) يباشر نساءه فوق الأذار و هن حيض) واته هەردو حەدیس بە یەك واتایە عائیشە دەڵی ئەگەر یەكێك لە ئێمە (ژنانی پێغەمبەر) لە بێنوێژیدا بایە پێغەمبەر فەرمانی پێدەكرد كە پاچە پەڕۆیەك لە شوێنەكەدا دابنێو ئەنجا دەستی پێدەكرد. مەیمونەش دەگێڕێتەوەو دەڵی پێغەمبەر (د.خ) دەچووە لای ژنی خۆی بەڵام پارچە پەڕۆیان دادەنا ئەگەر ژنەكان لە بێنوێژیدا بونایە. بێنوێژی (حەیز) حەدیسی تر بەم واتایە زۆرن لەم دوو حەدیسەش وا دەردەكەوێ كە تەنها ئارەزووی پیاو مەبەستە جێبەجێ ببێ دەنا ژنی بێنوێژ ئازار دەبینێو حەزی لێناكا بەڵام هیچ ڕێگەیەك بۆ ژنان نییە تەنها بەرفەرمانی پیاوو هەركاتێ نافەرمانیان لێ ڕووبدا بەپێی دەستووری ئیسلام ئامۆژگاری دەكرێن ئەنجا لەگەڵ نوستن ئەنجا لێدانیان.

ئیتر ئەم پیاهەڵگوتنی یەكسانییەی ئەو نوسەرو چیرۆكنووسانە دەڵێین لە كوێیەو بەڵگەیان دەبێ چی بێ؟

## پاشەكی

بەوەی لە پێشەوە باسمانكرد لە قورئان و كردارو ڕەفتارو گوفتاری پێغەمبەر هاوەڵەكانی پێغەمبەرو (ڕا)و قسەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بۆمان ڕوونبووەوە كە ژن یەكسان نییە لەگەڵ پیاو لە مافداو پیاو سەرداری ژنەو لە ژن گەورەترەو خوا ژنی بۆ هەوەس و ئارەزووی پیاو دروستكردووەو تەڵاق و مارەیی بەدەس پیاوەو باوك دەتوانێ كچی سەرلانكە بە شووبداو مارەی بكاو كچی خۆناس و عازەبیش بەبێ پرس بە مێرد بداو مارەی بكا.

پیاو دەتوانێ چوار ژنی هەبێ پێكەوەو لە یەك كاتداو وێڕای ئەو چوار ژنەش چەندی دەتوانێ كەنیزەكی هەبن و لەگەڵیاندا ڕابوێرێ، بەڵام ژن ناتوانێ كۆیلە بكڕێو لە گەڵیدا ڕابوێرێ وێڕای یەك مێرد، ئەگەر مافی ژن و پیاو وەك ئەو نووسەرو چیرۆكنوسانە دەڵێن یەكسان و وەكو یەك بوونایە دەبوو ژنیش بتوانێ وێڕای چوار مێرد پێكەوەو لە یەك كاتدا چەندی بتوانێ كۆیلەش بكڕێ بۆ ئەوەی لە گەڵیاندا ڕابوێرێو كەیف بكا، وەك پیاو بۆی هەیە وێڕای چوار ژن چەند بتوانێ كەنیزەك بكڕێو لە گەڵیاندا ڕابوێرێو كەیف بكا. ئەوجار وەك پیاو دەتوانێ ئەو چوار ژنانە یەك یەك تەڵاق بداو هی تر مارە بكا یا هەر چوار بە یەكەوە تەڵاق بداو چواری تر مارە بكا چەند لە دەستی دێو دارایی هەیە، ئەگەر ماف یەكسان دەبوو ژنیش بتوانێ بۆ هەوەسی خۆی مێردی تەڵاق بداو مێردی تر مارە بكاو بێنێ.

ئەمە دیارە لە ئیسلامدا شتی وەها نییەو ئەوەی ئەو نوسەرو چیرۆكنووسانە باسی دەكەن مەگەر لە خەیاڵی خۆیاندا شتی وا هەبێو بەخەو بیبینن و ئیسلام سەروی ئەم قسەو ڕەفتارە ناشیرینانەیەو لە قورئان و كردارو گوفتاری پێغەمبەرو یاوەرەكانیو (ڕا)ی ئیمامە مەزهەبیەكان بێو شەرمی لێنەكا وەك لەخۆی بگا پێشكەوتووەو ئایین هی سەدەی كۆنەپەرستییە.

دووا پرسیارم لەو مافخوازانی ژن ئەوەیە! ئایا ئەوانە ئەو مافە دەدەنە ژنەكەی خۆیان یا خوشكیان یان كچیان ئەگەر بە خۆی ڕاییوارد ئەوانیش ڕابوێرن؟! یان دەیانەوێ ژن و كچ و خوشكی خەڵكی بخەنە ناو تەڵەو تەونی جاڵجاڵۆكەی چیرۆك و نوسینیان و لەو ڕوانگەوە ڕاویان بكەن و لە ئەنجامیشدا كۆمەڵە قازو قوڵنگی دایكە حەوا گیرۆدەی بەندیخانەی ئارەزووی خۆیان بكەن!!

جا بۆ ئەوەی ئەوەیان بۆ سەربگرێ نەوەستاون بە تێڕوانینەكانی پێشكەوتنخواز بەناو بەڵكو هەوڵیشیان داوە دین و ئایینیش لەم ڕووەوە بكەنە پردی پەڕینەوەیان بۆ ئەو بەهەشتە خەیاڵییەیان.

ئیتر ئومێد دەكەم توانیبێتم تا ڕادەیەك باری ژن و پیاوی موسوڵمانم ڕوونكردبێتەوەو سوود بەخش بێ بۆ هەموولایەك ئەگەر كەموكوڕیەكیش بەرچاو بكەوی بە سوپاسەوە حەزدەكەم بخرێتە ڕوو بۆ خوێندەواران و بۆ خۆشم، سوپاس.

دووا پرسیارم لەو مافخوازانی ژن ئەوەیە! ئایا ئەوانە ئەو مافە دەدەنە ژنەکەی خۆیان یا خوشکیان یان کچیان ئەگەر بە خۆی ڕاییوارد ئەوانیش ڕابوێرن؟! یان دەیانەوێ ژن و کچ و خوشکی خەڵکی بخەنە ناو تەڵەو تەونی جاڵجاڵۆکەی چیرۆك و نوسینیان و لەو ڕوانگەوە ڕاویان بکەن و لە ئەنجامیشدا کۆمەڵە قازو قوڵنگی دایکە حەوا گیرۆدەی بەندیخانەی ئارەزووی خۆیان بکەن!!



# لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی دەقەکان و وشە وێکچوونی وشەکان بە ڕێنووسی کۆن و ئەمڕۆ لە شیعری نالیدا

عەبدولخاق مەعروف

لە پێشەوە هەندێکمان بۆ ساغ بۆوە کە تا چ ڕادەیێك کتێبەکەی ئەوان، کە بە سێ قۆڵی دەریان کردووە ناتەواوی‌و کەموکوڕی تێدا هەیە. کاکە حەمە هاتووە دەقەکانی کە دوکتۆر مارف نووسیویە بەرابەری پێدەکا لەگەڵ نوسخەی خۆیان، و لە مەدا کەوتۆتە هەڵە. چونکە ئەو دەقانەی خۆیان نووسیویانە لەبەر ڕوناکی ڕەسابوونی مەعنایان هەڵبژاردووە، یان چۆن لایان جوانتر بووە، با لە دەسختەکان جۆرێکی تر بووبێ. ئەوان هەر بە ئارەزووی خۆیان گۆڕیویانەو وەك ویستوویانە نووسیویانەتەوە.

لێرەدا ئێمە لێکۆڵینەوەییێك دەکەین‌و بەرابەرێك لەگەڵ هەردوو تێکست ئەوەندەی لە دەستابێ لایەنگیری بێهۆیەکی بەجێناکەین‌و لە هەمان کاتدا باسی ئەو بەیتانە ناکەین، کە کاکە حەمە بە هەڵەی داناون، کە چوکلەیێك لەسەر (ی)ییێك دانراوە یا دانەنراوە یا ئەو شوێنە جێگەی فاریزەیە یا نە یا ئەو (تا) یە (با)یە ئەبێ دوور بێ، چونکە ئەویان فیعلەو ئەویتر زەرفە، بەڵکو باسی ئەو بەیتانە دەکەم، کە لە (دەق) بە وشە لە یەکدی جیاوازن. هەروەهاش لەو وشانەی کە ناون کاکە حەمە کتێبە سێ قۆڵی‌یەکەیان لە پێشەکی تا دووایی باسی وشەئارایی‌و بەلاغەو موحەسیناتی لەفزی دەکەن، بەڵام بەو پێیەی هەردوولا کە بە ڕێنووسی ئەمڕۆیان نووسیوەتەوە زۆر لەو مەبەستانە تێکدەداو وێکچوونی وشەکانی کە بە ڕێنووسی کۆن دەنووسرا بە ڕێنووسسی ئەمڕۆ لێکیان جیادەکاتەوەو ئەو مەبەستانەی نالی هەیبوە بەدی نایێ دەبوو هەردوو لا شیعرەکانی (نالی) یان لە سەرەتای هەر لاپەڕەیەك بنووسیبایە، ئەوجا بە ڕێنووسی تازە.

بۆ دوو مەبەست: یەکێکیان ئەمەیە کە یاری بە وشەکە جێگەی خۆی بگرتایەو خوێنەریش ئەو خۆشی‌و تامەی بچێژیبایە. دووەم بۆ ئەوەی هەر کەسێکی تر بیەوێ لێبکۆڵێتەوە ئەو دەراوەی هەبوایەو ئەو مەعنای ئەوان کە ڕێنووسی‌نوێ کردوویانە بە ماڵ بەسەر خوێنەر نەدەبوە ماڵ.

ئومێد دەکەم ئەگەر جارێکی تر، هەر یەکێك لەوان یا کەسێکی تر دیوانی نالی چاپ کردەوە یا چاپی کرد ئەم تێبینی‌یە ڕەچاو بکاو لە ئێستاوە سوپاس دەکرێ. ئەمەش هەندێ لەو بەیتو

شێوانەن کە کاکە حەمە ڕەخنەی لێگرتون و بە هەڵەیان دەزانێ.

ل 88 لە چاپی ئێمەدا: ل 83–86. لە چاپی د. خەزنەداردا: ل 44

**تاتایی سەری تووڕەیی پڕ پێچیشی بادا**

**هەر تایێکی باریکی گوڵو نافە بە بادا**

تاتایی: ڕاستەکەی (تاتایی)یە واتە هەتا تالێکی نە تاڵ تاڵی. تووڕەیی: ڕاستەکەی (توررەیی= طورەیی)یە. تایێکی ڕاستەکەی (تایەکی)یە، ئەگێنا سەنگی بەیتەکە لەنگ ئەبێ. بادا ئەبێ بە (بادا) بنووسرێ چونکە (دا) کەی فیعلە وەك ئەڵێن فلانەکەس فلانە شتی دا بە با. وەك لە پێشەوە باسمانکرد، ئێمە لەوە نادوێن کە (تا)ی یەکەم لە وشەی (تاتایی) کەمی دوورتر بنووسرێ یا پێکەوە بنووسرێ هەرواش لە وشەی (بە بادا)، چونکە ئەمانە شتێکی زۆر ئاساییە تەنها ڕەنگە لە قوتابخانەکانی سەرەتایی بۆ منداڵان وا بنووسرێ وەك ڕوونکردنەوەو شەرحکردن، دەنا لە زمانی تری خەڵکی ئەم شتانە کەس لێی نادوێو هەردەبێ پێکەوەش بنووسرێ، چونکە خەڵکی خوێندەوار لەگەڵ خوێندنەوەیان و شوێنی نووسینی ئەمان لێکیان جیادەکاتەوە بە خوێندنەوەش دەریدەبڕێ ئیدیلە نووسیندا دەبێ وا بنووسرێ گوتەیەکە، هەر کاکە حەمە دەیڵێو کەسیش گوێی پێنادا و ناشبێ خەڵك دوای ئەم گوتەیە بکەوێ، چونکە ئەو هەر بۆ ڕەخنە هێناویە، وەك فەقێی حوجرە لە شتی ئاوا بێبایەخ دەگەڕێ دەنا ساغکردنەوەی (دەق)کەی لەم شتانەدایە؟. (تووڕەیی) دیارە هەڵەی چاپە، چونکە دوکتۆر لە شوێنی تردا بە (توررەیی) نووسیوە، کاکم هەر بۆ قسە زۆرکردن کە خۆیشی دەزانێ هەڵەی چاپە بەڵام هەر دەینووسێ. (تایەکی) یا تاییکی لە ڕوی عەروزیەوە هیچ ناگۆڕێ نازانم کاکە حەمە ئەمەی لە کوێ هێنا دەڵێ (ئەگینا سەنگی بەیتەکە لەنگ ئەبێ). چونکە هەردوو وشە لە ڕووی عەروزییەوە پێکهاتووە لە "سەبەبێکی خەفیف" کە "تا"یەو (وەتەدی مەجموع) کە "یێکی" یا "یەکی"یە لە عەروزدا ئەگەر وشەیێك لە دوو پیت پێکهاتبێ یەکەم حەرەکەداربێو دووەم ساکین بێ پێی دەڵێن "سەبەبی خەفیف"




وەك وشەی با، دا، تا، ما، کا، لا، را، ڤا، ها، ئیدی بەم جۆرەو هەر وشەیێکیش پێکهاتبێ لە سێ پیت، دوو پیتی یەکەم حەرەکەداربن و، سێیەم ساکین بێ پێی دەڵێن "وەتەدی مەجموع" وەك یەکی، یێکی، دەبا، دەمێ، سەما، دەکاو بەم جۆرە ئیدی چۆن ئەگینا سەنگی بەیتەکە لەنگ ئەبێ کاکە حەمە؟

بەیتی دووەم کە دەڵێ:

**گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بوتمان دا**

**لەرزی قەدی بەرزی لە ڕقا زولفی کە بادا**

کاکە حەمە دەڵێ: "بوتمان: ڕاستەکەی (بوتیما)یە هەم لەبەر هاوسەنگی "ما" لەگەڵ وشەکانی دوا نیوە بەیتەکانی ترو، هەم لەبەر باری موسیقای نیوە بەیتەکە خۆیشی". کاکە حەمە وەك دیمانو لە مەودوایش دەیبینین دوکتۆر تاوانبار دەکا کە وشەی کوردی دەباتەوە سەر فارسی لێرەدا خۆیانی لەبیر ئەچێ دەنا بۆ دەبێ (بوتمانی) کوردی بگەڕێتەوە سەر فارسی کە (بوتی) واتە بوت بە ئیضافە بۆ "ما"ی فارسی کە واتە ئێمە. هەموو بەڵگەیێکی ئەمەیە کە خۆیان وایان نووسیوەو هاوسەنگی لەگەڵ دوانیوە بەیتەکانی ترو باری مۆسیقای نیوە بەیتەکە، جارێ لە ڕووی عەروزییەوە ئەم گوتەی کاکە حەمە وانییە شاعیر ئازادە لەمە وشەکانی هەر نیوە بە یتە لەگەڵ یەکتری هاوسەنگ بن یا نەبن لەگەڵ پێشەوەی یا پاشەوەیو یا لەگەڵ دوا نیوە بەیتی دووەم، ئەوەی گرنگەو نابێ شاعیر خۆی لێ لادا نەیتوانیوە بڵی لەنگ دەبێ چ بڵی باشە: باری مۆسیقا قسەیەکی ڕەوان و جوانە لە شیعردا کێبێ بڵێ نا وانییە چونکە گەر وای گوت دیارە کابرا گوێی مۆسیقای نییە کێ بێ ئەوەی بە خۆ ڕەواببینێ وەك "کڵاوەکەی پاشا" ئەنجام هەتا ئەوەش بسەلمێنین کە بەڵێ هاوسەنگی جوانە بابێ، ئەدی هەر کاکە حەمە خۆی لە لاپەڕە (93)ی کتێبەکەی خۆی لە ڕەخنەگرتن دەڵی "نەم: ڕاستە لەگەڵ (بەم) هاوسەنگەو ڕاستیشە بە فارسی هەر مەعنای (نم)ی کوردی ئەبەخشێ بەڵام ئاخۆ ڕاستە بۆ ئەم هاوسەنگییە ناپێویستە وشەیەکی فارسی لە جیاتی وشەیەکی کوردی بەکاربێنین؟". وەڵڵاهی هەر خۆت دەیزانی ئێمە چ بڵێین خۆت لە خۆت بپرسە ئەم دوو

گوتەیە کامیان ڕاستەو ئەمە خۆت گوتەنی (چەندی بە چەندە).

ل 89 لە چاپی ئێمەدا ل 84، لە چاپی د. خەزنەداردا ل 44:

**دەمدەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە**

**بۆ دەعوەتی ماچی لەبی گۆیا دەمی نادا**

"لەبی: ڕاستەکەی (لەبە)یەو ناسکی شیعرەکەش لەوە دایەوە، ئەم جۆرە وردەکارییە مەعناییانەیان پێیان ئەڵێن (جیهانی نالی).."

جارێ با مەعناکەی ئەوانی سێ قۆڵی کە هێندە بە ناسکی دەزانیو تانە لە دوکتۆر دەدا کە گوایا دوکتۆر لە جیهانی "نالی"دا ناژیو ئەگەر بژیابا وەك ئەوان دەینووسی "لەبە" ئەوان لە لاپەڕە (84)دا دەڵێن (واتە کە یار جاروبار دەمی ئازاردەری خۆی ئەکا بە خونچەی نەپشکوتوو قوتی ئەکاتەوە بەم کردارەی وەڵامی دڵدارەکانی ئەداتەوە کە داوای ماچی لێئەکەنو ئەم بە خونچە کردنەی دەمی مەعنای ئەوەیە کە ماچی دەمی ناداو گوایە ئەڵێ وەرن ماچی لێوم بکەن. یاخود مەعنای ئەوەیە دەمی بۆ ماچکردنی لێوی بانگەواز ئەکا. دەی کامەتە ناسکییەکە هەر مەعناکە وانییەو بە سی قۆڵی تێدا بە هەڵەچوون، چونکە ئەو کەسانەی داوای ماچی لێئەکەن بە یار دەڵێن وەرە ماچێکی لێوانمان بدەیێ، یار بەو زارەی کە هەر جار ئازاری داوون بە قسە کە "نا"ی گوتوە یا قسەی ناشیرینی پێگوتون بەم زارە پڕە ئازارە کە وێکی دەینێتەوەو کۆی دەکاتەوە دەڵێ "نا"دە مەیی ماچ نادا. لێرەدا وشەی "گویا" مانای فارسییەکەی هەیەو "گۆیا"ی کوردی نییە کە وەك ئەوان نووسیویانەو مەعناشی یان کردووە بە "گویا". مەعنا فارسییەکەشی ئەوەیە کە "دەڵێ" و ئیسمی فاعیلە وەکو "قائیلەن"ی عەرەبی. وشەی (دەمێ)ش لە (دە) و (مێ) پێکهاتووە بە پێی ئەم مەعنایەی من بۆی چوم دەبێ شیعرەکە بەم شێوە بنووسرێو بخوێندرێتەوە

**دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە**

**بۆ دەعوەتی ماچی لەبی "گویا" دەمێ، نادا**

دیسان لەبەر ڕوناکی ئەو مەعنای ئەوانیش دیاریانکردووە هەردەبێ بە "لەبی" بنووسرێ چونکە (ی) کە ضەمیری کەسی سێیەمەو دەگەڕێتەوە بۆ یار نازانم کاکە حەمە چۆن دەڵێ




ناسکی شیعرەکە لە لەمەدایەکەیە "لەبە" بنووسرێ؟!

لاپەڕە 89 (سهم الف القد فقد صاد فؤادی)

**صاد هو من عینة قد صادف صادا**

سهم الف القد: لە عەرەبی شتی وا نی‌یەو هیچ مەعنایەك نابەخشێ ڕاستەکەی سهم الف القدیمە نازانم بۆ لە عەرەبی شتیوا نی‌یە کاکە وشەی "سهم" موزافە بۆ الف القد واتە تیری بەژن باریك یا تیرێك کە بەژن باریکە دڵمی ڕاوکردو پێکای ئەگەر بڵێن تیرێك کە بەژن باریکە ئیزافە کە بەیانی دەبێ ئیدی بۆچی ئەگەر شتێك نەزانی دەبێ لەو زمانەدا شتی وا نەبێ کە تۆ نەیزانی.

لاپەڕە 90 لە چاپی ئێمەدا: ل 79–82 لە چاپی د. خەزنەداردا ل 45

**خاکی بەری پێت هەم گڵە. هەم گوڵ بەسریشکم**

**وەختی غەمو شادی ئەو کردومە بەسەردا**

"گڵە: ڕاستەکەی (گڵو) وە بە شێوەی نووسینی کۆن (گل) و (گل) وەك یەك بە (گل) ئەنووسران (و)ی عەطفو (ی) ئیضافەش ئەوسا نەئەنووسران بەڵام (ە)ی ضەمیر ئەنووسرا نالییش جیناسەکەی نێوان (گل=گل) و (گول= گل)ی مەبەست بووە. سریشك: سریشك وشەیەکە لە فارسیدا. لە کوردیدا (سروشك)ە. وەختی! ڕاستەکەی (وەقتی)یە. نالی ئەم جۆرە وشانە بە گوێرەی ئەسڵەکەیان بەکاردێنێ" بە پێی ڕێزمانی کوردی دەبێ "گڵە" بنووسرێ چونکە تەواوکەری "خاکی بەری پێت"ە لە لایێك لە لایێکی تر لەبەر ئەوەی وشەی "هەم" کە نیشانەی عەطفە لە گەڵیاندا بەکاربراوە پێویست بە (و)ی عەطف ناکاو ئەگەر بشبێ زیادەیەو بێ سوودە، لە بەلاغەدا پێی دەڵێن (جشو) ئەوجار کە دەڵێ (و)ی عەطفو (ی)ی ئیزافە لە ڕێنووسی کۆن نەدەنووسران وانییە چونکە ڕێنووسی کۆن ڕێنووسی فارسییەو ئەویش (و) عەطف دەنووسێ بەڵام (ی) ئیزافەو سەرو بۆرو ژێر نانووسێو ئەو (ە)یەی کاکە حەمە لێرەدا بە ضەمیری تێدەگاو دەڵێ دەنووسرا ئەم (ە)یە ضەمیر نییە ئەم (ه)ی‌یانە لە عەرەبی ضەمیرن لە کوردیدا حەرفی پەیوەندە یا بڵێین وەك فیعلی مساعیدە لە ڕێزماندا وەکو وشەی "ئەست" لە فارسیداو is ئیز لە ئینگلیزیدا. وەك لە پێشەوەش باسمانکردووە سریشك کە فارسییە لە کوردیدا

(سروشك)ی پێناڵێن ئەوان هەر لە خۆیانەوە ئەم وشانە لەگەڵ هەندێ دەسکاری بە کوردی دادەنێن. کاکە حەمە نالی بەوە دادەنێ کە وشە عەرەبییەکان وەك خۆی دەنووسێتەوە بەڵام وەك مەسەلەی "هاوسەنگییەکەیە" بۆ خۆیان کە پێویستیان بەوەبێ وشەکە وەك ئەسڵەکە بەکارنەبەن دەڵێن: ئەمە بووەتە کوردیو ئەو وشەی کە وەك خۆی بەکاربرابێ دەڵێن نالی وشەکان وەك ئەسڵەکە دەنووسێ بۆ نموونە: لە لاپەڕە (96)دا دەڵێ "مەئوا: ڕاستەکەی (ماوا)یە لەبەر هاوسەنگی نیوە بەیتەکانو لەبەر وشە ئارایيش" و لە لاپەڕە (182ی کتێبە ڕەخناوییەکەی خۆیدا دەڵێ: "نەما: هەرچەند وشە عەرەبییەکە "نەماء"ە بەڵام لە کوردیدا بووە بە (نوما)" دەی ئەم قسەیە چی لێهات کە دەڵێی "نالی ئەم جۆرە وشانە وەك ئەسڵەکەی خۆیان دەنووسێ".

لاپەڕە 93 لە چاپی ئێمەدا: ل 93—95 لە چاپی د. خەزنەداردا ل 47

**دل موزمەحیلی دەردە وەکوو دیدە لە نەمدا**

**لە حەیران و پەریشانە وەکوو قەترە لە یەمدا**

"نەم: ڕاستە (نەم) لەگەڵ "یەم" هاوسەنگەو، ڕاستیشە بە فارسی هەر مەعنای "نم"ی کوردی ئەبەخشێ، بەڵام ئاخۆ ڕاستە بۆ ئەم هاوسەنگییە ناپێویستە، وشەیەکی فارسی لە جیاتیو وشەیەکی کوردی بەکاربێنین؟" ئەم گوتەیە لە خۆتان بپرسن ئەوا هەر ئەتۆنی؟ لە لاپەڕە (89) کتێبەکەت دەڵێی "بوتمان: ڕاستەکەی (بوتیما) هەم لەبەر هاوسەنگی (ما) لەگەڵ وشەکانی دووا نیوە بەیتەکانی تر" دەی بوتیما کوردییە؟ خۆتان لە دیوانە سێ قۆڵییەکە لە لاپەڕە (83) پەراوێز (2)دا دەڵێن "بوت: بت. ما: ئێمە وشەیەکی فارسییە" باشە ئەم هاوسەنگە نییە لێرە پێویستە وەك لە "نەم" و "یەم"ەکەدا ناپێویستە.

لاپەڕە 93

**(نالی)و مەسەلی خالی لە ئەشکەنجەیی غەمدا**

**وەك ناڵە لە نەیدا وەکو نالە لە قەڵەمدا**

"نالیو: ڕاستەکەی (نالی)یە بێ (و) چونکە مەبەست شوبهاندنی حاڵی نالییە نەك نالیو حاڵی". کاکە حالی هەر شتێك بێ (مەحالەکە) باس ناکرێ چونکە "حال" شتێکی سەربەخۆ نییەو ئەم حاڵە پەیوەندێکی توندی لەگەڵ زاتەکە




هەیە هەر جۆرە حالێك کاری خۆی دەکا لە زات لەبەر ئەمە ڕاستەکە ئەوەیە کە نالیو حالی بێ نەك تەنها حاڵ وەك ئێوە نووسیوتانە ڕاست نییە. بەڵام ئەوەی زۆرجار لە ڕەخنەکەی "لە پێناوی ئەدەب"دا دوپاتی دەکاتەوە ئەوەیە کە دەڵێ ئەم (و)ە زیادە دەنا شیعرەکە لاسەنگ دەبێو زۆر جاریش "و"ەکە زیادەو باسی ئەوەش ناکا کە شیعرەکە لاسەنگ دەبێ وەك بڵێی ئەم (و)ە دوو حاڵەتی هەبێ هەم وەزنی ڕیشەو هەم وەزمی دیك بۆ نموونە ئەم (و)ی کە لێرەدا هەیەو لەسەر (ڕا)ی کاکم زیادەیە وەزنی ڕیشەی هەیە هەبێو نەبێ نە لەنگ دەبێو نە مەنگ. یان کاکە حەمە گوتەنی "هەڵی بە تالان زانیوە لە بێئاگایی خەڵکی لە پێوانەی شیعر "عیلمی عەروز" وەك خۆی لە دوکتۆری گوتووە، دیارە وەك مەسەلی کوردی "کاکم گوێزان لە باری خۆی دەژمێرێ". چونکە وەك دیتمان بە بێسەرو بەرو بێ هیچ پێوانەیێك بەناو دەکەوێ بە ئارەزووی خۆی دایدەڕێو دەنووسێ "دەنا لەنگ دەبێ" (هاوسەنگی وا دەخوازێ)و ناسکی شیعرەکە لەمەدایە، وردەکارییە لێرەدایە وشەکارییەکە لەمەدایە، ئەم هاوسەنگییە ناپێویستە، ئەمە پێویست (با) کە دەبێ دووربێو "تا"کە ئەبێ نزیك نەبێ، ئەمە دەبێ وابنووسرێ ئیدی لەم بابەتانە کە لە زۆر شوێن دەقە شیعرییەکانی ئەوان لەنگن چاری کورت کردنو درێژکردنەوەی حەرفەکانی بۆ نەکرێ هەر بە لەنگی دەمێنێنو کەسیش نابی زات بکاو بڵێ ئەمە وانییەو بەسەر خەڵکی سەپاندووەو کردوویە بە ماڵ کە هەرچی کاکە حەمە بی بێژێو بیێژێ بیچیرێ دەبی ڕازی بنو ورتەیان لە دەم نەیێتەدەرو دەست لەسەر سینگ لە خزمەت بوەستنو بڵێن "بەڵی قوربان فەرماییشتە" بۆیە وا بە ڕاشکاویو بێپەروار لەهەر شوێنە بە ئارەزووی دڵی خۆی بەراوێك شیعر لەنگ دەکاو هەر بێ ئەو واوەش لەنگی ناکا "سوحانەللا مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکا" کەسیش نابێ زاتو جورئەت بکا بڵێ بۆچی وایە یان بڵێ وانییە چونکە هەرکەس وابڵێ تازە ماڵی خرابوو قوڕێکی خەستی بۆ خۆی گرتەوە، تازە نە بە ئەدیب نە بە ئەدەب دۆست دەژمێردرێو نە کوردیش دەزانێو نە زەوقی شیعری هەیە تووڕەش بێ هەر کوردیش نییە لە (کۆڕیش)

ماڵوێران دەکرێ، تازە نە کتێبی بۆ چاپ دەکرێو نە یارمەتیش دەدرێ، جا کێ بێ ئەم ماڵوێرانیەو دەردیسەرییە بە دەستی خۆی تووشی خۆی بکا؟ مەگەر نیمچە مەلاییێکی نەزانی وەك من ئەم داوەی بۆ خۆی بنێتەوە. کاتی خۆی هەندێ برادەری منداڵ ترسێنی کاکە حەمە پێیان گوتم ئەمە مەنووسەو خۆت مەخە ناو داوی کاکە حەمەوە، بەڵام من پێیانم گوت ئەو داوەی ئێوە دەیڵێن لەمێژە کەوتومەتە ناوی، لەو ڕۆژەوە کورد شانازی بە (کەوچك) و (دەرخۆنە)ی داری خۆی دەکا، بۆیە پشت بە کەوچكو بە ئومێدی دەرخۆنە لەو هەرو گیڤە نەترسامو دەستم بە نووسینی کرد جا با کاکە حەمە جنێو بداو ئێمەش لێی فێری ئەم "ڕۆشنبیری نوێ"یە دەبین بە سوپاسەوە.

لاپەڕە 95 لە چاپی ئێمەدا: ل 75–78. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا ل 48.

**نالی نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**

**ئەمما هەیەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا**

(نیەتی) لێرەدا مەبەست لێی (نییەتی) واتە (نیازیەتی)یە بەڵام دوکتۆر بە نیشانەی ئەوەدا کە لە نیوە بەیتی دوومەدا نووسیویەتی (هەیەتی) دیارە وای لێ حاڵی بووە لە مەعنای "نەبوون"ەوە هاتبێ، کە ئەوەش هەڵەیە. هەیەتی! ڕاستەکەی (نییەتی)یە. هونەرەکەش جگە لە ڕووی مەعناشەوە، لەو جیناسەو لە کۆکردنەوەی دوو (نییەتی)یە دایە.

لە بنەڕەتدا ئەوان خۆیان بە هەڵەداچوون، چونکە نالی لە چەند شوێنی تر باسی توانایی‌و قودرەتی خۆی دەکا کە دەسەڵاتێکی چاکی لە دەربڕین‌و شیعر هەیە وەك ئەوان دەڵێن ئەگەر نالی وای مەبەست بێ نەدەبوو جوانیش نییە شاعیرێکی وەك "نالی" خۆی بخاتە ناو دوو قسەی یەکدیگرو نەبوو شیعری وای بگوتابایە کە باسی هێزو تواناو دەسەڵاتی خۆی دەکا بۆ نموونە هەر لە دیوانەکەی خۆیانی سێ قۆڵی لە ل 260دا دەڵێ

**(نالی) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**

**مەعنایی زۆرو گەورە بە لەفقی کەم‌و بچوك**

لە جێگاییێکی تردا لاپەڕە (480) دەڵێ:

**بەحری غەزەلم لە پڕ دوڕڕ گەوهەرە ئەمما**

**عەووامی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە**

لە لاپەڕە (555)دا دەڵێ:

**(نالی) بەداوە شەعری دەقیقی خەیالی شیعر**




**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرو صەد داوی نایەوە**

لە لاپەڕە (577)دا دەڵێ:

**فارس‌و کوردو عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**

لە لاپەڕە (657)دا دیسان دەڵێ:

**خەلقی کە هەموو کۆدەکەن‌و بەستەزمانن**

**بابێن‌و لە (نالی) ببیەن شیعری سەلیقی**

جا توخوا شاعیرێك ئەوەندە بە خۆیدا هەڵبڵێ چۆن دەڵێ ئەمما (نییەتی) قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا ئەدی ئەو هەموو شیعرەی کە باسی خۆی دەکا هەمووی ئەوە ناگەیێنێ کە قووەتی دڵ‌و قودرەتی ئینشای هەیە؟ بەڵام ئەوەیان زۆر جوانە کە بڵێ سیحری بەیانی نییە بەڵام قودرەتی ئینشای هەیەو ئەمەش گوتەییێکی زۆر واقیعییانەیە ئەوجا کۆکردنەوەی (نییەتی) و (هەیەتی) ئەوەش هونەرمەندانەیەو کەمتر نییە لە کۆکردنەوەی دوو وشەی وەك یەك‌و لە مەعنا جیا، بەڵکو ئەمەیان بەهێزترە.

لاپەڕە 96 لە چاپی ئێمەدا: ل 118–121 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 50

**حیرەت زەدەوادیدە وەکو حەلقەیی دەرما**

**بێپایە نییە عاشقی بێچارە بفەرما**

پایە: ڕاستەکەی (مایە)یە چونکە لێرەدا مەبەست شانازی کردنە بە بەهرە نەك بە پایەی کۆمەڵایەتییەوە کە لای کەسی وردبین بێ بایەخی نییە، هەرچەند لە چاپی (کوردی‌و مەریوانی)و چاپی (گیو موکریانی)یشدا (پایە)یە.

بەلای من ڕاستەکەی (پایە)یە چونکە (مایە) بە زۆری بۆ پارەو سەرمایە بەکاردێ‌و ئەگەر جاربەجار بۆ کەسێك بەکاردی کە هیچی نییە پێی دەڵێن بێمایەو ئەم زاراوەیەش هەر خاوەن پارەکان بەکاریان هێناوە بۆ خەڵکی کە ویستبیان بە سوکی تەماشا بکەن‌و بە پێچەوانەی ئەمە (پایە) بۆ کەسێك دەگوترێ کە خاوەن بەهرەیێك بێ زۆر کەس هەیە لەناو کۆمەڵ کە خاوەن پارەو پوول نییە بەڵام بەڕێزە لای خەڵك‌و بە پایەدار دادەندرێ بۆ نموونە مەلاکانی کوردستان لەناو کۆمەڵدا جێگەی خۆیان کردبووەو بە پایەداربوون‌و ژیانیشیان لەسەر خەڵك بوو، واتە خۆیان پارەییێکیان نەبوو، هەروەها زۆر لە شاعیرەکانمان پارەیان نییەو خاوەن موڵك‌و زەوی نین، بەڵام لەبەر شیعرەکانیان‌و ئەم بەهرەیە لەناو

کۆمەڵ دیارن و ڕێزیان لێدەگیرێ و بە پایەدار دەژمێردرێن. کەسێك کە لە ناو کۆمەڵ جێگەیێکی نەبێ و پایەیێکی نەبێ دەبێ ئەو کەسە چ بێ کە وەکو کاکە حەمە دەڵێ (کەسێکی وردبین بێ پایەی کۆمەلایەتی بایەخی نییە) ئەدی ئەم هەوڵ و تەقەلای کاکم دەیدا بۆ پایە نییە ئەدی بۆچییە ئەگەر بۆ پایە نییە دیارە بۆ پارەیە ئەمەیان زۆر نالەبارە ئەگەر وابێ. کەوابوو، ڕاستەکە ئەوەیە کە دوکتۆر نووسیویە، و کە ڕێکیشە لەگەڵ چاپەکەی (کوردی و مەریوانی) و (گیو موکریانی) زۆر نایابە هەرچەندە کاکم زۆری پێناخۆشە بەڵام بە هەندێ نییە.

لاپەڕە 97 لە چاپی ئێمەدا ل: 124–128 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا 51–52

**گەل ئەگەر تورکی تەعال ئەر عەرەبی**

**بێ ئەگەر کوردی ئەگەر فارسی بیا**

"گەل: ڕاستەکەی "گێل"ە کەسێ "گەل" و "گێل" لە یەك نەکاتەوە چۆن ئەتوانێ بڕیاربدا غەزەلێکی تورکی هی نالی‌یە یان نە! فارسی: ڕاستەکەی (فورسی)یە لەبەر ڕاگیرکردنی نیوە بەیتەکە".

جارێ دوکتۆر بۆ خۆی تورکی دەزانێ و لە زۆر کەسی تورکیزانم پرسیوە دەربڕینەکە کە بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێ ئەوەی دوکتۆر نووسیویە ڕاستە و ئەوەی ئەوان نووسیویانە هەڵەیە، چونکە بە حەرفی لاتینی تورکی دەنووسرێ (Gel) و لە کوردیدا (گەل) دەنووسرێ و خوێندنەوەکە لە نێوان سەروژێرە. ئەمە لەوێ بوەستێ ئەرێ خۆ کاکە حەمە تورکی نازانێ ئەوا نازانم چۆن وا بە ڕاشکاوی دەڵێ کەسێك "گەل" و "گێل" لەیەك نەکاتەوە.."

لە وشەی ئەگەر (فارسی) دیسان ئەوان کەوتونەتە هەڵەوە، چونکە یەکێ فارسی زمان یا لە ڕەگەزا فارسی بێ پێی دەڵێن (فارسی) نەك فورسی وەك یەکی عەرەبزمان پێی دەڵێن عەرەبی نیسبە بە زمانی عەرەب نازانم کاکە حەمە و سێ قولییەکە چۆن لێیان تێکچووە و پێیان وابووە ئەگەر بنووسن "فارسی" سەنگی بەیتەکە تێکدەچێ. کاکە سەنگەکە دڵنیابە لە شوێن خۆیەتی و تێکناچێ، چونکە لە عیلمی عەروز (فار) وەك (عال) لە وشەی (فارسی) و وشەی (تەعال) بە سەبەبی خەفیف دەژمێردرێن واتە پیتێکی حەرەکەدار ئەنجا ساکنێك.




لاپەڕە 98 چاپی ئێمەدا ل 97–101 لە چاپی دکتۆر خەزنەداردا ل 53:

**سەهم و نەسیبی ئەسلی‌یە بەحسی گیاهو گوڵ نی‌یە**

**تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنەیە ماچی لەب دەکا**

"مۆدنەیە: ڕاستەکەی (موودنە)یە هاوسەنگیشی لەگەڵ (تووتنە)و (سووتنە) نیشانەی ئەم ڕاستییەیە".

نازانم یەکێك کە شارەزای لە زماندا نەبێ بۆ هەروا لەبەر خۆ مل لێدەنێ و دادەدرێ و ناگەڕێتەوە سەر قاموسێك، پرسیار لە خەڵك، بۆ ئەوەی تووشی هەڵەی ئاوا نەبێ هەموو کەسێکی کەمێك لە عەرووز بخوێنێتەوە وەك لە پێشەوەش باسمانکردووە هاوسەنگی لە نێوان وشەکانی نێوە بەیت پێویست نییە واتە ئەگەر ببێ و نەبێ لە ڕووی عەروزییەوە یەکە، بەڵام ئەگەر شاعیرێك توانی ئەوە بکا کارێکی هونەرمەندایە بەڵان نابێ بۆ ئەم کارە زمان تێکبدا وەك ئەوان لەم بەیتەدا بە سێ قۆڵ بەهەڵە کردویانە بۆ ڕاستی ئەم قسەیەم ئەمە فەرهەنگی مامۆستا تەوفیق وەهبی کە پێکەوە لەگەڵ ئەدموندز دەریانکرووە بە ناوی قاموسی کوردی ئینگلیزی لاپەڕە (93) بەم جۆرەیە.

Kurdish- English Dictionary Tawfig wahby and Admonds Oxford 1966. P. 43

Modie- modne. n. mauth piece of pipe Cigarette Halder.

واتە (مۆدنە) ئەو پارچەیەی لای دەمە لە سبیل و قەننەو دار جگەرە ئیدی چۆن هاوسەنگی لەگەڵ تووتنە.. نیشانەی ئەم ڕاستییەیە؟

لاپەڕە 99 لە چاپی ئێمەدا ل 108–111 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا ل 54:

**هەرکەسێ نوقسانی ڕووی باویتە سەر ڕووی ئایینە**

**شاهیدی هەرچەندە ڕەئیولعەینە، کەی باوەڕ دەکا؟**

"نوقسانی: ڕاستەکەی بە دوو (ی)یە یەکێکی مەصدەری و یەکێکی ئیضافە ئایینە: ڕاستەکەی (ئاینە)یە ئەگینا نیوە بەیتەکە لەنگ ئەبێ کەی: ڕاستەکەی (کێ)یەو ئەبێ بە فاعیلی فیعلی (دەکا) کە لە دوواوە دێ". بەك ەم وشەی (نوقسان) خۆی عەرەبییەو مەصدەریشە هیچ (ی) ناوێ بۆ ئەوەی بکرێ بە مەصدەر بۆیە کاکم لێرەدا خۆیان بە هەڵەچوون چونکە بە دوو (ی)یان نووسیوە دووەم

(ئايينه) ڕاستەکەیە وەك دوکتۆر نووسیویەو بەم جۆرە لە ڕووی عەروزەوە ڕاست و تەرازووە بەڵام وەك ئەوان نووسیویانە لەنگە، ئەوجاریش دێ نوسخەی خەڵکی لەبەر ئەو هەڵەی خۆیان دەیکا بە هەڵەو دەشڵێ (ڕاستەکەی ئاوایيە وەك ئێمە نووسیومانە) جێی داخە کە مرۆی ئەدەب دۆست بەم جۆرە ڕقی ئەوەندە زۆربێ ڕاستی خەڵکی ناڕاست بکا، بۆ ئەوەی وەك خۆیانی لێبێ وەك کوێرە حەز بکاو هەوڵبدا هەموو چاوساخان کوێر بکا. سێیەم "کەی" ڕاستەکەی "کێ" نییەو ئەوان کە بە "کێ"یان نووسیوە هەڵەیە، چونکە ئاشکرایە "نالی" خۆشەویستەکەی خۆی بە ئاوێنە داناوەو ئەو خەڵکەی تانە لەو یارەی دەدەن و دەڵێن خێڵ و قیچەو نوقسانە ئەوا خۆیان لەناو ئاوێنەکە دەبینن بە خواری وا دەزانن ئاوێنەکە خوارە هەرچەند ئەوانە بە چاوی خۆیان خۆیان ئاوا دەبینن بەڵاڵ کەی باوەڕدەکا کە ئەم خۆی تێ خوارو نوسانە، ئەوەی ئەوان نووسیویانە کە "کێ" باوەڕدەکا چۆن جۆردەکرێ لەگەڵ شیعرەکە کە دەڵێ هەرکەسێك نوقسانی خۆی لە ئاوێنەدا ببینێ، خەڵکی بۆ باوەڕ ناکا؟ بەڵام کاکەی نوقسان، باوەڕناکا کە ئەوە خۆیەتی. من بۆ خۆم کە فەقی بووم دیارە کاکە حەمەش کاتی خۆی فەقێ بووەو ڕەنگە ئەوەی من دەیڵێم ئەویش ئەو حاڵەتانەی دیبێ. ئێمەی فەقێ ئاوێنەو تاقمی تەراشمان هەبو وا دەبوو خەڵکی گوند دەهاتنە لامان، جاری وا هەبوو کە تەماشای ئاوێنەی دەکرد ڕەنگی خۆی بە زەردی دەدیت دەیگوت ئەم ئاوێنە ڕەنگی تەڵخە. نەیدەگوت من ڕەنگ زەردم.

یان باوەڕی نەدەکرد کە ڕەنگی زەردە کەواتە دەبێ ئاوێنە نوقسانییەکی هەبێ. ئەمە لە لایێك لە لایێکی تر هەر ئەم شیعرەی نالی خۆی بەڵگەیێکی ترە بۆ ئەمە کە دەبێ "کەی" بێ نەك "کێ" چونکە دەڵێ.

**عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی**
**کە چ نەزەرکەی فەرقی خواروو ژوورو خێرو شەڕ دەکا**

لاپەڕە 100 لە چاپی ئێمەدا: 101–106. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا ل 55–56

**بلبلی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا**
**نوکتە سەنجیو بەزلەگوییو گەوهەر ئەفشانی دەکا**




"گەوهەر: هەرچەندە لە دوو نوسخەی (عەلی موقبیل) و (گیو موکریانی)دا وا نووسراوە. ڕاستەکەی هەر (عەنبەرە)و لێرەدا مەبەست قسەی وەك عەنبەر بۆنخۆشە". بەڵێ گوڵی بۆنخۆش و تووتی بۆنداروو بۆنخۆش و دارو شەمامەی بۆنخۆش لە کوردیدا گوتراوەو بیستراوەو کورد بەکاریدێنێ بەڵام قسەی بۆنخۆش وەك سڵاوی بۆندارە کێ بیستویە بڵێن فلانە شاعیر یا فەیلەسوف یا زانا یا هونەرمەند قسەکانی بۆن خۆشن، یان عەنبەرن شتی وانییە، بەڵام دەگوترێ قسەکانی گەوهەرن ئەویشی لەبەر بەنرخی یا دەڵێن گەوهەر دەبارێنێ یا هەر قسەیێکی دوڕو گەوهەرێکە ئەمە بۆ پیاو بۆ ژنانیش ئەگەر قسە خۆشبێ و قسەکانی بەنرخ بن دەڵێن شەکرو نەباتی لە دەم دەبارێ. لەبەرئەمە "عەنبەر" هەڵەیەو "گەوهەر" ڕاستەو تانەش لە دوو نوسخەکەی (عەلی موقبیل) و "گیو موکریانی" جوان نییە بۆتان، چونکە ئێوە نیوەی دیوانەکەتان لەبەر نوسخەی عەلی موقبیل و گیو موکریانی نووسیوەتەوە وەك لە پێشەوە ئیسپاتمان کردووە ئیدی ئەم بێپەروایییە لە پای چی؟

لاپەڕە 103 لە چاپی ئێمەدا ل 148–152 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا ل 59–60

**چ شیرینە خوتووتی دەوری لێووت**
**بەلی مەعلوومە خۆشە خەتتی یاقووت**

"لێووت: ڕاستەکەی (لێوت)ە ئەو (و)ی دووەمی بۆچییە". پیاو نازانێ چۆن قسە لەگەڵ ئەم برادەرە بکا، لە سەرەتاو بنەتای کتێبەکەی خۆیان باس باسی عەروزو سەنگ و تەرازوو ڕێزمان و وشە ئارایيە کەچی لێرەدا دەڵێ ئەم دو (و)ەی وشەی "لێووت" بۆچییە" دیارە نازانێ، با من بۆت بڵێم یەکەم ئەگەر ئەم (و)ەی تر نەبێ شیعرەکە لەنگ دەبێ و حەزیشم دەکرد کاکە تێمبگەیێنێ ئەم تەنها (و)ە قورپەسەرە چۆن دانی پیادەندرێ کە کەوتۆتە نێوان دوو (ساکین) ئایا خۆی بەسەرکردۆتەوە کە دەتوانێ دەنگی ئەم (و)ەی لە "لێوت"دایە دەربێنێ بەبێ حەرەکە پێدانی (ت)کە لە دوولا بەدەر نییە: یان دەبێ بەرەکەی بدەین بە (ت)ی دوواوە یان بنلێو بخرێ، یان دەبێ حەرەکەیێك بدرێ بە (و)ەکە دیاریشە حەرەکە دەبێ لە جیسنی خوێ بێ ئەم پێوانەیە

که هەر یەکێك لەواوو یێ ئەگەر کەوتنە نێوان دوو حەرفی بێ حەرەکە دەبێ حەرەکەیان بدرێتێو لە جینسی خۆشیان بێ واتە ئەگەر (و) بوو واوێکی تری لەگەڵ دەنووسرێو ئەگەر (ی) بوو ئەوا (ی)کی تری لەگەڵ دەنووسرێ، وەکو (چاووت) و (ناووت) و "خاووت" و (ڕاووت) و (مێووت)، مێوو. هەرکاتێش حەرەکە درا بە پیتی دووا پیت ئەو زیادەیە دەڕوا چ (و) بێو چ (ی) وەك بڵێی ئەمە (مێوژە) یا ئەمە (ناوتە) ئەمڕۆ نۆرە (ڕوتە) هەروەهاش لە پیتی (ی) وەکو زایینن مایین، بوییت، چوییتو لە کاتی دەنگدانی دوا پیتی زیادەکە دەڕوا وەکو مەرەکان زاینە ماینێکم کڕێ، (چویتە بازاڕ)، (بویتە مامۆستا) ئیدی نازانم کاکە هەروابێ تویشە چۆن دێتە ئەم بازاڕەوە؟

سەیریشە ئەم (و)انە بە زیادە دادەنێو ناشڵێ دەنا لەنگ دەبێ دیارە ئەم جارەش ئەم (و)ە لە وەزنی ڕیشەیە.

ل 103 لە چاپی ئێمەدا: ل 152–154 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 60.

**خرخالی قەدەم وەك خەمی زولفەینی سەراپات**
**پشتانی قەدت بیت فیدای بازنی بازووت**

"خرخال: ڕاستە وشەکە لە کوردیدا "خرخاڵ"ە بەڵام لە ئەسڵدا (خلخال- خڵخاڵ)ەو لە هیچ کام لە نوسخەکانی بەردەستی ئێمەدا بە (خرخاڵ) نەنووسراوەو دوکتۆر مارفیش لە پەراوێزەوە ئیشارەتی بۆ نوسخەیەکی تر نەکردووە نووسیبێتی (خرخال)." سوبحانەللا ئەوان ئەوەندە بە پەرۆشەوەی نوسخەکانن و وشەیێك یا پیتێك بگرە حەرەکەیێك زیادو کەم ناکەن ئەگەر لە نوسخەیێکی بەردەستیاندا نەبێ. تکا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم بگەڕێتەوە سەر ئەو لاپەڕانەی نووسیومانە لە بارەی گوێنەدانی ئەوان بە نوسخەکانی بەردەستیان کە پتر لە بیست جێگا دەڵێن لە هیچ نوسخەکانی بەردەستمانا وا نەنوسرابوو ئێمە پێمان هەڵەبوو، بۆیە گۆڕیمان ئەوجار نازانم دیارە کاکە حەمە ئەو دیوانەی خۆیان چاپیان کردووە نەخوێندۆتەوە دەنا چۆن دەیگوت لە هیچ نوسخەیەکی بەردەستیان نەنووسراوە (خڕخاڵ) ئەدی ئەمە چییە هەر لە شیعرێکی تری نالی نووسیوتانە:

**صەوتی تەنغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خرخالیە**
**دەنگی سولە یا لە ژێر پێی ناڵە ناڵی ناڵیە!**




لە پەراوێزیشدا مەعنای خرخالتان بە بازنگ لێداوەتەوە کە ئەمەش وانییە.

لاپەڕە 104 لە چاپی ئێمەدا: ل 170–174. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 62

**ئەم لەسەر تەعزیمو گەورەگرتنی ئەو بێ قسوور**
**ئەو لەسەر تەحقیرو تەخفیفو شکەستی ژارە مار**

(ژارەمار: ڕاستەکەی زاری مار)ە وەك ئێمە نووسیومانە هەرچەندە لە نوسخە چاپییە پشت پێبەستراوەکانی دوکتۆرا نووسراوە "ژارەمار"). خوێنەری بەڕێز مەسەلی کوردی دەڵێ "گەر بە هیچت شەرم نەبوو هەرچی دەڵێی بڵێ" ئێستا یەکێك کە ئەم دێڕانەی کاکە حەمە دەخوێنێتەوە وا تێدەگا کە زۆربەی دەسنووسەکانی ئەوان (زاریمار)یان نووسیوە، تەنها چاپەکەی (عەلی موقبیل) و (گیو موکریانی) نووسیویانە (ژارەمار) کە بێبایەخن لای کاکە حەمە بەم قسانەش کاکە حەمە بۆڕی ماکیافیللی داوە تکایە فەرموون جارێکی تر قسەکانی کاکە حەمە بخوێننەوە پاشان وەرن ئەوەی ئەوان کە بە سێ قۆڵی نووسیویانە لە لاپەڕە (172) پەراوێز (2( بخوێنینەوەو هەرکەس لەبەر خۆتانەوە (ڕا)کەتان دەربڕن.

(لاپەڕە (172) پەراوێز (2) (زاری مار: هەموو نوسخەکانی بەردەستمان "غم" و "گم" و (مز) نەبێ: ژاریمار. (عم) و (گم) و "مز" ئارەمار. وەك وتمان، لە هەموو نوسخەکانی بەردەستمانا "ژار" نووسراوە ئێمە لامان وابوو ئەمە هەڵەیەو ڕاستەکەی "زاری مار"ە. بۆیە گۆڕیمانو کردمان بە "زاری مار"). جا توخوا کاکە حەمە وەکو من گوتم وانییەو؟ کێ بێ وا بێپەروا بڵێ (هەرچەندە لە نوسخە چاپییە پشت پێبەستراوەکانی دوکتۆردا نووسراوە (ژارەمار)). کە بشزانێ لە هەموو دەسخەتو دەستنووسو چاپەکان بە کورتی لەهەر نۆزدە سەرچاوە جێ متمانەکەی کاکە حەمەو سێ قۆڵییەکەو لە نێوانیاندا دوو دەستنووسەکەی مەلای زاناو پایە بڵندو شارەزاو نالی زانی کە س چل ساڵەی ئەم دواییە کوردستان بە خۆی نەدیوە هەموو تێکڕا نووسیویانە "ژار" ئەوجا ئێوە پێتان هەڵە بووەو هاتوون هەموو تێکڕا نووسیویانە "ژار" ئەوجا ئێوە پێتان هەڵە بووەو هاتوون ئەو نائەمینییەشتان کردووەو تێکستان گۆڕیوەو

سەرەڕای ئەمەش تانە لە دوكتۆر مارف دەدەیو دەتەوێ ئەویش شوێن پێی نائەمینی ئێوە بكەوێ؟ توخوا هیچ ماكیافیلییێك وای كردووە؟

لاپەڕە 105 لە چاپی ئێمەدا: ل 221–223 لە چاپی دوكتۆر خەزنەداردا 63.

**خاووبێ خاوی دوو زولفی خاووم ئەز**

**چاوە چاوی یەك غەزالەی چاووم ئەز**

(خاووم: هەروەها (چاووم) ئەبێ یەكی بە یەك (و) بنووسرێن دوكتۆر وشەی پێشی دووا وشەی هەموو بەیتەكانی ئەم غەزەلەی بە هەڵە بە دوو (و) نووسیوە، غەزالەی ڕاستەكەی (غەزالە)یە. غەزالە لە چاو ئەوەیە كە چاوی وەك چاوی ئاسك وابێ).

هەڵە ئەوەیە كە ئێوە تێی كەوتوون، كە (خاوم) و (چاوم) بە یەك واوتان نووسیوە چونكە لە پێشەوە باسی ئەوەمان كرد كە (و) و (ی) ئەگەر كەوتنە نێوان دوو پیتی بێدەنگ دەبێ دەنگیان بدرێتێ لە جنسی خۆیان، دەنا یەك لە دووان (و) (ی)یان حەرفی پاشەوەیان دەرناكەوێ یا خۆیان دەرناكەون و ژێر لێو ئەخرێن. بەرامبەر بە غەزالەی كە نووسیویەو دەڵێ: ڕاستەكەی بەبێ (ی)یەو ناشڵێ لەنگ دەبێ لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم (ی)یە هەڵگیرێ نیوە بەیتەكە لەنگ دەبێ، بەڵام ئەوكاتە دەبێ حەرەكەی (ل)ەكە درێژ بكرێتەوە جا بۆ ئەوەی ئەوە نەكرێ و لە نوسخەشدا بە (ی) نووسراوەو لە هەمان كاتدا غەزالەی: بۆ ئەوە دەبێ كە (غەزالی) بێ و مەعانەكەش وەك (غەزالە چاوە) وایە بۆیە هەروەكو دوكتۆر نووسیویە لام ڕاست ترە.

لاپەڕە 106 لە چاپی ئێمەدا: ل 224– 227 لە چاپی دوكتۆر خەزنەداردا: ل 64

**بن زك و جەبهەت سپی كلك بژو دامەن سیاه**

**یەككەناس و سی‌برو دوبادو شەش دانگ و درێژ**

(كلك بژ: ڕاستەكەی (كلك و سەر)ە. كلك بژ وەك مەعنایەكی بەكەڵك نابەخشێ، نیوە بەیتەكەش لەنگ دەكا).

دەبوو كاكە حەمە كە لاپەڕەی كتێبە سێ قۆڵییەكەی خۆیانی نیشان داوە وەك لەوێ نووسراوە ڕاستیكاتەوە، كەچی لێرەدا واینەكردووە، ڕەنگە بەم دووایییە تێگەیشتبێ كە لە پێوانەی عەروزی دووبارەكردنەوەی وشەیێك لە پاش كەمتر لە حەوت بەیت شتێكی جوان نییە




بۆ شاعیرو، كەم توانایی شاعیر بەسەر وشەی زمانی دەردەخا، بۆیە هاتووە لە تێكستی كتێبەكەی خۆیانی لاداوەو كردوویە بە (كلك و سەر) كە لەكتێبەكەی ئەوان نووسراوە (كلك ئیستر) و لە بەیتی سێیەمیشدا دیسان دەڵێ (كلك ئیستر) لە باسی كەرێكدا دووجار پێی بڵێ كلك ئیستر نازانم چ توانایێك چ جوانییێك هەیەو ئەوان چۆن ئەو تێكستەیان هەڵبژاردووە، هیچ نەبا دەبوو لە دوكتۆر بپرسن تا بزانن مەعنای (بژ) چییە یا لە یەكی تر وەك مامۆستا زەبیحییان بپرسیبایە ئێستا وەك ئەوان نووسیویانە نیوە بەیتەكە بە تەواوی لەنگەو لە هی شاعیر ناچێ. جا ئەو هەموو زەحمەتەیان كێشاوەو وشەیان گۆڕیوەو دەستكورتی زمانیان خستۆتە پاڵ (نالی) هەر لەبەر ئەوەی مەعنای (بژ)یان نەزانیوە، چونكە وەك خۆشیان دەڵێن دەبێ هەر وشەیێك ئەوان نەیزانن حەمە گوتن (دەبێ بە ناچاری هەڵەبێ) دەنا نابێ كوردی بێ و كاكەمان تێی نەگاو نەیزانێ، یان نەیبیستبێ بەڵام دیارە بە هەڵە چون، چونكە (كلك و بژ مەعنایەكی بە كەڵك دەبەخشێ پێچەوانەی قسەی كاكە حەمە كە دەڵێ (وەك مەعنایەكی بەكەڵك نابەخشێ) (بژ–بژی) وشەیێكی كوردییە بەو مووانەی سەر ملی گوێدرێژو ئەسپ و ماین و ئێستر.. دەگوترێ و لە شێوەی سولەیمانیی و بە فارسی (یال)ی پێدەڵێن ئەمەش (قاموسی زمانی كوردی بەرگی دووەم "ب" نووسینی مامۆستا عبدالرحمن محمد امین زەبیحی چاپخانەی كۆڕی زانیاری كوردی بەغدا 1979 لاپەڕە (90) دەڵێ: (بژ: یاڵی ئەسپ و ماین) ئەوجار كێ بیستوویە لەناو كوردەواری باسی جوانی وڵاخ بكرێ بەسەر ڕەش یا (سوور) یا (سپی) یا (زەرد)، لە ناوچەی دزەیی و موكریان (سەر سوور) و (سەر ڕەش) بۆ مەڕو بەرخ بەكاردەبرێ، واش دەبێ بۆ پیاوان بەكاردەبرێ وەك فلانە كەسی سەر سپی یا سەر سوور.

نیوە بەیتەكەش ئەگەر بە لەنگ دێتە بەرچاو ڕەنگە هەڵەی چاپی بێ كە (و)ێكی لە نێوان (كلك) و (بژ) پەڕاندووە بۆیە نیوە بەیتی یەكەم بەم جۆرە دەبێ:

**بن زگ و جەبهەت سپی كلك و بژو دامەن سیاه**

ل 107 لە چاپی ئێمەدا: ل 155– 156. لە چاپی دوكتۆر خەزنەداردا: ل 67

**خانەیی دڵ کە خەراپە چ بڵێم**

**بە خەیاڵت کە بفەرموو بە عەبەس**

(خەراپە: ڕاستەکەی (خەراجە)یە واتە کاولە).

کاکە حەمە لە زۆر شوێنی تر ڕەخنە لە دوکتۆر دەگرێ کە گۆیا وشە کوردییەکان، یان بووە بە کوردییەکان دەگەڕێنێتەوە سەر فارسی، بەڵام لە خۆیان ناپرسێ کە چ هەوڵێکیان داوە کە وشە کوردییەکان یان بووە بە کوردییەکان ببەنەوە سەر عەرەبی، یان فارسی، بەم گوتەیە کە هێشتا تەواو سوور نەبووەتەوەو نەبووە بە کوردی ئەگەر وانییە چ کوردێكو لە چ شوێنێك بە (خەراپ- خراپ) دەڵی (خەراب-خراب) کورد دەڵێ "کوڕە ماڵ خراپ" واتە ماڵ کاوول یا وێران هەروا خراپ بەرامبەر "چاك"یشە ئەوە فەرهەنگی مامۆستا تەوفیق وەهبی لاپەڕە

a. and A dv. Xirap (A) bad spoilt. badly excessivly p. 158

واتە خراپ وشەیەکی عەرەبییە لە ئەسڵدا وەك سیفەتو زەرفیش هاتووە بەواتە بەد. کاول. بەدی. سەخت) هەروەها لە زۆر شێوەی کوردی وشەی (خراپ) بێدەنگدانی (خ) هاتووە وەك لە فەرهەنگی ناوبراودا نووسراوە. ئیدی دەبێ لەبەرچی بێ کە کاکە حەمە دەڵێ (ڕاستەکەی (خەرابە)یە).

ل 107 لە چاپی ئێمەدا: ل 137-241 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 67-68

**ئەی دڵ خەراجی حاسیلی زولمەتی بەحرو بەر**

**میراتی ئیعتبارە لە فرزەندی فەیلەقووس**

(زوڵمەتی: ڕاستەکەی (زوڵماتی ظولماتی)یە ئەگینا نیوە بەیتەکە لەنگ ئەبێ). بۆ ئەوەی چیتر نەچینەوە سەر باسی ئەوەی کە بڵێین دەبێ وابنووسرێ دەنا لەنگ دەبێ، لێرەدا هەندێ پێوانەی عەروزی دەخەمە بەرچاو، بۆ ئەوەی خوێنەران تێبگەن، پێوانە عەروزییەکە لە نووسینەوەی شیعرەکەیە وەك شیعر، یا لە نووسینەوەی شیعری (نالی) چ لە دیوانی (نالی) دوکتۆرو دیوانەکانی ترو چ لە دیوانە سێ قۆڵییەکەی خۆیان نووسینەوەی عەروزی مەبەست نییە، بەڵکو وەك شیعر نووسراوەتەوە ئەمەش هەندێ لەم پێوانە عەروزیانە کە لە "علم العروض و القافیة" وەرگیراوەو نووسینی کتێبەکەش لە لایەن "الدکتور عبدالعزیز عتیق استاذ بجامعه بیروت العربیة" نووسراوە لە ساڵی 1974دا چاپکراوە لە لایەن (دار النهضة العربیة للطباعة و النشر بیروت لاپەڕە (13).




4-نووسینی عەروزی:

لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد، کە پەیوەنێکی زۆر لە نێوان شیعرو مۆسیقادا هەیە، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندی لقە لەگەڵ ئەسل. لە ڕاستیدا عەروز جۆرێکە لە مۆسیقاو بووە بە پێوانەو بنەوانی شیعر. ئەگەر مۆسیقا هەندی ڕەمزی نووسینی هەیە کە بەم ڕەمزانە ئاوازەکانی جۆراوجۆری دەزاندرێ، ئاواش عەروز ڕەمزی تایبەتی نووسینی هەیە کە لەگەڵ ڕێنووسی ئاسایی یەکدیگرنابن چونکە نووسینی شیعرەکە بە ڕێنووسی ئاسایێ دەبێ، و نووسینی شیعر بە شێوەی عەروزی تایبەتییە. ئەو ڕەمزانەش تەفاعیلەکانی عەروزی پێدەزاندرێ وەك ئاوازەکانی مۆسیقای جۆراوجۆر.

ئەنجا نووسینی عەروزی لەسەر دوو بنچینەیە:

1-ئەوەی دەنگدانەوە "تەلەفوز دەکرێ" دەنووسرێ

2-ئەوەی بێدەنگە "تەلەفوز ناکرێ" نانووسرێ.

ئەمەش لە نوسینەوەی عەروزی پێویست بەوە دەکا کە هەندێ پیت زیاد بکرێ، کە بە ڕێنووس نانووسرێنو هەندێ پیتیش لابرێ، کە بە ڕێنووس دەنوسرێن ئەمەش ئەم حەرفانەن کە پتر دەکرێن.

1-ئەگەر پیتەکە گیراو بێ بە دوو پیت دەنووسرێ وەك (موسەوەدە) دەنووسرێ (موسوەدە)

2-ئەگەر پیتەکە تەنوینی لەسەر بوو، تەنونیەکە بە نوون دەنووسرێ وەك (جَبَلٌ) دەنووسرێ (جەبەلون).

3-لە هەندێ ئامرازی نیشانە ئەلفێك زیاد دەکرێ وەك (هذا) بە نووسینی عەروزی دەنووسرێ (هذا) هەروەها لە وشەی (الله) و (لکن) بە نووسینی عەروزی دەنووسرێن (ئەللا) و (لاکن)

4-واوێك زیاد دەکرێ لە هەندێ ناو وەك لە (داود، طاوس) بە نووسینی عەروزی دەنووسرێ (داوود، طاووس)

5-حەرەکەی پیتی کێش (قافیە) بە حەرفێك دەنووسرێ کە لە ڕەنگی خۆی بی ئەگەر بۆر بوو

بە (و) دەنووسرێ‌و ئەگەر ژێر بوو بە (ی) دەنووسرێ ئەگەریش سەر بوو ئەوا بە ئەلف دەنووسرێ.

6-ئەگەر حەرەکەی (ە)ی ضەمیری نێری نادیاری تاك، درێژ کرایەوە بە پیتێکی لە ڕەنگی حەرەکە دەنووسرێ بۆیە ئەو بۆرەی لەسەر (ە)یە لە (لە) و (منە)و (عنە) بە نووسینی عەروزی دەنووسرێ (لەهو) و (مینهو) و (عەنهو) هەر وا حەرەکەی (ژێر) لەسەر "ە"ی "بە، الیە، فیە" ئەگەر درێژکرانەوە بە نووسینی عەروزی دەنووسرێن (بیهی، ئیلەیهی، فیهی).

ئەو پیتانەی لادەبرێن لە نووسینی عەروزی:

1-هەمزەی وەصل ئەویش ئەو ئەلفەیە کە دەتواندرێ بە هۆی ئەو دەنگ بدرێتە بێدەنگێك کە لە پێشی پیتی دەنگدار هەبێ، ئەمانەش دەبێ لە:

کرداری ڕابردووی پێنج وشەشە پیتی دەستپێکراو بە هەمزەن هەروەها لە کرداری ئەمرەکانیان‌و لە چاوگەکانیشیان وەك انطلق، استغفر، لە کرداری ڕابردوو انطلق، استغفر لە کرداری ئەمر انطلاق، استغفار) لە چاوگە ئەمانە لە نووسینی عەروزی ئەگەر لە پێشیان پیتی دەنگدار هەبوو ئەم ئەلفە لادەبرێ وەکو (فەنطەلەقە) و (فەستەغفەرە) لە ڕابردوو و (فەستەغفیر، فەنطەلیق لە ئەمرو فەنطلاق فاستغفار لە چاوگەودا).

ئیدی بەم جۆرە تا دووایی، واتە هەر کاتێ کەسێك ویستی بزانێ ئەو شیعرە بە پێێ عەروزە یان نەء بەم شێوەیەی دەنووسیێتەوە کە باسکرا بەڵام وەکی تر، نە پیت لائەبرێ‌و نە پیت زیاد دەکرێ ڕێنووسی چۆنە وا دەنووسرێتەوە ئیتر کاکە حەمە بەسەرمان دەکاتە ماڵ کە نووسینەوەی شیعری نالی لە دیوانی نالیی دوکتۆر مارفدا دەبێ بەوپێیە بێ ڕاست نییەو لەگەڵ عیلمی عەروز یەکدیگر نابن‌و قسەکە بێپێوانەیەو نابێ کەس بەم ڕێگەیەدا بڕوا، ئەوان کە لە هەندێ شوێن وایانکردووە ڕاست نییە، ئەوجار لە عەروزدا تەفعیلەی دووایی نیوە بەیتی یەکەم پێی دەڵێن (عەروز)و تەفعیلەی دووایی نیوە بەیتی دووەم پێی دەڵێن (زەرب) تەفعیلەکانی تر پێیان بڵێین (حەشو) هەر بەحرە ڕێو شوێن‌و پێوانەیێکی تایبەتی هەیە، بۆ




گۆڕینی یەك لەم سێیانەو هەر گۆڕینێك بەو پێوانانەی باسکراوە لە عیلمی عەروز ئەگەر بکرێ هیچ ناتەواوییێك بە شیعرەکە نادا‌و ناشگوترێ لەنگە ئەو کەسەی دەیەوی ئیتر ئەمە لە عەروز بزانێ ئەوا کتێبەکە لە بازاڕ هەیەو ئاسانیشە، پێم وایە هەموو کەسێك دەتوانێ بەشی خۆی لێهەڵێنجێ بە نیسبەت شیعرێ کە بە پێی عەروز گوترابێ.

ئەوجا کاکە حەمە کە دەڵێ (زولمەتی: ڕاستەکەی (ظولماتی)یە ئەگینا نیوە بەتیەکە لەنگ ئەبێ). ڕاست نییە چونکە ئەوەی ئەوان نووسیویانە (ظولمات) کۆی (زولمەت)ە واش نانووسرێ دەبێ بنووسرێ (ظولومات) یا (طولەمات) کە ئاواش بنووسرێ دیسان شیعرەکە لەنگ دەبێ. ئێمە لە خوێندنەوەی شیعرەکە، کە ئەگەر (زولمەتی) بنووسرێ کەمێك (سەری "م"ەکە درێژتر دەکەینەوەو بەم جۆرە لەنگ نابێ ئەمە لەوێ بوەستێ، نازانم چۆنە کاکە حەمە لە "فرزەندی" نەینووسیوە "ڕاستەکەی (فورزەندە)یەو ئەوەی دکتۆر نووسیویە نە فارسی وای دەڵێن‌و نە کورد، فارسییەکەی (فرزەند)ەو بە کوردیش "فورزەند"ە) دەبێ کاکم لەمەدا "ڕا"ی چۆن بێ کە ئەوان "فورزەند"یان نووسیوە کە نە کورد وای بەکاردێنێ‌و نە فارس، ڕەنگە ئەمە شێوەی زمانی دەوری شارەزووربێ؟!

لاپەرە 107 لە چاپی ئێمەدا: ل 248-251 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 68-69

**شیرنییەو لە تاڵی‌و ترشی خەلاسە ڕووت**
**خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سماق**

(شیرینییەو: ڕاستەکەی (شیرین یو)وە. نالی‌و: ڕاستەکەی (تالی‌یو)ە خەلاسە: ڕاستەکەی (عیتابی)یە ئەگینا نیوەی دووەمی بەیتەکە مەبەست نادا بە دەستەوە). بە پێچەوانەی کاکە حەمە ئەوەی ئەوان نووسیویانە لە دیوانە سێ قۆڵییەکەی خۆیان زۆر نابەجێیە، چونکە عیتاب لە ڕوودا نابێ یانی چی (عیتابی ڕوو)؟ ئەوان وایان نوسیوەو مەعنایان کردووە

**شیرینی‌یو، لە تاڵی‌یو ترشی عیتابی ڕووت**
**خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سماق**

(واتە ئازیزەکەم! تۆ لە خۆتدا شیرینی، بەڵام بە هۆی ئەو هەموو گلەیی‌و بناشتە تاڵ‌و ترشەوە کە ئەیکەیت‌و بە ڕووتەوە دەرئەکەوێ‌و ڕووتی

پێ گرژ بووە، خاڵەکەی بە ناوچاویشتەوەیە وەك دەنکی ترشە سماق دێتە پێشچاو) جارێ دانە سماق ناحەزە؟) نالی وابڵێ ئەوەی دوکتۆر نووسیویە لەمە باشترە کە دەڵێ: شیرینیو جوانییە لەتۆ کە ڕووت تاڵیو ترشی پێوە نەماوەو ئەو هەموو تاڵیو ترشییە پێشان کۆبوەتەوە لە خاڵی نێوچاوانت وەك دەنکە سماقی لێهاتووە کە ئەوەندەی تر خۆشیکردووە.

بەڵام ئەوەی کە نوسخەکەی (چن) و (ت) و (من) و "عب" و (اح) نووسراوە بەلای من گەڵێ جوانترە لە هەردوو دەق هەر ئەوان نووسیویانە (عەتابی) لە جیاتی (خەلاسە) و (عیتابی) و شیعرەکە بەم جۆرە دەبێ.

**شیرینییە لە تاڵیو ترشی عەنابی ڕووت**
**خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سماق**

خۆی شتێك ئەگەر دروستبکرێ بە نیسبەت لە تاڵیو ترشیو شیرینی شتێکی زۆر مەزەداری لێدەردەچێ مەعناکەش وایلێدێتەوە شیرینەو جوانە کە لە تاڵیو ترشیو شیرینی ڕووت خولاسەی کردوە لە خاڵت لە نێوچاوان وەك دەنکە سماقە کە ئەم خاڵە ئەبینم هەموو خۆشیو ناخۆشیەکانم بیردەکەوێتەوە بە یەکخۆشی هەستپێدەکەن کە لە بن نایە.

ل 107 لە چاپی ئێمەدا: ل 251–254 چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 69

**سەراپای گرتوی زولفەینی خاووت**
**موسەلسەل هەم موخەلخەل هەم موتەووەق**

(زولفەینی خاوت: ڕاستەکەی (زولفت بۆیە بویی)یە بەپێی ئەوەی دوکتۆر نووسیو یە نیوە بەیتی دووەم هیچ مەعنایەك نادا بەدەستەوە).

لە سەرەتاوە بنەتای هەردوو کتێبەکانیان دیوانە سێقۆڵییەکەو کتێبە ڕەخناوییەکە باس هەر باسی ڕەوانبێژیو مەجازو ئیستیعارەو وشەئارایی و جیناسە، و زۆر دڵتەنگیشە بەوەی کە دوکتۆر نووسیویەو دەڵێ ئەمانە بە هەموو مەلاییێك دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات دەکرێ، ئەوانیش لە چەند شوێن دەڵێن نە بە هەموو مەرییێك دەکرێو نە بە دەرچوی کۆلیژی ئەدەبیاتو چەند جاریش توانجیان لە دوکتۆر داوە، کە دەرچووی کۆلێژی ئەدەبیاتەو نەشیتوانیوە ئەمە جێبەجێ بکا لایەنی ڕەوانبێژی




یان زۆر بە گرنگ گرتووە هەرچەندە بە داخەوە دەڵێم خۆشیان تێدا سەرنەکەوتوون، چونکە وەك لە پێشەکی کتێبە سێقۆڵییەکەیاندا باسکردووە، لە دەقەکانی شیعری (نالی) خۆیان لە تەشبیەو ئیستیعارە بە هەموو چەشنییەوە نەگەیاندووە، تەنها وشەکان نەبێ کە جیناسە یا ضیاقو تەناسوب لەم بابەتانە کە ئەمانە هەموویان بە یەك تەعریف کردنیان بەس بوو، بۆ ئەو خوێنەرەی شارەزای ئەم ڕێبازە نەبیو بۆ خۆی دەیانی دۆزییەوەو خۆشیشی پتر دەبوو و پێویست بەم هەموو خەرجو ماندووبوونەش نەبوو و کتێبەکەش ئەوەندە زۆر نەدەبوو هەرزانتریش دەکەوتە دەستی خوێندەواران. یان ڕەنگە ئێستاش وا تێبگەن کەنرخی شت بە قەبەییە؟

جا پاش ئەم هەموو پێداهەڵگوتنە هاتوون تووشی هەڵەیەکی ڕەوانبێژی زەق بوونو بەسەریان تێپەڕیوەو نیوە بەیتێکیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی مەعنا بە دەستەوە بدا، تۆ بڵێی کاکە حەمە گوتەنی (دەرکی پێنەکردبێ)؟ دیارە کاکمو ئەوان وا تێگەیشتوون، کە نالی وشەکانی بە ئیسمی مەفعول ڕیزکردوون چۆنیش دەبێ زولف بووبێتە جێی پاوانەو دەورەداربێ، لە کاتێکدا زوڵف خۆی بووەتە پاوانەو تەوق لە ملی یاردا، بۆیە هاتوون گۆڕیویانەو کردوویانە بە سەراپای گرتووی زوڵف بۆیە بویی) ئەرێ برا ئەوە نەدەکرا وەك سەدان مەجازی تر بتانفەرمووبایە "نالی" لێرەدا مەجازی لوغەوی بەکارهێناوە، لە وشەی "موخەلخەل" و (موتەووەق) بە پەیوەندییەك کە ئیشتیقاقەو ئیسمە مەفعول لە جێ ئیسمی فاعیل بەکاربراوەو وشەی (موسەلسەل)یش هەر خۆی مانای لولە، ئیدی ئەم هەموو زەحمەتییەشی نەدەویست. سەرباری ئەمانەش مەعنای (موخەلخەل)یان بە هەڵە لێداوەتەوە کە دەڵێن (موخەلخەل: پێبەزنجیر" لە کاتێکدا (موخەلخەل) مانای جێی پاوانەیە وەك لە ئەلمونجیدا لاپەڕە (190)دا دەڵێ (المخلخل موضع الخلخال من الساق) ڕەنگە ئەگەر دوکتۆر وەکو ئەوانی بنووسیبایەو ئەوانیش وەك دوکتۆر، و ئەم ڕەوانبێژییەیان ڕەچاوبکردایە، کاکە حەمە بەردەبووە گیانی دوکتۆر: کە بزانە چۆن دەرکی پێناکەی؟ وەك دەیان جاری تر کاکە وایکردووە.

سەرئەنجام نیوە بەیتەکە بەو شیعرەی ئەوان نووسیویانە کە ناحەزەو لەنگیشە، با بگەڕێینەوە سەر پێوانەکانی عەروزی گەر باوەڕناکەن.

ل 108 لە چاپی ئێمەدا: ل 255– 260 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 70

**دەستی چناری ڕووت سەری شاخۆ کێوو کەل**
**ڕازانەوە بە خیلعەتی دیباوو بەرگ و تووک**

(کێووکەل:: ڕاستەکەی (لێوی گوڵ)ە وەك ئێمە نووسیومانە ئەگینا، سەرەڕای ناسکی مەعنای (لێوی گوڵ)، ئەبێ کۆکردنەوەی (شاخ) و (کێو) و (کەل) کە هەموو یەك واتا ئەبەخشن، چ سوودێکی تیابێ!). بە داخەوە موشکیلەی ئەم برادەرانە ئەمەیە ئەگەر مەعانییێکیان بۆ نەسازا دێن شیعرکە دەگۆڕن بە پێی ئەو مەعنایەی بۆیان دەسازێ، دەنا لە دەستپێکردنی "نالی" بەم شیعرە کە دەڵێ..

**سوفی وەرە با بچینە زوهراتی باغ و راغ**
**لایێ هەمو شکوفەو لایێ هەمو گولوك**

هەتا دەگاتە ئەم بەیتی (دەستی چناری ڕووت) تا دووایی باس باسی تەبیعەت و جوانی سروشتی دەکا، کە زۆر سودبەخش و جوانیشە کە باسی چنارو گوڵ و کانی و کلۆی بەفر کە دەڵی ئەم سەرشاخ و کێوو کەلە ڕازاوەتەوە بەو بەرگە جوانە کە سەر کێوەکان بەفر دایگرتوون و بنارەکانیش سەوزە گیاو داروردرختەکانیش پەلکە سەوزەکان ئەوجار (شاخ) و (کێو) و (کەل) یەك مەعنانین و یەك واتا نابەخشن و هەریەکە واتایێکی تایبەتی خۆی هەیە هەرچەندە وەك زاراوە ئێستا بۆ چیا بەکاردەبرێ بەڵام (کێو) بەو هەموو شاخ و کەلە دەگوترێ کە لە چیایێك هەیەو (شاخ)یش بەو شوێنە بەرزانە دەگوترێ کە هەر ماوەیێك قیت بووەتەوە (کەل)یش بەو شوێنە نزمانەی نێوان دوو شاخ دەگوترێ ئیدی چۆن (هەموو یەك واتا دەبەخشن) ئەوجار لێوی گوڵ لە کوردیدا بێ جێیە، چونکە دەڵی پەری گوڵ لێوی بۆ گوڵ نەهاتووەو لێرەدا بێمەعنا دەوەستێ، جگە لەمانە خۆیان لە دیوانە سێ قۆڵییەکە دەڵێن (نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەمان بە گوێرەی نوسخەی (من) نووسییەوە کە لەوانی تر ڕاستتر بوو لامان تێکستی نوسخەکانی ترمان لەبەر زۆری هەڵەو مەعنا بە دەستەوەنەدان خستە پشتگوێ)




بەڵی لەبەر زۆری هەڵە! ئەوی دەستخەتی ئەم دوو زانایەو کەلا پایە بڵندو نالیزانی زەمانە چۆن هەڵەیان زۆر بوو و خزانە پشت گوێ؟!

ل 109 لە چاپی ئێمەدا: ل 261–264. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 71

**بە زستان دڵ شکستەی بەردو سەرمام**
**بە هاوین جەستە خەستەی دەردو گەرمام**

(بەردو سەرمام: ڕاستەکەی (بەردی سەرمام)ە چونکە وردەکارییەکە وا تەواو دەبێ). کام وردەکاری کاکە؟ ئەوان لە دیوانەکەی خۆیاندا هیچ وردەکارییەك لە وشە ئارایشدا باسیان نەکردووە ئەگەر (بەردی) بێ چییەو ئەگەر (بەردو) بێ چێیە، بەڵام ئەوەندەیان نووسیوە دەڵێن (بەردی سەرمام: (چن) و )عم) (کم) و (ت) و "مز" و "من" نووسیویانە "بەردو سەرمام" و بۆ ئەو نوسخەی ئەوان هەڵیانبژاردووە چ باسێك نییە.

ئەوجا کاکە حەمە مەسەلەکەی وەك شتورمورخ وایە، کە بەشتورمورغ دەڵێن وەرە بار هەڵگرە، دەڵێ: من مورغم و بارم بۆ هەڵناگیرێ گەر بڵێن وەرە بفڕە دەڵێ من شتووم فڕینم بۆ ناکرێ، دەنا بۆچی هاوسەنگی ناوئاخنەکەی (خشو) نیوە بەیتەکانی دەکاتە نیشانەی ڕاستی وشەی "موودنە" لە (مۆدنە) کە ئەم هاوسەنگی ناوئاخنانە لە عیلمی عەروزدا وەك باسمانکردوە پێویست نییە، گەر ببێ جوانەو گەر نەشبێ نابێتە ناڕێکی شیعرەکە، بگرە هەر قسەی تێداناکرێ، بەڵام هاوسەنگی عەروز لەگەڵ زەرب واتە هەردوو دووا وشەی نیوەی بەیتی یەکەم و دووەم جوانییێکی نایابە ئەگەر ببێ ئەگەر نەشبێ ئەویش لە شاعیر ناگیرێ، کە بۆ واینەکردووە، بەڵام بە هەموو جۆرو بە هەموو لێکدانەوەیێك هاوسەنگی دووا وشەکانی هەردوو نیوە بەیت جوانترو لەبارترە لە بوونی هاوسەنگی ناوئاخنەکانی نیوە بەیتەکان، ئەوجار بەبێ ئەوەی بڵێ وردەکارییەکە چییە هەروا بە نادیاری دەڵێ (وردەکارییەکە وا تەواو دەبێ). وەك لە شوێنێکی تر دەڵێ (نەم: ڕاستەکە ی (نم)ە ڕاستە لەگەڵ یەکەمدا هاوسەنگەو ڕاستیشە بە فارسی هەر مەعنای (نم)ی کوردی ئەبەخشێ، بەڵام ئاخۆ ڕاستە بۆ ئەم هاوسەنگییە ناپێویستە وشەیێکی فارسی لە جیاتی وشەیەکی کوردی بەکاربێنین).

دەی ئەگەر ئەم هەموو قسانەت ڕاستن ئەم هەموو "لەنگ" و (هاوسەنگە لە پای چی؟ کە نیوەی پتری کتێبەکەت لەمانەیەو بە هەڵەش، وەك دێتە بەرچاوم کاکە حەمە ئاوڕی لە نووسینەکانی خۆی نەدابێتەوەو هەر هەڵیڕێتبێ‌و چاپی کردبێ یان پێی وابووە مەسەلی عەرەبی (لکل مقام مقال) بەم جۆرە دەبێ جێبەجێ بکرێ.

تا بە جۆرێك کەوتۆتە ناو گێژەنۆ ئاڵۆزی و یەکدیگر نەبوون کە خۆی پێ ڕزگار نەکرێ.

ل 110 لە چاپی ئێمەدا: ل 312–313 لە چاپی دوکتنۆر خەزنەداردا: ل 75

**لەبت میم‌و قەدت ئەلف‌و زولف چیم**

**دەزانی بەم سێیانە تالیبی چیم**

(سێیانە: ڕاستەکەی "سیانە"یە) بۆ؟ هەر کاکە حەمە بە خۆی دەزانی. کورد بە ژمارەی (3) دەڵێ (سێ) بە دەنگی (س) لە نێوان ئەلف‌و یێ‌و بە ژمارەی (30)ش دەڵێ (سی) بە دەنگدانی حەرفی (س) بە یێ، ئەوجا ئەگەر نیشانەی کوێ کە ئەلف‌و نونە چوە سەر دەبێتە دوو پیتی بێدەنگ لە تەنیشت یەکتری‌و پێویستە دەنگ بدرێتە پیتی پێشوو کە لێرەدا (ی)یەو دەبێ لە ڕەنگی خۆیشی بێ بۆیە (سێ) لە کوێدا دەبێتە (سی‌یان= سێیان) بۆیە ئەوەی دوکتۆر نووسیویە ڕاستەو ئەوەی ئەوان نووسیویانە هەڵەیەو نیشانەیە بۆ (30)، کەچی لێرەدا سێ (3)دانەن کە لێوو قەدوو زولفەو ئەوەی کاکە حەمە نووسیویە کە وەکو خۆیانی نەنووسیوە، ئەوە دەبێ لە کاکە خۆی بپرسین مەبەستی پێی چییە؟ دەنا هەر جێی نیە لە ڕێنووسی کوردیدا.

ل111 لە چاپی ئێمەدا: ل 271–276. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 75–75

**خەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم**

**ئەمە ڕەنگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی یارم**

(ڕەنگی: ڕاستەکەی (ڕەنگە)یە ئەگەر واشبێ کە دوکتۆر نووسیویە ئەبێ (ڕەنگێ) بێ واتە (ڕەنگ بێ).

بە داخە ئەوەی ئەوان بە سێ قۆڵی نووسیویانە (ڕەنگە) و مەعنایان کردووە بەوە (لەوانەیە ئەم پەنجە سووربوونەی یار ببێ بە بەڵگە بە شەهیدی مردنی من کەوا بە دەستی کافرێکی بێڕەحمی وەك ئەو کوژراوم، یا ببێ بە شایەتی بۆم کەوا کوشتەی دەستی ئەوم)




هەردوو مەعناکە هەڵەیەو نووسینەکەش بەم شێوەیە هەڵەیە. ڕاستەکە: هەروەك دوکتۆر نووسیویە وایەو مەعانەکەش ئەمەیە: یار سەر پەنجەکانی خەناوی‌و سوورکردووە بە خوێناوی دڵی بریندارم، ئەمە واتە ئەم ڕەنگی سووری سەر پەنجانە ڕەنگی شایەتی‌و بەڵگەیە بۆ ئەوەی من کوشتەی دەستی دڵدارم زۆر ئاشکرایە بەڵام ئەوان بە دوو سەرە بە هەڵە چوون‌و لە هەردوو مەعناکەی ئەوان دوودڵی هەیە کە ئەم ناگونجێ بە هیچ جۆر.

ل 112 لە چاپی ئێمەدا: ل 288–292. لە چاپی دکتۆر خەزنەداردا: ل 78

(ئەم غەزەلەش وەك غەزەلی (35) لە دەسنووسەکانی بەردەستی ئێمەدا تەنها لە یەك دەستنووسدا هەبوو. دوکتۆریش کوتومت وەك ئێمەی نووسیویەتەوە تەنها لە بەیتی چوارەمدا نەبێ بە عادەتەکەی خۆی (بە صەرم)ی کردووە بە (سەڕم)و لە بەیتی حەوتەمیشدا (دوم)ی بە (دۆم) نووسیوەتەوە. بۆیە ئێمە بۆمان هەیە بڵێین دوکتۆر لە ئێمەی وەرگرتووەو دانی پیانانێ ئەگینا با بفەرموێ سەرچاوەکەی خۆیمان بۆ دەستنیشانکا). ئەم داوایە زۆر زۆر بێجێیە، یان بەچی دەزانی ئەو دەستنووسانەی لای دوکتۆر لە دەستنووسەکانی لای ئێوە پتر نین‌و باشتر نین من دەڵێم هەقیشمەو کە دەستنووسەکانی لای دوکتۆر لە دەستنووسەکانی لای ئێمە پترن‌و جێی متمانەن پتر، چونکە تا ئێستا تێکستەکانی دوکتۆر ساغی کردووەتەوە چاکترو لەبارترو جوانترن لە تێکستەکانی لای ئێوەو ئەو شیعرانەی لە دیوانەکەی ئەودا هەن پترن لەوانەی ناو دیوانەکەی لای ئێوە، چونکە خۆت دەڵێی لە لاپەڕەی ڕەخناوییەکە (67): (داوام لە دوکتۆر کرد ئەگەر زیاتری لایە بمداتێ، دوکتۆر وتی لای منیش هەر نۆزدە بەیت هەیە، کەچی ئێستا کە تەماشای تێکستی ئەم پارچە شیعرە ئەکەین لە نوسخەکەی هەردووکمان ئەبینین لای ئێمە نۆزدە بەیتە لای دوکتۆر 20 بەیتە).

ئەمە یانی دوکتۆر سەرچاوەی پتری هەیە، هی واش کە لای ئێوە نییە، بۆیە دیوانەکەی ئێوە نەبووە بە سەرچاوەی دوکتۆرو بۆ دڵنیایشت پێت دەڵێم هەر کەسێکی تر کە لە نالی بکۆڵێتەوە بە هیچ جۆر پشت بە دیوانەکەی ئێوە نابەستێ،

چونکە تا ئێرە بۆمان ساغ بووەتەوە کە ئێوە چەند دەستکاریتان کردووەو وشەتان گۆڕیوەو بەپێی دەستنووسیو سەرچاوەکان ڕەفتارتان نەکردووە وەکو لە پێشەکی دیوانەکەتان گفتان دابوو.

ل 113 لە چاپی ئێمەدا: ل 315–317. لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 79

**کە تۆ قیبلەی دەمت سابینە قوربان**

**لەبو قوبلە دڵم مەشکینە قوربان**

لەبۆ قوبلە: لە نوسخەکەی (عەلی موقبیل)دا نووسراوە: لە بۆ قوبلەی، دوکتۆر مارفیش لەوی وەرگرتووەو لە خۆەیوە (ی)کەی لابردووە چونکە بەبێ موناسەبەتی زانیوە. ڕاستە بەم جۆرە بێ موناسەبەتە بەلام ئەبو ئەوەی بزانیبایە کە دیارە لە دەسنووسەکەی بەردەستی عەلی موقبیلدا (لەبۆ قوبلێ) بووە واتە (لەبو قوبلەیەك) و ئەو بە هەڵەی خوێندۆتەوە). خوێنەری بەڕێز بە هەڵەبردنی خەڵك وا ئەبێ، ئێستاکە خۆیان لە دیوانە سێ قۆڵییەکەی خۆیان نووسیویانە (لەبو قوبلە) ئیدی ئەم فەرەزییات و جەدەلە مەلایانییەی بۆچییە؟ لەسەر دوکتۆری فەرزکردووە کە دیوانەکەی هەر لەبەر چاپەکەی عەلی موقبیلی نووسیوەتەوەو لە چاپەکەش نووسراوە (لەبوقوبلێ) نووسراوەو دوکتۆریش ئەم (ی)یەی لابردووە، چونکە بێ موناسەبەتی زانیوە، بەلام دەبوو دوکتۆر دەرك بەمە بکا کە عەلی موقبیل بە هەڵەی خوێندۆتەوە. کاکە منو هەزاران خوێندەواری تر وا دەزانین کەسێکی دوکتۆرای لە زمانی کوردی وەرگرتبێ لە وڵاتێك وەکو ڕوسیا کە هەزاران دەستنووس و نووسینەوەی ڕۆژهەلاتییەکانیان، لەسەر پیاوە بەناوبانگەکان و شاعیرەکانی کوردستان هەیە، دیارە ئەم دوکتۆرە لێکۆڵینەوەکەشی وەرگیراوە، بەمەڕا کەسێکی لە دوای شت گەڕابێ و دوکتۆرای وەرگرتبێ ئەمڕۆ بێ لە دیوانێکی شاعیرێك بکۆڵێتەوە، بێگومان هەمان ڕێڕەو دەگرێ، کە لە دوکتۆراکەی گرتوویەتی، چونکە ئەگەر خۆشی ئەو ڕێگایەی نەزانیبێ، پرۆفیسۆری سەرپەرشتی پێی گوتوە، خۆ کاکە حەمە ئەمەش ناکاتە مەسەلەی قامووسی عەمید کە لە لاپەڕە (222) کتێبە ڕەخناوییەکە دەڵێ (بەلام فارسیەکە خۆیشی هەڵەیە) و بڵێ پرۆفیسۆرەکەو هەرچی لە زانکۆکانی ڕوسیش هەر هیچ، تەنها فەقێ و مەلای




مزگەوتی بیارەی خۆیان! دەنا ئەم گوتە بێتامو بۆیانە چی دەگەیێنێ؟! جا پاش ئەم قسانەش دەبێ ئەوەندەش بڵێم کە تا ئێستا لە نووسینەکانی دوکتۆر چاومان پێنەکەوتووە بڵێ وا نووسرابوو من گۆڕیم بەلام ئەوان بە زمانی خۆیانی سێ قۆڵی دەڵێن لە هەموو نوسخەکاندا نووسرابوو بەلام ئێمە لامان وابوو هەڵەیە، بۆیە گۆڕیمانو وامان نووسی. دەی کەوایە ئێوە نوسخەتان هەبێو نەبێ هەروەکو یەکە، چونکە دیارە بە دڵو ئارەزووی خۆتان شیعرتان بۆ "نالی" ڕێکخستووە. وەڵڵا کاکە حەمە حاشا من پشت بە نوسخەی وا نابەستم کەڵکی ئەوەشی پێوە نییە خەڵك لێکۆڵینەوەی لەبەر بکاو بیکا بە سەرچاوە:

ل 113:

**ئەگەر دڵ غەیری حوبی تۆی تیابێ**

**بە دەستی خۆت دڵم دەربینە قوربان**

(ئەگەر دڵ: لە زۆربەی نوسخەکاندا (شەقی کە)یە ڕاستیش ئەمەیە چونکە ئەگەر (ئەگەر دڵ) بوایە (دڵم)ی نیوە بەیتی دووەمی بەیتەکە پێویست نەئەبوو ئەبو بە ضەمیر بوایە لە جێگایدا بووترایە (دەری بینە) جگە لەوە کە (شەقیکە) کە مەعنایەکی زیاتریش ئەدا بە بەیتەکەو جوانتریشە) نابێە خەیاڵم لە کوردیدا کردار پێش مەفعول بکە،ی ئەمە یەکە لە خاسیەتەکانی زمانی کوردی بەڵی لە عەرەبیدا مەفعول پێش دەکەوێ، لەبەر هەندێ خاسیەت، بەلام لە کوردیدا ئەمە نییە سەرباریش وشەیێك لە دوولا مەفعولی دوو فیعل بێو لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆ بێو موبتەدای خەبەرێکی تر بێ، وەك خۆیان نووسیویانە لە لاپەڕە (316) پەراوێز (3) دەڵێن: (وشەی "دڵم" لە لایەکەوە مەفعولو بیهی "شەقیکە"یەو لە لایەکی کەوە موبتەدایەو (غەیری.. تاد) خەبەریەتیو لە لایەکی تریشەوە مەفعولوبیهی "دەربێنە"یە". ئەم جۆرە گرامەرە مەگەر هەر لەلای سێ قۆڵییەکە هەبێ دەنا شتی وا نییە، تا لە عەرەبیش شتی وا نییە، چونکە لە "تەنازع"ی عەرەبیشدا نابێ لە دوو پتر بێ یا فاعیلی دوو فعل یا مەفعولی دوو فیعل، کەچی لێرەدا بوەتە (ترییی تەنازع). لەگەڵ ئەمانەی گوتمان ئەنجا نوسخەکەی (چر) کە خۆیان زۆریان پێداهەڵگرتووە لەگەڵ نوسخەکانی (عم)و (کم) و

(گم) و (خب) و (ك) یەكیانگرتوە لە نووسینی "دڵ" ئیدی (شەقیکە) مەعنای پترو جوانرتیشە لە کوێ!؟ سەربەریش نیوە بەیتی یەکەم کە وەك ئەوان نووسیویانە لەنگە، کە خۆیان لێکردوین بە وەستای عەروزو عەروززانی بێهاوتا لەسەر دەمی ئەتۆمەوە.

ل 114 لە چاپی ئێمەدا ل 326–330 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا:

ل 81

**ڕەقیب و موددەعی فیتنەو عەلاقەی چاوی جادووتن**

**لە گۆشەی گووشوا ڕەت نایبی هارووتۆ مارووتن**

(گووشوا ڕەت: بە فارسی وایە بە کوردییەکەی (گۆشەوارەت)ە). مەگەر لە شێوە زەمانەکەی کاکە حەمە، دەنا کەی لە کوردیدا لە چ شێوەیێك لە گوێ ئەڵێن "گۆش" تا وشەی "وارە"ی پێوە بلکێندرێ واتای ئەوەی بۆ ڕازاندنەوەی گوێداندراوە بگەیەنێ. کورد دەڵێن "گوێ- گوە" وشەی (وارە)ی پێوە بندرێ دەبێتە "گوی وارە- گوووارە" ئیدی کاکە (بە کوردییەکەی گوشەوارەیە) لە کوێما؟!

ل 115 لە چاپی ئێمەدا: ل 326–330 لە چاپی دکتۆر خەزنەداردا: ل81

**گەلیّ شیرو پلنگ و فەهدو بازو شاهینی شاهی**

**وەکو (نالی) بە دڵ نەخچیری ڕاوی چاوی جادوتن**

(گەلی: ڕاستەکەی "گەلێ"یە). نازانم کاکە حەمە بۆ وشەی "پلنگ"یشی لەسەر نوسخە چاپەکەی خۆیانی ڕاست نەکردووتەوەو بڵێ پڵنگ: ڕاستەکەی "پۆلەنگ"ە چونکە ئەوان وایان نووسیوە لە تێکست و پەراوێزیش لە کوردیدا پڵنگ و لە فارسیدا پەلەنگ. ئیدی ئەم (پۆلەنگە) لە کوێوە هات، دەبێ ئەمەش هەر شێوە زمانی حوجرەکەی پێشوی بیارە نەبێ؟)

ل116 لە چاپی ئێمەدا ل 337–340 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 82

**دەندان گوهەرو لەب شەکەرو پەنجە بلوورن**

**ناسك بەدەن و موو کەمەروسیم سورینن**

(دەندان: بە کوردی (دندان)ە (دندان فارسییە) لە کوێ کاکە حەمە بە (بەددان) دەڵێن (دندان) ئەمەش دیارە هەر ئەو شێوە زمانەیە کە لە پێشەوە باسمانکرد؟

ل 117 لە چاپی ئێمەدا ل 333–337 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: 81–84




**حیکمەتی تو مولهەمە هەم قەدەمت مەرحەمە**

**موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفکاری من**

(موستەحەققی! ڕاستەکەی "موستەحەقی"یە بە نەگرتنی (قاف)ەکە ئەگینا سەنگی بەیتەکە تێك ئەچێ). بە پێچەوانەیە بە نەگرتنی (ق)ە کە سەنگی نیوە بەیتەکە تێکدەچێ و ڕاستەکەی ئەوەیە کە دوکتۆر نووسیویە، نازانم کاکە حەمە دەم ئەکاتەوەو ناکاتەوە هەر باس باسی عەروزە کەچی دەبینین هەندی بەیت لە نگ دەکا کەچی لەنگ نییەو هەندێ تر بە ڕاستی دەزانێ کەچی لەنگە وادیارە پێوانەیێکی تایبەتیان هەیە بۆ عەروزو عەروزەکەی خەلیلیان لا هەڵەیە وەکو لە شیعەرکانی نالی کە دەڵێن هەموو نوسخەکان وایان نووسیبوو بەڵام ئێمە لامان وابوو هەڵەیە بۆیە گۆڕیمان، یان وەکو کاکە حەمە بەرامبەر بە فەرهەنگی عەمید دەڵێ (بەڵام فارسییەکە خۆیشی هەڵەیە). لەبەرئەمە حەزمان دەکرد ئەم تەفعیلاتە نەبیستراوانەی کاکە حەمەمان بزانیبایەو ئێمەش دەست بە خێرەوە نانێین ئینشائەڵڵا.

ل 119 لە چاپی ئێدا: 345–349 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 86

**بلا (نالی) بە ئەربابی وەفابین**

**هەمو موحتاجی خاك و بیل و پاچین**

(بلا: هەرچەندە لە زۆر نوسخەدا بەم جۆرەیە بەڵام ڕاستەکەی "بڵێ"یە بین: یشی ڕاستەکەی (بێن)ە لە مەصدەری (هاتن)ەوە). بە ڕاستی کاکە حەمە ئێوە بە سێ قۆڵی و لە دواییشدا بە تەنها خراپ بۆی چون و مەعناکە ئاشکرایە، چونکە "نالی" بەم شیعرە ڕوو لە خۆی و خەڵکی دەکاو دەڵی خەڵکینە دونیا هێندە ناهێنێ و هەموومان دەمرین و دەچینە ژێرخاك بە لەگەڵ یەك بەوەفابین: ئەربابی وەفا- خاوەن وەفا موحتاجی خاك و بیل و پاچ) ئیشارەتە بۆ گۆڕ هەڵکەندن و مەبەستی مردنە ئیدی (بڵێ با خاوەن وەفابین) یانی چی کە خاوەن وەفا هەیە پێویست بەم بانگەوازییە ناکابرا!

ل 119 لە چاپی ئێمەدا: 367–370 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 87

**هەرچەندە کە عومری خدرو جامی جەمت بوو**

**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو**

(خدر: لە هەموو دەسنووسەکانی بەردەستی ئێمەدا "خضر"ە لام وایە لە هەموو

دەسنووسـێكدا هـەروابێ. وادیـاره دوكتـۆر خەزنـەداریش شـوێنپێكەی مامۆسـتا گیـوی هـەڵگرتووه كـه هـەر وشـەیەكی عـەرەبیی لـه شیعری كوردیـدا بدیایـه بـه ئـارەزوی خـۆی ئەیگۆڕیو ئەیكرد به كوردی). نازانم ئەم بەرەیەو برادەر كاك مەلا موحەممەد عەلی قەرەداخی بۆچی وا بـه موناسـەبەتو بـێ موناسـەبەت ئـاوا لـه مامۆستا گیوی ڕەحمەتی داخدارنو پلارو توانج و تانەی بێجێی لێدەدەن، ئەوجار ئەوەندە ئەوان بە سێ قۆڵـی وشـەی شـیعری نالییـان گۆڕیـوه، مامۆسـتا گیـو وای نـەكردووەو ئێسـتا پـاش بـەراوردكردنێك لەگـەڵ نوسـخەچاپی مامۆسـتا گیوو نوسخەچاپی ئەوان دەبنیم لە زۆر جێگا ئەو دەقه شیعرەی مامۆستا گیو پە سەندی كردووه ئەوانیش ڕاست هاتوون تێكستەكەی دیوانە سێ قۆڵییەكـەی خۆیانیـان لەبـەر نووسـیوەتەوە، هاتومەتـە سـەر ئـەو قەناعەتـە ئەمانـە دەقـاودەق هەندێ شوێن نەبێ تێكستی دیوانەكەی خۆیانیان لەبـەر تێكسـتی مامۆسـتا گیـو نووسـیوەتەوەو بۆیەش هێندە بە خراپ ناوی دەبـەن بـۆ ئـەوەی خەڵك وا تێبگا كە ئەوان لەبەر تێكستی مامۆستا گیویـان نەنووسـیوەتەوە پێوانـەیێكی قـانوونی هەیـە بـە عـەرەبی دەڵـێ (المجـرم یحـوم حـول جریمتە) واته تاوانكار لە دەوروپشتی تاوانەكەی دەسوڕێتەوە، بەمەرا دیاره ئەوان زۆر كەڵكیان له نوسـخه چاپەكـەی مامۆسـتا وەرگرتـوه، یـا هـەر لەبـەر نوسـخەكەی ئـەویان نووسـیوەتەوە دەنـا بۆچی دەبێ هێندە باسی بكرێ بە خراپە؟؟ یان ئەمـه پاداشـتی مامۆسـتایە، لـە كـاتێكدا وەك لـە پێشەوە باسمانكردووه بەناو دەڵێم ئەم برادەرانە حـازر نـەبوون بـە كـوردی جوێنێـك بـە كـورد ڕەوابببینـن ماسـتا گیـو ڕۆژنامـەیو گۆڤـاری بـە كوردی دەردەكـردنو شـوێنەواری ئـەو شـاعیره كوردانەی زیندوو دەكردەوەو دیوانـەكانی چـاپ دەكـردن، لـە زۆربـەی زۆریشـیان خەسـارەتمەند بووەو مامۆسـتا بـە درێژایـی تەمـەنی كـە كـارو كاسبی كردووه لە ڕێگەی چاپەكەی دەتوانم بڵێم چواریـــەكی ئـــەم بـــرادەرەی خۆمـــانی بـــۆ كۆنەكراوەتەوه، كە ئەمیان لە نێوان شەش حەوت ساڵ كۆیكردۆتـەوه. جا توخوا ئەمه هەقە؟ ئەمە پاداشتی چاكەكەیـەتی؟ ئەمەیـە مەسـەلی كـوردی دەڵێ "تا خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی




گرت" ئەوجار (خضر)ی عەرەبی هیچ كوردێك بەم شـێوەیەی ناخوێننـەوە هـەمووی بـە (خـدر)ی دەخوێنێتەوە، وەك كاكە حەمە گوتەنی ئەم ناوە بووەتە كوردی وەك لە پێشەوەش باسمانكردووه هـەر میللەتـە هـەر وشـەیێكی میللـەتێكی تـری بەكارهێناوە وەك شێوە زمان ئەلف بێ خۆی بـه كاریدەهێنێو قەتی نابێ چاوەنواڕی ئە وەبین كە وشەكان وەك خۆیان بـەكاربرێنو ئەمـە ڕێـڕەوی هەموو میللەتانی جیهانە، تەنها بە ڕەبابی كـاكم نەبێ كە دەیانەوی بە سە هەر وشەیێك وەك خۆی بەكاربرێو ئەگەر حەرفەكەش لە كوردیدا نەبوو ئـەوا ئـەو حەرفـەی ئـەو زمانـەش بێنینـە نـاو كوردیو بەمە زمانی كوردی دەوڵەمەند دەكرێو ئەگەر وانەكرێ دەس بە خێروەنانە.

ل 121 لە چاپی ئێمەدا ل 375– 378 لـه چـاپی دوكتۆر خەزنەداردا: ل 89

**ریققیەتی تەن ریققەتی دل ریقەتی گەردەن**
**مەخسوسی رەقیب بوو لە منی خەستە رەقی بوو**

(ریققیەتی: ڕاستەكەی یا (رەققیـەتی) یـا (رەققێتـی)یـە وشـەی (ریققیـەت) لـە زمـانی عەرەبیدا نییە. ئەگەر مەبەست لێـی مـەعنای بـه ندەگی بێ ئەوە (ریقق= رق)ە).

ئەوەی ئەوان نووسیویانە بە سێ قۆڵو بە واتا ڕەقی لەش بێ وانییە، چونكە لەش ڕەق نییەو بۆ بەرگەگرتنیش ناگوترێ ڕەق لە كوردیدا "ڕەقی" بۆ نەگونجان دەگوترێ. ئەوجا "ریقییەت" كێ دەڵێ عەرەبییە؟ تا تۆ بڵێی لـه زمـانی عـەرەبیدا نییە، وەك "ڕازیەت" عـەرەبی نییە ئەمـەش ئاوا عەرەبی نییە بەڵكو ئەم جۆرە وشانە لە ئەسـڵدا عەرەبیو كوردی مەلایانە دەیانكەنە مـەصدەری داڕێژراو.

ل 121 لە چاپی ئێمەدا: ل 391–394 لە چـاپی دوكتۆر خەزنەداردا: ل 92

**ساقی بەمەیی كوهنە لەسەر عادەتی نەوبە**
**بشكینە بە یەك نەو بە دووسەد ماتەمی تەوبە**

((نەبو)ی یەكەم ڕاستەكەی (نـەو بـە)یـە كـه (نەو) به مەعنا (نوێ) بێو (بە)یش فیعلی ئەمر بێ لـه مـەصدەری (بـون). دوو ئـەبێ بـە یـەك (و) بنووسرێ ئەگینا نیوە بەیتەكە لەنگ ئەبێ). كاكە حەمە مەیگیران لەسەر عادەتی نوێ یانی چی؟

ڕاستەکەی وەکو دوکتۆر نووسیویە وایە، چونکە (نەوبە) واتە نۆرە نالی بە ساقی دەڵی وەرە لەومەیی کۆنە لەسەر ڕێو شوێنی نۆبە بە نۆبە وەك یەکەم جار پیالەیێك دینیو جارێکی تریش هەروەها تا مەست دەبێ ئەم نۆرە بە نۆرەیە عادەتێکی شەرابخۆرانەیە لە مەیکەدان ئێستاش لە زۆر شوێن لە مەیکدەوبارەکان ئاوایە، هەمیشە پێك پێك دەخۆنەوە، بەلاّ ملە شوێنی تر وەك لای خۆمان مەیخۆر چەند دەتوانێ بخواتەوە بە یەك جار داوا دەکا. عادەتی دانی شەراب ڕێبازی نوێی نییە. جا نالی وەك بڵی بە زاراوەی ئەمڕۆ وەر ساقی پێك پێك شەرابم بدەیەو بە یەك پێك بشکێنە دوو سەد ماتەمو خەمی تەوبە. ئەوان لێرەدا بە سێ قۆڵی بە هەڵە مەعنایان کردوەو ناهەقیشیان نییە، چونکە شەراب خۆرنین. ئەوجار (دوو) کە دەڵی دەبێ بە یەك (و) بنووسرێ دەنا لەنگ دەبێ دیسان بە داخەوە وشەی (دوو) ئەگەر بە یەك (و) بنووسرێ لەنگ دەبێ بە پێی عەرۆز نەك بە پێی زەوقی کاکە حەمە.

ل 124 لە چاپی ئێمەدا ل 406– 411 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 94

**پەیامت هات پێی گوت ڕووی خەیاڵ ناردە دووی گەیی‌یە**
**ڕەسوڵم کەوتە ڕێ‌گرتنی هەنای وەك ئاگرە سوورە**

نوسینەوەی ئەم بەیتە بەم جۆرە نیشانەی ئەوەیە دوکتۆر خەزنەدار هیچ خۆی بۆ ڕاستکردنەوەی تێکستی شیعرەکان ماندوو نەکردووە ئێمە ئەم بەیتەمان بەم جۆرە نوسیوەتەوە

**پەیامت هاتو پەیکت روی خەیاڵمو ناردو نەی‌گەییی**
**رەسوولم کەوتە ڕێ گرتی هینای وەك ئاگرە سوورە**

لێرەدا کاکە حەمە نەیزانیوە چ بکاو چ بڵێ؟ ئەگەر دەڵی ئەم بەیتە ڕاستەکەی وەکو ئێمە نووسیومانە وایە ڕەنگە کەسێ هەبێ تەماشای مەعنای ئەوان بکا کە تەماشا دەکا دەبینی ئەوان لە لاپەڕە (408) پەڕاوێزی (4)ی دیوانە سێ قۆڵی‌یەکەیان نووسویانە: (مەعنای ئەم بەیتەو بەیتی باشەوەیمان بە ئارەزوی دڵی خۆمان بۆ ڕاست نەکراوەتەوە). دەی بەڕێز کە خۆتان بە سێ قۆڵی بۆتان ساخ نەبوبێتەوە، چۆن بە دوکتۆر دەڵێی خۆی ماندونەکردووە یان ڕاستەکەی وەکو




ئێمە نووسیومانە وایە؟! خۆت گوتەنی هەی خوا لێت خۆشبێ کاکە حەمە.

ل 124 لە چاپی ئێمەدا ل 406–409 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 94

**گوتم: ڕاستی سەبا هەستە، گوتی مەشرەب موخالیفیە**
**گوتم: ناری، گوتی بایە، گوتم ئەوجێ، گوتی، دوورە**

ناری: ڕاستەکەی "ناری"یە ئەوجی: ڕاستەکەی (ئەوجێ)یە. عەرەب دەڵێ (اذا لم تستح فاصنع ماشئت) ئەگەرنا نازانم ئەم برادەرە چۆن دەتوانێ بنووسێ ڕاستەکەی وایە، واتە وەك ئەوان کە خۆیان بە سێ قۆڵی نووسیویانە، کەچی ئەوان بە زمانی خۆیان لە لاپەڕە (409) بەراوێزی (6)ی دیوانەکەیان دەڵێن (مەعنای ئەم بەیتەمان بە یەکجاری بۆ ڕاست نەبوەوە). دەی کە بە خۆیان مەعنای نەزانن چوزانن ڕاستو ناڕاست کامەیە؟ سەرباریش لە هەمان پەراوێزدا لاپەڕە (410) دەڵێن (وشەی موخالیفیە لە هەموو نوسخەکانی بەردەستمانا بە (موخالیفە) نوسرابوو شیعرەکە بەوە لاسەنگ دەبوو ئێمە خۆمان کردمان بە (موخالیفیە).) خوێنەری بەڕێز کەسێك مەعنای ڕستەیێك یا بەیتێك نەزانێو بۆی نەسازی کە تێکستێکی مەعنادارتر هەڵبژێرێ دەبێ چەند ڕەوابێ کە ببێ بە حەکەم؟ ئەمە ڕاستەو ئەمەیان ناڕاستە یان بڵی لەنگ دەبێ تۆ کە نەتوانیبێ مەعنا بزانێو وشەت ڕیزکردبێ بە چ هەقێك لەنگی دەکەیت. ئەوجار بە "موخالیفە"ش بنووسرێ لاسەنگ نابێ چونکە حەرەکەی ژێر لە وشەکە درێژتر دەخوێنینەوەو بەمە لاسەنگ نابێو لە پێشەوە ئەم جۆرە شتانەمان ڕونکردەوە.

لاپەڕە 126 لە چاپی ئێمەدا: 466– 470 لە چاپی د. خەزنەداردا: ل 100

**ئەم ئەرزە مەزرعی عەمەلەو گولخەنی ئەمەل**
**هەندێ بووە بە مەسجیدو بەعزێ بە مەزبەلە**

هەندێ: ڕاستەکەی (هەندی)یە واتە هێندێکی: بەعزێ: ڕاستەکەی (بەعزی)یە. کاکە حەمە تەواو پێچەوانەی زمانی کوردی کردوەو هەڵیگێڕاوەتەوە، چونکە لە کوردیدا هەندی واتە هیندێکیو بەعزی واتە بەعزێکی، بەلاّم کە گوترا (هەندی) وا بە ئەندازەی لێرەدا وایلێدێتەوە ئەگەر (بەعزێ)ی نەنوسیبایە ئەوەندەی بوەتە مزگەوت بەو ئەندازەیە بووەتە کگوفەكو سەرنوێلك، بەلاّم

دیارە مەبەستی نالی وانییە بەڵکو دەڵی هەندێکی بوەتە مزگەوت و هێندێکی تر بە گوفەك کورد دەڵێ: (فلانە کەس هەندی منی کتێب هەیە) واتە بە ئەندازەی من کتێبی هەیەو کە گوتی: فلانە کەس هەندێ کتێبی هەیە واتە کەمێك و زۆرنا. نازانم کاکم بۆ وا سەری لێشێواوە؟

ل 129 لە چاپی ئێمەدا ل 520–524 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 103

**لە سایەی هیمەتی شەخسی بڵند ئاسودەیە شاریٚ**

**بەلی خێتەی سلیمانی سەوادی زیللی کودروونە**

هەرچەندە نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە دەسخەتەکانی بەردەستی ئێمەدا بەم جۆر بووە: (لە سایەی شەخصێکی هیمەت بڵند.. تاد) ئەو جۆرەش کە دوکتۆر مارف وەریگرتووە، زۆر لە جێی خۆیەتی ئەگەر بتوانین (گودروون) بە (پیرەمەگروون مەعنا لێبدەینەوە) لێرەدا هیچی تری ناویٚ و دەرکەوت سەرچاوەکانی لای دوکتۆر دەوڵەمەندترن ڕەخنەکانی تر کە لەم شیعرەت گرتوون نابەجێن

ل 129:

**وره سەیری خیابانی بەیازی دەفتەری (نالی)**

**مه سف سف مەسرەعی بەرجەستە ڕێزی سەروی مەوزوونە**

(خیابانی بەیازی: دیارە هەموو نوسخە دەستنووسەکان نووسیویانە (خیابان بیاض) کە ئەگەر گویٚ نەدەینە واتا هەردووکیان بۆ ئەوە دەستنەدەن ئاخریان (واوی عەطف) یا (یەی ئیضافە) بێ بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕێگای ڕاستمان پیشان ئەدا زانینی مەعنای بەیتەکەیە مەبەست لە (خیابان) هێڵە سپیەکانی نێوان دێرەکانە بە ئاسودەیی. مەبەستیش لە (بەیاض) بەشە نەنووسراوەکانی چواردەوری بەیتەکان و هێڵە ستوونییەکەی نێوان دوو نیوە دێرەکانە. (سەرو)ەکانیش نیودێرە بەیتە بە ڕەش نوسراوەکانن کەواتە (خیابانی بەیازی) هەڵەیەو ڕاستەکەی (خیابان و بەیاضی)یە. (ڕێزی)یش هەڵەیە چونکە مەبەست (ریزی)ی نیوە بەیتەکانە کە وەك سەرووان جگە لەوە کە (ڕێز)ی بە مەعنا (حورمەت) نە بۆ ئەم شوێنە دەس ئەداو نە لە زمانی کۆنیشمان وابووە). وەك چەند جار باسمانکردووە لە شێوە نووسینی کۆن (و)ی عەطف دەنووسرا چونکە عەطف بە حەرەکە جێبەجێ نەدەکراو نەدەشکرێ. بەڵام ئێزافەو سەروبۆر وەك ئێستا بە حەرف جێبەجی نەدەکران بە حەرەکە جێبەجێ دەکران، وەك لە




شێوە نووسینی زمانی عەرەبی و فارسی، بۆیە وەك کاکە حەمە دەڵێ لە هەموو نوسخەکانی بەردەستیان نووسراوە "خیابان بیاض" ئەمە وا دەگەیینێ ە ئیزافە بێ کە ڕێنووسی ئێستا دەبێتە "خیابانی بەیاز" لێرەدا ئیزافەکە دوو ڕێی تێئەچێ یەکێکیان ئەوەیە کە ئیزافە بۆ دیارکردن بێ ئەوکاتە مەعناکە وایلێدێ: شەقامێ لە سپیاتی نێوان دوو بەیتان بە درێژی و نێوان نیوە بەیتەکان بە سەرەوخواری وەك لە نوسینەوەی شیعری پێشان وەدەرکەوت کە بەیتەکە بە درێژی دەنووسرا هەر نیوە بەیتە ئەکەوتە لایێك لەهەر لاپەڕەو لە ناوەڕاستیشداو لە نێوان هەردوو نیوە بەیت بۆشاییێك بەجێدەهێڵدرا بەم جۆرە نێوان دوو دێڕ سپیاتییەکە، وەك شەقامی لێدێ و هەر وەهاش نێوان دوو نیو بەیت لەسەر تا خوار سپیاتییەکە وەك شەقام و شەکان و بەیتەکان وەك داری سەروو بە پێوانە بێزیادو کەم.

دووەم ئیزافەکە ئیزافەی زەرفی بێ ئەوکاتە دەبێتە شەقامێك کە دروستکراوە لە سپیاتی دەفتەری نالی کە هەر لاپەڕە سپییە هاتوە شەقامی لێدروستکردوون بەو بەیت و شیعرانە کە لە نێوان هەردوو دێڕو هەردوو نیو بەیت شەقامی پەیدابووە بە درێژی و بە سەرەو خواری، ئیدی مەعناکانی تری وەك پێشوو دیارە.

وەك ئەوان نووسیویانە کە "بەیاز" ئەو سپیاتییەی دەرووپشتی نوسراوەکەیە لە دەفتەری نالی باسکردنی ئەم سپیاتییە چ هونەرێکی تێدا نییە، چونکە ئەو سپیانییە زیادەیە دەتواندرێ هەمووی لێبکرێتەوە تەنها نووسینەکان سپیاتی نێوان دێڕەکان بهێڵدرێتەوە بۆیە (خیابانو بەیاض) کە وەك ئەوان نووسیویانە ڕاست نییە ڕاستەکە هەر ئەوەیە کە دوکتۆر نووسیویەو ئەوان بە سێ قۆڵی و لە دوایشدا کاکە حەمە بە تەنها بە هەڵەچوون.

ل13– لە چاپی ئێمەدا ل: 524– 528 لە چاپی دوکتۆر خەزنەداردا: ل 103–104

**تەلعەتی ئایەتی جان مەزهەری ئیعجازو بەیان**

**لەبی دورج و دەهەنی سرو کەلامی عەلەنە**

ئیعجازو بەیان: ڕاستەکەی (ئیعجازی بەیان)ە چونکە (بەیان)ەکەی (موعجیز)و (بەیان)و (ئیعجاز) لێرەدا دوو شتی جیاوازنین. سرر: ئەبو بی نوسیبایە (سیڕ) چونکە وشەکە عەرەبییەو نەبووە بە کوردی و (ڕ)کەشی (ڕ)ی قورسە دوکتۆر

هەموو جارێ کە دوو (ر)ی گیراو یەك ئەگرن ئیشارەتەکەیان لەسەر هەڵئەگرێ.

ئەمەش وانییە کاکە حەمە، چونکە بەیان عەطفە لەسەر ئیعجازو عەطفەکەش بەیانەو ئەمەش بەپێی ڕێزمان شتی جوانەو ڕەوانبێژییە چونکە ئیعجاز لە زۆر شت دەبێ کە (بەیانی) لەسەر عەطف کرا دەردەکەوێ کە ئیعجازی لە گفتوگۆو قسەی مەبەستەو هی تر نا، وەك ئەوانیش نووسیویانە بە (ئیعجازی بەیان) دیسان وەك ئیزافەی بەیانی هەمان مەبەست دەدا، لێرەدا لە ڕووی مەعناوە هیچ لایێك هەڵە نییە دەمێنێتەوە سەر ئەوە ئەسڵەکە چۆن نووسراوە بە خۆیان لە لاپەڕەی 526 کتێبەکەیان وەکو ئیشارەیان کردووە زۆری نوسخەکان بە (و)ی عەطفیان نووسیوە لەبەر ئەمە دەبێ تێکستی بە (و)ی عەطفەوە هەڵبژێردرێ.

وشەی (سرر)یش هەموو کورد بەکاریدێنێ لە خوێندن و نووسین قسەش خوێندەوارە نەخوێندەوار، ئیدی بۆ نەبووە بە کوردی؟ بوون بە کوردی چۆنە لە پێوانەی ئێوە قوربان؟ ئەوەیە کە ئێوە بە خۆتان بینووسن؟؟

ل 30:

**ڕەوشەنی دیدە بە ئینسانە کەموژدەی قەدەمت**
**ڕەوشەنی دیدەیی غەم دیدەیی بەیتولحەزەنە**

من نازانم دەوکتۆر مارف بۆ وا سوورە لەسەر ئەوە کە هەر وشەیەکی لە کوردیو فارسیدا لەیەك جووی دێ، بیخاتە سەر فارسییەکە کە کورد خۆی کە (ڕۆشنی) هەبێ پێویستی (نالی) بە (ڕەوشەنی)ی فارسی چییە؟ جارێ وەکو چەند جاری تیرش باسمانکردووە، وشەی (ڕۆشن) یان (ڕەوشەن) هەر فارسیەو کوردیمان هەیە ئەگەر نالی مەبەستی بووایبا وشەی کوردی بەکاربێنێ لێرەدا دەینووسی "روناك" ئەمە لە لایێك لە لایێکی تر ئەوان کە زۆر باسی ڕەوانبێژیو بردنەوەی هەر وشەیێك بۆ ئایەتی قورئانو ئەو حیکایەتانەی لە قورئاندا هاتوون دەکەن لێرەدا کە نالی ئیشارەی کردووە بۆ مەسەلەی یوسفو یەعقوبی باوکی، کە لە خەفەتخانەکەی خۆیدا چاوی کوێربووبوو ئەوان هیچ باسێکی وایان بە خەیاڵدا نەهاتووەو زۆر بە سادەیی مەعنایان کردووەو وشەی (غەم دەیدەیی) بە یەك وشە نووسیوە، کە وردەکارییەکەی لە دەستداوە. بەڵام دوکتۆر باشی بۆچووە کە "بەیتولحەزن)ی ئیشارە کردووە بەم ژوورەی کە یەعقوبی تێدا ژیاوە بە خەمو ناسۆرەوە لەبەر بێئاگایی لە یوسفی کوڕی، وەك لە قورئاندا هاتوە لە سورەتی یوسف ئایەتی (84 (یا اسفی علی یوسف وابیضت عیناه من الحزن فهو کظیم) ئینجا کە موژدە دەدەنە یەعقوب چاوی هەڵدێنێو دەبینێ، کە لە قورئاندا دەڵێ (فلما ان جاءه البشیر القاه علی وجهه فارتد بصیرا) سورەتی یوسف ئایەتی 96 جا بەم جۆرەی ئەوان نووسیویانە سادەیە بەڵام کە وەك دوکتۆر نووسیویە جوانەو وردەکاری تێدایەو ئیشارەتیشە بۆ ئەم مەسەلەی یەعقوبەو مەعنای بەیتەکە بەم جۆرە دەبێ: کە موژدەی قە دەمت ڕوناکییە بۆ غەمدیدەو خەمخۆر کە نالییە وەك ئەو موژدەیە وایە کە درا بە دانیشتوی بەیتولحەزن کە یەعقوبە، چۆن ئەو موژدەی مافی یوسفە چاوی پێ ساخ بووەوەو خەم نەما ئاواش موژدەی هاتنی یار خەمی نالی نەهێشتو چاوێکی کە سپی بووبوو لەبەر گریانو نابینابووبوو بینابۆوەو خەمو پەژارە نەما.

ل 131 لە چاپی ئێمەدا: 532—538 لە چاپی د. خەزنەداردا: ل 104—105

**هەر جوگەوو جوباری کەوا سوورو سوێربێ**
**جێی جۆششی گریانیمنە خۆن نەڕژاوە**




جۆبارێ: دەبوو دوکتۆر نوسخەی (جێگێکی) هەڵبژاردایە، یەکەم: لەبەرئەوە کە (جۆبار)یش هەر جۆگەیەو زیادەیەکی تیانییە، بەڵام (جێگە) (جوگە( نییە. دووەم: لەبەرئەوە کە کۆکردنەوەی (جوگە) و (جێگە( وشە ئارایییەکی جوانی لێپێکدێ.

کاکە حەمە چۆن (جوبار)یش هەر جۆگەیە؟ جۆگە! واتە ڕوباری بچووكو (جوبار)یش واتە قەراخو لێواری ڕوبار. جێگەو جۆگە دوو وشەی لێکدوورن لە پاشان کێ تامی جێگە دەکا تا بزانێ سوێرە یانە، تا نالی ڕوو لە خەڵك بکا بڵێ هەر شوێنێکتان تامکرد سوێر بوو، ئەمە خوێنی منە لێڕژاوەو سوێری کردووە، هەرچەندە ئەوەی ئەوان بە سێ قۆڵیو دووبارەی کاکە حەمە نووسیویانە دوورە بۆ ئەم شوێنە بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە بڵێن باشە مەعنا لێدانەوەکەیان دوورەن چونکە سوور بۆ جێگە دەبێ کە خوێن لە شوێنێك بڕژێ سووری دەکاو ئاویش سوێر دەکا واتە کەسێکی لەهەر جۆگەیەك ئاو بخواتەوە تامی سوێر بوو با بزانێ ئەمە خوێناوی فرمێسکی منە یا خوێناوی منەو هەر شوێنێکی دیان سوورە ئەویش هەر فرمێسکی خوێناوی منە یا خوێنی منە وا سووری کردووە، کەچی لەم مەعنایە لایانداوەو بێ لێکدانەوەیئەمە کە خاك تامناکرێ بەڵام دەبیندرێو ئاویش تامدەکرێو مەعنایان وا لێداوەتەوە کە هەر جێگەیێك تامی سوێربێ ئەوە خوێناوی منە بەسەریدا ڕژاوەو سوێری کردووەو هەر ئاوی جۆگەیێکیش سووربێ دیسان خوێناوی منە بە ڕاستی زۆر دوورە ئەوجار ئەو تێکستەی دوکتۆر هەڵیبژاردوە باشترە چونکە جۆگەو قەراخ جۆگە مولازیمی یەکترین واتە لە هەر شوێنی جۆگە بوو.

# بیرەوەریەکانم لەگەڵ شەهید عەبدولخالیق مەعروفدا

جەوهەر کرمانج




بەرلەوەی لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ عەبدولخالیقی نەمردا پەیدابکەم. ناوبانگم بیستبوو ئەویش زیاتر بەهۆی شارەزاییو پسپۆڕی لە بواری ڕادیۆدا. کە لەوان ساڵاندا ناوبانگی پێوەدەرکردبوو. یەکەمین دیدەنیم لەگەڵ ئەودا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی چواری ساڵی 1974، ئەو ساڵەی کە ڕێکەوتنەکەی یازدەی ئادار بە بنبەست گەیشت و زۆربەی زۆری نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد پەیوەندییان بە ڕیزی شۆڕشەوە کرد، من لەگەڵ چەند برادەرێکی تر لە "دار السلام"ی چۆمان لە بەشی ڕاگەیاندن گیرساینەوە، هێندێکیشیان کەوتنە ئێزگە، کە لە نێوان چۆمان و دەربەند بوو، بە هۆی هاموشۆی یەکتر سەردانی بەردەواممان هەبوو بۆ لای یەك، لە یەکێ لەو سەردانانەم بۆ لای برادەرانی ئێزگە، بۆ یەکەم جار چاوم بە شەهید عەبدولخالق کەوت و لەو ڕۆژەوە ئاشنایەتیمان پەیداکرد، ناوەناوە دەرفەتی ئەوەمان دەبوو پێکەوە دانیشین و گوێمان لە قسە خۆشەکانیو پێکەنینە شازەکەی بێ.

دوای نەمانی شۆڕش، هەریەکە بە لایەکدا پەرتەوازە بووین تا ساڵی 1977 لە هەولێر یەکترمان دیتەوە، لەو ڕۆژەوە ئیتر بەردەوام یەکترمان دەبینی، لەو سەردەمیدا ئەو زیاتر سەرقاڵی دوکانداری بوو، وەکالە(هراتجدقیة)ی وەرگرتبوو، کە تایبەت بوو بە ئامێرو کەلوپەلی کارەباری و ترانسستەری ڕادیۆ، ئێواران دوکانەکەی دەبوو بە دیوەخانێکی گەورەو زۆربەی دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی شاری



هەولێر لێی کۆدەبوونەوە، تەنانەت گەلێك لەوانە کاری نهێنی حیزبییان دەکردو لای ئەو ناسراوبوون، ئەودەمە ئێمە ئەندامی کۆمەڵە بووین و زۆر جار بە ڕاشکاوی قسەمان دەرهەق بە شۆڕشی نوێ دەکرد کە تازە سەریهەڵدابوو، شەهید عەبدولخالق، هەماهەنگ و هاوبیرێکی نزیکمان بوو، بێترس و سڵەمینەوە بڵاوکراوەو بەیاننامەکانمان دەدایێ، ئەوە جگە لەوەی کە وەك نووسەرێکیش قسەوباسی زۆرمان لەسەر مەسەلە ئەدەبیەکانی ئەوکاتەدا دەکرد. ساڵ هاتن و چوون، ئێمە شارمان بەجێهێشت و چووینە ڕیزی شۆڕشی نوێوە، ماوەیەك بە هۆی دووریو نەبوونی پەیوەندی ئاگامان لە یەکتر نەما، بەڵام دواتر توانیمان ئەو پەیوەندییە بژێنینەوە، بە تایبەتیش کە چەند جارێك بە نهێنی سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کرد، بە تایبتیش بۆ مەسەلەی تەکنیکی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، چونکە ئەو خۆی یەکێك بوو لە شارەزاو پسپۆڕەکانی ئەو بوارەو ڕێنماییەکانی کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبوو لەسەر بەردەوامبوون و بەهێزبوونی ڕادیۆکە.

جگە لەو دەستڕەنگینیەشی، شەهید عەبدولخالق نووسەرێکی شارەزا بوو لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەتیش لە ئەدەبی کلاسیکیدا، کە یەکێك لەو کتێبە نایابانەی تێبینیو سەرنجەکانی بوو لەسەر دیوانی نالی.

شەهید عەبدولخالق، لەبەرئەوەی خوێندنی مەلایەتی تەواوکردوە و سەلیقەیەکی باشیشی لەگەڵ هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا هەبوو، دیدو بۆچوونەکانی لەسەر شیعری کلاسیکیدا بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیران، چونکە زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی کلاسیکی، بە تایبەتیش نالیو مەحویو ئەوانی دی سودێکی زۆریان لە بەلاغەت و تەشبیە و، تیباق و جیناسی عەرەبیدا وەرگرتبوو. هەر مەلایەتیەش بوو دواتر، دوای ئەوەی هەر مەلایەکی دیکەی کوردستان پێشنوێژی لە دێهاتەکانی کوردستاندا کردبوو و پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، چووە ڕیزی شۆڕشەوە، بەڵام لەوێ زیاتر وەك ڕووناکبیرێکی کوردو وەك تەکنیکارێك ڕۆڵی خۆی بینیەوو لە ڕادیۆی شۆڕشدا ئەرکی بەرپرسیارێتی پێسپێردراوە. یەکێك لە بیرەوەریە خۆشەکانم لەگەڵ شەهید عەبدولخالقی نەمردا، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوەمان بۆ هەولێر، ئەو بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر (ئیمام تابوور) لە سەربازیداو ڕوتبەی ئەفسەری هەبوو، حکومەت داوایان لێکردبوو کە دەبێ وەك ئەفسەرە ئیحتیاتەکان بگەڕێتەوە بۆ سەربازی، ساڵی 1982 بوو، گفتوگۆ لەگەڵ میری لە ئارادابوو، ئێمەش بە سەردان چووینەوە بۆ هەولێرو لە یانەی ئازادیدا لەگەڵ شەهیدان نوری نانەکەلیو عوسمان سەرسۆرو د. نافیع ئاکرەیی، یادیان بەخێر، دانیشتبووین کاتێکمان زانی شەهید عەبدولخالق بەژوورکەوت، پێشتریش دەمانزانی کە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە بانگرابوو، هەر کە دانیشت یەکسەر لێمانپرسی: ها چیت کرد؟ وەك هەمیشەی بە پێکەنینە سیحراویەکەیەوە گوتی: واو وایان لێدەکەم، پێمگوتن باشە دەگەڕێمەوە بۆ ئیمام تابووری، بەڵام بایەك شتتان پێ بڵێم بەو خوایە بە جلوبەرگی ئیمام تابووریەوە لە یانەکان دادەنیشم دەزانم ئێوەش ئەمەتان پێ قەبووڵ ناکرێ.. گوتی: پێیان گوتم، هەستە بابە هەستە بچۆوە سەر کارەکەی خۆت..!

شەهید عەبدولخالق وێڕای خەمەکانی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیو سەرگەرمی بۆ ئەدەبی کوردیو وردەکارییەکانی تەکنیکی ڕادیۆو ئانتێن، یەکێك بوو لە داکۆکیکەرە هەرە دیارو ئازاکانی مافی ژنان، کە سەرەنجام هەر ئەوەش بووە مایەی تیرۆرکردنیو شەهیدبوونی. ئافرەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا، یان ڕاستتر بڵێین ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا، کە ئەوە ناونیشانە ڕاستەقینەکەی کتێبەکەی بوو، بەڵام دواتر بەهەر هۆیەکەوە بووبێ گۆڕی کەچی هەر دادی نەداو بە فیتی هێندێ کۆلکە مەلای کلك گرێدراو بە دامو دەزگاکانی ڕژێمەوە لە نزیك ماڵەکەی خۆیدا درایە بەر دەستڕێژی گوللەو بە نوێژی نیوەڕۆ شەهیدکرا.

ئەو ڕۆژەی شەهیدکرا، بۆ ڕۆژی دواتر لە ڕێگای کاك فاروق جەمیلی پارێزەرەوە کە هێشتا نەهاتبووە ناو شۆڕش و نەببوو بە پێشمەرگە، هەواڵەکەمان پێگەیشت، ئەوسا بارەگای سەرکردایەتی لە ئاوەژێو سێروان بوو، بارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستانیش لە "مەرگە" بوو، هەر هەموومان بە دڵساردییەوە کۆبووینەوەو تەکبیری ئەوەمان کرد چۆن بە "پشکۆ"ی کوڕی بڵێین باوکت شەهیدکراوە، دواجار بە ڕاوێژ لەگەڵ کاك مولازم عومەر بڕیارماندا پێشتر جەنابی مام جەلال ئاگاداربکەینەوەو هەر ئەویش تەکلیف بکەین بە "پشکۆ" بڵێ، ئەوەبوو لە بارەگای تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبوینەوەو کاك پشکۆش بانگرا بۆ ئەوێ، بە بیرمە سەرەتا ڕاسەوخۆ پێی نەگوترا باوکت شەهیدکراوە، بەڵکو گوترا تەقەی لێکراوەو بە خەستی برینداره، بەڵام ئەو خۆی تێگەیی کە نەماوەو بە قوڕگی پڕ گریانەوە ڕوویکردە جەنابی مام جەلال و گوتی: تکام وایە خوێنی بزرنەکرێ..! ئینجا مام جەلال هەواڵی شەهیدکرانەکەی پێ ڕاگەیاندو بەڵێنیشی دا کە دەقات تۆڵەی بکرێتەوە، هەر لەوێش یادی چلەی کرایەوەو مام جەلال وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەشکردو داوتریش وتاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان و هەردوو شیعرەکەی کاك شێرکۆ بێکەس و من خوێندرانەوە.



# پرسیارێك لە گۆڤارە وێكچووە/ دژبەیەكەكان

# و

# سلاوێك لە جەستەی ڕەشەكوژیكراوی عبدالخالق مەعروف و كتێبەكەی

**نووسینی: هەندرێن**



"ئێمە پێویستمان بە میتۆدێك هەیە كە ئاستەنگەكانمان بۆ بەدیاربخاتو جیاوازییەكان بخولقێنێو زمانێكشیمان بۆ بەرهەمبێنێ".

ژیل دولۆز

لە ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆ، كە خەریكە بابەتە گوتراوو نەگوتراوەكان گرنگی پێوانەكردنیان بەسەردەچێ، ماسمێدیا بە بالادەستی خۆی دەتوانێ یاری بە تەواوی كێشە خۆیەتیو گشتییەكان بكات، جیاوازی سنوورەكانی نێوان ڕاستیو هەڵە؛ مەرگی نوێنەرایەتیكردنی هەقیقەتەكان فەرامۆشدەكرێ، گفتوگۆی قەیرانی ئاوابوونی "داستانە مەزنەكان" و ڕاگەیاندنی نەمانی ئۆرگینالییەتی فیكریو فەلسەفەش تا دێ ڕاشكاوتر دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە بێدەنگبوون لە كرداری ڕەشەكوژیكردنی نووسەری خاوەن هەڵوێستو كردار، لە كۆمەڵگای ئیسلامی بە گشتیو كورد بە تایبەتی، ڕوناكبیریی كوردیو گۆڤارە بە چەمكە قورسە سیخناخكراوەكانیان بەرەو ڕووی پرسیارێكی بارگران دەكاتەوە: ئاخۆ باشتر نییە، لەبری ئەو پێشبڕكێیەی كە گۆڤارەكانیان تەرخانكردووە بۆ نووسینگەلێكی پڕ لە چەمكو دیاردە مانا ڕەگ بلاوەكانی ڕۆژئاواییو ڕووكەش بەكارهێنراوەكانی كوردییانە، هەریەك لەو "هەموو" گۆڤارانە بەشێكی دیاریكراو لەو بابەتو دیاردە كۆمەلایەتی، سیاسی، ئایینی، ئەخلاقیو ئابوورییانە بكەنە پرسیارێكی تایبەتمەندی گۆڤارەكانیان، كە بەرهەمهێنانەوەی لە كۆمەڵگەی كوردیو بە تایبەتیش لە ژێر سایەی "حوكمەتی هەرێمی كوردستان"دا "ڕەگێكی بەربلاو"ی هەیە، كە وا ئەمڕۆ خەریكە جەستەی كوردی بە "تراژیدیا"یەكانیشیەوە بۆگەن دەكەن؟

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزكاوە، لە ئاستی كۆمەلایەتیو دەروونیدا، پاش ڕامالینی دامودەزگا مرۆڤكوژەكانی ڕژێمی سەددام كاریگەرانەتر دەبینرێ، چونكو لە كوردستانی خوارووا خەڵكی كورد خۆی لە بەردەم پرۆسێسێكی تازەدا بینیەوە، كە هێشتا سەرەنجامەكەی بۆ ئێمە لە چاوەڕوانی وەلامو هەڵسەنگاندنێكی بڕوائامێز ماوەتەوە. هەڵەتەبوونو سەرلێشێوانو دەستكورتی ئەم پرۆسەیە، كۆمەڵی كوردی لە هێزی ناوەكی خۆی نامۆكرد، كە خودی ئەم هێزەش بوو هانیدا دەسەلاتێكی ستەمگەر ڕەتبكاتەوە

تاوەکو بوونی خۆی لە جیهانی بێبشەکراویدا ئاشکرا بکات. لە خۆناموبوونی کورد، لە ئەنجامی سەرمەستبوونی ساویلکەییو دەستەپاچەیی نوێنەرە سیاسییەکانی بە پشتیوانی هێزە دەرەکییەکان، کە لە بنەڕەتدا سەرەتای نیشاندانی ئەم پشتیوانیکردنەی هێزە دەرەکییەکان لەم نوێنەرانە، بۆ بەرهەمی هێزە ناوەکییەکەی ئەم کۆمەڵە دەگەڕێتەوە. کەچی ئەم نوێنەرانە، لەبری سەقامگیرکردنی مافە ڕەواکانی ئەم کۆمەڵە، پاداشتی شەوکوێریو لێکترازانی هێزی ناوەکی جەستە زامدارەکەی بەخشی، دواجاریش فەرامۆشکردنی ئەم کۆمەڵە لە هێزە ناوەکییەکانی، گەیاندیە ئەو ڕادەیەی کە دەستەهەڵبێنێ لە بەردەم قەدەری بێمانابوونی ژیانو ئارەزووی گەڕان بە دوای خۆدۆزینەوەو ئامادەبوونی لەسەر زەویدا. ئەم داچڵەکانەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دیاردەگەلێکی بەرهەمهێنا، کە لێرەدا بۆ کورتکردنەوە تەنیا دەتوانین بە دیاردەی چاولێکەری حوکمڕانە ستەمگەرەکانی دنیای سێیەم ناودێری بکەین، کە خۆی لەمدیوی دەمامکی ئیسلامگەری شاردۆتەوە. تیۆرییو ڕەفتارەکانی ئەم دیاردە ترسناکە بە بیانوی پاراستنی بەهایەکانی ئیسلامو ڕەوشتی چاك، لە پێناوی ئەمەدا ڕەوایەتی بەخۆی دەدا، لە جیاتی پەیڕەوکردنی پەیوەندیو گفتوگۆی هەمەلایەنی یەکسان، میتۆدی: ڕەشەکوژیکردنی ڕوحی هاوچەرخ، هەڕەشەکردن لە ئازادی بیرکردنەوە، هەتککردنی جەستەی ژن، وێرانکردنی لایەنە ڕۆشنەکانی ژیانی خەڵك؛ واتا ڕێگەگرتن لە بیرکردنەوەی جیاوازو توانای بڕواکردن بە هێزی ناوەکی خودی خۆی.. تاد، پەیڕەودەکات.

لەبەرئەمە بێدەنگبوون لەم دیاردەو بیرنەکردنەوانە بۆ خۆشکردنی زەمینەیەکی فراوان کە بە ڕێگەی میتۆدگەلێکی هەمەلایەنەوە دەرفەتی ئەوە بدات، هەزرە جیاوازو هەڵەسنگاندنەکان بخوێنرێنەوە، تەنیا مانای نەبوونی ڕوناکبیر، یان بوونیمشەخۆری ڕوناکبیریی سەرتاسەری لەم کۆمەڵگەیەدا بە ئێمە ڕادەگەیەنێ. ئەمڕۆ ئەم بوحرانی ڕوناکبیرییە چ لە کوردستانو چ لە دەرەوەدا، بێئەوەی نیازم بە گشتیکردنی ئەم ناولێنانە، یان لەکەدارکردنی خودی کەسەکان بێت، بوونی خۆی بەرانبەر پرسیارێکی گومانکارو شەرمهێن دەکاتەوە، کە تەنیا بە بنیاتنانەوەی خودی خۆی دەتوانێ وەرامی بداتەوە.

لەم ڕۆژگارەدا، ڕۆشنبیریی ئێمە لە هەندەرانو ناوەوەن لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ڕووبەڕووی ئەم ڕووداوە تراژیدییانە دەبێتەوە، بێ ئەوەی بەرتەکێکی کاریگەرانە ئەنجامبدات، کەچی سەرباری ئەمەش، مانگانە دەیان کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی بەرخۆر "ئیستهلاکی" بڵاودەکرێتەوە. لەوەش زیاتر یەکێك لەو گۆڤارانەی کە لە سوێد دەردەچێ، کە بەرپرسیارەکانی دژی گشت ئەو نووسینە کوردییە تازانەیە کە سەرچاوەکانیان لە هزری "پۆستمۆدێرنیستەکان"ەوە هەڵدەقوڵێ، کەچی بە درەنگییەوە، بۆ بردنەوەی ئەم "پێشڕکێ"یە بە ڕێگەی سەرچاوە عەرەبییەکانەوە فێری "پۆستمۆدێرنیزم"مان دەکەن. هۆی زۆریو بۆری ئەم بڵاوکردنەوە بێ پرۆژەو میتۆدییانە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ قەرەبۆکردنی ئەو بۆشاییە گەورەو خۆدزینەوە لەو دەستەپاچەییەی، کە ڕوناکبیریی کورد لە بەردەم پرسیاری داهێناندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بۆیە دەبینین، بەشێکی زۆری نووسینەکانی سەر لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئێمە لەم قۆناغەدا، هاندەریی هەمان ئامانجی ئەو واقیعە شەڕانییە خۆکوژییەی وەرگرتووە، کە سیاسەتمەدارەکانی کورد چارەنووسی کۆمەڵەکەمانی تیادا هەڵخەڵەتاندووە. بەمجۆرە دەبینین نووسینیش خەسڵەتی چەکی پۆشیوە لە پێناوی سڕینەوەی جەستەی ئەویترو هێرشکردن بۆ سەر ئەم نووسەرو ئەو نووسەر، بێ لە گۆڕیدابوونی هیچ یاساو ئسوڵێکی جێگیر، کە نووسەر بۆ پارێزگاری مافی خۆی بتوانێ ڕووی لێبکات، ئیفلیجی کۆدە مەعریفییە زانستیو میکانیزمەکانی بیرکردنەوەو میتۆدەکانی بیانوکاری لە پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، کەشێکی نالەباری ئەوتۆی دروستکردووە، کە گرینگدان بە لێکۆڵینەوە لە لایەنە سۆسیۆلۆژی، کێشە دەروونییەکان، هۆکاری سەرهەڵدانی کتوپڕی ئایین، میتۆدە شکستهێنەرەکانی سیاسەتمەدارو بنەچەی دنیابینی کولتووری ئێمە پشتگوێبخرێت. ئەمڕۆ ئەرکی نووسەر ئەوەیە ئەو بارە کەنەفتو چەقبەستووەی کە مێشك و زەینمانی داخستووە، تەکانپێبداو بارێکی بزوێنەرو بەرهەڵدراو بخوڵقێنێ، کە بتوانین بە میکانیزمی جیاوازی بیروڕا دەربڕینو بە پاڵپشتی بەڵگەو ڕەخنەو بیانوکاریی، لەسەر ئاستی گیروگرفتەکاندا دیالۆگێکی بەرانبەری بخوڵقێنین.

لەم کاتەی ئەو دیاردەی، کە ناومانبرد ئاییندەمان بە هەڕەشەوە گەمارۆدەدا، کەچی گۆڤارە قەبەو تژی لە بانگەشەی ئەو زاراوەو چەمکانە زۆرتر دەبن. هاوکاتیش پەرەدۆکسیو ناشازی ئەو زاراوەو چەمکانە، بە هیچ پێوانەیەکی کوردیو غەیرە کوردی لەگەڵ "بەڕێوەبەر" و "سەرنووسەر" و "خاوەن ئیمتیاز"ەکانیان، مەهانەهێنانەوە قبووڵناکات.

چۆن دەکرێ سەرنووسەرێك، یان هەریەکێك لەم گۆڤارانە، بەڕێوەبەرو نووسەرە تایبەتییەکانیان ئەندامی یەکێك لەم حیزبە خەمهێنەرانە بێت، یان مشەخۆرێك بێت؛ لە ئەورووپا، کورد واتەنی پولی "سۆسیال- ماڵی مامە- وەربگرێ"، کەچی لە کوردستانیش بە ڕێگەی "کادیرە حیزبییو ڕوناکبیر"ەکەی هاوڕێی یان خزمەکەی ببێتە سەرنووسەرێکی، بێلایەقی یەکێك لەو گۆڤارە وێکچووە دژبەیەکەکان، لەو کاتەی دەیان منداڵی کورد بە نەخۆشیو هەتیوی، یان لەبەر دەسکورتی دایكو باوکی، لە چلەی زستانو لەبەر قرچەی گەرمادا، لە جیاتی خوێندنو یاری منداڵانە تا شەو ناچاری دەکا بەرەو ماڵ بێتەوە سواڵبکا، یان پێڵاوی ئەفەندییەکان بۆیاغ بکات.. تاد؟! لە کۆتاییدا دەکرێ بێژین: چۆن

نووسەرێکی دڵ پڕ لە ڕق‌وو کینە، دەتوانێ بیر لە بەهای جوانی ژیانی کەسەکان بکاتەوە، یان ڕێز لە جیاوازی بیرکردنەوەی تاکەکەسەکانی کۆمەڵ بنێ، نووسینێك بنووسێ، کە لەو هزرڤان‌و ئەم فەیلەسوفە، لەو گۆڤار ئەم ڕۆژنامەیە، بێکار لەگەڵ کردن، دەسکەنەی کردبێ، هاوکاتیش دەیان سەرچاوەو ناو لەژێر دێڕی "سەرچاوەکان"ی پشتەوەی وتارەکەی ڕیزدەکا، کە ئەم تەرزە نووسینەن نەك لە جەهەری خۆی ناوەشێتەوە، بەڵکە دژی خۆشیەتی، جا بە خێرایی بۆ یەکێك لەم گۆڤارە گەڕەلاوژە ئامێزانە بنێرێت، کە "ناونیشانەکە"ی وای لێدەکات بەوە شادبێت کە بەم بابەتە پێشی گۆڤارەکەی تر دەداتەوە؟ وێجا بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە، نووسەری "خاوەن فیکری خۆماڵی کوردی" بە ئێمەی خوێنەری کوردی بێئاگا دەڵێ: "کەس لە پێش مندا بە زمانی کوردی باسی لەو چەشنە مەعریفە تازانە نەکردووە"!

لێرەدا دەمانەوێ بڵێین ئێمە کاتێك دەتوانین باس لە مەعریفەی تازە بکەین‌و بە گۆڤارەکانمان تایبەتمەندی ناوەڕۆکەکانی بسەپێنێ‌و لەوێکچووە/ دژبەیەکەکانەوە، بەرەو جیاوازییە تەبایەکان، کاتێ توانیمان بە هۆی ئەو هزرو چەمك‌و دیاردە میتۆدیکانەی پرسیارو بوحرانە ڕەگاژۆکانی کۆمەڵەکەمان ڕاڤەبکەین، دواجاریش ئێمە ئەوکاتە دەتوانین لە بزاوە فیکرییەکاندا باس لە "منی ئامادە" بکەین کە توانیمان بە بەرهەمە "تازەگەرو پاشتازەگەر"ەکانمان ڕەهەندگەلێکی تر بەو هزرو چەمك‌و دیاردە مەعریفییە خوازراوانە ببەخشین. هاوکات بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، ئێمە کاتێك دەتوانین باس لە "تازەگەری"و "پاشتازەگەری"و دیاردەی ئیدیالە بڕواداریيەکانی "ئیسلامگەری"ی کوردی بکەین، کە بە مەعریفەیەکی تیۆریی، یان ئایینی تازەی "کوردیزا"یانە، ئەو دیاردەی هزرو چەمك‌و فەلسەفانەی ڕۆژئاوای خاوەن دوو هەزار ساڵ زێتری فەلسەفەو داهێنەری "یارییە دوالیزمەکان" بخوێنینەوە. تێڕوانینی ئەو یارییانەش میکانیزمەکەی: لە سۆبێکت‌و ئۆبێکت؛ منی داهێنەری ڕاستیەکان‌و "ئەویدیکە"ی خنکاو لە هەڵەو سیما دزێوەکان؛ خاوەن بەرهەمە فیکریی‌و تەکنیکە بەهایەدارەکان‌و ڕزگارکەریی مرۆڤایەتی لە جیهانی نەزانی.. تاد، سەرچاوە هەڵدەگرێ.

بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی بۆ ساتێکیش بێت بتوانین ئەو بارە قورسە لەسەر شانمان سووکەڵە بکەین، کە ئەو دێڕانەی سەرێ خستییە سەر ئەستۆمان، دەمانەوێ درێژەی ئەم نووسینە ببێتە سڵاوێك، کە لە بنەچەدا، بۆ بەیادهێنانەوەی، عەبدولخالق مەعروف‌و کتێبە ڕەشەکوژێکراوەکەی: ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا، تەرخانکرابوو.

دواجاریش ئەم نووسینەی کە ئێستا بەم تەرزە دەبینرێ، ناوەڕۆکەکەی لە ساڵی 1996 بۆ پێشەکی چاپێکی تازەی کتێبی ناوبراو نووسرابوو، کە خاوەن "چاپخانۆکەیەك" داوای پەیمانی ئەم چاپکردنەوەی پێدابووم. بەڵام دوای ماوەیەك ئەم پەیمانە لەبەر "مەترسی" ئەم کتێبە هەڵوەشایەوە. بەڵام، لەبەر ڕێزلێنانی کتێب‌و نووسەرەکەی، ئەم نووسینەم بۆ بڵاوکردنەوە پێشنیازی گۆڤارێکی کوردی کرد کە لە سوێد چاپدەکرێ، کەچی "سەرنووسەر"ەکەی، بەرلەوەی تێکستەکە بخوێنێتەوە، "ئازادی" بیروڕاو ڕێزگرتن لە "ترس" ناچاری کرد، بە پەلەپڕوزێ بڵێ: "کاکە ئێستا بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە باش نییە!"

لە بیرمان نەچێ ئەم کتێبەی عەبدولخالق مەعروف یەکێکە لەو ڕاڤە باشە کوردییانەی کە دەبوو ببوایە بە یەکێك لەو سەرچاوە خۆماڵیانەی ئێمە کە گۆڤارە کوردیەکان، وەك سەرچاوەیەك ئەم دۆخە نالەبارەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیان بخوێندایەتەوە.

2

بەڵێ، وا نزیکەی چارەکە سەدەیەك بەسەر جەستەی ڕەشەکوژێکراوی عەبدولخالق مەعروف‌و کتێبەکەی: ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، تێدەپەڕێت. ئەم باروودۆخەی ئێستا، کە ئێمە تێیدا سڵاوێك لەو کتێبە دەکەین، گەلێ تاریکترە لەو ڕۆژگارەی کە بوو بە بابەتی کتێبە سۆسیۆلۆژییانەکەی نووسەرو دواجاریش، ڕەشەکوژێکردنی نووسەرو تابۆکردنی کتێبەی، بە هۆی هێزی جێلەقکردنی ئەو تێڕوانینە بەستەڵۆکانەی کە بێ بەرپرسیاریی نوێنەری ئایینی ئیسلام دەکەن.

کتێبی ناوبراو وەك سەرەتایەك، هەوڵێك، بە ڕێگەی جۆرە میکانیزمێکی بزوێنەر، کە لە پانتایی ژیانی ڕۆشنبیریی ئێمەدا کەم ئامادەیە، لایەنێك لە پێکهاتەی جەستەی کۆمەڵی کوردەواری، کە ئایینی ئیسلامەو ڕۆڵێکی گرنگ‌و ئامادەییەکی تەواوی لەسەر عەقڵ‌و ئاگایی‌و دەروونماندا هەیە ڕۆشندەکانەوە. لە بەرانبەر ئەم کارە جوامێرو بەجەرگە جیاوازەدا، تاقمێکی بکوژ، بە پاڵشتی ڕژێمی سەددام، کاك عەبدولخالق مەعروف‌و کتێبەکەی ڕەشەکوژ دەکەن. ئەوە ڕووداوێکی تازە نیە کە بۆ یەکەمجار لە دنیای جەنجاڵی خۆرهەڵاتدا ڕوویدابێ.

ڕژێمە دیکتاتۆرو گروپە تۆتالیتارەکان هەمیشە ئایینی ئیسلامیان وەك مەهانەیەك بۆ بەرژەوەندی دیماگۆگیانەیان قۆزتۆتەوەو جەستەی نووسەرو کەسانی بوێریان سڕیوەتەوە. بەم چەشنە ئەوە بۆ جارێکی تر، ئەو تاقمە نەزانە بە مەهانەی داکۆکیکردن لە ئایینی ئیسلام‌و ختوکەدانی هەستی ساویلکەی ئاینزای جەماوەر، پاداشتی جەستە لەناوبردن بە عەبدولخالق مەعروف‌و کتێبەکەشی دەبەخشێ.

ئا لێرەدا، ئەم هەوڵە سادەیەی ئێمە تەنیا ڕێزلێنانێکی سادەو بەیادهێنانەوەی ئەم نووسەرە جوامێرەو کتێبە فەرامۆشکراوەکەیەتی.

لە دیدگەی ئەم هەڵوێستەوە، دەکرێ ڕێزی ئەم هەوڵەی عەبدولخالق مەعروف، وەك نووسەرێکی کورد، لە ئاستی ڕێزو

بەهای نووسەرانی عەرەبی وەك: حسين مروه، مهدی عامل، دكتۆر فرج فودەو هونەرمەندو ڕوناكبیرانی تری دونیا بنرخێنین، كە بە مەهانەی كوفرو مولحیدو خەتەرناك، گێرەشێوێن‌و خائین، خڵەفاوو مرۆڤكوژەكان، بە ناشیرینترین‌و نامرۆڤانەترین شێوە ڕەشەكوژیان كردوون. مامەڵەكردن بەو جۆرە بێ ڕێزییە، نەك لەگەل بەهاو مانای سەردەم ناگونجێ، بگرە هەتا لەگەڵ ناوەڕۆكی خودی ئاینی ئیسلامیش یەكناگرێتەوە. بەو مانایەی كە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، خۆی لە خۆیدا، سەرهەڵدانی ڕزگاركردنی كۆمەڵ بوو لە خورافەت‌و بێدادی كۆمەڵایەتی، لەوانە پاراستنی مافی ژن بوو لە زیندەبەچاڵنەكردنی بە كۆمەڵی، دواجاریش ئیسلام وەك وەرچەرخانێكی كولتووری، كە بە ڕۆشنگەری عەرەب، یان ڕۆژهەڵات، ناودەبرێت، توانی لە پاڵ بەرهەمهێنانی هزرڤانانی وەك: ابن الرشد، ابن سينا، ابن الخلدون، فارابی‌و ابن العربی، زانستگەلێكی مرۆڤایەتییانەی وەك: دەرمانسازی، ئەستێرەناسی‌و ماتماتیك‌و.. تاد بە دونیا ببەخشێت. لێرەدا مەبەستمان دروستكردنی پێوانەی بەراوردكاری نییە، بەڵكە پیشاندانی جیاوازییەكانی ئەم ئایینەیە، كە برێك لە پەیڕەوكارانی، لە بری ڕۆشنكردنەوەو پەرەپێدانی ئەو مێژووەو هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵ، دونیایەكی خامۆش وێڵدەكەن. نەهامەتی‌و ڕەشبگیری‌و داچڵەكاندن لە ڕۆژگارێكدا، كە مرۆڤایەتی گەیشتە ئەوپەڕی زانست‌و تاقیكردنەوەی عەقڵی ئادەمیزاد، كەچی لە كۆمەڵگەی ئێمە بە مەرگ خورافەت، درۆو ڕیا داگرتوودا، مرۆڤ لەسەر سادەترین وشە، كە جیاوازبێ لەگەڵ داب‌و نەریتی كۆمەڵگەو داموەزگاكانی ڕژێمە دیكتاتۆرەكان، لە جیاتی دیالۆگ‌و لێپرسینەوەو دادگا، بێمافی داكۆكی لەخۆكردن، جەستەی تەفروتوون دەكرێ! كارێكی چەند ئەستەمە قبووڵكردن‌و پشتگوێخستنی ئەو واقیعە دڕندانەیە! كارێكی چەند پووچ‌و گەندەڵە، كە لەناو ئەو واقیعە تاڵەدا، ڕوناكبیر بانگەشەی ماف‌و ئازادی ژن بكات، لەوكاتەی كە خودی ئەم ڕوناكبیرە لە ناخیدا بەسەر كەسانی دەوروبەری خۆیدا؛ خوشك‌و ژن‌و منداڵەكانی، بە جۆرێك هەمان ڕەفتاری كۆنترۆڵكردن‌و قەدەغەكردن، بەناوی داب‌و نەریتی ئیسلامەوە، پەیڕەو دەكا!

بەردەوامبوون‌و كەڵەكەبوونی ئەو واقیعە تۆتالیتاریستە، هاوكات لە خۆماندا ئاگاربین، یان نەبین، دەمانكاتە نووسەری دیكتاتۆر، دەسەڵاتخوازی تۆتالیتارو مرۆڤی شێواو.

ئا لێرەدا، عەبدولخالق مەعروف لە كتێبی، (ئادەمیزاد لە كۆمەڵی كوردەواریدا)، وەك وتم لە هەوڵە سادەكەیدا، ئەو هەقیقەتە دیزەبەدەرخۆنەكراوە لە لایەن نووسەرانی بە قسە، تەنیا "بە قسەكردن‌و بانگەشە" نەك بە كردارو مامەڵە/ ئاشكرا دەكاو ئەو پێكهاتە وێكچووە/ دژیەكە؛ بانگەشەی بەدەم بۆ یەكسانی‌و ئازادكردنی ژن، بەڵام لە كردارو عەقڵدا بە پێچەوانەوە، پەردە لەسەر هەڵدەماڵێ.

وێڕای ئەمانەش ئەم كتێبە بەرەو ڕووی پرسیارێكمان دەكاتەوە، كە هەر هەموومان دەگرێتەوە. ئەویش ئەو بیرو چەمكانەیە كە لە دەرەوەی خۆمان بە كۆپیەكی هەرسنەكراو خواستوومانە. بیروباوەڕێك كە هی ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاوایەك كە دەمێكە نەك هەر بە قسە ئەو بیرو بۆچوونانەی ڕاگەیاندووە، بەڵكو بە ڕێگەی ئەو بیروباوەڕو چەمكانەوە ئێمەی ملكەچكردووە. ئەم كارەش ئێمەی لە بارێكی پەرەدۆكسدا گیرخواردوو كردووە. بۆ نموونە: ئاخۆ ئێمە دەتوانین لە كرداری ڕۆژانەماندا لەگەڵ ژن‌و خوشك‌و دایك‌و ژنانی نزیك بەخۆمان، ئەو بانگەشەكردنەی كە بۆ ژنان لە نووسینەكانماندا دەیكەین، بە كردەوە ئەنجامیبدەین؟ ئاخۆ لەگەڵ خودی خۆشماندا كاتێ لە نووسیندا باسی مافی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین‌و یەكسانی‌و بەرانبەری ژن لەگەڵ پیاودا دەیكەین، هەست بە ناڕاستی‌و دژایەتیكردنی ئەو بانگەشەو داواكاریانە ناكەین؟ یان با زیاتر لە واقیعی ئەمڕۆ نزیكببینەوە، ئەویش: ئاخۆ ئەمڕۆ ئەو نووسەرانەی كە چەند ساڵ لە ئەوروپا تاقیكردنەوەیان هەیەو لە نزیكەوە ئەو واقیعەیان دیوە، هاوكات لە ڕابردوودا خەونیان بەو واقیعەیان دیوە، كە بە نووسین باسیانكردووە، ئێستا دوای دیتنی ئەو واقیعە، بۆ دەچنەوە لە كوردستان كیژێك لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە ئێرە، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێكی یەكسانی‌و ئازادی لەو مارەكردن هێنانەدا ڕۆڵی هەبێ، تەنانەت خۆشیان دەزانن ئەوە ڕۆڵی لە ئەوروپا بوون‌و كۆیلەیی ژنانە لە بەردەم پیاودا كە بەوە ڕازیاندەكا؟ ئەوە باسی ئەو كەسە ئاساییانە هەر ناكەین كە بەو كارە هەڵدەستن. ئاخۆ مانەوەو درێژەدانی ئەو بارە، ئەوە دیدو بۆچوونی ئایینی ئیسلام نییە، كە لە قووڵایی دڵ‌و دەروون‌و عەقڵماندا دەسەڵاتێكی ڕەهامان لەسەر دادەنێ؟

بە ڕاڤەكردنی ئەم پرسیارو كێشانە، كتێبی ئادەمیزاد لە كۆمەڵی كوردەواریدا، وێنەیەكی ئاڵۆزو شاراوەی كۆمەڵگەی كوردمان پێشكەشدەكا، كە دیاردە سۆسیۆلۆژییەكان لە پشت بەرهەمهێنانیەوەیەتی.

بۆیە نابێ ئەم كتێبە، وەك ئەو جۆرە وتارو ڕاپۆرت‌و نووسینە لاساییەكەرەوە پڕ لە چەمكە ناوێزانە بخوێنینەوە. چونكو ئەو نووسینە وەرگێراوو تەرجەمەكراوانە، بەمجۆرەی كە بەردەوامە، لە چەواشەكردنی سەرچاوەی ئەو چەمكانەو بریندارکردنی سەرچاوەی ئەو چەمكانەو بریندارکردنی هەستی بڕواداران بە ئیسلام‌و هەرزەگویی بترازێ، هیچی تر ئەنجامنادەن. ئەو جۆرە نووسینانەی كە دوورن لە هیچ ئیزافەیەكی "تازەگەری- پاش تازەگەرییانە، ناتوانن ئەو بارە نالەبارە كۆمەڵەكەمان جێلەق بكەن. هاندەری ئەو تەرزە نووسینانە، نەك تەنیا لەو ئایدۆلۆژییە هەرسنەكراوانە نزیكن كە چاویان كۆمەڵ نابینێت، بەڵكە لەو خاكەش بەنامۆكراون كە بەرهەمهێنەری ناوەڕۆكەكانییەتی، ئەو چەشنە نووسینانە ئیدۆلۆژیایەكی تر، یان ئاینێكی ترە، بەڵام بەو

چەمکانە دەمامکدراوە، کە لەبەر بێهێزیو ئەبڵەقبوونمان بەرانبەریان، دەتوانن بە ئاسانی فریومانبدەن. بە ڕەواجبوونی ئەو جۆرە نووسینە بێبنچو بنەمایان، بۆ تێڕوانینە ڕەهاو بە زۆرەملێیانەی ئەو بڕوادارە "تازانە"ی بزاوی ئیسلامگەریی دەگەڕێنەوە. ئەنجامی ئەو نووسینانە، بەرهەمێکی لەم جۆرە کتێبەی عەبدولخالق مەعروفیش دەخاتە ناو ئەو بارە سەختو گشتگرەوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم کتێبە ئەنجامیداوە، تەنیا خوێندنەوەی ئەو ئایەتو حەدیسانەیە کە لە قورئانی پیرۆزو پێغەمبەر "د.خ" و ڕابەرانی ئیسلام کە سەبارەت بە هەموو پرسیارەکانی ژن نووسیویانەو ڕایانسپاردووە. نووسەر بەوپەڕی دڵسۆزیو ئەمانەتەوە ئەم ئایەت و حەدیسانەی وەك خۆیان یەك بەیەکە نووسیوەتەوەو بە زمانی کوردیش ڕاڤەیکردوون. هەروا سەرچاوەی هەموو ئایەتو حەدیسەکانیشی دەستنیشانکردووە. ئەو کارەی کە نووسەر لەم کتێبەدا مەبەستی بووە، تەنیا دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانەیە، کەلە ئایینی ئیسلامدا بەرانبەر بە ژن جێگیرکراون.

لە ڕوانگەی ئەم ئایینەوە نووسەر ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە کۆمەڵگەیەك بە دڵو گیان بڕوای بەو ئاینەیەو لە بچووکترین کرداری ڕۆژانەیدا پەیڕەوی دەکا، ناکرێ نووسەران تەنیا بە نووسینەکانیان بە پێچەوانەی ئەو واقیعەوە بانگەشە بۆ تێڕوانینێکی تر بکەن، کە زەمینەی لەناو ئەم کۆمەڵگە بڕوادارەدا نییە. لەوکاتەی خودی ئەو نووسەرانە لە کرداری ڕۆژانەیاندا هەرهەمان دابو نەریت پەیڕەودەکەن، کە لەو ئایەتو حەدیسانەی ڕابەرانی ئیسلامدا باسکراون. نووسەر لە دووتوێی باسەکەیدا جاروبار ڕاستگۆیانەو بە ئاشکرا ئەوە ڕادەگەیەنێ. کە کۆمەڵگایەك بەوجۆرە، کە ئاینی ئیسلام حوکمی تەواوو موتڵەقی لەسەر بکا، ناکرێ بەو نووسینانە خۆمان فریوبدەین. بەوە داوامان لێدەکا جارێکی تر بە دیدو ڕوانینێکی قووڵو بەڵگەدار لەسەر ئەو مەسەلەیە بدوێین، ئەگەرنا هەموو هەوڵێك لە دوا ئەنجامدا زیادەڕۆییو بی نرخ دەمێنێتەوەو شوێنەوارێك لەسەر ئێمەدا بەجێناهێڵێت.

ویڕای ئەم ئەرکە بەنرخەی، کە عەبدولخالق مەعروف ئەنجامیداوە، بەڵام ئەو وەك نووسەرە "پێشەنگەکان"مان بۆ دەکاتەوە خۆی بە نوێنەرایەتیەکی "ڕاستەقینە"ی ڕۆشنبیری کوردی لە قەڵەمنادات. جاوا لە خوێنەر ناکا لە دەوروبەری کۆببنەوەو ستایشەکانی پەیڕەوبکەن. بۆ نوسینی ئەم کتێبە تێرم و فیکرو دیعایەی بیانیو نەگونجاو، وەك بانگێکی تازە ناکاتە جومگەی کتێبەکەی، تاوەکو هەقیقەتە "تازەکان" پێشکەشی کورد بکات.

هاوکاتیش وەعزو ئامۆژگاریشمان ناکا، بەڵکو هانماندەدا ئازادانە بیربکەینەوە، پرسیار بکەین، تا لە پەرەدۆکسییەت و هەلپەرستیو بانگەشەکردن خۆمان ڕزگار بکەین. دواجاریش دانبنێین بە واقیعێك کە تا قورگی لە تاوانو تاریکیدا، لە نەزانیو خورافەتو خێلایەتیو غەیبانییەت نقوومبووە. واقیعێك کە بەرهەمەکەی ئەم دوو حزبو دیاردە شێواوو ئاڵۆزکاوەیە، کە دەتوانێ دەیان نووسەری وەك عەبدولخالق مەعروفو ژنی "جیاواز" هەتکبکات، بێئەوەی یاسایەك هەبێت بتوانێت داکۆکی لە مافی ژیانی جیاوازیان بکات.

لە کۆتاییدا بە ڕەوای دەزانم بڵێم: کتێبی: (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) یەکێکە لەو سەرچاوە بە سوودو بوێرانەی کتێبی کوردی، کە ئێمە وەك هەوڵێکی، دەڵێم وەك هەوڵێك "کتێبی وا بە سوودمان لە ناو کتێبی کوردیدا بە دەگمەن بەرچاودەکەوێ، کە بتوانێن بەمجۆرە میتۆدە بوێرانەیە لەولایەنە گرنگو بە پیرۆزکراوانەی ڕابردووی ئێمەی کوردی بکۆڵێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم کتێبە یەکێکە لەو خوێندنەوە سۆسیۆلۆژییانەی ئێمە، کە دوای ئەمە کتێبخانەی کوردی وێنەی لەم جۆرە کتێبەی یەکجار کەم پێشکەشکراوە. بۆیە کردنی ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەك بێلێکۆڵینەوەو مشتومڕ سەبارەت بەو دیاردە تازانەی، کە نووسەری ناوبراو گیانی خۆی بۆ فیداکرد، ئەرکی ئەو نووسەرو ڕوناکبیرانەیە کە لە نووسینو گۆڤارەکانیانەوە، بانگەشەی ئازادی بیروڕا، تازەکردنەوە، پێکهێنانی "قەوارە"ی نەتەوایەتی کوردو مافی یەکسانی ژن دەکەن، ئاماژەی پێبدەن.

بە پراوەکردنی ئەو پرۆژەیە، گۆڤارە زۆرەکانی کوردی، بە تایبەتمەندی بابەتهەڵگریو پێویستی بوونیان، دەتوانن لە دیاردەیەکی لێکچووی/ دژبەیەك بۆ دیاردەیەکی تەبای/ جیاواز وەرچەرخێن. دواجارس سڵاوی بەیادهێنانەوە لە جەستەی ڕەشەکوژیکراوی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریداو نووسەرە جوامێرەکەی بکەین..

**سەرچاوە**

**گۆڤاری ڕەهەند/ ژمارە** (12، 13).





ئینسانی خاوەن هۆش و عەقڵ و دڵ نەك بۆ ئیسنانی چەپەڵ و داوێن پیس و دوور لە هەموو زانیارییەك وەك جەنابت و غەیری جەنابت.

هەی جاهیلی بێئاگا زانایانی ئیسلام خزمەتی زۆریان کردووە، تۆ هەروا دابەیت (چوارپێ) سادەی ڕەنگە لە ئیسلام تێنەگەیشبیت. هەی جاهل، هەی نەفام، هەی سەرلێشێواوو بێ ئاگا لە هەموو شتێك، تۆ ئیمڕۆ چۆن بەم بێشەرمیەوە ئەڵێیت قورئان پەیوەندی نییە بە زانیاری ئەمڕۆوە زانایانی ئیسلام گەیشتنە ئەوەی کە هەندێ ڕەسەدو مەسەد دابنێین بۆ کەشفی ئەستێرەکانی ئاسمان. جاهیلێکی تەتەروفی نەزان، بە کرێگیراوو چڵکاوخۆرێکی وەکو (نووسەری) مەسەلەی کوردەواری ئەڵی دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە، هەر بەبێ ئەوەی لە ئەوروپا شارەزابێ، نە علومی ئیسلام شارەزابێ، نە لە مێژووی ئیسلام شارەزابێ، نە لە مێژووی ئەوروپاش هیچ بزانێ، کتێبێك پڕبکات لە خورافات و بە تەعبیرێکی ناشیرین و ناڕێك بیخاتە بازاڕەوە.



# چەند دێڕێکێ لە وتاری مەلا ئەحمەدی مستەفا ئاغای هەڵشۆیی

هەندێ بەکرێگیراوو سەرلێشێواو نۆکەری جولەکەو داعی صەلیبیەت هەڵئەستن بەم کارە نازانین بۆ نموونە یەکێ لەوانە کتێبێکی خستۆتە بازاڕەوە بە ناوی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا لەسەر نەهجی تیراژی موستەشرقین ئەم کتێبەی نوسیوە، موستەشرقین تەحەدای خوا ئەکەن و دوژمنانی دینی ئیسلام و زانایانی ئیسلامن.

ئەم کابرایە شتێکی نووسیووە بەو ناونیشانەی کە وتمان، لە هەندێ شوێندا باسی ئیسلام ئەکات و تەعریفی ئەدا بەڵام بە شێوەیەکی ناشیرین و لە قاڵبێکی سەقافیو عیلمی‌دا نا، لە هەندێ شوێندا شوبهات و گومانی فڕی ئەدات بۆ ئەوەی شەك و گومان فڕێدا لەناو گەنج و لاوەکاندا ئەوەی کە نووسراوەکانی ئیسلام و نووسەرە ڕاستەقینەکان یان واعیزو خەتیبەکان پێیان ئەڵێن وانیە.

من لە ئەساسدا ئەم کابرایە ئەناسم کە بێدینترین ئینسان و کافرترین ئینسانە بەڵام لێرەدا ڕووی تێئەکەین و پێی ئەڵێم ئەگەر شارەزایی نیە لە مێژووی ئیسلام و مێژووی عیلم و مێژووی نەهزەی ئەوروپا با دەمی خۆی لێنەکووتێت..

دروستکردنی ئەرزو ئاسمان، جیاوازی شەوو ڕۆژ با بزانێت لە نیشانەی ڕەوشی ڕوناکن لەسەر گەورەییو دەسەڵاتداریەتی خوا بەڵام بۆ کێ؟ بۆ

هەی جاهیل بێئاگا لە ئیسلام کاتێك شۆڕشی نەزانین و جاهیلیەتی ئۆکتۆبەر هێرشی کردە سەر بوخارا (360) مەدرەسەی وەکو جامعەی ئەزهەر لە بوخارا هەبوو.. بە دەستی ئەو جاهیلانە هەمووی تیاچوو.

جارێکی تر بە نووسەر ئەڵێین تۆ ئەگەر دڵسۆزی میللەتی توخوا ئەمڕۆ موشکیلەی تۆ ئەوەیە بچی بەگژ ئیسلامدا، ئیسلام چی لەتۆ کردووە؟ هەی بێئەدەب بەرامبەر بە پێغەمبەر..

پاشان لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ:

چۆن چۆن ئەمڕۆکە بە ئیسلام ئەوەڕیت هەی بەکرێگیراوی کافر.

لە کۆتاییدا دەڵێ: هەی سەخیف! بەمەش کۆتایی بە خوتبەکەی دێنێ کە هەر هەمووی باسی کاریگەری ئیسلام دەکا لە جیهانداو لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی سەردەمدا.

**تێبینی:**

شایانی گوتنە مەلا ئەحمەد چەند گوتارێکی نوێژی هەینی لە مزگەوتی خانەقای مەولانا تەرخان کرد دژی کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا). ئەم چەند دێڕ لە گوتارێکی ڕۆژی هەینی ساڵی 1985 وەرگیراوە.

ڕۆڤار

لەم ڕۆژانەدا نامیلکەیەکم بڵاوکردەوە دەربارەی ژن و پیاو لە ڕوانگەی ئیسلامەوەو بە ناوی "ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا" کە ڕەتکردنەوەی قسەی هەندێ کەسی بیروباوەڕ لاوازی نەشارەزا لە ئیسلامە بە پێی بۆچوون و لێکۆڵینەوەی خۆم هەندێ ئایەت و حەدیس و گوفتارو ڕەفتاری پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و ڕای ئیمامی شافیعی کە سەر مەزهەبی زۆربەی زۆری کوردانە کردوومن بە بەڵگە بۆ قسەکانی خۆم. هەڵبەتە هەموو ئایەتەکان ژمارەی ئایەت و سورەتەکانم دەستنیشان کردووە مەگەر ژمارەی ئایەتێك بە هەڵەی چاپ گۆڕا بێ یان حەرفێ یا کەلیمەیەك ئەویش بە گەڕانەوەی سەر قورئانی پیرۆزو حەدیسەکانی خوێنەر دەتوانێ ڕاستییەکان دیاری بکرێ. لە کاتێکدا لە وەرگێڕاندا هەڵە نیە چۆنە ئاوا وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی بێ کەم و زیاد. زۆر ڕون و ئاشکرایە کە لەم ڕووەوە ئاینی ئیسلام چ حوکم و دەستورێکی داناوە. منیش بە تەنها ئەو حوکمانەم بە کوردی نوسیوەتەوەو ڕای خۆمی تێدانیە ئیدی ئەم هێرشە لە لایەن هەندێ بەناو مەلاو نەخوێندەوارەوە کە لە کتێبەکەم نەگەیشتوون چونکە من نووسیومە قورئانی پیرۆز دەستورێکە خوا ناردوویە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ و حوکمی پێبکرێ و هەرکەسێ حوکمی پێنەکا دیارە دوورە لە ئیسلام.

ئەوجار ئەم حوکم و دەستورانە بۆ نێوان خەڵك و کۆمەڵە لە لایەك، لە لایەکی تر بۆ نێوان ئادەمیزادو خودایەو قورئان پیشەسازی و کشتوکاڵی تێدانیەو خوا پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەکنەلۆژی خستۆتە سەر ملی خەڵك خۆیان.

ئەمە مانای ئەوە نیە کە قورئانی پیرۆز یان پێغەمبەر (د.خ) هانی خەڵکی نەداوە بۆ فێربوون، بەڵێ ئەم هاندانە هەیە بەڵام وەك بڵێ پێوانەکانی زانستی و ڕێگەکانی لە ئایەتەکانی قورئان بەدیناکرێ و گوتەی (بخوێنەو قەڵەم و فێری ئادەمیزادمان کرد ئەوەی نایزانی. ئەمانە هیچیان بەسەر پێوانەکان و لێکدانەوەکانی زانستی نین ئەوەی مامۆستاش دەیفەرموێ لە زاناکانی ئیسلام وەك ئیبن سیناو فارابی و هیتر ئەو مامۆستایە نافەرموێ بۆ موسوڵمانان ڕوونبکاتەوە ئەو زانستەیان لە کام ئایەت وەرگرتووە؟ ئەوجار ئەو زانایانە جگە لەوەی کە پاش وەرگێران لە یۆنانی وە دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ئەم زانستانە کردوە ئەوە بۆچی پێشتر ئەو زانستانەیان نەهێنایە بەرهەم جگە لەمانە خودی پێغمبەر (د.خ) کە قورئانەکە بۆ وی هاتووە بۆ شتێکی وای بۆ موسوڵمانان نەدرکاندو بۆ لە کاتی پێغمبەر شتێکی وەهایان نەگوت نەیاندەزانی؟ تێی نەدەگەیشتن؟ ئەگەر مامۆستا دەڵی سەردەم هی ئەوە نەبوو ئەدی سەردەمی زاناکان هی

# وەڵامی عەبدولخالق مەعروف لەسەر خوتبەکەی مەلا ئەحمەد

ئەوە بوو؟ ئەوجار وەك من نوسیومە خوای گەورە سەردەم و زەمانەی لا نیە چونکە هەرچی حەزبکا دەیکاو خەڵکەکەی زەمینەی ئامادە دەکرد بۆ ئەو زانستانە.

ئەوجار ئایەت وەك باسی حوکمەکان دەکا وەك بۆ دەستوورو ڕێگەی خۆ پاککردن و دەستنوێژگرتن بە تۆز کە ئاو نەبێ دەفەرنوێ (یا ایها الذین آمنوا لا تؤتوا الصلوة و انتم سکاری حتی تعلموا ما تقولون و لا جنبا الا عابر سبیل حتی تغتسلوا و ان کنتم مرضی او علی سفر او جاء احد منکم من الغائط او لمستم النساء فلم تجدوا ماء فتیمموا صعیدا طیبا فامسحوا بوجوهکم و ایدیکم ان الله کان عفوا غفورا). سورەتی ئەلنیساء ئایەتی (43) واتە "ئەی ئەوانەی بڕواتان هەیە، بە سەرخۆشی نزیك نوێژی مەکەون تا دەزانن چ دەڵێن هەروا بە لەشی پیس مەگەر تەنها تێپەڕبوون بی تا خۆتان دەشۆن. ئەگەر نەخۆش بوون یان لە ڕێگادا بوون یان یەکێکتان پیشاوتان هات یان دەستتان بە ژنان کەوت -لە گەڵیاندا نوستن- و ئاوتان چنگ نەکەوت، بە گڵێکی پاك خۆ



پاككەنـەوە بـە دەسـت پێداهێنـانی دەسـت و دەموچاوتان (ڕووتان) ئاوا دەبێ باسكردن جارێكی تریش ئەم ئایەتە لە سورەتی ئەلمائیدە بە هەمان واتا هـاتوە ئایـەتی (6). هـەروا لـە باسـی خواردەمـەنیدا دەڵێ انما حرم علیكم المیتە و الدم و الخنزیر و ما اهل بە لغیر الله فمن اضطر غیر بـاغ ولا عـار فـلا انم علیـە ان الله غفـور رحیـم) ئایـەتی (173) سورەتی ئەلبەقەرە.

واتە قەدەغەیە لە ئێوە خواردنی كەلاك و خوێن و گۆشتی بەرازو ئەوەی بۆ خوا سەرنەبڕابێ كەسێكی ناچار بووبێ دەستدرێژیو چاوشكاندن گونـاحی ناگات و خواش بەخشندەو بە بەزەییە. باسكردن ئاوا دەبێ ئەگەر باسی كارەبا یا ئەتۆم یا میكانیكی كردبا دەبوو وەك پێوانەكانی هەن بەلای كەم و نزیك ئـەوان با ئـەوجار ئەم هـەموو سەدەیە ڕەت بوو ئەوە بۆچی مەلایەكی خۆمان ڕۆژێك باسێكی وەهای نەكرد و بڵێ فلانە ئایەت نیشانەی تەلەفزیۆنی ڕەنگییە با بالاخ وا دروست دەبێ پاش ئەمانە هەموو من تێناگەم ئەگەر قورئـان باسـی تەكنـەلۆجیای تێـدا نـەبێ چ شـەرم و عەیبی تێدایە؟ ئـەوجار ئەو مەلایە دەڵێ ئایەتـەكانی پچڕپچڕ هێنـاوە. كـە نیـو ئایـەت لـە سـورەتێكەو نیوەكەی تر لە سورەتێكی ترە" ئەمە وانیە چونكـە ژمـارەی ئەیـەت و نـاوی سـورەتەكانم نوسـیوە یـا خوێنـەران بگەڕێنـەوە سـەری. دیسـان مـەلا دەڵـێ عەبدولخالق داوێن پیسە.. خۆزگەم لەگەڵ مامۆستا لە وڵاتێكدا دەباین كـە بـە تـەواوی بـێ كـەم و زیـاد حوكمی قورئان جێبەجی دەكرا جا دەمدیت مامۆستا لەسەر ئەم قسەیە دەبوو یان چوار شاهید بێنێ كە منیان دیبێ لە حاڵێكدا وەك كلچوك لە كلدانیدا دەنا هەشتا داری دەخوارد لەبەر ئەو مینبەرەی ئەو قسەی فەرمووەو لەبەرچاوی ئـەم كەسـانەش كـە بیسـتەری بوون و بە پێی ئایەتی (4) سورەتی ئەلنور كە دەڵێ (و الذین یرمون المحصنات ثم لم یاتوا باربعة شهداء فـاجلدوهم ثمـانین جلدة و لا تقبلـوا لم شـهادة ابـدا اولئك هم الفاسـقون) یـان دەبـوو بـە پێـی ئایـەتی 6 سورەتی ئەلنور كە دەڵێ (والذین یرمون ازواجهم و لم یكـن لهـم شـهداء الا انفسـهم فشـهادة احدهـم اربـع شهادات بـالله انـە لمـن لصادقین) ڕەفتـاری دەگـەڵدا كرابا سورەتی ئەلئەنعام 59 (و عند مفـاتح الغیـب لا یعلمها الا هو و یعلم مافی البر و البحر و ما تسقط في ورقة الا یعلمها و لاحبة في ظلمات الارض ولا رطب و لا یابس الا في كتاب مبین".

دەبوو بنوسراباوە. چونكە تەنها ناوبردنی ئەتۆم یا شتێكی تر ناكاتە باسكردن و زانستەكە چونكە ئەو زەریەكە كە پیشان پێی دەگوترا بەشی دابەشكردنی هەڵنەگر "جزء لا یتجزأ" پێش ئیسلام هەر هەبووە و كەسیش ناڵی ئەرستۆ یان ئەفلاتون یا فلانـە كـەس ئەتۆمی زانیوە یا باسی كردوە. ئەم مەسـەلەیە وەك ئەوەیـە كـە لـە سـالانی 58–59 شـۆڕەوی ئەسـتێرە دەستكردەكەی ناردە ئاسمان مامۆستا خـالص لـە كازمیە گوتی جا ئەمە چیە بە ئیسلام پێش هـەزارو چەند سەدە ئەمەی كردووە ئەوە نیە خوا لە قورئاندا دەفـەرموێ (سـبحان الـذی اسـری بعبـدە لیـلا مـن المسجد الاقصی الخ) و هـەندێك لـەو مەلایانـەی وەك مامۆسـتای خۆمـان كـەوا دەزانـن ئەگـەر شـتێك لـە قورئاندا نەبێ ئەمە ئیسپاتی نەزانی خودایە (خوایە بمانپارێزەو ئاینەكە پووچ دەردەچێ ئەوجار ئەویش نـە لەبـەر خـوداو ئاینەكـە بـەڵكو لەبـەر نانەكـە تـا ڕادەیەكیش ناهەقی نیە چونكە دنیا ململانێیمانـە) "تنازع البقاء" مەلاش دەیەوێ وەك هەریەكێ بژی بە خۆشی ئەوجار هەندێگ گوتیان ئەوەی بڵێ چونەتە ناو مانگ كافر دەبێ، هـەندێكی تر دڵی خۆیـان بـەوە داوە كە بابە قورئانیش باسیكردووە كـە دەفـەرموێ "لا تنفـذوە الا بسـلطان" سـوڵتانەكەش هـێزی ڕاكیتەكەیـە سـوپاس بـۆ خـوا ئـەنجا ئـەو خەڵكـە نەجاتی بوو لـەو كراسی كوفر دادڕێنـەی ئـەو جـۆرە مەلایانـە. جـا مـن لـە كەلیمەكـەمدا هیـچ ڕایـەكم دەرنـەبڕیوە نە بەرامبـەر قورئـان و نـە حـەدیس و نـە ڕای ئیمـامی شـافیعی تەنـها دەقـەكانم هێنـاون و وەرمگێڕاونەتـە كـوردی بـە بەڵگـەی ئـەو ڕەفتارانـەی لەگەڵ ژندا دەكرێ ئیدی مەلا بە چ هەقێكی ئیسلامی ئەگەر ڕاست دەكا موسوڵمانە مـن بـە كـافرو داوێـن پیسـیو هتـد دادەنـێ ئـەدی بۆ ئەگـەر ڕاسـت دەكـا لەسـەر دیـن سـوورە بۆچـی باسـی دوكتـۆر ئەحمـەد سوسە ناكا كە لـە كتێبەكـەی خۆیدا كـە وەزارەتـی ڕاگـەیاندنی عـێراق بلاوی‌كردۆتـەوەو مودیـری ڕاگەیاندن پێشەكیەكی ئەوتۆی بۆ نوسیوە هەر باسی نـاكرێو كتێبەكـەش بـەناوی "العـرب و الیـهود في التأریخ"ە كە لە هـەموو كتێبەكەو بە تایبەت فەسلی چوارەم هەموو ئەو حیكایەتانەی لە تەورات هاتوون و لە قورئانیشدا هاتووە بە درۆ دەخاتەوەو ناویان بـە ئوستورە دەبا باس لێوەناكا یان وەكو هەمیشە ئەمە دابی هەندێ مەلا بووە لە ئەوەی دەسەڵاتدارو پارەدار بیكا قـەیناكاو سێبەری خـوان لەسـەر زەوی بـەڵام زانایەك یا نوسەرێك ئەگەر واشنەبێ ئەگەر دینەكـە وەك هەیە ڕوونی كاتەوە كافرەو لە دین بەدەرە. ئەمە دەبێ چەندی بە چەندبێ.

ئینجا هەر من نەمگوتوە وەك ئیسپاتیشە قورئان باسی عیلمـی نـەكردووە چونكـە قورئـان ڕێڕەوێكـی ئاینیو ڕەوشتی كۆمەڵە لە نێوان كۆمەڵ خۆیان و لە نێوان كۆمەڵ و خودا وەك لە كتێبەكەدا باسمكردووە كـارێكی شـتی تـر عیلـم پیشەسـازیو كشتوكاڵ بـە

خودی کۆمەڵە. خودا دەیانزانێ بوون و نەبوونیان وەك من لە کتێبەکەم ڕونمکردوونەتەوە چونکە خودا لە ئەزەلەوە تا ئەبەد هەموو شتێکی لا ڕوون و ئاشکرایە وەك ئایەتی 59 لە سورەتی ئەلئەنعامدا دەڵێ (و عنده مفاتیح الغیب لا یعلمها الا هو و یعلم ما فی البر و البحر و ما تسقط من ورقه الا یعلمها و لاحبة في ظلمات الارض و لا رطب و لا یابس الا في کتاب مبین) بەڵام لە قورئاندا باسی چۆنیەتی نەکردووە و مامۆستا عەباس مەحمود عەقادیش پێش من بە 15 ساڵ ئەم قسەیەی گوتووە کە لە کتابولهیلالی ساڵی 1970 ژمارە 229 لەژێر سەردێری الفلسفة القرآنیةدا لە پەردەی یەکەم بە ناوی "القرآن و العلم" کە دەڵێ "لە کتێبە بڕواییەکان داوا ناکرێ کە لەگەڵ عیلم یەك بگرنەوە کە هەر شتێك بۆ نەوەیەك دەرکەوت هەرواش داوا ناکرێ لەو کەسانەی بڕوایان بە کتێبە ئاینییەکان هەیە باسی ئەو زانستانە و پێوانەکانی بە درێژی بکەن. چونکە ئەم ڕونکردنەوانە دەوەستێتە سەر هەوڵو تەقەلای مرۆڤ.

زۆر بە هەڵەچوونە ئەو کەسانەی لەم دواییەدا گوتیان زەوی ناسوڕێ پشت بە تێگەیشتنی خۆیان هەندێ وتەی ئایەت. و پاش ئەوانیش هەندێکی تر وەك هەڵەی ئەوان هەڵەیان کرد کە تەفسیری "السموات السبع"یان بە کۆمەڵەی ڕۆژ کرد پاشان دەرکەوتن کە دەن و حەوت نین) هەر کەسێکیش دەتوانێ بچێت بە درێژی ئەم مەوزوعە بخوێنێتەوە ئەوەش بزانین کە ئەزهەر جێگەی مەلا گەروەکانی ئیسلامە تا ئێستاش کەسێك ئەم قسەیەی ڕەتنەکردۆتەوەو بە کافریشیان دانەناو مامۆستا عباسیش وەك لێی دەزاندرێ پیاوێکی خاوەن بیروباوەڕێکی ئیسلامی بووەو بەرەوانی ئیشی لە ئیسلام کردووەو هەر ئەم کتێبەی "الفلسفة القرآنیة" بەڵگەیەکی گەورە ترە،.

ئیدی مەلا هەی خودا بە کردەوەی خۆت لەگەڵدا بکا" جا کە من خوێنڕێژم کە دەڵێ بە دەنگی خۆت داوێن پیس و خوێنڕێژە من خوێن ڕێژم یان ئەو کەسانەی بە پارەو لای موستەفا ئاغای وەلاشی دەبنە فورسان و دوایش بۆ کارەکەی خۆیان دڵسۆز نابن و تفەنگەکەش دەفرێنن و دەیفرۆشن و ئینجا دەبنە فەقێ و دوایش خەتیب و مەلا "خوایە لێیان نەگری" ڕەنگە لەوێشدا فورسانێکی تر بن. ئەوجار بە ناوی دین دێن تانەو تۆمەت بۆ خەڵك هەڵدەبەستن.

خۆی ساڵانی 962–963 فورسانی موستەفا ئاغای وەلاشێ بووە لە ڕەواندوزو دوایی ڕایکردووە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی کە دەسەلاتی میری لێنەبووە و تفەنگەکەی فرۆشتووە و بووەتە فەقێ یەك دوو ساڵ خوێندویە تا بەمجۆرە. کاك حەسەن ئاغای محمد ئەمین ناوپردانی– چۆمان و خەڵکەکەی ئەوێش و مەی خەلان شاهیدی ئەم قسەن و ئەم قسەیە کاك حسن ئاغا لە خزمەت مامۆستا مەلا مجیدی گویری مزگەوتی بکر– گێڕایەوە. ئیدی هەزار حەیف مخابن کە مەلا دەیەوێ وەك پاتوخۆرەکانی من باسم کردون دین لەگەڵ سەردەم زەمانە بگونجێنێ و خەڵکی هەژارو ڕەش و ڕووت فریو بداو دەستخەڕۆیان بکا. خۆیشی ئاوایە گورگە لە پێستی مەڕو بە پێی شەرعیش کەسێك کەسێ بەبێ بەڵگە کافر بکا خۆی کافرەو ئایەتیش دەڵێ "یا ایها الذین امنوا اذا ضربتم في سبیل الله فتبینوا و لا تقولوا لمن القی الیکم السلام لست مؤمنا تبتغون عرض الحیوة الدنیا فعند الله مغانم کثیرة کذلك کنتم من قبل فمن الله علیکم فتبینوا ان الله بما تعلمون خبیر. ئایەتی (94) سورەتی النیساء.

قورئان و شەرعی ئیسلام دەبێ حەددیان لێدەربکرێ.

ئیمە بۆچوونی خۆمان ڕوونکردەوە کە قورئان پیشەسازی تێدانیە ئەوجار مەلا دێ دەڵی ئیسلام ژن و منداڵی نەکوشتوە، منیش لەم بارەیەوە نەمگوتوە ژن و منداڵی کوشتوە من هەر هیچم نەگوتوە ئایەت و حەدیس دەڵێن و منیش وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی کە دەڵێ ژنان و منداڵ بە دیل دەگیرێن و دەکڕێن و دەفرۆشرێن وەك هەر کوتاڵێك. پێویست بە دوپاتکردنەوەی ئایەت و حەدیسەکان ناکا بەڵام لێرە من دەڵێم با مامۆستا و ئەو مامۆستایانەی گرێیان لە دڵە با بگەڕێنەوە سەر مەزهەبی شافیعی کە مەزهەبی شافیعی ئەگەر حوکمی ئیسلامی لەسەر کاربێ جێبەجێ دەکرێ بەبێ کەم و زیادی و مەکانی کوردستان لە دروستبوونی مەلایەتی تا ئەمڕۆش لە لادێو شارەکانی کە ناچنە مەحکەمەی میری ئەم بەندو دەستورانەی لە مەزهەبی شافیعی هاتوون جێبەجێ دەکەن جا با بزانین لەم مەسەلەیەدا ئیمامی شافیعی چی دەڵێ (لە جیهاددا دروست نیە منداڵ و شێت و ژن و نێرەموکی موشکیل بکوژرێ تەنها لە چەند مەسئلەیەك نەبێ)

یەکەم: ئەگەر یەکێك ناچاربوو (مضطر) و کەسی تری چنگ نەکەوت ئەوکاتە بۆی هەیە بیانکوژێو بیانخوا بەلای ڕاست "لاپەڕە 222 مغنی المحتاج"

دووەم: ئەگەر شەڕیانکرد ئەوکاتە دەکوژرێن.

سێهەم:کاتێ پێویست بوو وەك کە ئەگەر کافران ئەوانیان کردە لەمپەر وەك لە دواییدا دێ.

چوارەم: ئەگەر ژنەکان لە نەتەوەیەك بوون پێغەمبەریان نەبووە وەك دەهرییەکان و بتپەرستان و نەبوونە ئیسلام.



پێنجەم: ئەگەر نێرەمووک یان ژن جوێنێ بە ئیسلام و موسوڵمانان دا دیسان دەکوژرێن، منداڵێکی هەرزەکار- کە مووی زبری لە بەری هاتبێ دەکوژرێ چونکە مووی زبر نیشانەی خۆناسینە.

عەتیەی قەورەزی دەگێڕێتەوە (یەکێك بووم لە گیراوەکانی بەنی قورەیزە دیتم تەماشای مووی بەریان دەکرد ئەوەی مووی هاتبایە دەیانکوشت و ئەوەی مووی نەهاتبایە دەیانهێشتەوەو تەماشا بەری منیان کرد دیتیان نەهاتووەو کردمیانە تالانی و دیل) ئەم قسەیە ئیبن حەببان و حاکیم و تورموزی دەیگێڕنەوە.

بەڵام دروستە کوشتنی ڕاهیب و بەکرێگیراوو پیرو کوێر لە پێکەوتوو و دەست و پێبڕاو هەرچەندە لە ڕیزی شەڕکەرانیشدا نەبن لە بەر تێکڕای ئایەت کە دەڵێ (اقتلوا المشركين) و لەبەر ئەوەی ئازادن و خۆناسیشن بۆیە دروستە کوشتنیان.

جا ئەوانەی ناوبران ئەگەر لە شەڕدا گیران دەکرێن بە کۆیلەو ژن و منداڵ و شێتەکان و ماڵیشیان بە تالان دەبرێ (سبی))

ئیدی برا من قسەیەکی زیادم نەکردووە ئەو شەرع دەفەرموێ هەی جاهیل ئێستاکێ جاهیل و نەزانە بچۆ فیقهە بخوێنە دینەکەت فێربە بەخەیاڵ دین دروست مەکەو ئەمە واقیعە جا ئەگەر ئەمەت پێناخۆشەو یان پێتوایە خەڵك لە دین دەتەکێتەوە ئەمە واقیعەکەیە من چی بکەم. ئەگەر ڕاست دەکەن فەرموون لەگەڵ خواست ویستی خەڵکی کە لەگەڵ ئایین دەگونجێ پشتگیری بکەن جا بزانن خەڵك لەگەڵتان دەبێ یان لێتان دەتەکێتەوە ئەوجار کارێکی کە قورئان و حەدیس و ڕای ئیمام مەزهەبەکان بن من بیخەمە ڕوو بۆ گوناح و تاوانە. ئەدی هەر بەمە حوکم نەکراوە بۆچی شەرمتان لێدێ.

ئەوجار ئەم هەموو گوناحە دەدەیە پاڵ من دەبێ خۆت لەگەڵ مندا بووبی دەنا لە کوێ دەزانی من ئاوام وەکو ئەو شاهیدە عەدلانەی پێویست ئێوە دینتان وەك تەلیسم گرتووەو بە دڵی خۆتان چۆنتان بوێ وای بادەدەن وەك گۆرانی فۆلکلۆری کە دەڵێ سیمەکەی بە دەست خۆمە چۆنی بادەی وای دینێ. ئینجا دەڵێ (فارابی) زانای موسیقا بووە و مامۆستای مۆسیقا بووە و ئاوازەکانی داناوە دەشی ئەم زانایانە هەموو قوتابی پێغەمبەر (د.خ) بوون باشە مەلا ئەمەیان چۆن جێ دەکاتەوە. کە مۆسیقا لە ئیسلامدا حەرامە وەك مەزهەبی شافیعی دەڵێ لە شەرحە مینهاج لە باسی كتاب البيع دا دەڵێ (هەر وا فرۆشتنی ئامرازو ئامێری ڕابواردن و خۆ لە بیرکردن مۆسیقا وەك تەنبوور و چەنگ و زوڕنا و ڕەبابە و عوود درووست نیە فرۆشتنیان وەك بت و صورەت و سەگ و ئارەق) لەبەرئەوەی حەرامن جا چۆن مامۆستا وا دەزانێ؟.

# یادی شەهیدکردنی عەبدولخالق مەعروف ساڵی 1992 لە هەولێر



**مەلا مەجید گوێری (مەلای مزگەوتی موفتی لە هەولێر)**

ی من لەگەڵ کاک عەبدولخالق مەعروف دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1955 لە بەغدا، هەرچەندە جێگەمان جیاواز بوو بەڵام دائەم پێکەوە بووین. ئەو پیاوە (یانی ئەو کوڕە بەحەزدەکەم پێی بڵێم کوڕ چونکە پێم خۆشە لە بەرچاودا هەر گەنج بێ). خاوەنی باوەڕێکی زۆر زۆر پاک بوو. ئیمانی بە میللەتی خۆی هەبوو، هیچ ئەبەد دڕی نەبوو لە کوردایەتیدا، هەردووکمان لە ڕۆژگارێکی تاڵ و ناخۆش و سەختدا پێکەوە بووین لە بەغدا. کاک عەبدولخالق توانی بیروباوەڕی خۆی بپارێزێ تا دوا لەحزە لە ژیانی کە شەهید کرا، عەبدولخالق خاوەنی فەلسەفەیەک بوو لە ژیان زۆر جێی داخی گرنگ کۆمەڵ ئێمە تەحەمولی ئەو فەلسەفەیەی نەکرد، فەلسەفەی کوردایەتی بوو. لە خەیاڵە ئەو کتێبەی دایینا (3) نسخەی بۆ من هێنا ڕۆژی دوایی هاتەوە شکوای بوو ئەمنیش پێم وت، هەموو خاوەن بیروباوەڕێک بەرهەمەکانی ... دەکرێ و موعارەزەی دەبێ، کۆمەڵ ... ئێمە فێری لە حەق لادان ... کرایە ئێمە دەبێ تەحەمول بکەین، ... تۆش دەبێ تەحەمول بکەی، هەندێ ... ئاگاداری خۆت بە. وتی نازانم ئەو ... هەرایەیان بۆ دروست کردووە من ... خیلافی شەرعم نەگوتیە.

... یش لەو قەناعەتەدام، میللەتی ئێمە ... مفردەی عەرەبی پێ خۆشە، هەمان مفردە ... بیە کوردی بێ ئەدەبییە، بۆ نمونە ... زۆری پێخۆشە بڵێ (قبلە) کە گوتت (ماچ) ... ی ناخۆشە.

لە خەیاڵ کابرایەک هات خوشکی دابوو بە منی گوت ئەوەتا لە ئەخیری لاپەڕەی ئەو دەڵێ ... هەشت خەیاڵییە، ئەمنیش شتەکەم خوێندەوە گوتم ... ویژدانت هەبێت وەکو لا تقربوا الصلاة لێیەکە ئەو پیاوە ... ئەوانەی پێیان خۆشە ئافرەت ئازادبکرێ ئایا ئاگادەن ژن و کچ و خوشکیان شەو سەعات 11 و 12ی شەو بێیەوە مەلیعدامی لەسەر بوو بەڵام جێبەجێ کردنەکەی دواخرابوو.

... ل ئەوانە یان دەیانەوێ بە هەشتێکی خەیاڵاوی لە دنیا ... ڕۆیان دروست بکەن. وتم بۆ خاتری خوا ئەو کابرایە تووشی ... ەو گیروگرفت مەکەن لە خۆڕایی.

**لە کۆتایی وتەکەیدا مامۆستا مەلا مەجید دەڵێ:**

جێی ئەسەف بوو ئەو مرۆڤە بە نرخەیان لەناوبرد بە دەسیسەو تەگبیری دوژمنانی میللەتی کورد.

**مەلا ڕەسول**

*مامۆستای زانای پایەبەرز لە ناحیەی ئەخلاق و عیلم و شەرعەوە بە ڕاستی بێوێنە بوو.

*جارێکیان مامۆستا عەبدولخالق لەگەڵ مەلا ساڵحی ... ئەورم کەوتنە گفتوگۆ، ئەو زانایە فەرمووی: مامۆستا مەلا ساڵح گۆشتی ئینسان لە غەزادا ئایا دروستە بخورێ یانا؟ واتە کاتی زەرووری بوو شتی قەدەغەکراو دەکرێتە شایستە و حەرام حەڵاڵ دەکرێت وتی وەڵاهی نازانم. ئەو وتی بۆچی دەبێ، ئەوە بۆ مامۆستا عەبدولخالق کتێبەکەی دەرهێناو ... کانی هەڵدایەوەو ئەوەی پەیوەندی بەو مەسەلەیە بوو نووسی، مەلا ساڵح (خوا عەفوی بکا) وتی اشهد بیلا ڕاستە. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت بێ شەهیدی نەمرو من لەبەر ئەمانی ئەو شەهیدە مەزنە خۆم بە مردوو دەزانم!

**مامۆستا مەلا موحەمەد ئیسماعیل**

**(پەروەردەکار)**

دوای لەسەر ئەو کتێبە شەهیدکرێکە ... بە دوایەداچی کردبوو، من بڕوام وانیە لەسەر ئەو کتێبە شەهید کرابێ ئەو کتێبە هیچی تێدانەبێ دژی دین بێ، بەڵکو هەمووی ئایەت و حەدیس و ڕاوبۆچوونی علمای فیقهە، ئەو هەندێکیانی تەرجومە کردووەو مانای لێداوەتەوە. ئەو کتێبە کرایە هەنجەت و بیانوویێک نەزان بە ناوی دین فریوو درابوون ئەوەیان قۆستەوەو شەهیدیش خاوەن بیروباوەڕی قایم بوو سەری بۆ ڕژێم شۆڕ نەدەکرد من وای بۆ دەچم کە حوکمی ...

دوکانەکەی شەهید ببووە حەلقەی کوردایەتی و خەڵکی زۆری لێکۆببووەوە ئەوەش بووە هۆی کوشتنی و من پێم وایە حکومەتی بەغدا مەسئولە لە کوشتنی.

ANNABA_ALGERIE
١٩٨٤/٥/٧

بۆ برای خۆشەویستم کاک عەبدولخالیق پێشکێشە
ڕۆژتان باش

سڵاوێکی بێ پایانت پێشکێش دەکەم، چاوت ماچ دەکەم، دوو ڕۆژ لەمەوبەر نامەی ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٤ و دیارییە بەنرخەکەت پێم گەیشت. سوپاس زۆریش سوپاس. دەڵێم دیارییە بەنرخەکەت نەوەکو لەبەر ئەوەی وەکو هەندێ کەس هەست دەکا گۆیا لە سەرمێ دەکەوێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە دەست و قەڵەمی تۆ نووسراوەتەوە و بەرهەمی تۆیە. ئەوەی ڕاستیشی بێ وەکو خۆت لە هەمووکەس باشتر دەیزانی من ئاگاداری تەفسیلاتی نووسینەکەت نەبووم، هەگەر لە دانیشتنەکانمان دا هەندێکم لێ گرا نەبێتەوە پێش ئەوەی بێ بە کتێب، لەبەرئەوە من لە هەمووکەس زیاتر بە پەرۆشەوە بووم لەبەر دووشت، یەکەمیان پێوەندیی بە تۆوە هەیە، ئایا نووسینەکە لە پلەیێک دا دەبێ کە بە ڕاستی بەرپەرچ بێ؟. دووەمیان پێوەندیی بە منەوە هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی من تا ئێستا هەر چاوێشم بە کتێبەکەی هەمە نەکەوتووە، جا ئەمە فەڵکی ناوی دەبێ چی ئارەزووی خۆیەتی، لەبەر ئەوە من بە پەرۆشەوە چاوەڕوان بووم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تۆوە بزانم هەمە چی بە من ووتووە. پێش دیارییەکەی تۆ جەمال چەند دانەیێکی بۆ ناردم، ئیتر بەم جۆرە تۆ زۆر شتت بۆم ڕوون کردەوە کە ئەم کابرایە چی بە من کردووە. ئەمەیان گرنگ نییە، با ئێمە لە بنج و بناوان بکۆڵینەوە و هەندێ شتت بۆ ڕوون بکەمەوە. لەو ڕۆژەی من هەمەم ناسیوە ڕقی لە من بووە، ئەمە لە ساڵی ١٩٥٨ بوو لە کەرکووک، کە من دەورێکم هەبوو لە گۆواری «شەفەق»، ئەوکاتە فەقێ بوو و کەواو سەڵتەی لەبەر دەکرد، ئەمە پێش ئەوەی لە بەغدا بنیشێتەوە لە تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و گۆیا خۆشیان نەقشبەندین، ئەمە ئەوە گرنگ نییە، ویستی کێڕە شێعرێکی لە شەفەق دا بکا، بەڵام ڕێگەی نەدرا. هەر لەو ڕۆژگارە بوو کە من لە دەوری بەرەکانی مێژەرچی یەتی، گفتوگۆ و چەندو چوونێشم لەگەڵ ئەوانا نەبوو، لەگەڵ مامۆستاکاکە مەلا جەمیل دا بوو. ئیتر بەرەکانی ئێوان ئێمە لە هاجیزێکی سایکۆلۆجییەوە دەستی پێ کرد. من خەریکی ئەدەبی کوردی بووم، ئاش و خراپ، زۆرم دەنووسی، ئەوانیش دیار بوو تازە دەستیان دەدایە و بەمەولەوی دەستیان پێ کرد، ئیتر کە للە ڕەقێکی وەکو من بووە مونافسی. بۆ ئەمە هەر لەو ڕۆژەوە تیۆری پیلیان دانا، نووسینێکی ئەوە بە مێژوونووسی ئەدەبی دەبێ مەلا بێ، زانستگا و کۆلێجی ئەدەبیات و هەندەران کەڵکی نییە، جا بە تێکیی وەکو من باهەر بقیرێنێ بلێ بادەم وەڵلا بووەمەلام، لە نادەمەلایان گەورە بووم بنەماڵەی شێخ مەلای بەرزنجەی تریە سیبیانی خزمێنی، باپیری دایکم مەلایێکی گەورەی خۆشناوەتی بووە، ئەمە هەمووی کەڵکی نییە، پێستبەمی فەقێیانت نەخواردبێ.

-٢-

تۆ لە من باشتر دەزانی سەرانسەری بیروڕاکانیان نەک لەو کتێبەدا، بەڵکو زۆر شتی تریش ـ ئەوەی هەمە دژی منی نووسیوە لە ڕۆژنامە و گۆوارەکان دا دوو ئەوەندەی کتێبەکەیەتی ـ هەمووی لە دەوری یەک شتە ئەوەی مەلا نەبێ ئەو کارەی بۆ هەڵنا سووڕێ کە من خەریکیم. ئیتر دڕینی ئەم پەردە سایکۆلۆجییە بە دەست یەکێکی وەک تۆوە بوو. بەڵێ تۆ ئەوروپا دیدەی، زمانی گاوورانیش دەزانی، هەروەها لەگەڵ ئەمەو مەبانە هەیە، بە حیسابی ئاسقی، بەڵام تۆ بازیبەندی کاکە حەمەدی شێخت لە قۆڵ دایە، چونکە مەلای و ئەدعیلمەی ئەوان دەزانی و لە ئەزهەرەوە نزیکی، ئیتر من گومانم نییە کە پشتی حەمەت شکاندووە، هەمووتە لیسەکانی بەتاڵ بوو و هەڵتوەشایەوە. من نووسینێکی ئەم قسانەم بۆ کاکە حەم نووسی. بەڵێ ڕاستە ئەگەر هەڵەی چاپی کەم بوایە باشتر بوو، بژارێش بکرایە لەویش باشتر بوو، بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلە ناگۆڕێ، کە تۆ توانیت ڕوونیان بکەیەوە، جا ئەگەر ئەمە بیەوێ بەرهەڵستکار بێ، ئەوا دەبێ لە سوو چنێکی ترەوە بۆی بچێ، ئەمەشی بەو هەڵنا سووڕێ، چونکە دۆزینەوەی مێتۆدێکی تر گەلێ قورسە، دیارە ئەو لە مێتۆدی خوجرە ناتوانێ بچێتە دەرەوە. برادەرێک ووتی: ئەم کارەی کاک عەبدولخالیق بۆ حەمە باش بوو، حەمە وا دەزانی فیرعەونە، بەڵام خودا مووسای بۆ نارد، ڕەنگە بترسێ و خۆی بناسێتەوە، هەرچەندە ئەمە بیروڕایێکی ساکارە بەڵام ڕاستی تێدا هەیە.
ئیتر باسەرت نەیێشێنم و نامەوێ بچمە ناو ئەم باسانەوە لەمە زیاتر.
واساڵێکی خوێندن خەریکە تەواو دەبێ، بەڵام من زۆرم کرد و زۆریشم نووسی، حەزم دەکرد بگەڕێمەوە، بەڵام وادەردەکەوێ ساڵێکی خوێندنی تریشی دەمێنمەوە، هەرچۆنێ بێ لەوە زیاتر ئیدارە ناکەم، چونکە بەڕاستی بیری نیشتمان و بیری ئێوە دەکەم، دانیشتنەکانی دوکان و یانە زۆر زۆر ـ لە زانستگاکانی هەندەرانیش خۆشترە.
هەندێ چیرۆکی شەفەق و شیعری سێ سەد چوارسەد ساڵ لەمەوپێشم نووسیوەتەوە.
زۆر بەی مێژووی ئەدەبی کوردیم تەواو کردووە، زیاتر شارەزاییم لە مێژووی ئەدەبی جیهانی «ئەڵەمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیتالی» پەیدا کردووە، بە هۆی ئەوەوە ئەم دەرسە لە زانستگا دەڵێمەوە. گە یشتووەتە ئەوە ڕاستی تازەی تریش لە بابەت ئاڵییەوە. ئیتر هەروا وەختی زۆرە پیاو ئەگەر بیەوێ فرصەتی خۆی بکا.
سڵاوم پێشکێشی بە هەموو برادەرانی دوکان و یانە و بە تایبەتی کاک نووری بکە. بە تایبەتی سڵاووم بۆ مامۆستا سەعید ناکام ئەگەر سەری دای، نوازشتی پێ بگەیێنە و بیری دەکەم، ئەو ڕۆژە لەگەڵ برادەرێک لە ئەوروپاوە بە تەلەفۆن دەدوام ووتی: مامۆستا سەعید ووتوویەتی گوا بادەم بە خوا کاک عەبدولخالیق هیچی بە حەمە نەکردووە، دەبێ مەمنوونی بێ. دیارە ئەم نوکتەیە لە مامۆستا سەعید دەوەشێتەوە.
دووبارە سوپاس و چاوەڕوانی هەواڵتانم، بژی

[signature]

# هەندێ بەڵگەنامە



هەولێر ٧/٢/ ٩٨٤

بۆ مامۆستای گەورە و بەڕێزم کاکە عومەر

سڵاو و ئیحترام هەولێرە تادێ پڕ بە دڵ دەنێرم ئومێد دەکەم
هەمیشە لە شاخ دڵە خۆشیدا بژین و ئێمە هەر چونێک هەیە
ڕای دەبوێرین، ئومێدە خۆشتریش بێ. زۆر جار لەگەڵ برادەران دەکەوم
یادتان بە خۆشییەوە دەکەینەوە دەڵێین هەر لەگەڵتاندا زیادێ بایەکیشی
دوور بێ ئومێد دەکەین لەم زووانەدا بە دیدارتان شادمان بێن
لە وڵاتی خۆماندا.
زۆر ڕێز و ئیحترامم دەنووسم بە ڕاسپێر بە مامۆستای گەورەمان مامۆستا
ئیبراهیم ئومێد دەکەم هەمیشە لە خۆشیدا بژی.
کاکە مەحمود دەستی هەموولایەکیتان ماچ دەکا و خۆشەویستی هەیە.
مامۆستا لەگەڵ ناکاک نووری ئیسماعیل برادەرێکی خۆشەویستی ئێمەیە ئێستا
لەگەڵ ئەخوێنی دەستی ئێمە کاک حەمەعلی هاتوتە ئەوێ تکایە ئەگەر پێویستیەکیان
بوو چی لە دەست دێ کەمتەرخەمی نەفەرموون و جێگەی سوپاسێکی بێ پایانە
وەک بیستم هەندێ سپاردەی کاکە مەحمودیشی پێیە ئەگەر بۆتان کرا
دەنا هەر بیشت گوێی نەفەرموون
ئیدی خۆشیتان ئە ئەدەبەری ئازادی زووانە

تێبینی
لێمان ببورە تائێستا نەمتوانیوە نامەتان
بۆ بنێرین.

برای بچووکتان
[illegible]

---

Annaba - ALGERIE

١٩٨٣ / ١٢ / ٣٠

بۆ برای خۆشەویستم کاکە عەبدولخالیق پێشکێشە
ڕۆژتان باش

نامە شیرینەکەی ڕۆژی ١٤/١١/١٩٨٣ دە مێکە پێم گەیشتووە، لە لایێک لە بەر ئیشوکار، لە لایێکی تریشەوە چاوەڕووانی نامەی جەمالی برام بووم، بۆیە کەوتە دووا ڕۆژانی ساڵی ١٩٨٣. هەرچەندە ئەم نامەیە لە پاش سەری ساڵ پێتان دەگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم جەژنی سەری ساڵتان پیرۆز بێ، هیوادارم جەژنێکی خۆشتان بردبێتە سەر و هەموو کاتێکتان جەژن بێ. چ حاڵ خەبەری بۆ ناردم کە کتێبەکەت لەگەڵ تەواو بوونی ساڵ دەردەچێ، دەبێ بەم زووانە پێم بگا، ڕەنگە سوودی لێ وەربگرم، چونکە بە ڕاستی من ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە کە تۆ لە سەری دەنووسی، بە هەوای تۆوە من دەزانم چی وتووە.

کاکی خۆم، خۆت خەریکی ترانزیستۆر و ئەلیکترۆن بکە باشترە، زمانی ئێمە پێویستی بەم جۆرە شتەشی هەیە، ڕەنگە ئێستا ئەمەیان لە ئەوی تریان گرنگتر بێ. یادداشتی نووسەرێکی میسریم خوێندەوە، لێی دەپرسن، ئەگەر جارێکی تر زیندوو بیتەوە حەز دەکەی ببی بە نووسەر؟ یەکسەر دەڵێ: نا، چونکە هەموو ئەو کەسانەی بە درێژایی ژیانم لە دژیان نووسیم، ل نووسینەکانم نەگەیشتبوون، لە بەر ئەوە سەنعەتی باوکم هەڵدەبژێرم.

نامەیێکی تۆزێ ئەدەبیانەم بۆ کاکە مەم نووسی، ڕەنگە پێی گەیشتبێ و چاو دوو پێی کەوتبێ. لێرە هەندێ شاعیری گەنجی باشی هەن، جوان دەنووسن، حەواڵیشی دەخوێننەوە، لە یەکتریش تووڕە دەبن. وا بزانم چیرۆک نووسەکانیان لە شاعیرەکان باشترن. سڵاوم بۆ هەموو دۆست و برادەرانی کوڕی دوکانەکەت و جێگای کاری نووری حاجی و کوڕی یانەکان، بە تایبەتی یانەی ئازادی.

دوو بارە سڵاو لە هەموو لایێک دەکەمەوە بژین.

برات

دکتۆر عارف حەمزەدار

١٠/٤/١٩٨٥

كشف على الجثة

انتقلت الى غرفة الطبيب العدلي وصالة التشريح وجدت جثة تعود الى المدعو عبد الخالق معروف محمد امين وكانت الجثة ممددة على طاولة التشريح وهو عاري عن الملابس وشاهدت فيه عدة عيارات نارية في الصفحة اليسرى من جسمه، وشاهدت اربعة ثقوب نتيجة الاطلاقات وهو بمتوسط البنية اسمر اللون اشيب الشعر وعليه ختم الكشف.

م. المحقق

مركز شرطة آزادي
١٠/٤/١٩٨٥

كشف على محل الحادث

بناء على الاخبار الوارد الينا حول حصول حادث قتل شخص من القريب من ثانوية النضال في آزادي قرب اتحاد النساء. عليه انتقلت الى محل الحادث واجريت الكشف الاتي

١- وجدت محل الحادث يبعد عن المركز حوالي ٢ كم وفي الشارع القريب من اتحاد نساء العراق وكان محل الحادث قرب ثانوية النضال في آزادي وبجانب سياج الثانوية القريب من الشارع

٢- وجدت آثار دماء في محل الحادث ولا احد المصاب

٤- وجدت قطعة قماش تشبه اليشماغ كان فيها دماء في محل الحادث

٥- وجدت ثلاثة ظروف اطلاقات قرب الصف تعود لبندقية كلاشنكوف.

٦- وجدت بعد الظروف عن موقع الدماء حوالي اربعة امتار. ووجدت مدخل اطلاقة في جدار المدرسة

٧- كان عرض الصف حوالي اربعة امتار.

٨- لم اجد شيئاً آخر يستوجب الذكر وعليه ختم الكشف.

م. المحقق

مركز شرطة آزادي
السيد ضابط كشف أربيل الكبير
١٩٨٥/٤/١٠

هذا اليوم وفي الساعة ١٥٠٠ استخبرنا من شرطة النجدة بوجود حادث قتل في منطقة آزادي ولدى الانتقال الى محل الحادث لم نجد المصاب هناك وتبين انه نقل الى المستشفى وتم اجراء الكشف على محل الحادث وعثر على ثلاثة ظروف فارغة لاطلاقات بندقية كلاشنكوف مع وجود آثار دم تعود الى المجني عليه وتم الانتقال الى المستشفى وتبين ان المجني عليه يدعى عبدالخالق معروف محمد امين شغله متقاعد وحاليا وكيل شرطة الافراح وفارق الحياة قبل وصوله الى المستشفى متأثرا باصابته ارسلت جثته الى الطبابة العدلية لمعرفة اسباب الوفاة الحقيقية وتم تدوين افادة كل من زوجته سلمى علي خضر وابنته شكوفا وادعو بأن المجني عليه قد خرج من داره لغرض الذهاب الى محله وتصدى له اشخاص مجهولين الهوية واطلقوا عليه النار ولاذوا بالفرار وانهم لا يشتبهون باحد في الوقت الحاضر وليس له عداء سابق مع احد سوى انه قد ألف كتاب ديني اسمه (الانسان في المجتمع الكردي) وانه تحدث عن عدم إعطاء الحرية للمرأة في زمان الرسول (ص) وحصلت ضجة كبيرة في اربيل حول ذلك ، ويعتقدون انه سبب القتل.

تم الاشتباه بالمدعو ... حيث انه كان مسلح وراكب سيارة تاكسي وعند تدوين اقواله عن التهمة المسندة اليه انكرها وادعى انه لا علاقة له بالحادث راجين التفضل بالاطلاع واجراء ما يلزم تقدير ... مع التقدير

م. آزادي

١. لسلامة التحقيق ... ٤٠٥ ...
١٩٨٥/٤/١٤
٢. ارسال ... [illegible]
٣. احضار ذوي المجني عليه ... [illegible]
٤. تثبيت شهود الحادث واحضارهم ...
٥. تبذل الجهود لمعرفة الجناة ...
١٩٨٥/٤/١٠

الى شرطة البلدة / الكتابات
من شرطة آزادي / الكفارة

وقت الانشاء وتاريخه
١٩٨٥/٤/١٠

٢٤٥٧

رقم المنشور ، في الساعة ١٥٠٠ من هذا اليوم اخبرنا من شرطة النجدة بوجود حادث قتل في منطقة آزادي ولدى الانتقال الى محل الحادث لم نجد المصاب هناك تبين انه قد نقل الى المستشفى واجري الكشف والمخطط لمحل الحادث عثر على ثلاثة ظروف فارغة لبندقية كلاشنكوف مع وجود آثار دم تعود للمجني عليه تم الانتقال الى المستشفى التعليمي واثناء التحقيق تبين ان المجني عليه يدعى عبد الخالق معروف محمد امين شغله متقاعد وحاليا وكيل شرطة الافراح وفارق الحياة قبل وصوله الى المستشفى جثته ارسلت جثته الى الطبابة العدلية لمعرفة اسباب الوفاة الحقيقية تم تدوين افادة كل من زوجة المجني عليه القتيل المدعوة سلمى علي خضر وابنته شكوفا عبد الخالق حيث ادليا ان المجني عليه قد خرج من الدار ... في محلة آزادي مقابل ثانوية النضال ... لغرض الذهاب الى محله قد تصدى له جناة مجهولي الهوية واطلقوا عليه عدة اطلاقات نارية وتم لاذوا بالفرار وانهما لم يشتبها بأحد وليس له عداوات سابقة مع احد سوى انه قد ألف كتاب ديني سماه (الانسان في المجتمع الكردي) وانه يتحدث عن عدم اعطاء الحرية للمرأة في زمن الرسول (ص) وحصلت ضجة في اربيل حول ذلك للتفضل بالمعلومات وسنعلمكم النتيجة ...

المفوض الرائد
عبدالله ...
مفوض شرطة آزادي




عەبدولخالق مەعروف



ناوەڕاست: عەبدولخالق مەعروف



عەبدولخالق مەعروف



مەزرای عەبدولخالق مەعروف



نوری نانەکەلی، کاکە مەم بۆتانی، عەبدولخالق مەعروف



ژمارەیەك لە نووسەران لەسەر گۆڕای عەبدولخالق مەعروف